


# مەزرای ئاژەڵان

نووسینی: جۆرج ئۆروەل

وەرگێڕانی : کەریم دانشیار

# مەزرای ئاژەڵان

نووسینی : جۆرج ئۆروێڵ

وەرگێڕانی : کەریم دانشیار

سوید ـ ١٩٨٦

## یادێک لە کەمال وەلیانی

ئەم وەرگێڕانە، وەک پردەڵەیەکی نێوان بوون و نەبوون، بەرەو شارە دەریای یادی هاوڕێی ئازیز، ((کەمال وەلیانی)) هەڵدەبەستم. یادی دلۆڤانیەکانی کەمال، جارەگوڵزارێکی هەتاسەر زیندوویە لە پەرێزی بیری مندا.

کەریم _ ١٩٨٦ / ١١ / ٢٥

## کورتە ناسنامەیەکی نووسەری کتێب

نووسەری کتێبی مەزرای ئاژەڵان،(جۆرج ئۆروێڵ)ە. جۆرج ئۆروێل، ڕاستەقینە ناوکەی(ئێریک بلایر)ە. ناوبراو، ساڵی ١٩٠٣ی زایینی لە دایی و باوکێکی ئینگلیزی لە مەڵبەندی بەنگالیای هیندستان پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەتا تەمەنی نۆزدەساڵی لە بریتانیای مەزن ژیانی بردۆتە سەر. لە تەمەنی نۆزدەساڵیدا تێکەڵ بە هێزەکانی پۆلیسی بریتانی دەبێت و دەچێتە ڕۆژهەڵاتی دوور. یەک دوو ساڵێک وەک پۆلیس لە وڵاتی بیرمای دا ژیان دەباتە سەر، بەڵام چی پێ ناچی دەور و نەخشی تاڵانکارانە و تاوانبارانەی کۆلۆنیالیزمی بریتانیای بۆ دەردەکەوێت و دەست لە ئیشی پۆلیسی هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە وڵاتی دایی و بابان. چەند ساڵێک وەک مامۆستای خوێندنگەکان و ماوەیەکیش وەک فرۆشەری کتێب، لە شاری لەندەن دا دەمێنێتەوە. لەو ماوەیەش دا وەک ڕۆژنامەگەرێکی تێکۆشەری پێشکەوتنخوازی سوسیالیست، چۆنییەتی ژیانی هەژارانەی کرێکارانی کارگە و کانگەکان دەداتە بەر نیگای قەڵەم و گەلێکیان نامیلکە و بابەتیان لە سەر دەنووسێ. ئۆروێڵ دوو ساڵێکیش لە پاریس تەمەن بەسەر دەبات. لە ساڵی ١٩٣٧دا، گیانفیدایانە تێکەڵ بە شەڕەکانی ئیسپانیا دەبێت و شان بە شانی ئازادیخوازان، دژ بە فاشیزم و کۆنەپەرستی شەڕ دەکات و هەر لەو شەڕانەشدا بریندار دەبێت. لە ئاخر ساڵەکانی تەمەنی دا دەگەڕێتەوە زێد و

نیشتمانەکەی و لەساڵی١٩٥٠ی زاییینیدا کۆچی ئاخرینی دەکات.
بەرهەمەکانی ئەدەبیی جۆرج ئۆروێڵ بریتین لە :
کتێبی: بە دەست والایی لە پاریس و لەندەن دا
کتێبی: ڕۆژگارانی بیرمای
کتێبی: جادەیەک بەرەو لەنگەرگەی ڤیگەن
کتێبی: مەزرای ئاژەلان ، کە ئەم کتێبەی لە ساڵی ١٩٤٥ دا دەنووسێت و نێوبانگی پێ دەردەکات. کتێبی ناوبراو بە گەلێ زمانەکانی خەڵکی ئەم دنیا وەرگێڕدراوەنەتەوە و بە ملیۆنان کتێب چۆنەتە باخەڵ کتێبخانەکانەوە.
کتێبی: هەزرا و نۆ سەت و هەشتا و یەک ، کە ئەم کتێبەش چ لەباری نێوبانگ و چ لە ئالی ناوەرۆکەوە لە کتێبی مەزرای ئاژەلان نامێنێتەوە و دەکرێ بگوترێ کە ئەم دوو کتێبانە دوو شا بەرهەمی کابرای نووسەرن.

١

ئەو شەوە، ئاغاجۆنزی خاوەنی مەزرای مانۆڤر هەرئەوەندە مەست و سەرخۆش بوو، کە شەو بەکاتی خەوتن بیری چوو دەرگای مریشکدانەکەی کیپ بئاخنێت. هەر ئەودەم، جۆنزی سەرخۆش، چرای فانۆس بەدەستەوە، بە ڕاژە ڕاژەی ڕۆینی مەستانەیەوە، ئەم سەر ئەو سەری حەوشەی تاریکی تێپەڕ کرد و لە بەردەرگای چێشتخانەکەیدا پێلاوەکانی دانا. دوای ئەوەی کە لە شۆرتکەخانەی چێشتخانە، پەرداخێکی لە بیرە پڕ کرد، بە نیازی ڕازان و خەوتن ڕووی کردە ژووری خەوتنێک، کە وا پرخەی خەستە خەوی خانمی خێزانیشی تێیدا دەنگی دەدایەوە.

هەرکە چرای ژووری خەوی جۆنز گوژایەوە، جموجۆڵ و سرت و خورتێکی سەیر دە مەزرای مانۆڤر کەوت. هۆکاری جموجۆڵ ئەمە بوو، گۆیا پیرەمایۆر، واتە پیرترینی بەرازی مەزرای مانۆڤر، شەوی دینێ خەونێکی بینیوەو بەنیازە خەونەکە بۆ ئاژەڵی مەزرا بگێڕێتەوە.

پیرەمایۆر، یەکانە بەناوبانگەکەی مەزرای مانۆڤر، کە لە پیشانگەی باشترینی ئاژەڵی هەموو مەڵبەنددا خەڵاتی شانزی بە بەژن برا بوو، ژینەوەرێک بوو جێی ڕێز و خۆشەویستیی هەموو لایەک.

دەگوترا، مایۆر بەنیازە وێڕای گێڕانەوەی خەونەکەی، پرێسکەی ڕازێکی نەبیستراوی دڵیش بەلای ئاژەڵدا بکاتەوە و ڕاز و مەبەستێکی پڕ گرنگ و گەورە و گرانیشیان بە گوێدا

بچرپێنێ. بەڵێن و قەول و قەرارەکەیان ئەوتۆ بنیاد نابوو، هەرکە سێبەری بە سامی ئاغاجۆنز بخزێتە ژێر لێفەی خەوتنەوە و، چرای ژووری خەوەکەی بگوژێتەوە، ئەوان بەتێکڕا لە هۆڵی مەزنی مەزرا دا کۆ ببنەوە.

پیرەمایۆری مەزرای مانۆڤر، ئەگەرچی لە پیشانگەی هەڵبژرادنی باشترین ئاژەڵی مەڵبەند دا، بەناوی خۆشناوی «ویلینگدۆن» بەشداری کردبوو، بەڵام لە نێو ئاژەڵی مەزرای مانۆڤر دا هەر بەو ناوە ڕەسەنە بانگ دەکرا، کە دایک بە کۆرپەیی بەگوێی دادا بوو. پیرەمایۆر بەلای ئاژەڵی مەزراکەیانەوە هەر ئەوەندە بەرز و بەڕێز و بەوەج بوو، کە بەرەی ئاژەڵان پڕ بە دڵ خۆزیای هاونشینیی ئەو بوون و لە دەستیان دەهات چەند سەعاتی شەویش چاو لە خەوی شیرین بنووقێنن و گوێ لە قسەکانی ئەو بدێرن.

شەو شەق ببوو. پیرەمایۆر لە بەرێکی هۆڵی گەورە، لەبان جێ خەوێکی ئاخندراو لە پووش و کای نەرم و گەرم دا لێی وەرکەوتبوو. پیرەمایۆر بەرازێک بوو دوازدە بەهاری لە تەمەن تێپەڕ کردبوو. هەر لەو تەمەنەش دا ئەگەرچی ژێر پێستی لەشی توێژێکی ئەستووری بەز و چەوری لێنیشتبوو، بەڵام بە هەموو قەڵەوی و پیریشیەوە ، نموودی بەرازێکی بە شان و شەوکەتی لە جەستەدا دیار بوو. هەروەها هەرچەند کە جووتە شفرەی تیژی بەرەوەی دەمیشی بە عەزمی ددان دەرکێشان دەستی لێ نەدرابوو، بەڵام بە هەموو کەڵپنی و سەرەڕای هەبوونی شفرەی تیژ و بەسامیشی، سەر و سیمایەکی ئەهوەن و ئارامی هەبوو و، چەشنە سەنگینی و مەتانەتێکی ژیرانەی لێ دەباری.

زۆری نەخایاند ئاژەڵی مەزرا پۆل پۆل و دەستە دەستە هاتن و، هەر تاقم و دەستە و جەماعەتێک بە ڕەسم و یاسای خۆیان لە مەکۆیەک دا ئارامیان گرت. پێشەکی سەگەکان، واتە بولەبل، جەیسی و پینچەر هاتن. دوای ئەوان ڕەوەی بەرازان گەیشتنەجێ و دوو بەری نەرمانی سەر سەکۆی پڕ لە کای نەرم و گەرم بە دوو تیرەی سەگ و بەرازان بڕا. مامر و کەڵەشێر و قاز و مراوی لەسەر لێوارەی پەنجەرەکان، کۆترەکان لە سەر کاریتەی ڕایەڵکراوی بان کۆڵەکەکان هەڵنیشتن. خێڵی مەڕ و بزن و نێری و بەرانانیش هاتن و لە پشت سەری بەرازانەوە تخێڵ بوون و بەدەم کاوێژ کردنەوە، چاوەڕوان مانەوە.

جووتە ئەسپی داشقەکێشی ئاغاجۆنز، واتە باکسەر و کلۆڤەر، پێکەوە و شان بە شانی یەکتر هاتنەژوور. ئەوان لەکاتی هاتنە ژوور و ڕۆیشتن دا، هەر لەبەر ئەوە کە نەوەک ئاژەڵە بچکۆڵەکان لە ژێر پێدا پێشێل بکەن، زۆر بە شێنەیی سمی تیسکن و ئەستووریان لەنێو گژو گیادا دەهێنا و دەبرد و زۆر بەهێمنی هەنگاویان هەڵدەهێنایەوە.

کلۆڤەر ماینێک بوو گەڕاوە و دووباد. بەڵام وەک هەموو دایکانی کۆرپە لەبەر، ئەویش پاش چوارجار زاو زووی دوابەدوای یەک دا، لێک ولوسی و لەبارییی لەش و لاری سەردەمی کچێنێی بۆ مەیسەر نەبۆوەوە.

باکسەر زیندەوەرێک بوو درشت هەڵکەوتە و بە قەلافەت؛ بەرزایی بەژن و باڵاکەی لە هەشت بست هەروازتر و، توانایی هێزی بارکێشانی هاوتای دوو ئەسپی ئاسایی دەهاتەوە. ژێر قەپۆز و لمبۆزەکەی خاڵ و خەتێکی ئاماڵ

بۆزی پێدا هاتبوو. ئەو خاڵ و خەتەش ڕەنگ و نمایەکی فرە گەوج و ساکارانەی بەڕواڵەتی بەخشیبوو. لە ڕاستیدا ئەگەر بە وردی لە فام و مشورەکەی باکسەر خورد بوویایەوە و هەڵس و کەوت و ئاکاریت سەرنج دابایە، بۆت دەردەکەوت کە باکسەر ژینەوەرێکی ئەوەندە بلیمەت و بە ڕامان نییە کە بکرێ حیسێبێکی ژیربێژانەی لەسەر بکرێت. بەڵام ئەوەی کە، ئەوی لەبەر دڵ و دیدەی یارانی شیرین و ئازیز کردبوو، هەر ئەو تین و تاقەتی لەش و لاری بوو کە دەگەڵ پوخت و پاراویی کار و هەڵسووڕانەکەی لێک دەوەشانەوە.

دوابەدوای ئەسپەکان، مورییەی بزنە سپی و گوێدرێژێک بەناوی بەنیامین وەژوور کەوتن. پیرەبەنیامین ڕووگرژ و مۆنترینی ژینەوەری مەزرای ئاغاجۆنز بوو. ئەو زۆر کەم و بە هەڵکەوت قسەی بەدەمدا دەهات. هەر جارێکیش کە دەهاتە وتن، وتەکانی بە تەوس و پلار بوون و بۆ دڵان ئاماڵ تاڵ؛ بۆ وێنە زۆر جاران دەیگوت:

ـ خودا بۆیە کلکی بەمن داوە و کلکنی کردووم، کە مێش و مەگەسی پاش گەڵمی پێ بتارێنم، بەڵام سەد خۆزگە خودا کلکی بە من نەدەدا و ئەو مێش و مەگەسە بزۆزانەشی ساز نەدەکردن.

بەنیامین تاقانە ژینەوەرێک بوو، کە مەزرا نشینان هەرگیز پێکەنینیان بە ڕوویەوە نەبینی بوو. زۆرجاران پرسیاریان تێدەگرت و لێیان دەپرسی ئاخۆ بۆچ قەت پێ ناکەنێ؟ ئەو لە وەرامدا دەیگوت:

ـ لەم جیهانە بێ سەر و بێ سەرەنجامەدا هیچ شتێک نابینم بۆ پێکەنین بشێ و شیاوی بزەی لێوەی هەبێ.

بەنیامین هەر تەنێ یار و ئۆگری باکسەر بوو، کە ئەم خۆشەویستی و برادەری و ئۆگرایەتییەش، بەبێ هیچ قاوە قاوێک، هەر لەناو هەناویاندا شاراوە مابۆوە و نەیاندەهێشت کەس بە ڕازی دڵیان بزانێ. ئەوان ڕۆژانی یەکشەمم لە بەری بەیانەوە هەتا درەنگ وەختانێک لە ناو مێرگەکەی ئەو دیوی پەرژینی باغی سێوان دا بە هێوری ڕۆژیان بە لەوەڕ دەبردە سەر.

باکسەر و کلۆڤەر تازە لە جێگای خۆیاندا دابین ببوون کە پۆلێک جووجەڵە مراویی بێ دایک ، بە جروکە جروک هاتن و بە شوێن جێیەکی ئەهوەنی بەدوور لە پێخوست دا خولانەوە. هەر ئەو دەم، کلۆڤەر لە مابەینی دوو دەستی ئەستوور و سمی خەلۆلی دا حەوشە و حەسارێکی بۆ تەرتیب دان. هەرکە جوجەڵە مراوییەکان لە شوێنێکی ئارامی بەدوور لە مەترسیدا ستاریان گرت، سەریان خستە ژێر باڵ و دە خەو چوون.

هەموو تاقم و بەرەکانی ئاژەڵی مەزرای مانۆڤر لە هۆڵی مەزن دا جێگیر ببوون کە (مەلی)، واتە ماینە جوانکیلەکەی گالسکەکێشی ئاغاجۆنز وەژوور کەوت. مەلی، بە قەلافەتی ژیکەلانەیەوە، بە نێسکە کردن و لەنجە و لاری ڕۆینی خۆش ڕەوتییەوە هات و لە بەرەوەی هەموو ئاژەڵان، لە شوێنێکی بەرچاو دا تخێڵ بوو. ڕەنگی پێستی لەشی مەلی چەشنی چۆڕی شیری ناو کاسەیەکی چەرموو وابوو. هەر ئەوەندە سپی و تورت و شەق و زوڵاڵ ، کە چاوی بینەری بانگی بینین دەکرد پەلکە حەریرێکی سووری کردبوویە بەن پێچوکەی هەودای کلک و یاڵی و، داوە تاتاکانی پێ هۆنیبۆوە. هەر ئەو پەلکە

سوورەش لە سەر پێستی چەرمگی لەش و لارەکەی ببووە نەخشێکی هەر ئەوەندە جوان و دڵگر، کە هەر دەبوو بێی و سەیری بکەیت. مەلی، بە دەم ناز و نیوەنازێکی جاربەجاری، کەموسکەیە خۆی دەلەنگاندەوە و هەر بەو نیازە کە سەرنجی دانیشتوانی هۆڵەکە بەرەو یالّی ڕازاوە و کەفەڵی تورت و شەقی خۆی ڕابکێشێت، دەمێک لە ناز و ڕاژان و خۆبادان دەسبەردار نەدەبوو.

پاش هەموو ئاژەڵی مەزرا، پشیلەکەیماڵی ئاغاجۆنز هات. کتکەی زۆڵ بە گوێرەی سروشتی باو و باپیرانی خۆی، بۆ هەڵبژاردنی گەرم و نەرمترینی جێگای شیاو، چاوێکی گێڕا و هەرکە لە نێوان جەستەی نەرم و گەرمی باکسەر و کلۆڤار دا جێیەکی نەرمانی بڕ دا، چاوەکانی خستە کۆشی خەستەخەوێکی ئەوتۆ قورس، کە تەنانەت وشەیەک لە گوتاری پیرە مایۆری بە گوێ نەگەیشت.

جگە لە(مۆسەس)، قەلە ڕەشەی دەستەمۆی ئاغاجۆنز، کە لەسەر چلووکی داری بەر دەرگای هۆڵی مەزن هەڵنیشتبوو، ئاژەڵی مەزرا لە هۆڵی مەزن دا چاوڕوان دانیشتبوون. کاتێک کە پیرە مایۆر حەشامەتەکەی ساز و تەیار و چاوەڕوان بینی، سنگ و گەرووی خۆش کرد و بەمجۆرە دەستی پێکرد و گوتی :

ـ هاوڕێیان! ڕەنگە هەموو لایەک لەخەونی شەوی پێشینم ئاگادار بووبن و لەوانەیە هەر هەنووکە خۆتان بۆ بیستنی خەونەکە ئامادە کردبێت، بەڵام دەمەوێ بەر لە گێڕانەوەی خەونەکەم، بە تکاوە لێتان بخوازم کە سەبرێکم لێ بگرن و ڕێم پێ بدەن با پێشەکی چەند بابەت و مەبەستی فرە

پێویستتان پێشکەش بکەم ، جا ئەوسا بێمە سەر باسی نەفسی خەونەکەم.

ڕەفیقان! من بڕوا ناکەم زێدە لەچەند مانگێکی تر هاونشینی کۆڕی یاران بمێنمەوە. بەدڵم داهاتووە ڕێی نەمانم لەبەرە و ئەشی بارگەم بەرەو نەمان تێکەوە پێچم. کەواتە، ئەم ئەرک و ئەسپاردەیەم لە سەر شانانە و دەبێ ئەزمون و زانستگەلێکی کە وا لە ڕێبازی هەزار پێچی تەمەن، لە کۆشی مێشکمدا کۆم کردۆتەوە، بەر لە کۆچی ئاخر کەرەتم لە لاتانی بدرکێنم.

هاوڕێیان! من درێژ ڕۆژگارێکم لە تەمەن بردۆتە سەر و لەم درێژ ڕۆژگارانەش دا، ماوە و دەرفەتێکی بەس فراوانم لە بۆ لێکدانەوەی کارەساتی ژیانی ژینەوەران لە بەر دەست دا بووە و کارم تێدا کردووە. پێم وایە من بە تەنێ، هەورازتر لە ڕادەی فامی هەر ئاژەڵێکی سەر ئەم جیهانە، لە بنەڕەت و گەوهەری ژیانی ئاژەڵان تێ گەیشتووم و بەپێی لێکدانەوەکانم بەم قەناعەتە بەجێیە گەیشتووم کە دەبێ دەروازەی زانست و زانایییتان بە ڕوو دا بکەمەوە.

ئەی یاران! ئەرێ داخوا ئێوە قەت لە خۆتان پرسیوە کە ڕوخسارەی ژیانی ئێمەی ئاژەڵ چلۆن دەنوێنێ؟!... بەڵێ دەسا با بیڵێم کە تەمەنی ئێمەی ژینەوەر گەلێک کورت و تیژ تێپەڕە، پڕ لە چەوسانەوەی بێ بەزییانەیە. بە چەرمەسەری لە دایک دەبین و بە دەردی سەر گەورە دەبین و بە ژان و ئێش و ئۆفەوە ژیان دەبەینە سەر. لە یەک کەلامدا دەبێ بڵێم، هەرچی ئاژەڵە، بە سەمەرگی دەکەونە سەر ئەم خاکە و نەمر نەژی بەخێو دەکرێن و لە تافی لاوێنیدا شوێن بزر

دەکرێن. کارکەرەکانمان هەتا ئاخر هەناسەیان دەکار دەکرێن و هەرکە لەکار کەوتن، زۆر ناجوانمێرانە دەخرێنە بەر تیغی تیژی سەربڕان و خوێنیان دەڕژێنن. لەم سەر هەتا ئەو پەڕی خاکی بریتانیدا، هیچ ئاژەڵێک لە یەکەم ساڵی ساوایی بەولاوە، چێژ و تام لە حەسانەوە و خۆشی و بەختەوەریی ناکا. لەم وڵاتەدا هیچ ئاژەڵێک سەربەست و ئازاد نییە. چارەنووسی ڕەشمان بە پەتی کۆیلەتی چۆڵەپێچە گرێ دراوە... ئەوانە گشتی بەسەرهاتی ڕاست و ڕەوانی ئێمەی ئاژەڵە و تاکێکمان لەم چەپۆکە بێ بەش نامێنینەوە.

هاوڕێیان! ئەرێ ئەوا نەزم و میزانی ئاسمان و سروشتی ئەم جیهانەیە کە هەر ئەم بەشە بە ئاژەڵ ڕەوا دەبینێت؟ یانە خۆ ئەوە تاوانی ئەم وڵاتەیە کە لە باری بەر و بووی بەرهەمەوە هەر ئەوەندە هەژار و نەدارە، کە لە توانای دا نییە دانیشتوانی خۆی بە تەسەلی بژێنێت؟

ڕەفیقان! نەخێر وانییە و سەدان جاریش وانییە!... ئاو و هەوای بریتانی پەڵە بارانی بە پیت و بەرەکەتی هەس. بەرهەم و داهاتیشی هەر ئەوەندە فرەس، کە دەتوانێ و لە دەستی دێت ئەوەندەی کە لێی دەخۆن، دەیان ئەوەندەی تر بگرێتە ئەستۆ و کۆک و پۆشتەتر و بۆشناغتر ژیانیان بۆ دابین بکات. هەر ئەم مەزرایەی کە ئێمەی تێدا یەخسیر کراوین، لە توانای دایە پتر لە دوازدە ئەسپ، بیست ڕەشە وڵاغ ، سەدان کار و بەرخ و مەڕ و ماڵات و سەدان باڵندە و بێ باڵان بە چەشنێک وەئەستۆ بگرێت، کە لە هەژاری و کەساسی و

دەردەداری تەنانەت ناوەکەیشی لە بیری کەس دا نەمابێت. بەڵام ئەرێ هۆی چییە ژین و ژیانی ئێمەی ئاژەڵ هەر بە چەشنی بەفری بەر شنەی بەهاران، بە دایم بەرەو توانەوە دەچێت و لێی کەم دەبێتەوە ؟!...

هۆ یارانی گیانی گوێ بگرن با پێتانی بڵێم بۆچە و لەبەر چی وایە. هۆکار و سەبەبی هەرە سەرەکیی گرفتی ئێمە، کۆیلەتی و ژێردەستەییمانە. نزیک بە تەواوی دەسکەوت و دەسڕەنجی ئێمەی ئاژەڵ بە دەستی مرۆڤ بە تالان دەچێت... بەڵێ هاوڕێیان، وڵامی سەر ڕاستی تەواوی پرسیاراتی پڕ لە گیر و گرفتی ئێمە لە ژێر دەفرێکی سەراونوخون دایە و لە ژێر ئەو دەفرەش دا تاک وشەیەکی تێدایە کە ئەویش(مرۆڤ)ە. مرۆڤ دوژمنی سەرەکی و نەیاری ڕاستەقینەی سەرپاکی ئاژەڵی سەر زەوییە. دەستی مرۆڤ لە گۆڕەپانی کارەسات ببڕن، تاکو، بۆ هەتا هەتایە ڕەگ و ماکی ستەمگەری و چەوسانەوە بنەبڕ ببێت.

مرۆڤ حەزیایەکی چەوت و چەپەڵە، کە نە دەکا و نە دەکرێنی و هەر دەخوا. نە شیر دەدا، نە هێلکە دەکا و نە بار دەکێشێ. پڵتۆخ و چەپرەکتر لەوەیە کە توانایی نیر و ئامورکێشانی هەبێت. لە غاردان و ڕاکردنیشدا ئەوەندە چالاک و توندە پێ نییە کە بتوانێ لە کەروێشک پێشەبرە بداتەوە، بەڵام بەهەموو دەستەوەستانی و دەست و پێ سپیلکەیی و بێ تواناییشەوە، خۆی لێکردوینە خاوەنی ڕەبەقی سەر تەوقی سەرمان.

ئەوە هەر ئەوە ئێمە دەچەوسێنێتەوە و لە هەشتی دەسڕەنجی دەست و مستمان هەر ئەو مشتەمان پێ ڕەوا

دەبینیێ کە نەمر نەژی پێی بەرێ بچین. بەیاری ڕەقێن بە شان و پیلی ئێمە دەردێنیێ، شێوەردەکانی بە هێزی ئێمە دەبڕێ، دێبەر و موچی و مەزراکانی بە پەین و پاڵی ئێمە کەڵتە دەکاتەوە و بەرهەمەکانی بە کۆل و شان و پشتی ئێمە ڕادەگوێزێت. کەچی سەرەڕای ئەم گشتە دەرد و جەفا و مەینەتەی کە دەرخواردمانی دەدات، هێشتا لە گەڵماندا ئەوەندە ڕوخۆش نییە کە تاوێک دڵمانی پێ بکرێتەوە. ئاژەڵی سەر زەوی لە چنگ غەدری ئەو نابەکارە هەر تەنێ خاوەنی چەرمی لەشی خۆیانن و بەس.

ئەرێ ئێوە، ئەی جەماعەتی گا و گۆلی کەوا هەر ئێستێ ڕیزا و ڕێز لە بەر دەمی من ڕاکشاون، ئایا ئێوە دەتوانن پێمی بڵێن کە ساڵی پێشوو چەند هەزار گادۆشکەتان شیر لە گوانان دادۆشراوە؟ دەکرێ پێمی بڵێن هەر ئەو شیرەی کە دەبوایە ساواکانتان بینۆشن و گۆچی پێ بگرن، چی لێ هات و بە ئەوکی کێ و چ کەسانێک دا ڕۆ چووە و ڕۆ دەچێت؟

ئێوە ئەی باڵندەکانی دەستەمۆی ئادەمیزاد!... ئێوە پێمی بڵێن ساڵی ئیمساڵ چەند هەزار هێلکەتان کردووە! لەم هەزاران هێلکەیەتان چەندی بوون بە جووجەڵە و چەندەی دە بازاڕ کران و بۆ ئاغاجۆنز و خێزانەکەی فرۆشران و کرانە مایەی حەسانەوەیان؟

ئەتۆ ئەی کلۆڤەر!... ئەتۆ کە هەتا ئێستا چوار جانووی شەنگ و شیرینت هاتنە بەرگوانان، هەر ئەو کۆرپانەی کە دەبوایە لە دەمی پیری و زورهانیدا ببنە گۆچانی دەستت، ئەرێ دەکرێ پێمی بڵێی ئێستێ لە کوێن و چییان بەسەر هاتووە؟!... بەڵێ هەر چواریان لە جەنگەی هاتنەوەی

ساڵەوەختینەی تەمەنی شیرینیاندا لە بەر چاوی دڵت هەڵگیران و ئیدی چیدی چاوگەی دڵت بە دیەنیان بزەی خۆشی پێدا ناگەڕێت.

هەیاران! ئەرێ دەکرێ پێمی بڵێن لە بری پێشکەش کردنی هەموو هەست و نیستی سەر وماڵتان، لەم سەودایەدا چیتان دەست دەکەویت؟!... ئاخۆ جگە لە ڕەنجی زۆر و کار و کوێرەوەریی بێ سنوور و ژەمی دیاریکراوی کونجی تەویلە و پشتێرەکان، چیتر هەیە بە بەژنی ئێمە بڕا بێ گەلۆ ؟! بەلاّم سەرەڕای ئەم ژیانە تاڵە و، دەگەڵ ئەو گشتە ڕەنج و جخارەی کە دەیچێژین، هێشتا ڕێمان پێ نادەن ڕۆژگارەکەمان هەتا داری ئاخر بەرین.

من سەبارەت بە خۆم، زمانی سکالاّ ناکەمەوە، چونکە بەش بە حاڵی خۆم لە ڕێزەی سەرپەڕی بەختەوەرانی مەزراکەمان دابووم کە هەتا بە ئەمڕۆ دوازدە ساڵم لە تەمەن بردۆتە سەر و زێدە لە چوارسەت کوتەڵە بەرازم لە چەند بەرە مالۆسان بەرهەم بووە. خۆ ئەگەرچی ئەمجۆرە ژیانە زۆربەی بەرازەکان دەگرێتەوە، بەلاّم نە ئێمەی بەراز و نە هیچ یەک لە ئاژەلاّنی تر، ملمان و ملتان و ملیان لە چنگ تیغی تیژی سەربڕان دەرفەتی ڕزگار بوونی نییە و نای بێت.

ئێوە، ئەی ئەو کوتەڵە بەرازانەی کە هەر ئێستێ ڕیزا و ڕیز لە بەر دەمم ڕاکشاون، ئێوەش بزانن و تێبگەن کە ئەم خۆش بەڕێچوون و دابەستەیی و تەڕ و وشک کردنەوەتان لەبەر خاتری دوو چاوی گەش و دوو ئەبرۆ ڕەشتان نییە، بەڵکە بۆیە ئیمڕۆ لە تەڕی دەخۆن و لە وشکی دەخەون، تاکو بۆ جەژنی سەری ساڵی داهاتووی بەرەی مرۆڤ، گۆشت و

گیانێکتان هەبێ و بۆ سەر سفرەی جەژنی خەوانینان تەڕ گۆشت و خۆش گۆشت بن. بەڵی لە ئاخری ساڵی ئیمساڵەکەدا یەک یەکی ئێوەیش دەکەونە سەر سەکۆی تەختەبەندی زیندەوەر گوژان و تیغ بە دەستی بێ بەزەیی، بێ دەربەست بە قروسکەی هاوارتان، سەری یەک یەکتان گۆش تا بە گۆش دەبڕێت. دیارە ئەم کارەساتە چاوەڕوانی هەموو لایەکمانە و بەسەر گشت کار و بەرخ و مەڕ و بەران و گا و گۆلانیش دێت. تەنانەت ئەسپ و سەگ و باڵدار و بێ باڵەکانیش هەر بەو دەردە دەچن.

ئەتۆ ئەی باکسەر!... خوا نەکا ڕۆژت بەو ڕۆژە بگات کە ماسولکەکانت هێز و بڕستی بارکێشانیان لێ ببڕێت. ئەودەم ئاغاجۆنز دەتداتە دەستی چەقۆ بەدەستان و گۆشتی لەشت بۆ خۆراکی تاژی و تولەی ئاغاوەتان لەت و کوت دەکرێت.

ئێوە ئەی سەگە بە ئەمەگەکانی مەزرا!... ئێوە گوێ بگرن و بزانن کە هەر کە پیر ببن و لە پاسەوانی بکەون، سەرتان لە پیلانی ئاغاکانتان بێ بەلا دەرناچێ. گەماڵ کە پیر بوو، بەردی لە مل دەبەستن و نوقمی گۆل و زۆنگ و زەلانی دەکەن و دەی خنکێنن. کەوایە ئەی گەلی دۆست و برا، ئەرێ ئێوەیش هەر وەک ڕۆژی ڕوون بە ئاشکرا لێتان دیار نییە کە چارەی ڕەشی ئێمەی ئاژەڵ بە دەستی مرۆڤ ڕەش بۆتەوە و ڕەشتریش دەبێتەوە؟

مرۆڤ لە ماڵتان دەرکەن و ببنەوە خاوەنی دەسڕەنجی ڕۆژ و مانگ و ساڵتان. سەربەستی و ئازادیتان ئەو کاتە دێتە دی، کە قەڵای دەسەڵاتی ئەو ستەمگەرەتان ڕماندبێت. بەڵام بۆ دەستهێنانی ئەم دەسکەوتە پڕ بایەخە چکەردەن ئەی

یاران؟! وڵامەکەی زێدە ڕوون و گەلێ بەسانییە ئەی یاران!... دەبێ بە بیرو باوەڕ پتەو بین و بەکار و کردەوەش یەکجار بەدەمار. پێویستە بە شەو و بە ڕۆژ، بەبێ سرەوتن و هەدادان، دەستی بنەبڕکردنی ئەو ملۆزمە خوێنمژە لە ئەنگوچک بێنینەدەر.

هەڤاڵان! پەیامێکی کە من بۆ ئێوەم هاوردوە، دەنگ و بانگەوازی شۆڕشە. من بە سەر ڕاستی نازانم ئەو شۆڕشە کەی سەردەگرێ و کەنگێ سەردەکەوێ. ڕەنگە هەفتەیەکی تر، لەوانەیە ساڵێکی دی، یان لەوانەیە هەتا شۆڕش دادەگیرسێت و بە سەرکەوتن دەگات، سەت سالمان بەسەر دا تێپەڕێت و ئەودەم ئیتر لە هەموو ژینەوەرانی زیندووی مەزرا، تاکێمان نەمابین. بەڵام هەر ئەو جۆرەی کە ئێستا ئەرخەیانم لەم کۆڕ و کۆبوونەوەویەدا خەریکی قسەکردنم، هەر وەتۆش دڵنیام کە ڕۆژێک دادێ و شۆڕش بۆ ڕزگاری و یەکسانی سەردەکەوێ. ئیتر ئەودەم ئاژەڵی پێ لە بەند، بۆ هەتا هەتایە ڕزگاری دێت و دەحەسێتەوە.

یاران!... پاشماوەی تەمەنی بێ بەقاتان بە قازانجی شۆڕش دەکار کەن و لێی دڵسارد مەبن! هەوڵ و هەڵوێستی هەرە گرنگتان لەم ڕێبازەدا ئەوکاتە جێی هومێدە ، کە دەنگ و بانگی شۆڕشەکەتان بە گوێی گۆرپە ساواکانتان دا خوێندبێت. ئەگەر ئەم ئاوازە لە دایک و باوکەوە بۆ ڕۆڵە جێ بمێنێ و پشت بە پشت بڕوا، ئاگری ئەم ویستە لە ناو دڵاندا هەروا گەرم و گوڕ و بڵێسەدار دەمێنێتەوە و سەرکەوتنی ئاژەڵ مسۆگەر دەبێ. نەکەن لەبیری بکەن کە کۆسپی سەر ڕێگەتان هەرچی زل و سەخت و حەستەم بێ،

دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و دوودڵی سەت ئەوەندە زلتری دەکاتەوە. نەکا قەرینە داتاشین و بەخۆداچوونەوەی ناحەزانی شۆڕش سەر و دڵتان بگرێ و لە ڕێدا هەتڵەتان بکات! بە قسەی دەم و زاری ئەو کەسانەی کەوا دەڵێن بەرژەوەندی و سود و زیانی ئاژەڵ و مرۆڤ تێک لکاوە و لە یەک هەڵبڕان و تەوەللابوونیان بە زیانی هەر دووک لایەنان تەواو دەبێ، بڕوا مەکەن. سەربەسەری ئەو قسانە بێ ناوک و بێ ناوەرۆکن و دژ بە ئێمەن. مرۆڤ نە هێندە خەشیمێکی خاوە کە ئەسرین بۆ بەرەی ئاژەڵان هەڵوەرێنێ ؛ مەگەر قازانج و بەرژەوەندیی خۆی تێدا بەستە ببینێت...

هەر لەو ئاسنایەدا پشێوی و هەرا و جەنجاڵێکی ئەوتۆ لە نێو هۆڵەکە دا بەرپا بوو، کە چی نەما کۆڕ و کۆبوونەوەکە بشێوێنێ. هۆکاری گێرمەو کێشەکە، هاتنە ژووری چوار جرجە مشکی کێوی بوو کە بۆ گوێگرتن سەریان لە لانەکانیان هێنابوویە دەر و تامەزرۆیانە گوێچەکەیان لە گوتاری پیرەمایۆر ڕاداشتبوو.

هەرکە سەگەکان چاویان بە چوار ژینەوەری کێوی کەوت، خوێنیان کوڵی و بەبێ پرس و ڕا و بەبێ بەرنامەی لەپێشدا دارێژراو، هەڵمەتیان بردە سەر چوار لاوکییان و نەزمی دانیشتنەکەیان شێواند. خۆ ئەگەر جرجەمشکەکان لە هەلێکی بەجێ دا بۆی نەبزوتبایەن و دەرنەچووبان، هیچیان سەریان بەسەلامەت دەرباز نەدەکرد.

پیرەمایۆر بە نیشانەی نارەزایەتی و بۆ ئەهوەن کردنەوەی قەیرانەکە، دەستی هەڵبڕی و گرماندی و گوتی:

هاوڕێیان!... وانابێ!... ئێمە دەبێ هەر لەم کۆبوونەوەیەدا سنوران هەڵتەکێنین و دۆست و دوژمنان لێک هەڵاوێرین. دەبێ ڕوونی بکەینەوە ئاخۆ ژینەوەرانی کێوی، وەک مشک و کەروێشک و جرِ و جانەوەرانی ماڵ لە بەندەنێ لە ڕێزەی دۆستانمانن، یا خۆ لاوەکین و لە بەرەی نەیاران دان.

دەنگیان وەرگرت و ئاکامی دەنگدانەکە نیشانی دا کە زۆربەی دانیشتوانی هۆڵی مەزن لایەنگری دۆستایەتین و دژی دوژمنایەتین. لەسەر جەمی دەنگەکان، هەر تەنێ چوار دەنگ لە دژی ئاژەڵی کێوی درابوو ؛ سێ سەگ و کتکەیەک؛ کە لە پاشان دەرکەوت پشیلەی زۆڵ هەم بە(ئا)ی دەنگ داوە و هەمیش بە(نەخێر).

پاش دەنگ دان و دەنگ وەرگرتن، مایۆر هاتەوە سەر گوتن و گوتی:

هاوڕێیان! زێدە لەمەی پێشکەشتانم کرد، ئەگەر لە سەری بڕۆم ڕەنگە ببێتە مایەی ژانی سەرتان. بەڵام هەر بەس ئەمەتان لێ دوپات دەکەمەوە و داواتان لێدەکەم کە هەرچی لە دەست و مستتان هەڵدەوەرێ و هەرچی توندی و تیژییە، هەر هەمووی بە تێکڕا لێک هاڵێنن و بیکەنە ڕمبێکی تیژی جگەربڕ، ئەوسا ئەو ڕمبە ڕوو بە گیانی ناخاوێنی بەرەی مرۆڤ بگرن. ئاژەڵانی چوار پێ، دوو پێ، باڵدا و بێ باڵ، گشتی لە یەک توخم و لە یەک گەوهەرن و بە تێکڕا دوژمنانی بەرەی ئادەمیزادن. دەستی منتان بە داوێن، نەکەن ئاکار و کردەوەی دوژمنان ڕەچاو بکەن. تەنانەت ئەودەمەی کەوا گۆڕی دوژمنانیشتان داتەپاندووە، نەکەن لە ڕێ و ڕەسم و

یاسا و زاکونەکەیان کەڵک وەربگرن. هەرچی کردەوەی مرۆڤە، لە ئاژەڵ پارێز و پاوانە و نابێ بیکەن. هیچ ئاژەڵێک بۆی نییە هۆدە و ژووری دەسکردی مرۆڤ بکاتە مەکۆی شەوحەسانەوە. پێخەف و ڕایەخی مرۆڤ، جلک و بەرگی بەریان و ماڵ و حاڵیان، هەر هەمووی بۆ ئێوە وەک چڵک و چەپەر وایە و سەرپاکی پیس و پۆخڵن. ئێوەی ئاژەڵ لە گەوزین و تلانەوە و جینگڵدانی نێو نوێن و بانی گەرم و نەرمی بەرەی مرۆڤ، لە خواردنەوەی قاوە و هەرامە و شەراب و شەربەتیان، لە بەباکردنی دوکەڵی جگەرەیان بێ بەری کراون؛ نەکەن دەستی بۆ بەرن! نەکا جرینگەی زێڕ و زیو و زەمبەرەکانیان، پەتا و ئاهۆی سات و سەوداکانیان سەرو دڵتان بگرێت و بە بەرزە دەماغی و بادی هەوایی ئەوان دا بکەون!... بەکورتی، هەرچی دڵی مرۆڤ بۆی دەکورکێت و پێی ئۆگرە، بۆ ئێوە بقەیە و دەبێ لێی لادەن. گرنگتر لە هەر شتێک، با پێتانی بڵێم، نەکەن لە بیری بکەن کە هیچ ئاژەڵێک بە هیچ پاساوێک و بەهیچ هۆ و بەهانەیەک بۆی نییە هاو ڕەگەزانی خۆی بە توپزی و بە زۆرەملی بخاتە ژێر چۆکی فەرمانی دەسەڵاتەوە. دەبێ بە گشت لایەک ڕابگات و ببێتە خانەنشینی مێشکی هەموو لایەک و قەتی لە بیر نەکەن، کە ئێمەی ئاژەڵانی سەرزەوی، ئەگەرچی بە ڕەنگ و ڕواڵەت و شێوە چەند ڕەنگە و چەند توخمەین، بەڵام شکڵ و شێوەمان هەرچی هەیە، بەجێی خۆی، سەربەسەرمان یەک سەرین و یەکسان. دەستی هیچ ئاژەڵێک، بەهیچ هۆو سەبەبێک نابێ بە خوێنی یارانی ئاڵ و ئالودە بێت...

بەڵام هاوڕێیان، ئێستا وەرن با بەتێکڕا سەیرێکی داستانی خەونی شەوی ڕابوردوم بکەین و بزانین ئەو لە چ قەرارە و چییەو چۆنە. خۆ ئەگەرچی گێڕانەوەی خەونێکی دوور و درێژیش نەهێندە سووک و هاسانە، بەڵام پوختە و ڕەواقی ئەو بەشەی خەونەکەم، کە دەگەڵ گیانی سەرهەڵدانی ئاژەڵان خزمایەتێکی گەرم و گوڕی هەیە، گوێچکەی بدەنێ با بۆتانی بگێڕمەوە.

هاوڕێیان! خەونەکەم سەیری سەیرانی سەر و سەردەمێکی گەلێک کۆنە، سەر و سەردمێک کەوا ئاژەڵ لە باوشی کۆمەڵگایەکی یەکسانی بەدوور لە ستەمگەری و چەوسانەوە دا پشووی حەسانەوەی دەکێشاوە. جیهانێک کە تێیدا بەرو بەرهەم و پیت و بەرەکەت هی هەموان و ماڵی هەموان بووە. خەونەکەم یادەوەرییەکی کۆنی لە مێشکمدا ژیاندەوە کە لە ڕاستیدا هەر ئەو بیرەوەرییە بۆ ئێمەی ئاژەڵ بەرز و بەڕێزە.

هاوڕێیان! چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، واتە ئەو هەل و کاتەی کە من کوتەڵە بەرازێکی خڕەکەی باوەشی دایکم بووم، زۆرجاران لە دەمی پێک گەیشتن و تێکەڵ بونەوەی مێگەلە بەرازەکان، دایکم و دەستە خوشکەکانی بە سۆز و ئاواتەوە یادی ئەو سەردەمە شیرینەیان دەکردەوە و وێڕای گێڕانەوەی بیری سەردمی کۆن، زەمزەمەی زوڵاڵی سرودێکیشان بە ژێر لێواندا دەگەڕا. سرودێک کە پڕ بوو لە یادگاری شیرینی ژیانی پڕ لە حەسانەوە. زمزەمەی ئەو سرودە، هەر بە چەشنی شنەی مانگی جۆزەردان بە سەر سەوزەڵانی دڵی منداڵیم دا تێدەپەڕی و ئاواتێکی نادیاری لە مێشکمدا کۆپێ دەکرد. ئەودەم، دایکەکان هەر هەوای سرودەکە و چەند

وانەیەک لە تێکستەکەیان بیر مابوو، بەڵام هەر ئەو هەوا گیان بلاوێنە و هەر ئەو چەند بەیتە شیعرە، لەو سەردەمەدا کارێکی وەهای کردە سەر گیانی منداڵیم، کە لە دەراوی بەستێنی مێشکی منداڵیم دا جێیان کردەوە. خۆ ئەگەرچی لەبەر کۆسپ و بەسەرهاتان قەت بواری ئەوەم بۆ نەلواوە سرودەکە بەسەر بکەمەوە، بەڵام دەگەڵ خەونی شەوی پێشینم هەرچی هەبوو، تەنانەت شیعرەکانیشم بە تەواوی بە مێشک دا هاتەوە.

هاوڕێیان! هەرچەند کە پیرم و دەنگم بە کپی لە ئەوک دێتە دەرێ، بەڵام پیری و زورهانیش نام بەزێنێ و سەرەڕای دەنگی کپ کەوتووشم، بۆتان دێمە دەنگ و سرودەکەتان بۆ دەخوێنمەوە. من پێموایە ئەگەر ئێوەیش ژیرانە گوێیەکم لێ ڕادێرن و چەند کەڕەتیشم لەگەڵدا بڵێنەوە، بێشک پێی ڕادێن و فێری دەبن. ئیتر ئەودەم سرودەکە دەبێتە هۆی تەقینەوەی کۆمەڵگای ئاژەڵان و گوڵی ڕاپەڕینی لە سەر دەڕوێت.

پیرەمایۆر سنگ و گەروی بۆ خوێندنەوەی سرودەکە خۆش کرد و دەستی پێکرد. هەر ئەوجۆرەی کە خۆی گوتبوی، دەنگی نەرم و کپ کەوتوو بوو، بەڵام زۆر باش و بەڕی و جێی بەڕیوە برد. هەوای سرودەکە دنەدەر و بزوێن بوو؛ هەوایەک بوو لە دوو ئاهەنگی (کلەمانتاین) و (لاکوکوچا) مایەی وەرگرتبوو. تێکستی سرودەکەش بەم چەشنە بوو:

## ئاژەڵانی سەرزەوی !

ئاژەڵانی سەرزەوی ،
ئاژەڵانی سەرزەوی !
چاو لە من کەن ،
گوێ بدەنە من بەبێدەنگی
موژدەی شادیم بۆ هێناون ، با بودەمێ
موژدەیەکی نەبیستراوە هاوتا و سەنگی

*****

بەهیوا بن،
هومێدتان بێ ،
ڕۆژێک دادێ
مرۆڤ بووبێتە تۆزی وردی دەم بایێ
جیهان و هەرچی تێیدایە،
بە یەکجاری و بە تێکڕایی
بە بەژنی خاوەنانی خاسی خۆی بڕابێ

*****

شان و لووت و ملی ئێمەی کۆیلەکراو،
ڕەها بووبێ لە قلْفی نیر،
لە چنگ قەمتەر،
لە دەست هەوسار.
دەبا شان و باهۆ و مل و پشتمان،
لە بۆ گەنجێکی خوێناوی

ئیتر نەخرێتە بەر باری ستەم بۆ ڕەنجی خۆڕایی !

*****

لە گەنم و جۆ ،
لە سێوەڕە ،
لە بڕکەی باغ بە سەد تامی
چەوەندەر، وێنجە ، کا و کۆت،
گزرە دەگەڵ گەنمە شامی
هەر شیناوەردێک لە سەر خاکا ڕوو بە هەتاو بشنێتەوە
بەبێ ڕەنجی دروونەوە،
بە نوخشەیی دەکەین تامی

*****

دەشتی بەرین،
بە خەرمانەی گوڵ گوڵینی سەوزە زاری
دۆڵ و دەرە و نواڵەی چیا،
بە شۆڕەی ئاوی مرواری
سروەی بێ گەردی لوتکەی کێو،
لە هەوراز و لە بەرزایی
ڕادەماڵێ ئاسەواری داگیرکەران لە زۆرداری.

*****

ڕۆژی گەشی سەربەستیمان لە ڕیدایە،
ئاسۆ ڕوونە !

مزگێنی بێ!
شەوەی شەیتانی ژێردەستی لە دەرچوونە
بە ئەسپ و ئێستر و گا و کەر بڵێن یاران !
کە دایکی ڕۆژی ڕزگاری لەسەر کاسەی مناڵ بوونە

*****

ئاژەڵانی سەرزەوی ،
ئاژەڵانی سەرزەوی !
چاو لە من کەن ،
گوێ بدەنە من بەبێدەنگی
موژدەی شادیم بۆ هێناون ، با بودەمێ
موژدەیەکی نەبیستراوە هاوتا و سەنگی.

*****

شەوزیندەدارانی ناو هۆڵی گەورە هەر وەتۆ بە دەنگ و نەوای سرودەکە کەوتبوونە جم و جۆڵ، کە هێشتا پیرەمایۆر سەربەندی بزوێنی بۆ دوپات نەکردبوونەوە کە ئاژەڵ بەتێکڕایی، تەنانەت کاڵ و کرچ ترینیشیان، بە عەشقی ئازادی و بە هیوای سەربەستی، دەنگی ورینگەیان لە دەنگی مایۆر هالآند و توانیان چەند وشەیەک لە هۆنراوەکە و نەختێک لە هەوای سرودەکە هەڵبگرنەوە و بیڵێنەوە. بەڵام بلیمەتانی مەزرا، واتە سەگ و بەرازەکان، هەم توانیان هۆنراوەکە وەک مایۆر بخوێننەوە و هەمیش توانیان هەواکە بە تەواوی بە مێشک بسپێرن. لە ئاکامی چەند جار ورد

دانەوە و بۆ یەکتر گوتنەوە، ئیتر لە هۆڵی مەزندا هیچ ئاژەڵێک نەما کە هەوا و هەڵبەستی سرودەکە وەک بولبول نەڵێتەوە. چی پێ نەچوو هەر تاقمە ئاژەڵەی نێو هۆڵی مەزنی مەزرا، دەنگ و سەدای تایبەتیی خۆیان لە شەپۆلی سرودەکە هالاند؛ گا و گۆل بە هۆڕاندن، سەگەکان بە چەق و لوور، مەڕ و بزنەگەل بە باعەباع، ئەسپ بە کۆڕژن و حیلاندن و مراوی بە واقە واق سرودەکەیان بەڕیوە برد.

ئاژەڵ بەم بەزم و ئاهەنگەوە هەر ئەوتۆ هاتبوونە سەر هەوا، کە هیچ کامیان دەرخەمی گوێ ڕاگرتن نەبوون و کەس لە ئاست مەترسی و خەتەرە و هەڕەشەی دەرەوە گوێی نەدەبزووت. هەر خوێندیان و دیسان خوێندیانەوە و گوتیانەوە و، نەیانزانی ئاخۆ دایکی زەمان ئاوسی چ بەسەرهاتێکە. خۆ ئەگەر لەمپەرێکی کوتوپڕ نەکەوتبایە بەر لەرینەوەی شەپۆلی دەنگیان، یەقین شەوەکەیان هەروا بە خوێندنەوەی سرود دەبردە سەر.

جاری پێنجەم بوو سرودەکەیان لە ئەوکی جیهانی کپ و خامۆش دا بڵاو دەکردەوە، کە هەراو غەڵەبایی و دەنگی سروود لە درزی دەرگاوە بە گوێی ئاغاجۆنز گەیشتەوە و لە خەستایی خەوی سەرخۆشی ڕایان پەڕاند. ئاغاجۆنز پێی وابوو دەنگ و هەرا لە بەری مریشکدانەوە دێت. جۆنزی خەواڵوی گێژی مەی، نەیزانی حاڵ لە چ قەرارێکە و مەکان ئاوسی چ بەسەرهاتێکە. ئەو بەو خەیاڵەوە کە چەقەڵ و ڕیوی خۆیان بە مریشکدان دا کردبێ، بەپڕتاو دەستی دایە تفەنگی پشت سەری و گوللەیەکی لە دڵی تاریکی دا تەقاند. شریخەی تفەنگ لە مەزرادا دەنگی دایەوە و پریشکەی

گرموله ئاسن بەسەر دیواری هۆڵی گەورەدا پرژا. کۆبوونەوەکە بە دەنگی شریخەی تفەنگ شڵەژا و، بەشداریکەران بە لەز بەرەو مەکۆی خەویان غاریان دا. پۆلی باڵندان بە فڕکەی باڵان بەرەو هێلان فڕین. پاتاڵەکان لە سەرنەمانی کا لێی خەوتن و لە چاوترووکانێکدا بێ دەنگی و کپییەکی ئەوتۆ لە وڵات نیشت، کە دەتگوت ژینەوەر لە مەزرا دا نەماوە.

*****

## ٢

سێ شەو پاش ئەو شەوە، پیرەمایۆر لە خەستەخەوێکی ئارامدا کوتوپڕ گیانی دا و مرد. ئاژەڵی مەزرا لە ڕێوڕەسمێکی شکۆدار دا تەرمەکەیان لە کوچەباغێکی مەزرا بەخاک ئەسپارد. سەربەسەری ئەو بەسەرهاتە لە مانگی مارس دا ڕووی دا.

سێ مانگ لە مردنی مایۆر تێپەڕیبوو، کە هەڵسووڕانێکی گەرم و گوڕ، بەڵام زۆر بەنهێنی دەستی پێکرد. ڕێبازەکەی پیرەمایۆر دەرویەکی بەخێری بە ڕووی مەزرانشینان دا کردبۆوە. ئەوان بە ئاواتی گەیشتن بە خەونە زێڕینەکانی مایۆر دڵگەرم و هیوادار بوون، بەڵام هەر تەنێ غەوری ئەو خەمەیان لە دڵدا بار بوو، کە نەیاندەزانی ئاخۆ ئەو شۆڕشەی کە پیرەمایۆر بە ڕەمزی سەربەستی ناساندبووی، کەی دێتە دی و کەنگێ سەردەگرێ و لە چ سەر و سەردەمێکدا سەردەکەوێت. هەروەها هیچ نیشانگە و بەڵگەیەکیشیان لە دەست دا نەبوو کە بنوێنێت ئاخۆ ڕوناهی و تیشکی ئەو شۆڕشە نادیارە لە تاریکایی شەوگاری ژیانی خۆیاندا شەبەق دەداتەوە یان وەک کەلەپور بۆ نەوەکانی داهاتویان جێ دەمێنێ، بەڵام ئەوان هەر ئەوەیان ڕەبەق لێ سوور و ئاشکرا بوو کە بۆ گوراندنی نەمامی شۆڕش، دەبێ هەر خۆیان قۆڵی یارمەتی و هەرەوەزی بۆ هەڵماڵن و خۆیان بە دەست و مستی خۆیان بیکەن. هەروەها ئاژەڵی مەزرا بەم قەناعەتە بەجێیەش گەیشبوون، کە بۆ گەیشتن بە ئاکام و

ئامانج، دەبێ ڕێکخراوەیەکی توند و تۆڵ و فرە پتەویان هەبێ و ، بۆ پەروەردە و گۆشکردنی ئەندامانی ڕێکخراوەکەش، سەرکردایەتییەکی زانا و بەزیبک و کارامەیان گەرەکە. بۆ ئەنجامی ئەم مەبەستەش دەستیان خستە ناو دەستی یەک و ڕێکخراوەیشیان پێک هێنا. بۆ دانان و هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکەش، زیت و زاناترینی ئاژەڵی مەزرا، واتە بەرەی بەرازەکانیان دەست نیشان کرد. لە نێو جەماعەتی بەرازانیشدا، دوو گوڵی سەرتۆپیان هەڵبژارد کە یەکیان (سنۆباڵ)ی ناو بوو و ئەوەی تریان بە(ناپولیۆن) بانگ دەکرا.

ناپولیۆن و سنۆباڵ لە ڕیزەی ئەو ئاژەڵانە دابوون کە ئاغا جونز بە مەبەستی فرۆشتن دایبەستبوون و وەک پەروار بەخێوی دەکردن. ناپولیۆن زیندەوەرێک بوو

گۆشتن و درشت هەڵکەوتە، کە فەساڵ و ڕواڵەتەکەی بە ئاشکرا توندی و تیژی لێدەباری و سامناکی و هەیبەتێکی ترسناکی پێوە دیار بوو. ئەمەش بڵێین کە ناپولیۆن لە مەزرای ئاغاجونزدا تاک ئاژەڵێک بوو کە لە ناوچەی(یەرکشایر) لە دایک ببوو. ناپولیۆن لە قسەکردن و ئاخاڤتن دا زۆر بە دەم و دود و قسە ڕەوان و زماندار نەبوو. بەڵام لەباری ملهوڕی و بە زۆر داسەپاندنی قسە و بۆچوونەکانی، هەتا بڵێی بەتوانا و خاوەن دەسەڵات بوو. بە پێچەوانەی ئەو، سنۆباڵ لە قسە کردندا ژینەوەرێکی باڵادەست بوو. لە ڕێزانی و کارزانیشدا، ناپولیۆن هاوتای ئەو نەدەهاتەوە. بەڵام لە ئالی خۆڕاگری و، لە باری سبات و پێزەوە، سنۆباڵ هەرگیز تۆزی پاش سەری ناپولیۆنی بۆ

نەدەشکا. بەرازەکانی تریش بەراز بوون و بە گشتی پەروار بوون و دابەستە. بەوەج و لێوەشاوەترینیان بەرازێک بوو، کە (سکوەلەر)ی ناو بوو. سکوەلەر بەرازیکی خڕەبنەی، خرپنەی، ئەستووری تێکسرڕماوەوە بوو کە سەر و گوپ و بەرچێلکەیەکی گۆشتن و هەڵپزاوی هەبوو. دوو چاوە ڕیزەڵەکانی لە قولایی چاڵی چاویدا بە ورشە و تروسکە بوون و گەلیک وریا و تیژبین. زیندەوەرێک بوو چالاک و قسەزان، کە لە کاتی وتن و ئاخاقتندا دەنگە تیژەکەی وەسەر هەموو دەنگێک دەکەوت و هەر خاوەن دەنگێکی ناچار بەبێدەنگی دەکرد. لەکاتی قسەکردن و لە دەمی شیکردنەوەی بابەتی پڕ گیرو گرفت دا، هەر هێندە بە تەردەستی لە سەر چوارپەلان هەڵدەبەزی و کلکی بە هەوای دەمی دەبزاوت، کە گوێگری ناچار دەکرد دەستی سەلماندنی بۆ لە مل بدات. قسەی سەر دەم و زاری هەموو لایەک بوو کە دەگوترا: سکوەلەر لە گوتندا زۆر بە هاسانی لە دەستی دێت ڕەش بە سپی بنوێنێت.

سێ مەزن و ماقوڵی ڕەوەی بەرازانی مەزرا، واتە سنۆباڵ و ناپولیۆن و سکوەلەر، نێوئاخنی ڕێبازەکەی پیرەمایۆریان کۆ کردەوە و پێڕەوێکی گشتی ڕێکخراوەییان لێ ساز کرد و ناوی(ئاژەڵایەتی)یان بە بەژن بڕی. لە هەر هەفتەیەکیشدا چەند شەوێک لەدەمی درەنگ وەختی، واتە ئەو دەمانەی کە جونز دەکەوتە باوەشی خەستەخەوی سەرخۆشییەوە، سەرپاکی ئاژەڵی مەزرا لە هۆڵی مەزندا کۆ دەکرانەوە و سەرجەمی هێم و بناغە و بنەڕەتی (ئاژەڵایەتی)یان بەگوێ دا دەخوێندرایەوە. مامۆستا و ڕێبەرەکان لە سەرەتادا تووشی لاسەرسەنگی و شەرەچەقەی ئەم و ئەوانێک دەهاتن. چونکە

دەم و زاری بەشێک لە ئاژەڵان لە ئاست ئاغا جۆنزەوە هەر بەخێر و خۆشی دەگەڕا. دیار بوو چەندێکیان، کە نمەک پەروەردەی تایبەتیی جۆنز بوون، هەر ئەویان بە خان و خاوەن دەناسی و نەیان دەخواست مەیل و ئارەزوی ئەو لە دڵ دەرکەن. تەنانەت چەندێک لەوان، کە پێیان وابوو کلیلی دەرگای بژیوی ژیانیان ڕەبەق لە دەست و مستی جۆنز دایە، هەر یەک بەجۆرێک لێکیان دەدایەوە و زۆر جارانیش دەیانگوت و دەیانگوتەوە:[... بە ئێمەمانان چی پاشی مردنمان هەتاو لە کام بەرێ ئاسمانەوە دێتە دەرێ!... شۆڕشێکی کە بەبوون و نەبوونی ئێمە چەت و تەگەرەیەکی تێ ناکەوێ و سەرەنجام و ئاخرسەرەکەی هەر سەردەکەوێ، ئەی کەوایە خۆ تێوەردانی ئێمەی بۆچییە؟!... کلیلی ڕزق و ڕۆژییمان لە دەست و مستی ئاغاجۆنز دایە، بێتو ئەو نەمێنێ ، ئێمە بە هەتیوی دەمێنینەوە و تێدا دەچین... ].

ئەم چەم و خەم و پرتە و بۆڵەیە، بۆ دەزگای سەرکردایەتی گەلێک گران تەواو دەبوو. دەبوایە وەرامی گەلێک پرسیاران بدەنەوە و خاتری زۆر خاترداران بگرن و دڵی زۆر دەردمەندانیش بهێننەوە جێ. زۆر جاران پرسیاری گەوجانەشیان لێ دەکرا. کە گەوجانەترین پرسیار، پرسیاری(مالی)، واتە ماینە جوانکیلەکەی گالسکەکێشی ئاغاجونز بوو. بۆ وێنە، شەوێک لە کۆبوونەوەیەک دا مەلی لێی پرسین:

ـ ئەرێ ئەو کاتەی کە وا شۆڕشەکەتان سەردەکەوت و سەربەستیتان دێتە دەست، گەلۆ پێتان وایە دەستمان بە قەند ڕابگات ؟!

سنۆباڵ هەر ئەو شەوە زۆر بە توندی سەرکۆنەی کرد و بە سەری دا هاتەوە و گوتی:

ـ نەخێر رەفیق! لەم مەزرایەدا دەزگای سازکردنی قەندمان نییە. جگە لەمەش، کاتێک کە لە مەزراکەماندا بەرهەمی وێنجە و گەنم و جۆمان بە پای فیلان دەبێ، ئیتر هیچ نیازێکمان بە قەند و شەکری دەرەوە نامێنێت.

هەر لە هەمان کۆبوونەوەشدا، مەلی پرسیار تێگرتن و پرسی:

ـ ئەرێ ئەو دەمیش بۆم هەیە پەلکە کوتاڵە سوورەی ئاوریشمین بکەمە بەن پرچی هەوادی کلک و یاڵەکەم و خۆمی پێ برازێنمەوە ؟!

سنۆباڵ لە وڵامدا پێی گوت:

ـ ئەرێ هاورێ! ئەم پەلکە سوورەی کە هێندەی پێ دەنازی و دڵت بۆی دەکورکێنێ، مەگەر نازانی نیشانەی دیلی و زەلیلی و کۆیلەتیتە؟ ئایا پێت وانییە سەربەستی و رزگاریت سەدان جار لەم پەتکە سوورە پڕ بایی ترە؟!

مالی باوەکو بە زمان سەلماندی و بە رواڵەتیش نیشانی دا کە باوەڕی بە قسەی سنۆباڵ هێناوە، بەڵام لە ناوی هەناویدا دیار بوو بەدڵ وازی لە ویستی دڵ نەهێناوە و قەتیش لێی ناهێنێت.

درۆ و دەلەسەی مۆسەس، قەلە ڕەشەی دەستەمۆی ئاغاجونزیش لە جێی خۆیدا لەهەر کۆسپێک زلتر و گرانتر بوو. هەتا بەرازەکان درۆیەکی ئەویان سوور دەکردەوە، مۆسەس دەیان فیشاڵی دیکەی هەڵدەبەست و دەرخواردی مێشکی ئاژەڵانی دەدا.

مۆسەس، سایەپەروەردەی بارەگای ئاغا جۆنز، پەلەوەرێکی چەوتی، چەپەڵی، پیسی، سیخوڕی، قسە دزی، دەم هەراشی زمان کوێخا بوو. زمانی لووس و ساویلکە هەڵخەڵەتێنی قەت لە کالانەی دەندووکی دا سرەوتی نەبوو. کات و ناکات بە گوێی ئاژەڵانی دا دەخوێند و دیگوت:

ـ ئەی هاوڕێیان! بەرگی نوێتان لێ مەبارەک نەبێ، وەرن و گوێیەکم لێ ڕادێرن با هەواڵێکی گیان بووژێنەرتان بدەمێ...

مۆسەس بەگوێی دا دەخوێندن و دەیگوت، کە گۆیا ڕێی بە مەڵبەندێکدا بردووە کە ئەو مەڵبەندە لە بەرازیی ئاسمان، لە پشتی خێوەتی پەڵە هەورەکان دایە. دیگوت کە ئەو مەڵبەندە سەرزەمینی شیر و هەنگوینی پێ دەگوترێ و مەڵبەندێکی نەمر و هەتا سەر زیندووە. بەمجۆرەی بە گوێی ئاژەڵ دا دەیخوێند کە دوای مەرگی ژینەوە، گیانی نەمری بەرەو وێندەرێ دەفڕێ و لەوێدا بە ئارەزوی دڵ ڕایدەبوێرێ. هەروەها ئەمەیشی دەگوت کە لەو سەرزەمینەدا، هەر حەوت ڕۆژی هەفتە، هەر هەموو یەکشەممەی پیرۆزن و ژینەوەر بەدایم لە پشوودان دایە و هەرگیز ڕەش نانێتە سەر سپی. بەدرێژایی ڕۆژی مانگ و ساڵ، لە گۆشا و گۆشی ئەو جیهانە ڕەنگینە دا، سێوەڕە و دەیان شینکە و شیناوەردی تام خۆش و بۆن خۆشی دیکە سەریان پێوە ناوە و هەمیشە سەر سەوزن. دەیگوت کە گەڵا و گوڵیش بێ پسانەوە لە دار و درەخت دەڕوێن و هیچ خەزەڵوەرێک ڕێ بە وێندەرێ دا نابات.

ئاژەڵی مەزرای مانۆڕ لە بەرێکەوە بە دڵ لە مۆسەس بێزار و دڵزار بوون، چونکە بە مشەخۆرێکی چەوت و دوو

زمانیان دەناسی، بەڵام وردە زەمزەمەی ئارەزوو بزوێنی مەڵبەندی شیر و هەنگوینیشی لە بەرێکەوە کۆرپەی دڵی گەلێک لەوانی هێنابوویە گڕوگاڵ و، تامی ژینەوەیەکی بەتام و شیرینی دوای ئەم ژینە تاڵەی لە دەمدا شیرینتر دەکردن. بەرازەکانیش بۆ خاو کردنەوەی هەودای درۆی مۆسەس، ناچار بوون ئارەقی ڕەش و شین بڕێژن و بە ڕاوێژ و وتووێژان دەراوی درۆیینی مەڵبەندی شیر و هەنگوینی ئەو بپووکێننەوە.

گوێ لە مست تریني دەست و پێوەندی بەرازەکان، جووتە ئەسپی داشقە، واتە باکسەر و کلۆڤەر بوون. هەرچەند کە ئەم دووە لە سەرەتادا بۆ تواندنەوەی کۆسپ و گیر و گرفتان شارەزایەتییەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام کاتێک کە ئاڵقەی بەندەگیی بەرازەکانیان خرایە مل، ئیتر لێی سەر ڕاست بوون و هەرچی مامۆستایان دەیان فەرموو، شاگردەکان بەبێ فوو لە دۆکردن، دەکاریان دەکرد. هیچ کار و کردەوەیەک هەڵنەدەکەوت و هیچ کۆبوونەوە و دانیشتنێک سەری نەدەگرت ئەگەر ئەوانی تێدا نەبن. ئەو دووە هەر نەک هەمیشە نەخۆشەری گشت تاشتێک بوون و لە گشت کۆبوونەوە و دانیشتنەکاندا کەسایەتیی یەکەم و دووەم بوون، بەڵکە کەوچک بەدست و سوکان گێڕی هەموو ئیش و فەرمانێکیش بوون. تەنانەت لە گشت کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمێکیش دا هەر ئەم دووە بوون کە کۆڕی سروودیان بەڕێوە دەبرد.

بازی بەختەوەری هات و لەپڕ نیشتە سەر تەپڵی سەری مەزرای مانۆڤر و لە چاو ترووکانێکدا ئاژەڵی مەزرا بە کاوی

دڵ شاد بوون. هەل و مەرج و بار و دۆخێکی لەبار و مایەداری کوتوپڕیان بۆ ڕوخسا و ئاگری شۆڕش دە مەزرا کەوت. ئاگری شۆڕشەکەش خێرا گڵپەی سەند و دەور و دوکانی ئاغاجۆنزی سووتاند.

لەو مەڵبەندە دا کە مەزرای مانۆڤری تێدا هەڵکەوتبوو، مەزرای مانۆڤر لە چاو مەزراکانی دراوسێ، گوڵی سەرتۆپ بوو. خاکەکەی بەپێز و پڕ پیت و بەرەکەت بوو، کانیاو و گۆل و ئەستێرکی خۆش ئاو و پڕ ئاوی هەبوو. ئاغاجونزیش لە باری زانایی و لێهاتوویی، لە خاوەن مەزراکانی جیرانی گەلیک زاناتر و لێوەشاوەتر بوو. بەڵام هەر ئەو سەرو بەندە، واتە لە هەرەت و جەنگەی سەربزێویی شاراوەی ئاژەڵانی ژێر فەرمانی دا، جۆنزی چارەڕەش تووشی نەهاتی هات و بەختی بەد کێشایە پای مێزی مەحکەمەی داوەری و بەتاوانی خەتاکاری و ساختەچێتی، بەشێکی هەرە زۆری داهات و سامانەکەی لێ زەوت کرا و دەستی لە تەختە بەسترا. جۆنز لە سۆنگەی ئەم ڕوداوە جگەربڕە دا، دەستی لە کار و چالاکی سارد بۆوە و دەماری هەوڵ و خەباتی جەمام بوون. ڕۆژانە جگەلە مەی نۆشین و خۆ سەرخۆش کردن، دەستی بۆ هیچ کار و کردەوەیەک نەدەبرد. گەلێ ڕۆژان، بە درێژایی ڕۆژ، لە سوچێکی چێشتخانەکەیدا دادەنیشت و پەسا پەسا و قورتم قورتم شەرابی پێدا دەکرد. جار جاریش ورتکە نانی لە بیرە خووساوی دەرخواردی مۆسەس دەدا.

دلْزاری و بێزاریی ئاغا لە ئیش و کاردا، کاری کردە سەر کرێکار و سەپان و کاردارەکانی و ئەوانیشی تووشی لەش گرانی و تەپلۆسی کرد؛ بە چەشنێک کە لە مەزرا دا بژار

سەری زەرعاتی خوارد، بەڵام کەس نەبوو دەستێک بۆ بژارێک بەرێت. پەرژینی باغ و بێستان شکانەوە، بەڵام کەس نەبوو پنجە دڕکێک لە پەرژینێکی شکاو بکوتێتەوە و باغ و بێستان لە وێڵی و بەرهەڵدابوون بپارێزێ. بە کورتی کەس نەبوو بەزەیەکی بە مەزرای مانۆڤر دابێ و دەستێکی بلاوێن بەسەر دار و درەخت و زەرعاتی دابێنێت و خزمەتێکی ئاژەڵانی بکا.
هەر لەو هەلومەرجەش کە سەرەتای مانگی ژوئەن و کاتی درونەوە و هەڵگرتنەوەی بەرە وێنجەی ساڵ بوو، ئاغاجۆنز شەوێک لە شەمە شەوەکانی وەرزی هاوین بۆ چارەی وەڕەزی و بۆ بە بادانی پەژارە و خەمی دڵ، ڕووی کردە مەیکەدەی شێری سووری گوندی(ویلنگدۆن). هەر ئەو شەوە، لەو مەیخانەیەدا هەر ئەوەندەی شەراب خواردەوە کە وەختا و وەختێک بەبێ سەر و زمانی لێی کەوت و نەیزانی چ ئاوێک بە کام جۆگەدا ڕادەبرێ، تەنانەت بێخەبەر لە کرێکار و سەپان و شوان و گاوانەکانیش بوو. جۆنز بەمەشی نەزانی کە وا کاردارەکانی پاش دۆشینی مانگاکان، بەبێ ئەوەی کە هیچ تفاقێک دەبەر هیچ ئاژەڵێک بکەن، بە نیازی ڕاوە کەروێشکان ڕێی چۆڵ و چیایان گرتۆتە بەر و ئاژەڵی برسی لە تەویلە و پشتێری دەرگا گاڵەدراو دا ماونەتەوە.
ئاغا جۆنز، بولێڵی ڕۆژی یەکشەمە گەڕایەوە ماڵ، بەڵام مەیزەدە و شەکەت و شێواو و خەواڵوو گەڕایەوە. سەری ژانی دەکرد و توانانیی خۆ ڕاگرتن لە سەر پێیانیشی پێ نەمابوو. هەر بۆیە وەک تەرمێکی بێ گیان خۆی خستە سەر قەنەفەی ژووری میوانان و بە لاپەڕەیەک لە ڕۆژنامەی (هەواڵەکانی

جیهان)، سەر و ڕووی خۆی داپۆشی و گورجێک خەو لابەلای برد.

لەو لاشەوە، ئاژەڵی مەزرای مانۆقر، کە بەدرێژایی ڕۆژ چاوەڕوانی دەرگا کرانەوە و هاتنی بژیودەرێکیان کردبوو، بەڵام چاوەڕوانی و سەبری ئاژەڵ هیچ فریاڕەسێکی نەگەیشتە سەر . ئاژەڵی برسی شەویان لێداهات و زەختی برسیایەتی هاروژاندنی. هەر ئەو شەوە، گایەکی شان و مل ئەستوور، هەڵمەتی پڕ تەوژمی شاخ و شەقۆنی بۆ دەرگا برد و دەرگای کادێنی بە یەک هەڵمەت هەڵتەکاند. ژینەوەری شینکەخۆر بە خرِی ڕژانە سەر تفاق و ملیان پێوە نا. هەر لەو ئاسنایەشدا جۆنز لە خەو ڕاپەڕی و دەگەڵ دوو کارداری شەلاغ بە دەست، بەهاواری دەرگای هەڵتەکاوی کادێن گەیشتن. هەر ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو، سیرمەی بادراوی قەف قەفی شەلاغ لەبان سەری ئاژەڵ هەڵسووڕا و لێدان دەستی پێکرد. هەرچەندیش کە ئاژەڵی برسی پێشەکی هیچ قەرار و مەدارێکیان بۆ دەسکردنەوە دانەنابوو، بەڵام برسیایەتی چاوی سوور کردبوون و دەستکردنەوە بۆ خۆ تێر کردن هیچ قەرار و مەدرایێکی پێشەکیی گەرەک نەبوو. لەپڕ و ناکاوێک ژینەوەر لە خواردن بای داوە و ڕژانە سەر دوژمنانی بابەگوشتە و لێدان دەستی پێکرد. لە هەموو لایەکەوە هەر شەقۆن و چەپۆک و جووتە و جیفرِک بوو کە بۆ جۆنز و کاردارەکانی دەهات. ئاژەڵ بەرەگە و ڕێگەی مەیدانی شەڕی لە بەرەی دووپێ ئەستاند و هەر بڵێی یەک و دوو، هەوساری دەستەمۆیی پچڕا و بانگی ئازادی بە ئاشکرایی لێدرا.

ئاژەڵی مەزرا، کە هەتا دوێنێ کۆیلەیەکی بەستەزمانی بندەست و ژێر فەرمان بوون، لە ئاکامی سەرهەڵدانێکی کوتوپڕدا ستەمگەرانیان ئەوتۆ هەڵچنی، کە ڕۆژی ڕونیان لێکردنە شەوە زەنگ. چی پێ نەچوو، جۆنز و کاردارەکانیان وازیان لە بەرگری هێناو ڕاوەستانیان دەبەر ڕاکردن مراند. مرۆڤ بەشلەژاوی ڕایکرد و ئاژەڵی سەرکەوتوو بەرەی مرۆڤی لێرە و لەوێ ڕاونا و لە مەزرا دەری پەڕاندن. زۆری نەخایاند گالسکە ڕێی ئەو دیوی مەزرا، بە تەپ و تۆزی ڕاکردووان ڕەش داگەڕا.

ئاغاژنی مەزرای مانۆڤر، واتە خێزانەکەی جۆنزی بەزیویش کە لەپشتی پەنجەرەوە کارەساتەکەی بە چاو بینی بوو، دەست و بردێکی کرد و کەموسکە وردە ئەسبابێکی بە کێش سووک و بە بایەخ گرانی لە توربێن کردو هەر وەک شەریکە دز، بە دزە ڕێیەک دا بۆی دەرچوو.

مۆسەس، قەلەڕەشەی لێقەوماویش کە لە سەر چلووکی داری بەر هۆڵی مەزن هەڵکورمابوو، هەرکە بارەکەی بە لاری بینی، قڕاندی و بەشوێن خاوەنی دەرفرتاوی دا فڕی و ڕۆیی. ڕاکردوان بۆی دەرچوون و سەرکەوتوان بە سەربەرزی گەڕانەوە و دەرگای پێنج کلیلە و گۆڵەیان لە پاش سەری زۆرداراندا گاڵە دایەوە. بەمجۆرە، لە هەلومەرجێکی لەپڕ ڕوخساو دا، بەبێ ئەوەیکە سەری دڵی هیچ کامیان تۆزکاڵە خەبەرێکی شۆڕشی پێدا گەڕابێ ، شۆڕش هەڵاییسا و بە سەرکەوتنیش داکەوت. جۆنز ڕەهەندەی هەندەران کرا و مەزرای مانۆڤر بە ئاژەڵ بڕا.

کرانەوەی لەپڕ و ناکاوی دەرگای بەهەشتی پڕ لە بەختیاری و ئەنگوتنی یەکەمین گزنگی ڕزگاری، ئاژەڵی هەرئەوتۆ تاساند، کە هەتا ماوەیەک تووشی ناباوەڕی هاتن و لە خۆیاندا چەواشە مانەوە. بەڵام بەر لە ئەنجامی هەر ئیش و کارێک، ئاژەڵ هاتنە سەر ئەم ڕایە کە دەبێ بست بە بستی مەزرا بپشکێندرێت و ئاسەواری دەستی مرۆڤی چەپەڵی تێدا لەناو بچێت. بۆ ئەنجامی ئەم کارە، پێشەکی و بەر لە هەر شتێک، بە نەرمە غار، بە چوار دەوری مەزراکەیان دا گەڕان. ئەوسا بۆ ئەوەیکە تۆڵەی ڕەنجی بە خەسار و خوێنی بە ناهەق ڕژاوی باوک و کالان بستێننەوە، ڕوویان کردە ژوورە سامناکەکانی دەسکردی مرۆڤ.

یەکەم ژوور، هەر ئەو ژوورە بوو کە ساز و بەرگ و ئامرازی کۆیلەکردنی ئاژەڵی تێدا جێ درابوو. دەرگای ژوورەکەیان بە زەبری هەڵمەتی شان و باهۆیان تێک شکاند و هەرچی لێی بوو، لە لغاوی یەکسمانەوە بگرە هەتا قەمتەری لووت و لمبۆزی گاجوت و بەرازەکان، زنجیر و قەڵاتەی ملی تاژی و سەگەکان، کێرد و چەپەچاغە تیژەکانی کە وا سەری زیندەوەری پێ دەبڕدرا و بەرانەکانی پێ دەخەسێندرا، هەمووی و هەمووی دەچاڵ کران و ژێر خاکیان کردن. ئەوسا هەوسار و قەیاسە و ئاوزەنگی و شەلاغ و نەقیزە و بەرچاوکە، هەروەها ڕەخت و زین و تورەکە و توربێنی تفاق و ئالیکان، کە بەگشتی یادگاری سەردەمی کۆیلەتی بوون ، بە قۆپەن بە تونی ئاگرێک دا کران کە دە زبڵ و زاڵی میراتی جۆنز بەر درابوو. کاتێ کە مەشغەڵی سووتانی کەل و پەلی داگیرکەران تێکەڵ بە زمانەی سووری ئاگر وەگڕ کەوتن، ئاژەڵی

سەرمەستی سەربەستی، لە دەوری بڵێسەی ئاگر وەچەقڵە سەما کەوتن و شایی و دیلانیان گێڕا. قۆپەنی پەلکە سوورە و باریکە کوتاڵەکانیش کە لە بازاڕە ڕۆژەکاندا کلک و یاڵی بارگینەکانی پێ دەڕازێندرایەوە، بە دەستی سنۆباڵ بە توونی ئاگر دا کران. هەر ئەو دەم سنۆباڵ ڕای گەیاند و گوتی کە پەڕۆ و پاڵیش هەر لەڕیزەی جلک و بەرگی بەری ئادەمیزاد دەژمێردرێن و دەبێ لە ئاژەڵ بەدوور بن. هەرکە ئەم فەرمانە بەگوێی باکسەر گەیشت، خێرا کڵاوە پوشینەکەی جارانی کە لە هاویناندا سەر و گوێلاکی لە هوروژمی مێش پێ دەپارێزرا، دەگەڵ خرتە و پرتەی دی کردی بە خۆراکی ئاگر. بەکورتی ئەوەی کە بۆنی کۆنەبەگی جارانی لێوە دەهات، هێنایان و سوتاندیان. ئینجا ناپولیۆن ئاژەڵی بۆ هۆڵی گەورە بانگهێشت کرد و تفاق و خورد و خۆراکی دوو ژەمانی بە حیسێبی ژەمێک دەبەر کردن. هەر یەک لە سەگەکانیشی لە ڕێی دوو نانە چەورە گرت. ئەوسا پێکەوە و بە تێکڕا و یەکدەنگ، حەوت جاران سرودی ئاژەڵایەتییان خوێندەوە و بە دڵنیایی و ئەرخەیانی لێی خەوتن، خەوتنێک کە بەر لەو هەلە، قەت قەت بە خەونیش لە خەویان نەهاتبوو. سبەی بەیانیش هەر بە بیری ڕۆژانی دیلی لە خەو هەستان، بەڵام هەرکە بەسەرهاتی مەزنی شەوی پێشینیان کەوتەوە بیرو هاتەوە یادیان کە ئازادو سەربەستن، بەبێ بەندو بەست هەستان و بەئازادی ڕوویان کردوە لەوەڕگەی بێ پاوانی مەزراکەیان و پڕ بە دڵ سەیری هەموو لایەکیان کرد .

لە مەزراکەیاندا، مەودایەک ژێروتر لە هۆڵ و تەویلە پشتێرەکانەوە، گرد و تەپۆڵکەیەکی سەرسەوزی قۆزی خۆش دیمەنی تێدا هەڵکەوتبوو کە بەسەر هەموو مەڵبەند دا دەی نواڕی. ئاژەڵ بە ترەختەن و ڕاکردنێکی تێکڕایی بەرەو سەردوندی گردەکە پێ هەڵاچوون. لەوێوە ڕوانیان و دیتیان کە سپێنەی زێوینی یەکەمین کازیوەی بەربەیان چ ڕەنگ و نیگارێکی خەیاڵاویی بە دار و درەخت و شیناوردی مەزرا بەخشیوە. وڵاتی خەملاوی هەر وەک باغی بەهەشتی بەرین، بە دار و بەرد و خۆڵ و ئاو و بەهەرچی کە تێیدا بوو، تروسکەیان دەهات. بەڵێ کە ئەو بەهەشتە ڕەنگین و نەخشینە، بەتێکڕایی و بە تەواوی بە بەژنی خاوەنانی خاسی خۆی بڕابوو.

هەموویان بەگشتی و بەبێ جیاوازی، سەرخۆش و دڵگەش لە دیتنی ئەو گشتە دەسکەوت و سەرکەوتنە مەزن و شکۆمەندە، کەوتنە سەر هەوای سەماکردن و، دەستیان کرد بە هەڵپەڕین و ملیان لە تلیلیلان و چەقڵەسەما نا. دەمێک بە تلانەوە و گەوزینی نێو شینکەی ئاونگ لەسەر نیشتوو خەمی دڵیان بە با دا و دەمێکیش بە خواردنی سەرتوولی شینکە و چووزەڵە گیای سەوزەڵانان خۆیان تەڕ کردەوە. دەمێک چیم و گڵمتکی کێڵگەکانیان بە سمکۆڵ شکاند و چەندێکیش سەر و مێشکیان بە هەڵمژینی بۆن و بەرامەی پەرێزی ئاونگ لەسەر نیشتوو پڕ کردەوە.

ئەوسا بە نیازی پشکنین و دیتنی هەست و نیستی مەزراکەیان، بە خوار و ژووری وڵاتەکەیاندا گەڕان. لە کاتی ڕۆیشتن و پیاسە و گەشت و گەڕاندا، زۆر بەبێ دەنگی و بە

هەست ڕاگرتنێکی پڕ لە مەتانەتەوە سەیری دیمەنگای لە جوانی خوڵقاوی سەر و ژێرانیان کرد و جێ نەما چاوی پێدا نەگێڕن. لە جێ پەڵە وێنجەی و باغی سێوان و موچێی داچێندراو و مێشەڵان و دارستانی خەڵفەساوای خواروی مەزراوە بیگرە، هەتا دەگاتە گۆل و ئەستێرک و کانی و جۆگەلەکانیشیان بەسەر کردەوە. هەروەک بڵێی لە پێشوودا ئەم وڵاتە ڕەنگینەیان قەت بە چاوی سەر نەبینی بێت، بە چاوی پڕ لە پرسیارەوە سەیری سەر و ژێرانیان دەکرد و لە خۆیانیان دەپرسی کە ئاخۆ بڵێی ئەمە خەون و خەیاڵ نەبێ و ڕاست بێ کە دەی بینن؟ ئەرێ بڵێی ئەوە ئەوان بن کە خودان مافن و لە توانایان دا هەیە بەبێ پەرژین و پاوان، بەهەموو شوێنێکی مەزرا دا بگەڕێن و دەستی دەسەڵات بەسەر هەموو شوێنێکدا بکێشن؟

پاش گەشت و پیاسەیەکی زۆر، نیازی دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و سامانی چەکمەڕەقی جارانی مەزراکەیان کەوتە دڵ و بەرەو وێندەرێ کەوتنە ڕێ.

هەموویان بە گشتی، ئارام و بێدەنگ لەبەر دەرگای کۆشکی مەزنی جۆنز دا سەریان دەبەر یەک نا و ڕاوەستان. هەرچەند کە کۆشک و تەلاری جۆنز لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بوو، بەڵام سام و هەیبەتی کۆنە بەگی جاران، هەروەک وەیشوومەیەکی ڕەش لە دەرک و دار و دیوارانی هاڵا بوو؛ بەم سام و هەیبەتە و لەم کۆشک و قەڵایە دا، تەمی ترسێکی ڕوخێنەر بە سەر ئاژەڵ دا باری. ماوەیەک بەبێ ئەوەیکە هیچ کامیکیان زاتی دەرگا قەڵەشینەوەی هەبێت، بێدەنگ ڕاوەستان. بەڵام ڕاوەستانەکەیان زۆری نەخایاند، چونکە

هەر ئەودەم جووتەی بەرازی بە شان و باهۆ، واتە سنۆباڵ و ناپولیۆن، بەهانایانەوە هاتن و ئەرکی ئەو گرنگەشیان گرتە ئەستۆ. شادەرگای ڕەختەی کۆشکی جۆنز، بەزەبری هەڵمەتی لاملی ئەستووری جووتەی پێشڕەوان لەبەر یەک هەڵتەکا و ڕێی چوونە ژووری هۆدەکان بە ڕووی ئاژەڵ دا کرایەوە. ئاژەڵ یەک بە یەک و سەر بە شوێنی یەکدا وەژوور کەوتن. بۆ ئەوەیکە کەشم و تەرتیبی دیوەخانی ماڵی ئاغا نەشەمزێت، وریا و بە پارێزەوە هەنگاویان هەڵێنایەوە و زۆر بەشێنەیی لەم ژوور بۆ ئەو ژوور چوون. تەنانەت لە ئاخاڤتن و لێدوانیش دا هەر بە چرپە و سرتە یەکتریان دواند.

هۆدەکان بەسەدان و هەزاران خرینگە و پرپرەی ناسک و تەنک و زەریف ڕازێنرا بوونەوە. یەک یەکی ژوورەکان بە ڕاخەر و مافورەی نایاب و ئاوریشمینی دەسکردی (برۆکسەل) فەرش کرابوون. پێخەفەکان نەرم و نۆڵ و، ڕوکەشی سەر قەرەوێڵەکان ئاوریشمین بوون. لە گۆشە و کەناری ژوورەکاندا ئاوێنەی بەرزی باڵانوێن ڕۆندرا بوون. بە میچی هۆدە و لادیواری داڵان و هۆڵەکانەوە، دەیان چلچرای بلور هەڵواسرابوون کە بە سەدان چلورەی کریستال و پەرەنگە و مەنگوڵەی ڕەنگاوڕەنگ خەملێندرابوون. پەرەنگە و چلورەی کریستالی چل چراکان تیشک و شۆقی گڵۆپی چراکانیان بە چەشنێک بە ژوورەکاندا دابەش دەکرد، کە خودی تارما ڕونکەکان نەخشێکی خەیاڵوییان بە میچی ژوورەکان دەبەخشی. لە لایەک، مێز و کورسی و کاناپە و حوجرەی شەراب و ڤیسکی و لە بەرێکی ترەوە مێزی قومار و گەمە و کایەی دەمی سەرخۆشی ڕۆندرابوون. لە لای سەرەوەی هۆڵی

مەزنی میواناندا، وێنەی گەورە کراوەوەی تەواو بەژنی ڤیکتۆریای شاژنی بریتانی، بۆ ماوەیەکی کورت ترسی خستە سەر دڵی ئاژەڵان و هەموویان یەکجێ لێی پرینگانەوە.

ژوورەکانی نوهومی سەرویان پشکنی و بەرەوخوار داگەڕانەوە. دەهاتن لە قاتی سەرو بچنە خوار، کە هەستیان بزووت مەلی جێماوە. چەندێکیان بەشوێن سەری دا گەڕانەوە و لەژووری خەوی ژنی جۆنز، ئەویان لە حاڵێکدا بینی کە چارشێوشانێکی حەریری سەوزی بەلاشان و سەر کەفەڵ داکێشابوو و لە بەرامبەر ئاوێنەی بالانوێنی ژووری خەوتندا بە سەد ناز و خەمزەوە دەهات و دەچوو. ئاژەڵ بە سەری داهاتنەوە و بە ڕەخنە و لۆمە سەرکۆنەیان کرد.

لەقوژبنی چێشتخانەکەی قاتی خواروودا چەند قاچە بەرازی خوێکراویان بە چاو بینی و دڵیان بە بینینی ئەو دیمەنە ناشیرینە ژانی پێدا گەڕا. هەر ئەودەم، باکسەر لە هەژمەتان و بە تۆڵەی ئاژەڵ گوژیی ئاژەڵ کوژان، بە زەبری جوتە، بەرمیلێکی پڕی بیرەی لەبەریەک هەلتەکاند. بەڵام بەرمیلی پڕ لە بیرەی ماڵی جۆنز، یەکەم و ئاخر شت بوو کە لە سامان و ملْک و ماڵی ئاغا کەم کرایەوە. چونکە هەر ئەودەم بڕیارێک دەرکرا و بەگوێی سەربەسەری ژینەوراندا خوێندرا، کە دەبێ کۆشک و ماڵ و سامانی جۆنزی ستەمگەر، وەک بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ داهاتوان بمێنێتەوە، تاکو داهاتوان ڕادەی بێ بەزەیی بەرەی مرۆڤ بە دوو چاوی سەریان ببینن.

هەر ئەودەم، ئەو بڕیارە بە گیان و بە دڵ وەرگیرا و بەڵێنیان بە یەکتر دا کە هیچ ئاژەڵێک بۆی نەبێ لە ژوور و هۆدەی دەسکردی مرۆڤ دا سەر بکاتەوە.

پاش لەوەڕی بەیانە، سنۆباڵ و ناپولیۆن سەرلەنوێ ئاژەڵیان کۆکردەوە. سنۆباڵ ڕایگەیاند و گوتی :

ـ هاوڕێیان! کاتژمێرەکەمان هەرئێستێ شەش و نیوی سەر لەبەیانی نیشان دەدا. دیارە ڕۆژێکی دوور و درێژمان لەبەرە و بێتو ڕەزاتان لەسەر بێ، دەکرێ لەو درێژ ڕۆژگارەدا دروونەوەی بەرە وێنجەکەمان، کە کاتی درونەوە و هەڵگرتنەوەی هاتوە، ڕای پەڕێنین. بەڵام بەرلە دەست و پەل ماندووکردنتان و بەر لە درونەوەی وێنجە، بابەتێکی دیکەم لە دڵ دایە و دەمەوێ پێشەکی ئەوتان پێ ڕابگەیەنم.

بەرازەکان هەر ئەودەم ئاشکرایان کرد کە ئەوان لە سای ژیری و بلیمەتی خۆیانەوە ، توانیویانە لە ماوەی سێ مانگی پێشوو دا ڕوو بکەنە خوێندن و، خۆیان بە خوێندن و خوێندنەوە و نووسین ڕابێنن. بەرازەکان گوتیان کە ئەوان خوێندن و نووسین لەو گشتە کتێبانە فێر بوون، کە سەر و سەردەمێک منداڵەکانی جۆنز لە سووچێکی حەوشە دا ڕۆیان نابوون.

ناپولیۆن لە حاڵێکدا قوتیلەیەکی بۆیەی سپی لە سەر دەست دانابوو، ئاژەڵی بەرەو دەروازەی گەورە دەنگ دا. ئاژەڵ بە فەرمانی ناپولیۆن لە دەوری دەروازەی گەورە کۆبوونەوە. سنۆباڵ وەک میرزای خۆش بنووسی مەزرا، لە حاڵێکدا قەڵەم فرچەی لەناو بەندی دوو سمی دەستی بەزاند بوو، بۆیەی ڕەشی بەسەر ناوی (مەزرای مانۆڤر) داهێنا و لە

سەر ڕاستە تەختەی ڕەش دا، بە بۆیەی سپی نووسی: مەزرای ئاژەڵان.

بەم تەرتیبە، ناوی جۆنز و مەزرای مانۆقر لە ژێر ڕەشاییدا گوم و گۆڕ کرا و ناوی ئاژەڵ بە ڕەنگی سپی، لە سەر ڕەشایی نەخشی گرت. پاش گۆڕینی ناوی(مانۆقر) بە(ئاژەڵ)، بەرازەکان ئاشکرایان کرد کە ئەوان لە ماوەی سێ مانگی ڕابوردوو دا، لە سای ژیری و بیرچاکی خۆیاندا، توانیویانە شیلە و ڕەواق و کاکڵی(ئاژەڵایەتی) لە ناو حەوت خاڵی کورت و پوختەدا بگونجێنن و ناوی(حەوت فەرمان)ی لێ بنێن. بەرازەکان بەهەموو لایەکیان ڕایانگەیاند کە، حەوت فەرمانێکی کە هەر ئێستێ بە بۆیەی سپی لە سەر دیواری تەخت ڕەشی هۆڵی مەزنی ئاژەڵان دەنووسرێت، دەبێتە یاسایەکی هەتا سەر زیندوو، کە هەرگیز شەمزان و شێوان و ئاڵوگۆڕ بەخۆیەوە نابینێت. گوتیان کە دەکارهێنان و بەڕێوەبردنی حەوت فەرمان، ئەرکی ویژدانیی هەموو ئاژەڵێکە و، هیچ جوڵەوەرێک بۆی نییە خۆی لێ لابدات و خۆی لێ ببوێرێت.

پاش ڕاگەیاندنی ئەو ئاگادارییە، سنۆباڵ و ناپولیۆن پەیژەیەکیان بە دیواری بەرز و بڵندی هۆڵی گەورەوە هەڵپەسارد. سنۆباڵ بە هەزرا و یەک دەردی سەر، بە پەیژەکەدا پێ هەڵاچوو. لە شانی ڕاستی سنۆباڵ، سکولەر قوتیلەی بۆیە بەدستەوە، ئامادە و چاوەڕوان ڕاوەستا. ئەوسا لە بەر چاوی هەموو ژینەوەری مەزرای ئاژەڵان دا، سنۆباڵ هەر حەوت فەرمانی بە بۆیەی سپی لەسەر دیواری قیرەتاوکراوی هۆڵی گەورە نووسی. نوسراوەکە لە سەر ڕاستە

تەختەی ڕەشی دیواری هۆڵی مەزندا هەر هێندە سپی دەچۆوەوە، کە لە مەودا ڕێیەکی سەد مەترەوە، دەکرا بە چاوی سەر بەم چەشنە بخوێندرێتەوە :

حەوت فەرمان

1ـ هەرچی دووپێیە، نەیارانی ئێمەن.
2ـ هەرچی چوار پێیە یان باڵدار، لە یەک ڕەگەز و لە یەک توخمەن.
3ـ هیچ ئاژەڵێک بۆی نییە بەرگ و بەرەی مرۆڤ بپۆشێت.
4ـ هیچ ئاژەڵێک لێو لە جامی شەراب نادا.
5 ـ هیچ ئاژەڵێک بۆی نییە لەسەر قەرەوێڵە و لە ناو پێخەفدانی بەرەی ئادەمیزاد دا بخەوێت.
6ـ هیچ ئاژەڵێک بۆی نییە هاوڕەگەز و یارانی خۆی بگوژێت.
7ـ گشت ئاژەڵان سەرزەوی، بێ جیاوازی، پێکەوە یەکسان و بەرامبەر و برادەرن.

قەڵەمی سنۆباڵ بۆ نووسینی حەوت فەرمان ، زۆر بەپوختی بەسەر دیواری قیرە تاوکراوی هۆڵی مەزندا گەڕا. نوسراوەکەش زۆر بێ هەڵە و بێ پەڵە هاتەدەر. هەر بەس وشەی(پاران) لە جێی وشەی(یاران) نوسرا و یەکێک لە(واو)ەکانیش بەراوەژو هاتبوو.

هەرکە سنۆباڵ خاڵی ئاخری حەوت فەرمانی دانا و دەستی لە نوسین هەڵگرت، ڕووی دەمی دە ئاژەڵ کرد و بەدەنگێکی بەرز هەر حەوت فەرمانی بۆ خوێندنەوە.

سەیرکەرانیش بە ڕاتڵەکاندنی سەر، دەنگی پەسند کردنیان بۆ دەربڕی. چەندێک لە ئاژەڵی زۆرزانیش، کە بلیمەت بوون و ڕۆڵەی ڕۆژ، هەولی بەمێشک ئەسپاردنیان بۆ دا و هەر حەوت فەرمانیان بە مێشکی کەللە ئەسپارد.

ئەوسا سنۆباڵ قەڵەمی بۆ لایەک توورِ هەڵدا و هاواری کرد و گوتی :

ـ ئەی یاران! بۆ پێشەوە بەرەو کار، بۆ درونەوە و هەڵگرتنەوەی وێنجەکەتان، بۆ پێشەوە بەرەو هەرەوەزێکی دلێرانەی پڕ لە سەرڕاستی، هەروەزێکی ئەوتۆ کە نیشان بدات و بنوێنێت دەست و مستی ئێمەی ئاژەڵ، گەلێ لە دەست و باسکی جۆنز و بەکرێگیراوەکانی بەتواناتر و بە دەمارترە.

بەڵام هەر لەو جەنگەیەدا، گابۆڕی سێ مانگای گوان پڕ لە شیر هەنگاوی کرێکارانی شل کردەوە. گابۆڕی مێگاکان بەم هۆیە بوو کە بیست و چوار سەعاتێک بەسەر کاتی هەڵدۆشینیاندا تێپەڕ ببوو. مێگاکان بە گوانی پڕ لە شیریانەوە، گەلاو گەڵ لێ هاتبوون و گرژ و ناساز دەهاتنە بەرچاو. هاتبا و بەرازەکان دەست و بردێکیان نەکردبایەو دەستی دۆشینیان بە سەر گوانی مێگاکاندا نەهێنابایە، بێشک تووشی دەرد و ئازاران دەهاتن.

بەڵام بەرازەکان گورجێک بۆیان کەوتنە سەر بەردەبێر و وەک بێری دۆش، گوانی مێگاکانیان هەڵدۆشین. لە دۆشینی مانگاکان، پێنج گادۆشکەیان پڕ کرد لە شیرێکی خەستی سەر بە توێ. هەندێک لە ئاژەڵەکان بە دیتنی ئەو گشتە شیرە چەور و سەر بە ڕۆنە، تامەزرۆیانە چاویان لە شیر بڕی و یەکێک لەوان گوتی:

ـ ئەم هەموو شیرە چەورە چۆن و چلۆن ڕەجابا بێنین؟
یەکێک لە مریشکەکان وتی :
ـ لەسەردەمی جۆنزدا، گەلێ جاران پرپۆڵەی ئێمەی بەم شیرە دەگیرایەوە و دەگەڵ دان بۆیان هەڵدەڕشتین.
ناپولیۆن گادۆشکە شیرەکانی لەپاش سەردا حەشار دا و گوتی :
ـ هاوڕێیان! چاوی سەرنجتان بەرەو شیر شۆڕ مەکەنەوە، چونکە گرنگتر لە هەر شیر و شەربەتێک، هەوڵی گردەوەکۆشیمانە لە ڕێی کۆکردنەوەی بەرهەم و بژیوی ژیانی دوا ڕۆژمان... بۆ پێشەوە بەرەو کار و هەڵسووڕان ... بۆ پێشەوە بۆ دروونەوەی بەرە وێنجەی شەقڵ نەشکاومان کە چاو لە دەست و باسکی خاوەنانی ڕاستەقینەی خۆیەتی.
بەم تەرتیبە، هێزی ڕەنجبەر بۆ هەڵگرتنەوەی بەرهەمی بەرەو وێنجە بەرەو مەزرا بزووت، بەڵام شەو بە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵ، دەرکەوت کە لە چەند گادۆشکە شیر، هەر ناوەکەی ماوە و بەس.

* * * *

# 3

درونەوەی بەرەوێنجە و کێشەوە و لەگیشەدانی چەندەو چیهای ژانەسەری لە باخەڵ دابوو، لە گوتن نایە، بەڵام بەهەموو ئارەق ڕشتن و بە تەواوی دەردیسەری و مەینەتەکەیشیەوە، هەر سەبارەت بەوە، کە کار بۆ خۆیان و دەسکەوت هی خۆیان بوو، لە کارکردن دا پەکیان بە هیچ گیر و گرفتێک نەکەوت و هیچ ئازارێکیش نەی ڕوشاندن.

کەرەستە و ئامێری کارەکەیان پڕ بەقالبی دەستی مرۆڤ ساز کرابوون، واتە بۆ دەکارهێنانی ئامرازی کار، ئاژەڵ دەجوایە هەروەک مرۆڤ هەستێتە سەر دوو پێیان، کە ئەوان ئەمەیان نەدەتوانی. ئەم کێشەیە کوسپێکی زلی سەر ڕێگەیان بوو، بەڵام لە کاتی هەموو تێگیرسانێک دا، ڕێزانی و کارزانیی بەرازەکان و تین و تاقەتی باکسەر و کلۆڤەر بە فریایان دەگەیشت و کۆسپی گرانی بۆ دەتواندنەوە.

ئەسپەکان لەمێژ بوو لە کارو کوێرەوەریدا خارابوون و شارەزایەتیان پێ براوبوو. ئەوان سەرەڕای وردەکاری و ڕێکو پێک کردنی موچێ و دێبەر و باخچەکانیان، کاری درمغ کێشان و ماڵووکردنی زەوی و، گەلێک کاری تریشیان وەئەستۆ گرتبوو. خۆش ئەوە بوو کە لە گشت کرگارانیشدا ڕووسوور دەهاتنەدەر. بەرازەکانیش وەک سەرکار و چاودێر، بە سەر کرێکاران و کاری ئەنجامدراوی مەزرا ڕادەگەیشتن. ئەوان بە

بەژنیان بڕابوو کە دەست لە ڕەش و سپی نەدەن، چونکە سەرۆک و سەدار بوون و خاوەنی دەسەڵات.

باکسەر و کلۆڤەر، بۆ دەمێکیش ڕاوستان و پشوودانیان نەبوو. گیادروون و ڕاکێشانی کەرەنتو، کاری هاسان و ئاسایی ئەوان بوو. لە ماڵوکێشان دا ئارەقی ڕەش و شینیان دەڕشت و تەنانەت تاوێکیش ماوە و مەودای هەدادانیان دەست نەدەکەوت. ئەوان یەک چین و لەسەر یەک هەوا دەیانکرد و دەیانکێشا و، بەرازێکیش بە دابی جاران، بە شوێن سەریان دا دەهات و دەیگوت: هەیها ڕەفیق!... هەیها هەواڵ!... چۆش ڕەفیق!... چۆش هەواڵ !...

سەرپاکی مەزرانشینان، بگرە بنێس و لاواز و کەم تواناکانیشیان بەردەوام لە کار دابوون؛ لە درونەوە و کێشەوە و لەگیشەدانی وێنجەدا ئەرکی تەواویان بەجێ گەیاند. مامر، مراوی، قاز، تەنەنەت کۆترەکانیش هەتا ئاخر پەلک و چڵی پاشەرۆکیشیان کۆکردەوە و لەسەر یەکیان هەڵچنی. بەکورتی، لەسای هەرەوەزی گشتیدا، هەڵگرتنەوەی بەرهەمی بەرە وێنجەکەیان دوو ڕۆژ زووتر لە سەردەمی جۆنز کۆتایی پێ هێنا. لەسای سەر ڕاستی و دەست و دڵ خاوێنی خۆیشیانەوە، بەرهەمەکەیان هەر ئەوەندە پوخت و پاکژ کۆ کرایەوە، کە مەزرای سەردمی جۆنز قەت ئەم نەزم و میزانەی بەخۆیەوە نەدیتبوو.

لەکاتی هەڵگرتنەوەی تفاق، باڵندەکان بەچاوی وردبینیانەوە نەیان هێشت پەلکە گەڵایەکیش لەپاش سەریان جێ بمێنێت. نەفسی حیز و چنۆکیش نەی توانی دڵی

هیچ خاوەن دڵێک بدزێت کە بە قەدرایە پەڕە کایەک دەگەڵ دەسڕەنجی گشتی دەست پیسی بکات.

لە سەرتانسەری ڕۆژەکانی وەرزی هاوین دا، هەڵسووڕانێکی شێلگیرانەی بێ پشوودان، بە ڕێکو پێکی لە کایەدا بوو. لەم ماوەیەشدا ئەوەی بەزم و شایی و کەیف و خۆشی بێ، هاونشینی دڵ و دەرونی مەزرانشینان بوو. زەردەخەندە و قاقای پێکەنین هاودەمی دەم و لێوانیان بوو و هەرکە جار جاریش دەکەوتنەوە سەر بیر و یادی خەمی ڕابوردوو، بە دەمی پڕ لە پێکەنینەوە بە خەم و پەژارەی کۆنیان دەگوت: بڕۆ بەم لاوە!

تامی خۆراکی ڕۆژانەیان لە دەمیاندا چێژێکی فرە تایبەتی بە گیان دەبەخشین، چونکە تێشوویەک بوو پەروەردەکراو بە ئارەقی لەشی خۆیان، چونکە ڕەجاباهێن و دابەشکەر هەر خۆیان بوون، چونکە خان و خاوەنی دەست ڕژدو چروکیان بەسەرەوە نەمابوو کە لێیان بستێنێ و پشتیان بشکێنێ.

ئەگەرچی کورت کردنەوە و لادانی دەستی ئادەمیزادی کار نەکەری مشەخۆر، کەم تا کورتێک نەزم و تەرازووی کار و بەرنامەی مەزرای لەق کردبوو، بەڵام لە سای هەوڵ و هەڵسوڕانی بێ سرەوتی خۆیانەوە، جێی بەتاڵی دەستی مرۆڤی ناپاکیان پڕ کردبۆوە، بە چەشنێک کە دەغڵدان و چاڵ و کەندووەکانیان لە هەمەچەشنە دەغڵ و تفاق و ئالیکێک ئاخندرا بوو.

بەکاتی جۆخین هەڵگرتنەوە، گەلێکیان هەوڵ دا بکرێ و بتوانن مەکینەی خاوێن کردنەوە دەغڵ و دان دەکار بێنن،

کەچی هەوڵ و خەباتەکەیان بەئاکام نەگەیشت و زەحمەت و ئارەق ڕشتنیان بە فیڕۆ چوو. بەڵام بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو گرفتەش، گێرەی کڵۆش بەدابی کۆنیان دەفریا هات و خۆیانیان بە زەبری فوو لێکردن بە با دا و سورە دەغڵیان لە کا و کۆت جیا کردەوە.

ئەگەرچی شێوەی کۆنی کار، گیان و جەستەیانی دەچرووساندەوە، بەڵام ڕێزانی بەرازەکان و نەسرەوتنی باکسەر، هەر چەشنە لەمپەرە بەردینەیەکی نەرم دەکرد. تین و تابوشتی لەشی باکسەر بۆ هەموو هاوڕێیان جێی سەرسوڕمان بوو. باکسەر هەر نەک لە سەردەمی شۆڕشدا، بەڵکە بەکاتی جۆنزیش هەر کار جوان و لێهاتوو بوو. بەڵام لەم دەورەیەدا، بەعەشقی شۆڕش و لە پێناو شۆڕشدا سەربەڕێ و گیان لە سەر دەستان بوو. گەلێ ڕۆژان هەڵدەکەوت کە قورسایی کاری مەزرا بە خڕ و پتوونی لەسەر شانی ئەو هەڵسوڕابێت. بەدرێژایی ڕۆژ، لە بەری بەیانەوە هەتا سەری شەو، سەر و لاشی باکسەر لەو جێیە دەگەڕا کە گران و گرنگترین کاری مەزرای لێ بێت. بگرە زۆرجارانیش بە کاری ڕۆژانە نەدەهەندرا و دەست بە داوێنی کەڵەشێرەکەی مەزرا دەبوو، کە بەیانان نیوسەعاتێک زووتر لە کاتی ڕابوونی گشتی، بە گوێچەیدا بقولێنێ و لە خەو خەبەری کاتەوە. بەمجۆرە، گەلێک بەیانان وازی لە خەوی شیرینی بەیانان دەهێنا و گیانفیدایانە خۆی بە کاری گران دا دەدا. باکسەر لەو نیوسەعاتەدا پاشماوەی کاری ناتەواوی دوێنێی تەواو دەکرد و بە دڵێکی ئاسوودەوە کاری نوێی دەست پێدەکرد.

لە دەمی تەنگانان و لەو کاتانەی کە وا کۆسپێکی نالەبار دەهات گەرای ناکۆکی لە نێو ئاژەڵاندا بپشکوێنێ، یەکەم و ئاخر کەلام و پەیامی دەمی باکسەر ئەمە بوو: من لە جیاتی قسەی پوچی سەر زارەکی، پتر کار دەکەم!...

ئیتر ئەم ڕستەیەی دەمی باکسەر وەک خاڵی ئاخری هەموو ڕەخنەیەکی لێهاتبوو کە دەمی ڕەخنەگرانی پێ دەمکوت دەکرد.

هەر کام لە ئاژەڵانی تریش بەپێی توانایی جەستەو قەڵافەتیان، بەبێ گزی و فێڵ و ساختەکاری، ئەرکی سەرشانی خۆیانیان بەجێ دەگەیاند. تەنانەت بنێس و کەم تواناترینی ژینەوەری مەزرا، کە پۆلی باڵندان بوون، لە کاتی هەڵگرتنەوەی جێخون و کێشەوەی بۆ ژووری تفاق، زۆرتر لە پەنجا کیلۆ دەغڵی پرژ و بڵاویان خاکەڕۆ کردەوە و خستیانەوە سەر داهاتی گشتی. ئیتر لە مەزرای ئاژەڵاندا، نە دزی و دەست پیسی ئاسەوارێکی مابوو کە تۆوی دڕدۆنگیی بخاتە نێویان و، نە ماف پێشێل کردن شوێنەوارێکی لێ دەبیندرا کە دژ بە یەکتریان ڕابگرێت. بۆق لە زگی و ئێرەیی پێ بردن کە دیاردەی پیس و گەندەڵی دەوری ڕابوردو بوو، توخم و تۆوی فەوتا بوو. لەژێر کار دەرچوون و خۆ گێزراندن بەهەڵکەوتیش هەڵنەدەکەوت. لە ناو ئاژەڵی مەزرادا، هەر تەنێ مەلی، واتە ماینە حۆلەی گالسکەکێشی جۆنز بوو کە بەیانان بە کاتی لە خەو هەستان، بەناز خۆی دەگنخاند و بەکاتی ئیش و کاری ڕۆژانەش، ژانی پاش سمە ناسکۆڵەکانی دەکردە پاساوی ناسازی و، شانی لە ژێر کار دەترازاند. ئاکار و هەڵس و کەوتی گوربە پشیلەی مەزراش تۆزکاڵێک

نائاسایی دەهاتە بەرچاو. کتکەی زۆڵ، گەلێ جاران لە جەنگەی کار و هەڵسووڕاندا کوتوپڕ خۆی دەشاردەوە و بەس بەکاتی ژەم و بەر ژەمان وەدی دەهاتەوە. هەتا لێیشیان دەپرسی و لێیان دەکۆڵییەوە کە گشت ڕۆژێک بۆچ خۆی بزر دەکا و بۆ کوێ دەچێت، ئەوەندە بیانووی لێک و لووسی بۆ دادەتاشین و هەر هێندە خۆمانە و گیانی گیانی خۆی ڕێ دەخستن و بە گرگوگاڵی مرخاندن ئاوازی لە بۆ دەخوێندن، کە لێڵایی شک و گومانی لە دڵی هەموو دڕدۆنگێک دەشوردەوە. لە مەزرا دا هەر تەنێ گوێدرێژە پیرە، واتە بەنیامین بوو کە بەرلە شۆڕش و لە سەردەمی شۆڕشیش دا هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێکی بەسەر دا نەهاتبوو. لە ڕەنجبەری و لە کارکردندا هەر بە یەک هەوا دەیکوتا و بە نەسرەوتنێکی پڕ لە ئەهوەنی، ئارام ئارام ئەرکی سەرشانی بە ئەنجام دەگەیاند. نە قەت لە ژێر کار دەردەچوو و نە قەتیش زێدەکاری وەئەستۆ دەگرت. هەرگیز بیر و ڕایەکی سەبارەت بە شۆڕش و دەسکەوتەکانی شۆڕش دەرنەدەبڕی. هەتا یارانی لێیان دەپرسی کە ئاخۆ ئیمڕۆ مرتاحترە یان سەردەمی جۆنز، ئەو وەرامی دەدانەوە و دەیگوت:

ـ گوێدرێژ تەمەنێکی درێژ دەباتە سەر و گەلێک دەور و سەردەمان دەبینێت... ئێوە هەتا بە ئیمڕۆ، بە زیندی سەرتان مردنی کەرێکتان قەت قەت بەچاو نەبینیوە.

ئاژەڵ کەلێک جاران بە وڵامی کورت و ماناداری بەنیامین وازیان لە پرسیاری تر دەهێنا و بێ دەنگەیان لێ دەکرد.

ڕۆژانی یەکشەم، ڕۆژی پشوودان و کاتی حەسانەوەی ئاژەڵی مەزرا بوو. ڕۆژانی یەکشەم، سەعاتێک درەنگتر لە

خەو هەڵدەستان. دواى لە خەو هەستان و بەرژەم كردن، لەهۆڵى مەزندا كۆ دەكرانەوە و مەزنە ئاهەنگى هەفتەيان پێ بەرپا دەكردا. لەم مەزنە ڕێوڕەسمانەش دا، پێشەكى ئالآيان پێ هەڵدەكردن. ئالآكەيان قوماشێكى حەريرى سەوز بوو كە سەر وسەردەمێك ڕوكەشى سەرمێزى ژورى ئاغاژنى مەزرا بوو. سنۆباڵ ئەو كوتاڵە سەوزەى لە ژورى كەل و پەلى ئاغا جۆنز دا دۆزيبۆوە و شكڵى شاخ و سمى ئاژەڵێكى لەسەر ڕاستە تەختەكەى ڕەسم كردبوو. شكڵى شاخ و سمى ئاژەڵ، ڕەمز و نيشانەى ژينەوەى ئاژەڵانى سەرزەوى بوو.

سنۆباڵ دەيگوت كە سەوزايى ئالآكەيان،ماناى سەرسەوزيى مەزراكانى بريتانى دەگەيەنێت و شكڵى شاخ و سمى ئاژەڵيش هێماى كۆمارى ديموكراتيكى ئاژەڵانە. سنۆباڵ پێى وابوو كە ئەو كۆمارە لە داهاتوويەكى نەهێندە دوور، سەرتانسەرى جيهان دەگرێتەوە و لەهەموو دنيادا دەسەڵات دەگرێتە دەست.

لە بەزم و ئاهەنگى يەكشەمە ڕۆژانياندا، پاش هەڵدانى ئالآ، سرودى ئاژەڵان دەخوێندرايەوە. ئەوسا گەڵاڵەى كار و بارى هەفتەى داهاتوو بە گوێى ئاژەڵان دا ڕادەگەيشت. هەرچەند كە گەڵاڵەى كار و بارى هەفتە لە هەموو كۆبوونەوەكاندا گەلێكى قسە و باس لە سەر دەكرا و دەنگى پەسند كردن و هەراى بەرپەرچدانەوەى لە سەر ساز دەبوو، بەڵام مافى پەسند كردن و دان پێداهێنان، هەروەها ڕادان و لادانى هەموو بڕياراتێك هەر بە دەستى بەرەى بەرازان بوو، هەراو هورياكەش ئۆباڵى ئەستۆى ئاژەڵى مەزرا بوو كە دەبوايە بيكەن و، دەيانكرد.

سنۆباڵ و ناپولیۆن لە قسەکردن و لە ئاخاڤتندا سەر پەڕی بلیمەتانی مەزرا بوون. بەڵام هەر لە سەرەتای کارەوە بە ئاشکرا دیار بوو کە ئەم دووە یەک نین و ناتوانن لە ژێر خێوەتی ئاسمانێکدا پێکەوە حوکمڕانی بکەن. هەر پێشنیارێک لە هەر لایەک بدرابایە، بێشک لەلای ئەوی ترەوە بەرپەرچ دەدرایەوە. تەنانەت ئینکەبەری و ڕق بە ڕقەی ئەم دووە، زۆر جاران چەتی دەهاویشتە سەر ڕێگای گەلێک ئیش و کاری گرنگی مەزرا و، کارەکەیان باش نە دەڕۆییشت. هەروەها کاردانەوەی ژەهراویی ئەم ناتەباییەش، ترسی کزبوونی بناغەی کۆمەڵگاکەیانی لێدەکرا و، بۆنی ترسێکی نادیاری دواڕۆژیشی لێدەهات. بۆ وێنە، لە ئەنجامی وتووێژێکی دوور و درێژی ئابوریدا، بڕیار درا، پەڵە وێنجەی ئەو دیوی باغی سێوانیان پاوان بکەن و بیکەنە لەوەڕگەی ئازاد بۆ لەوەڕی ئاژەڵی پیرو پەککەوتەی خانەنشین، بەڵام دەمەتەقەی دوور و درێژی یەکتر بوغزێنی سنۆباڵ و ناپولیۆن نەیهێشت ئەو بڕیارە سەربگرێ و بەرەکەتەکەی بە ئاژەڵی پەککەوتەی لەکار هەڵپەسێردراو بگات.

مەزنە ئاهەنگی پێش نیوەڕۆیانی ڕۆژانی یەکشەمەیان بە خوێندنەوەی سرودی ئاژەڵانی بریتانی کۆتایی پێدەهات و پاش نیوەڕۆکانیش بەرنامەی لەوەڕی ئازادیان هەبوو. ئاژەڵی کرێکاری ڕەنجبەر بەمێرگ و لەوەڕگەکانی مەزرا دا دەهاتن و بە گەشت و گەڕان و لەوەڕ، ئێوارەیان بە شەو دەگەیاند.

زۆری نەخایاند بەرازەکان ژوری کەل و پەلی جۆنزیان خاوێن کردەوە و بارەگای سەرکردایەتییان ڕاگواستە

وێندەرێ. هەر لەو هەلەش بە سەر ژمارەیەکی زۆری گۆڤار و کتێب داکەوتن، کە لە ژووری دانیشتنی بەگی جاران دابدرابوون. کتێبەکان باسی پیشەسایی جۆر بە جۆری وەک ئاسنگەری، دارتاشی و بەننابیان تێدا بوو. ئەوان لەو کتێبە سوودمنەند و بەنرخانە زۆر شتی تازەیان وەگیر کەوت. سنۆبالّ سەرەڕای فێربوونی سێ پیشەی ناوبراو، شیوەکاری پێکهێنانی ڕیکخراوەی دیموکراتیکیشی هاتبوویە دەست و، دەستی کرد بە سازکردن و دامەزراندنی کۆمیتەگەلی فەرمی و حکومی. سنۆبالّ لەم ڕێکخراوانەدا هەر تیرە و تاقم و ڕەگەزێکی کە وا لە مەزرا دا دەژیان، لە کۆمیتەیەک دا ڕێکی خستن و ناوی هەمان تیپ و تاقمی بە بەژنی کۆمیتەکەیان بڕی. بۆ وێنە، باڵندەکانی لە کۆمیتەیەک دا کۆکردەوە و ناوی کۆمیتەی بەرهەم هێنەرانی هێلکەی بە ئەستۆ دابڕین. بۆ هۆزی ئاژەلی کێوی، وەک مەلیچک و مشک و کەروێشک و ڕێوی، کۆمیتەی لاواندنەوە و مالّی کردنی هاوڕێیانی کێوی دانا. بۆ بەرەی بزن و پەز و کار و بەرخ و بەرانان ، کۆمیتەی بزوتنەوەی خوری سپیلکەکانی داتاشی. بە کورتی بۆ هەر هۆز و تاقم و تایفەیەک، کۆمیتەیەکی پڕ بەپێستی خۆیانی بۆ سازکردن و نێوی خۆیانی بە بەژن بڕین.

سنۆبالّ بۆ پێکهێنان و سەر و سامان پێدانی گەلاڵەی تەشکیلاتی، جانانە و بێ وچان هەڵدەسوڕا. بەلّام کۆمیتەکانی دەسکردی سنۆبالّ بەهۆی کزبوونی هەلو مەرج، هەروەها لەبەر نەبوونی کادری زانا و لێهاتووی سیاسی، بەئاکام نەگەیشتن و لەبەریەک هەڵوەشان. ئاژەڵی کێویش لە ئاستی ئاژەڵی مەزرا زۆر دڕدۆنگانەوە و بە شک و

گومانەوە دەجولاٚنەوە. ئەوان ببڕای ببڕا لە ڕەسم و یاسای داڕێژراوی خۆیان دەست بەردار نەدەبوون و مەیلی ملدانیان نەبوو. گەلێک جاران لە برایەتی و میهرەبانی و کەڕامەتی مەزرانشینان دەپرینگانەوە و بەچاوێکی ناحەزەوە سەیری بانگەوازی یەکێتی و دۆستایەتیی ئەوانیان دەکرد.

ئەندامی پایەبەرزی کۆمیتەی ماڵیکردنی برادەرانی کێوی، واتە گورپە پشیلە خرپنەکەی مەزرا بوو، کە بەهەموو تواناوە هەوڵی ماڵیکردنی کەروێشک و چۆلەکەی دەدا، بەلاٚم کەروێشک و مەلیچکی لاسار، هەموو هەوڵ و خەباتی پشیلەی مەزرایان بەهێند نەدەگرت و بۆلای نەدەهاتن. تەنانەت ڕۆژێک لە ڕۆژان، هەموو ئاژەڵی مەزرا بەچاویش دیتیان کەوا پشیلە بەئەوپەڕی میهرەبانی و نەرم و نیانییەوە، دەگەڵ پۆلێک چۆلەکە بەم تەرتیبە دەدوا و دەیگوت:

ـ چۆلەکە نازدارە باڵ نەخیشنەکانم! دەسا وەرن و لێم نزیک ببنەوە و لە دەورم کۆ ببنەوە تاکو پێتانی بڵێم، هەر لەو دەمەیەوە کە بانگی ئازادی و سەربەخۆیی لە مەزراکەماندا لێدراوە، ئیتر هەرچی ئاژەڵی چوارپەل و باڵدارە، هەرهەمووی پێکەوە دۆست و برادەرن و بە تێکڕا بڕبڕەی پشتی یەکن...دەسا ئێوەیش وەرن و کەڕەم کەن و لەسەر پەنجە مێهرەبانەکەی من هەڵنیشن. دڵنیابن کە ئەم دەست و پەنجانە، بە نینۆکی تیژیشیانەوە، قەڵغانی سەرو ماڵتانە و دەتان پارێزێت و...

بەلاٚم چۆلەکەی سرک و سڵ، سنووریان بە عەزمی ئاشتبونەوە نەدەشکاند و لێی نزیک نەدەکەوتنەوە.

سەرەڕای دامەزراندنی کۆمیتەگەلی تەشکیلاتی، سنۆباڵ کۆمیتەی ڕاهێنان و پەروەردەکردنیشی وەڕێ خستبوو. ئەو کۆمیتەیە بەمەبەستی خوێندەوارکردنی ئاژەڵی مەزرا خەباتی دەکرد. کە هەر تەنێ کۆمیتەی ڕاهێنان و پەروەردەکردن بە سەرکەوتوویی لە خەم ڕەخسی و ئەوانی تر بە شلکی لەبار چوون و هەڵوەرین.

بەرازەکان لەباری خوێندن و نووسین دا گوڵی سەرتۆپی ئاژەڵی مەزرا بوون. ئەوان گەیشتبوونە ڕادەی هەرە بەرزی خوێندەواری. سەگەکان لەو بوارەدا بۆرە بناغەیەکیان داڕشتبوو، بەڵام هەر لە دەسپێکی خوێندن دا، نیشانیان دا جگە لە خوێندنەوەی حەوت فەرمان، وازی خوێندن و نوسینی هیچ بابەتێکی تریان نییە و نایان بێ. موریەل، واتە بزنە سپی، گەلێک تامەزرۆی خوێندن و پێگەیشتن بوو، هەربۆیە زۆرجاران نەیدەتوانی گیانی بزۆزی بە تۆزە خوێندنی فێرگەی سنۆباڵ تێر بکات، بە ناچار لە دەرەوەی قوتابخانەش نەدەهەندرا و بە پێکۆڵ کردنی زبڵ و زاڵی سەردەمی جۆنز، کۆنە گۆڤار و کوتە ڕۆژنامەی دەدۆزینەوە و بە دەنگێکی بەرز بۆ هەڤالانی دەخوێندەوە.

بەنیامین، لەباری خوێندن و نوسین و زانستەوە، هاوتای بەرازەکان دەهاتەوە، بەڵام قەت ئامادە نەبوو زانست و زانینەکەی بەلای هیچ کەسێکەوە دەربخات و بۆ ڕاپەڕاندنی هیچ ئاریشەیەک دەمەزەردی بکاتەوە. هەتا هاوالانی لێیان دەپرسی کە گەلۆ بۆچە هیچ نوسراوەیەک بۆ کەس ناخوێنیتەوە، وەرامی دەدانەوە و دەیگوت :

ـ هەتا ئەو جێیەی کە خۆم ئاگاداربم و لێی شارەزا، هیچ خوێندنەوەیەک شک نابەم کە بایەخی یەکجار خوێندنەوەشی هەبێت، دەی کەوایە چاو ماندوو کردنی بۆچییە؟

کلۆڤەر تەواوی پیتەکانی(ئەلفوبا)ی دەناسی، بەڵام بە نووسین و نووسینەوە تاک وشەیەکیشی بۆ ساز نەدەکرا. باکسەر لە پیتی(تا) هەورازتر هەڵنەکشا. باکسەر هەتا وازی فێربوونی دەکەوتە کەللەی و ئارەزووی زانینی دەکرد، دەهاتە گۆڕەپانی مەزرا و بە سمە خەلۆلەکانی لە سەر نەرمانی زەوی، شکڵی پیتەکانی(ئا ـ با ـ تا)ی ڕەسم دەکرد. بەڵام بەهۆی کەم مایەیی، گوێچکەکانی شۆڕ دەبوونەوە و چاوە گەوجەکانی لەسەر ئەو سێ پیتانە بە مۆلەق دەوەستان. باکسەر بۆ بیرهێنانەوە سەری ڕادەتڵەکاند و یاڵی پرچنی قرژ دەکرد، بەڵام هەرچی دەخۆی دەنووسا، هەورازتر لەو سێ پیتانە، چیتری بە دەراوی مێشکدا نەدەهات و بە ناهومێدی وازی لە نوسین دەهێنا. ئاخرسەر و سەرەنجام هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە هەر بەو سێ پیتە بچارێت و بە شیکردنەوە و ورد دانەوەی هەموو ڕۆژان، هەوڵ بدات ئەو سێیانەی لە کیس نەچێت .

مەلی، واتەماینە جوانکیلەکەی گالسکەکێشی جارانی جۆنز، لە شەشدانگی پیتی ئەلفوبایی، هەر ئەوەندە پیتە فێر ببوو کە بکرێ و بتوانێ ناوی خۆشناوی خۆی پێ بنووسێت. مەلیخان، گەلێک جاران بۆ خۆڕانان و خۆ هەڵدانەوە، بە پەلکە گیا و تولەگوڵی گوڵزاران، ناوی خۆی دەنووسی و، سەرخۆش لە دەسکردە ڕەنگینەکەی، بە پێ هەڵگوتنێکی

گەوجانە، بە دەوری دەسکردەکەی دا دەهات و بە لەنجە و لار دەڕۆیی.

گەلێک لە ئاژەڵی مەزرا، لە بواری خوێندن و نوسیندا سەرکەوتوو نەبوون و لە پیتی (ئا) هەورازتر هەڵنەکشابوون. بەتایبەت ئاژەڵی کەم فام و بێ مشوری وەک مەڕ و باڵندەکان، کە هەر لە سەرەتاوە نیشانیان دا دەفری مێشکیان هێندە پەل و کەم جێیە، تەنانەت توانایی نووسینی حەوت فەرمانیشیان نییە و نایان بێت. سنۆباڵ دوای بەخۆ داچونەوە و داودۆزینەوەیەکی هەمە لایەنی، بۆ چارەسەریی ئەم دەردە، کەوتە سەر ئەم ڕایە، کە پوختە و ڕەواقی هەر حەوت فەرمان لە خاڵێکدا کۆ بکاتەوە و پێشکەشی ئاژەڵی مەزرای بکات و کردی.

سنۆباڵ ڕایگەیاند کە لەمەوپاش دروشمی(چوار پەل باش و دوو پێ پیس» دەبێتە جێگری حەوت فەرمان و، دەتوانین لە جیاتی حەوت فەرمان بیکەینە دروشمی بنچینەیی ئاژەڵایەتی و ببێتە ئاڵای بان سەری هەموو ئاژەڵانی جیهان. بەڵام لە سەرەتا دا، باڵندەکان هاواری نارەزایەتییان بەرز کردەوە و پەڵپی لابردن و بەرپەرچدانەوەی فەرمانەکەیان گرت و، گوتیان :

- ئێمەی بەرەی باڵدارانی جیهان چ تاوانێکمان هەیە کە خاوەنی دوو باڵ و دوو قاچین. بۆچی لەعەینی بێ تاوانیدا بەدەستی زۆر دەمانخەنە پاڵ بەرەی دوو پێیان و ناوی پیسمان پێوە دەچەسپێنن؟

سنۆباڵ لە وەرامدا پێی وتن:

ـ هاوڕێیان!... ئێوە لەم بابەتەوە هەڵەن و تێی ناگەن، چونکە باڵی پەلەوەر، وەک ئەندامێکی جەستەی باڵداراە بۆ فڕین و جووڵانەوە. باڵی باڵندەکان لە جێگای دوو دەستن، بەڵام نەک ئەو دوو دەستانەی مرۆڤ، کە ئەمێری ڕامالینی مالی دنیایە و لە جەستەی ڕواوە. باڵ ئەندامی پیرۆزی باڵدارانە و، دەست مەکینەی دزی و تالان و تاوانی جەستەی ئادەمیزادە.

هەرچەند کە باڵندەکان لە وتەکانی سنۆباڵ تێ نەگەیشتن و بە قەدرایە تاڵە مویەکیشیان هیچ دەست نەکەوت، بەڵام بەهۆی پێداگرتنی سنۆباڵ و، لە ئاکامی پاشەکشەی خۆیان دا، فەرمانی سەرۆک بە سەر ژێرۆکان دا سەپا و بوو بە کراسی یاسا و بە بەژنیان هەڵدوریا .

هەر ئەو ڕۆژە، لەسەر دیواری قیرەتاوکراوی هۆڵی گەورە، دروشمی نوێ بە بۆیەی سپی لە سەر تەوقی سەری حەوت فەرمان نووسرا. هەر لەو ڕۆژەشەوە ئاژەڵی مەزرا بەگشتی و بنەماڵەی کار و بەرخ و پەز و بزن و نێری و بەرانان بەتایبەتی، بەر لە هەر ژەمێک و دوای هەر خوارد و خواردنەوەیەک، یەکدەنگ و یەک سەدا دەیانگوت و دەیانگوتەوە:

ـ ... چوارپەل خاس و دوو پێ پیس! ... چوارپەل خاس و دوو پێ پیس! ...

ناپولیۆن بەچاوێکی سووکەوە سەیری گەڵاڵەی کاری تەشکیلاتی و کۆمیتەکانی سنۆباڵی دەکرد و بچوکترین نرخ و بایەخێکی بۆ دانەدەنا. ناپولیۆن دەیگوت:

ـ ڕاهێنان و پەروەردەکردنی خورت و لاوی زیت و بەکارمان پێویستە، نەک ڕەنج بەبادان لەڕێی پیری کەفتەکار دا...

سەرو بەندی هەڵگرتنەوەی یەکەم بەرهەمی بەرە وێنجەی ساڵیان بوو کە سەگەکانی مەزرا، واتە جەیسی و بۆلەبل ترەکین و سەرجەم نۆ تولەی وردیلە و خەپەتۆڵەیان هاتە بەرگوانان. هەر کە نۆ تولەی دوو بەرە دایکان لە گوانی دایک بوونەوە، ناپولیۆن هەر نۆ تولەی ڕاگواستە ژورێکی بەلاوەی دور لە ئاوەدانی و لە ئاژەڵانی تری مەزرای هەڵبڕین.

ژوری ستار و حەوانەوەی نۆ تولە سەگەکان، هۆدەیەک بوو چەپ هەڵکەوتەی بەلاوە، کە دەگەڵ ژوری سەرکردایەتی ژورێکی تاریکیان نێوان بوو. ژورەکەش لە لایەن ناپولیۆنەوە بە چەشنێک مۆری پارێز و پاوانی لە سەر درابوو، کە ئەو خۆی نەبێ، هیچ گیانلەبەرێک بۆی نەبوو دەرگای لێ بقەڵەشێتەوە. بەم تەرتیبە نۆ سەگی دابەستەی ناپولیۆن بە جۆرێک لە پەسیوێکی چۆلەبەر دا ڕاگیران و بە چەشنێک لە ئاوەدانی دابڕان، کە نە سەگەکان ڕەنگی ئاوەدانییان بۆ دەبیندرا و نە ئاوەدانیش شکڵ و شێوەی ئەوانی لەبەر چاو دا ما. هەربۆیە، بەرە بەرەو و دوای چەندێک،ئاژەڵی مەزرا لەبیریان کرد کە لە مەزراکەیاندا دوو سەگی تێدا ترەکیبوە.

زۆری نەخایاند ئاژەڵی ژێرای مەزرا بەم ڕازە لە ژێر سەرپۆشە گەیشتن، کە بەشێک لە شیری هەڵدۆشراوی مانگاکانی مەزرا، خۆراکی ڕۆژانەی بەرازەکانی پێ دەگیرێتەوە و بەشەکەی تریشی هەر بە ئەوکی ئەواندا ڕۆدەچێت. ئەم دەرکەوتنە، ئاژەڵی ژێرای مەزرای پتر پێ

ئاڵۆز بوو، بەڵام ئاژەڵی مەزرا ئەو کاتە زیاتر شەمزان و سەریان بە تەواوی سەتحی ما، کە بەرهەمی سێوی باخی سێوانیان لێ پاوان کرا و لە لایەن بارەگای سەرکردایەتییەوە دەستی بەسەر داگیرا.

هەر ئەو ساڵە، لک و پۆی درەختەکانی باخی سێوانیان بە سێوی تورت و شەقی لازەرد داهاتبوون و ژێری دەرختەکان بە سێوەی با وەرێن زەرد و شین داگەڕابوون. ئاژەڵی مەزرا لە دورەوە سەیریان دەکردو چاوەڕێ و گوێ بەفەرمانی سەرکردایەتی ڕاوەستابوون، کە ئەمری کۆکردنەوە و دابەشکردنێکی یەکسانی سێوانیان پێ بدرێ. کەچی فەرمان لەکۆشکی سەرکردایەتییەوە دەرکرا و پێیان ڕاگەیەندرا کە سێوەکان بەبێ هیچ لارکردنەوە و ناخونەک لێدانێک، دەبێ کۆ کرێنەوەو بۆ شەوچەرەی بەرازەکان ڕاگوێزرێنە بارەگای سەرکردایەتی.

ئەگەرچی چەندێک لە ئاژەڵانی ژێڕای مەزرا بەبیستنی ئەم فەرمانە نارەوایە هەڵبەزینەوەو زەمزەمەیەکیشیان بەدەم دا گەڕا، بەڵام چونکە بەرازەکان، بەتایبەت سنۆباڵ و ناپولیۆن پێکەوە گڕنەیان گرت و گوتیان کە دایکیان مرێ و باوکیان مرێ، سێوی باغی سێوانیان بە خڕ و پتونی دەوێ. ئیتر ئەوانیش پێداگرتنی زیاتریان بەقازانج نەزانی و بێدەنگەیان لێکرد. بەتایبەت هەرکە سکوەلەر، وەک نوێنەری بارەگای سەرکردایەتی هات و ڕوو بە ئاژەڵی لالوت ڕاوەستا و گوتی:

ـ هاوڕێیان! تام و چێژی شیر و سێو زۆر ناخۆشە؛ ئەوەندە ناخۆشە کە دەگەڵ دڵی زۆربەی بەرازان یەک نایەتەوە و

باشیان پێ ناچارێت. تەنانەت هەر خودی خۆم لە بیستنی ناوەکەیشیان بێزراوم و قێزم پێیان دێتەوە، چ بگا بەوەی حەزی خواردنیانم هەبێت. بەڵام مەبەست لە خواردنی شیرو سێو، تەنیا و تەنیا لە ژێر سەری زانستی نوێ دایە. زانستی نوێ پێمان دەڵێ، کە ئەم دووە ڕەواق و شیرەیەکیان تێدایە کە گیان و لەش لە دەرد و ئازاران دەپارێزن. پەندی باب و باپیرانیشمان لە بیر ماوە کە دەفەرمێ، بۆ بەردەوام مانەوەی بڕست و توانای لەش و گیان، هیچ شتێک تای سێو و شیر ناکات.

بەڕێزان! ئێوە خۆتان شارەزان و دەزانن کە سەرکردایەتیی مەزرا چ ئەرکێکی گران و قورسی لەسەر شانانە. کەس نەزانێ، ئێوە زۆر باش دەزانن کە لەش و گیانی ئێمەی بەراز، لە پێناو حەسانەوەی گشتیدا تەڵەزمی لێ هەڵدەبێ و بەرەبەرە دەتوێتەوە. دەسا با من خۆتان بکەمە دادوەر و پرسیار لە خۆتان بکەم، کە ئەگەر خواردنی شیر و سێو نەبێ، گەلۆ بڵێی ئەم گشتە ئیشەمان پێ بکرێ و کاری ئێوەیش سەربگرێ؟! ... کەواتە، ئێوە دەبێ بزانن... دەبێ بزانن کە هەر لەبەر خاتری ئێوەی نازدارە کە ئێمە بەناچاری ئەم گشتە دەردو مەینەتە بە خۆمانەوە ڕەوا دەبینین، ئەگینا کێ لە ئارایەتی خواردن و خواردنەوەک بخوات کە هەتا ملان دەگەڵی دژە و پێی ناخۆشە؟

ئەی یارانی گیانی! ئەرێ هیچ ئاگادارن کە ئەگەر ئێمەی بەراز بۆ چاو تروکانێک... بەڵێ هەر بۆ چاو تروکانێک شان لەژێر ئەرک و ئەسپاردەکانمان بترازێنین، چ دەقەومێت؟!... جۆنز دەگەڕێتەوە !!... بەڵێ جۆنز دەگەڕێتەوە !...

ئیتر هەر مانگرتن و ڕاپسکانێک خەتەری قەستی سەر بوو، چونکە لەوانە بوو جۆنزی ستەمگەر بگەڕێتەوە و کەڵەوەی کۆیلەتییان دە ئەستۆ بخاتەوە.

ئەوسا سکوەلەر، بە هەڵبەز دابەز و بە کلک لەقاندێکی ماموٚستایانەوە، چەندێک هات و چوو. لەپڕ ڕاوەستا و یەک بە مەزرا فیشقاندی و گوتی:

- پێم وایە ئێوەی بەڕێزیش قەت ناخوازن جۆنزی ستەمگەر بگەڕێتەوە و ئەم گشتە خێر و بەرەکەتەتان لێ بستێنێتەوە.

بنەڕەت و ماکی ناکۆکی و پەڵپی ئاژەڵی ژێڕای مەزرا هەرگیز بە مەبەستی گەڕانەوەی جۆنز نەبوو، چونکە مەزرانشینان بە گشتی هەر ئەوەندە دژ بە جۆنز و دەسەڵاتەکەی بوون، کە سێبەری سەریان بە تیری ژاراوی دەئەنگاوت، هەربۆیە هاتنە سەر ئەم ڕایە و گوتیان ئەگەر باسکردنی مەسەلەی شیر و سێو گەڕانەوەی جۆنزی بەدوا دا دێ، دەبا شیر بەنۆشی گیانی بەرازەکان بێت و سێوەکانیش بە باوەڕێن و بەر و بەرهەمی سەر چڵۆکانیشەوە، هەمووی و هەمووی ملکی پاوانکراوی خۆیان بێ و بە پیرۆزیان بێت.

* * * *

## 4

هێشتا هاوین بە تەواوی تێنەپەڕیبوو، کە دەنگ و باسی مەزرای ئاژەڵان وەک تۆپ لە مەڵبەند دا تەقیەوە و دەنگ و نێوبانگی کۆ بە کۆ ڕۆیی. ئەمەش بڵێین کە هەر لە دەمی سەرکەوتنی شۆڕشی ئاژەڵان دا، سنۆباڵ و ناپولیۆن، بەبێ ڕۆژبوێر، کۆترانی خۆش خەبەریان ڕەوانەی مەزراکانی دراوسێ دەکرد و زەمزەمەی شۆڕشی ڕزگاییبەخشیان بەگوێی ئاژەڵی پێ لەبەندی کێڵگەکانی دراوسێ دا دەخوێند.

کۆترانی خۆش خەبەر، سرودی ئاژەڵانیان بەهەموو لایەکدا بڵاو کردبۆوە و ئاژەڵی دوور و نزیکیان خەبەر کردبۆوە. بەڵام لەولاشەوە، جۆنزی ئاوارەی دەربەدەر ، زۆربەی دەم و کاتی تەمەنی شێواوی لە قوژبنێکی مەیخانەی شێری سووری گوندی وێلنگدۆن دا تێپەڕ دەکرد و هەتا مەیخانەنشینانی سەرخۆش وازی گوێگرتنیان بوویایە، جۆنز پرێسکەی دڵی بە کوڵی بۆ دەکردنەوە و بۆی دەگێڕانەوە کە چلۆن بە دەستی تاقمە ئاژەڵێکی گەمژەی سەرەڕۆ، لە مڵک و ماش دەرکراوە. خاون مەزراکانی دراوسێش ئەگەرچی لە ترسی چارەنوسی دواڕۆژی خۆیان، گوێچکەیەکی هاکەزاییان بۆ شل دەکرد، بەڵام قەت هەوڵێکی ئەوتۆ چارەسازیان بۆ نەدەدا کە دەروویەکی تەواو بەخێری بۆ بکرێتەوە و هەندێک لە خەمی دڵی کەم بێتەوە. بگرە هەر یەک لە مەزرادارەکان بە دوای دەرفەتێک دا دەگەڕان کە جۆنزیان بۆ هەڵکەوێ و

ژۆڵە چەرمی لە پشت دابماڵن. لە ڕاستیدا، ئەگەرچی خاوەن مەزراکانی مەڵبەند، هاوکار و هاوپیشەی یەکتر بوون، بەڵام خۆ بە خۆ قەت ئەوەندە تەبا و ڕەبا و یەکگرتوو نەبوون کە بکرێ و بتوانن تەڵاشێک لەدارێک دابتاشن و دەرمانێکی برینی خۆ بکەن.

یەکێک لە مەزراکانی دراوسێی مەزرای ئاژەڵان، مازرای(فاکس وود)بوو، کە خان و خاوەنی ئەو مەزرایە کەسێک بوو(پاول کینگتان)ی ناو بوو. پاول کینگتان پیاوێکی هەلپەرستی نان بەنرخی ڕۆژ خۆری بەرژەوەندپەرست بوو، کە لە ناوچەکە دا تای خۆی دەست نەدەکەوت. لەجەنگەی بەڕمێن بوونی ماسی دا، پاول دەبوو بە ماسیگر و لە ڕاوە ڕۆژانیش دا دەبوو بە ڕاوکەر. مەزراکەی پاول گینگتان، لە سای سەری خاوەنەکەیەوە، ورد و وێران بوو. نە دارو درەختەکەی بە دار و درەخت دەشیان و نە زەوی و زارەکەشی بە زەوی و زار. مێرگ و لەوڕگەکانی بەهۆی نەبوونی پەرژین و پاوان و لەسای لەوەڕی بێ بەرنامە، بەرەو ڕووتانەوە و پەرپووتبوون چوو بوون.

دراوسێی تری مەرزای ئاژەلان، مەزرای(پێنج فیڵد) بوو. مەزرای پێنج فیڵد زۆر بچوکتر لە مەزرای فاکس وود بوو، بەڵام لەباری بەروبوومی دار و درەخت و بەرهەمی کشت و کاڵ و مێرگ و چیمەنەوە، لە مەزرای فاکس وود جیاواز بوو؛ مەزرای پێنج فیڵد دەتگوت باغی بەهەشتە و مەزرای فاکس وود دەتگوت کاولگەیە. خاوەنی مەزرای پێنج فیڵد کابرایەک بوو(فەریدریک)ی ناو بوو. فەریدریک پیاوێکی وریا و زیت و بەمشوور بوو، بەڵام هەتا بخوازی ساختەچی و توندەتەبیات

و دەست بە مەلۆتکەی شڵتاغ ؛ لە سات و سەوداکردن دا کەڵەوەکێش و ملهوڕێک بوو هاوتای خۆی دەست نەدەکەوت. ناوبراو لە ساڵ دا، یازدە مانگان لە ڕێگای مەحکەمەدا هاتوچۆی بوو. بە کورتی، پیاوێکی سەر بە گێچەڵ و ئەهلی گۆنگەڵ و ساختەکاریی بوو.

فەریدریک و پاول کینگتان لە دوژمنایەتی و یەکتر بوغزاندن دا هەر ئەوەندە کێرد و پەنیر بوون، کە بەدەگمەن هەڵدەکەوت تەنانەت بۆ پاراستنی قازانجی هاوبەشی تێک لکاویشیان تاوێک لە کەلی شەیتان دابەزن و ئاشتیخوازانە لە فریای یەکتر بکەون.

شۆڕشی مەزرای ئاژەڵان ئەگەرچی تەزووی ترسی بەدڵی هەر دوویان داهێنابوو، بەڵام ئەوان هەروەک ڕابوردوو دژبەیەک بوون و وازیان لە دوژمنایەتیی یەکتر نەدەهێنا. بەڵام ئەمەش بڵێین کە هەریەک لەوان بەتەنێ و بەجیا، دەرگای خۆی توند قەپات کردبوو. هەرکامیان بە تەنێ، مەڵبەندی ژێر دەسەلاتی خۆی زۆر بە وردی لە تەشەنای شۆڕشی ئاژەڵان دەپاراست.

لە سەرەتادا، ئەوان دەیانگوت بەڕێوەبردنی مەزرایەکی ئەوەتۆ پان و بەرین لە لایەن تاقمە ئاژەڵێکی گەوج و گەمژەڵەی نەفامۆکەوە، گەپ و گەمەی ساکارانەیە. هەروەسا لەسەر ئەم بڕوایەش بوون کە چی پێ ناچێ، ئاژاوە و فەرتەنەیەکیان دەنێو دەکەوێ و قسە و باسەکەیان دەخەوێتەوە. لە هەموو لایەکیشەوە بەگوێی دەم هەراشەکانیان دا دەخوێند کە گۆیا لە مەزرای مانۆڤر دا ــ پێیان سوکایەتی بوو ناوی مەزرای ئاژەڵان بە دەمدا بێنن ــ

ئاژەڵ دە گیانی ئاژەڵ بەربووە و کەس دە کەس نافکرێ. هەربینا بەم زووانە داریان لە سەر بەرد نەما و بە یەکجاری تێدا چوون. بەڵام هەرکە چەندێک تێپەڕی و مەزرای ئاژەڵان مووی لێ لار نەبۆوەوە و ، هەرکە جیهانی دەور و بەریش بۆی دەرکەوت کە ئاژەڵی سەربەستی مەزرا لە کۆمەڵگایەکی یەکبووی یەکسانی هێمن دا دەژین و هیچ قڕە و هەرایەکیشیان نییە، ئەمجارە دەم و زاری خان و خاوەنانی دوو مەزرای دراوسێ، بەیت و باوەکەیان گۆڕی. ئەمجارە بڵاویان کردەوە کە : ... لە مەزرای مانۆڤر دا، ئاژەڵ دە ئاژەڵ بەربووە و هەر ئاژەڵی کەتە و زل و زەبەللاحە ئەوانی وردیلە دەگرێت و بە زیندی سەر دەیان خوا... هەر زۆرداری ملهوڕە، ژێردەستی دەچەوسێنێتەوە... لە ئەشکەنجەکاری دا ناڵی سورەوەبووی سەر کلّی ئاگر دەکار دێنن و یەکتر داخ دەکەن... مێگەلەکانیان بێ پاوانن و هەموو نێرینەیەک دەتوانێ دە هەموو مێینەیەک ڕۆبێ و تێی بڕژێ و ...

فەریدریک و پاول کینگتان دەیانگوت کە ئەو نالەباری و ناحەزکارییەی کە ئەو گشتە کوشتار و ئەتک و سووکایەتییەی لێ دەکەوێتەوە، لە ژێر سەری لادان و دوور کەوتنەوە لە یاسای لەمێژ داڕێژاوی کۆمەڵایەتی دایە و هەتاکوو مەزرای مانۆڤر نەگەڕێتەوە سەر دۆخ و نەزمی کۆمەلایەتیی جارانی، هەر بەو تەرتیبە دەبن.

ڕیسی تەونی ئەو دەمگۆ و واتەواتانە هەر ئەوەندە خاو و بێ بناغە دەهۆندرانەوە و بڵاو دەکرانەوە، کە هەر نەک لەدڵی هیچ ئاژەڵێکی مەزراکانی دراوسێ نەدەنیشت، بگرە پەسن و ڕێزی شۆڕشی ئاژەڵان لە دەمیان دا زۆر بە ڕەوانی

دەگەڕا. گەلێک لە ئاژەڵی مەزراکانی دوورە دەستیش بەبیستنی زەمزەمەی ئارەزووبزوێنی ئەو چیرۆکە شیرینەی، کەوا ئاژەڵانی ئازا و بەجەرگی مەزرایەک، ڕاپەڕیون و ئازادی و سەربەستی و یەکسانیان وەدەست هێناوە، دەراوی مێشک و باوەڕی ژینەوەرانی نزیک و دووری پێ دەحەساوە و ئەوانیش بەهومێدی گەیشتن بەو خەونە زێڕینەیە، دەهەوڵی ئەوە دابوون هەلێکیان بۆ هەڵکەوێت و دەستیان بەو مەزرا سیحراوییە ڕابگات. هەر بە هەوای لایەنگری و دڵ گرێدراوی بە ڕێبازی مەزرای ئاژەڵانیش، شەپۆلێکی خرۆشانی ڕاپەڕین و سەربزێوی دە نێو ژینەوەرانی مەزراکانی دراوسێ کەوتبوو. بەچەشنێک، گاجووتەکان، کە هەمیشە سەربەڕێ بوون و گوێ ڕایەڵی فەرمان، لەپڕ چەپەر و پەرژینەکانیان شکاند و شینکەی پاوانکراویان خوارد. مانگاکان، بە ئەنقەست لقەیان لە گادۆشکەی پر لە شیر کوتا و شیریان قلْپ کردەوە. ئەسپەکان لە کاتی جلیت و تەقڵە و ڕمبازێندا سوارکارەکانیان هەلاویشت و گۆڕەپانیان جێ هێشت. گرنگتر لە هەر شتێک، دەنگی زوڵاڵی سرودی ئاژەڵان بوو، بە هەڵبەست و هەوا و ئاهەنگەوە بەهەمموو لایەک دا دەهات و لە گشت لایەکەوە بەگوێ دەگەییشت و دەبیسترا.

هەرچەند کە سرودی ئاژەڵان وەک بەرداشی گران گیانی مرۆڤی دەهاڕی و لە ناوەوە دڵەکەیی هەنجن هەنجن دەکرد، بەڵام خاوەن مەزراکانی دراوسێ، ئەوتۆیان دەحاشاند و دەیانگوت کە ئەوە سرود نییە، بەڵکە هاتەران پاتەرانێکی شێتانەیە و هەر تەنێ شیاوی دەمی گەوج و نەفامانە. بەڵام هەرکە لە گۆشە و کەنارانەوە دەنگ و پاشدەنگی سرودی

ئاژەڵانیان بە گوێ دەگەیشت، لە هەژمەتان گۆستی خۆیانیان دەکرۆشت و بە دەم جوێنیان دەدا و هەڕەشەیان لە ئاژەڵ دەکرد و دەیانگوت:

ـ هەر ژینەوەرێک ئەم سرودە ناپاکە بچڕێ، دەبێ تالاوی بەدەم دا بکرێ و، خاوەنی زمانەکەش ئەشێ بەدوای زمان بڕینی، بە پەتی سێدارە دا بکرێ.

خاوەنانی مەزراکان، لە هەر گاز و ڕێبازێکدا دەنگی سرودیان بە گوێ گەیشتبایە، دەنگبێژەکەیان هەر لەو جێیە بە دار دا دەکرد. بەڵام بە هەموو زەخت و گوشارێکی کە ئەوان دەکاریان دەهێنا، دەنگ لە دەنگ نەدەکەوت و سرود لە برەو نەدەکەوت. سەر و ژێری وڵات دەنگی سرودی پێدا دەگەڕا. چوڕەپۆپنەکی و هەوێردە لە سەر چڵ و پۆپی دار و درەختان و لە ناو پەرێز و مێرگەجاراندا بە جریوە دەیانگوتەوە و کۆترانی پەنا پەرژینانیش لێیان دەگێڕانەوە. تەنانەت دەنگ و پاش دەنگی هەوای سرود، لە کوتک و دەزگای ئاسنگەران، لە جرینگەی دەنگی زەنگی کڵێسەکان و لە گەلێک شتی تریش هالابوو. مرۆڤ بە بیستنی زەمزەمەی سرودی ڕزگاری، تەزووی سارد و گەرمی بە مێشکدا دەهات و لە قاچی سەری دەکرد؛ چونکە دەیزانی زیل و بەم و زایەڵەی دەنگی هەر ئەو سرودە نییە، کە ئاژەڵی هەژاندووە، بەڵکە ئەوە نووکی پوازی پیرەمێژوویە و خەریکە سنگی چاوەنووسی دەوری کۆنەگەندڵ دەقەڵەشێنێت و دەورێکی نوێ و کۆمەڵگایەکی تازە پێشکەشی جیهان دەکات.

ڕۆژێکی بە تاو و سای مانگی ئۆکتۆبەر بوو. دانیشتوانی مەزرا دەهاتن لە کاری گێرەی سەرجێخون و

کێشەوەی تفاق سەریان سووک ببێ، کە لە پڕ پۆلە کۆترەکانی مەزرا لە بەرزایی ئاسمانەوە چەرخ و خولێکیان لێدا و بە شڵەژاوی خۆیان بە حەوشەی مەزرا دا کردەوە. کۆترکان بێ غایەت تاسا بوون و، پەشۆکاو دەهاتنە بەرچاو. ئەوان لە حەواوە تاقمێکیان لە بەرەی دوو پێیان چاو پێکەوتبوو کە بە هەڕەمە بەرەو مەزرای ئاژەڵان دەهاتن. لە ڕاستیدا کۆترەکان لە حەواوە بۆنی پیسی کۆنە بەگی جارانی مەزرایان کردبوو کە دەگەڵ تاقمێک ڕێگای مەزرای ئاژەڵانیان گرتبوویە بەر.

دار و دەستەی جۆنز، لە دوو مەزرای پێنج فیلْد و فاکس وودەوە سەر و سامان درابوون. لە ناویاندا، جگە لە جۆنز، کە تفەنگی لە سەر شان بوو، ئەوانی تر بە گشتی دار و تێڵا و شەن و بێڵ و خاکەندازیان بەدەستەوە بوو.

مەزرانشینان هەر لە یەکەمین ڕۆژی سەربەستی دا چاوەڕوانی گەڕانەوە و هێرشی بەرەی دووپێیانیان دەکرد و ترسی ئەورۆژەیان لە دڵدا بوو. هەربۆیە ئەرکی پاراستن و بەرگری کردن، وەک ئەرکی سەرشانانی لێ هاتبوو و لەمێژ بوو خۆیانیان بۆ ئامادە کردبوو.

سنۆباڵ، لە کتێبخانەی جونز دا دەیان کتێبی نایابی دەست کەوتبوو، کە یەکیان (شەڕەکانی ژوول سزەر)ی ئیمپراتوریای ڕۆمی کۆن بوو. سنۆباڵ بە وردی بەو کتێبەدا چووبۆوەوە و گەلێک بابەتی بەنرخی لێ هەڵگرتبۆوە. سنۆباڵ بە لاساکاری لە شێوازە شەڕی ژوول سزەر، هەر ئەو ڕۆژە، گورج و چالاک، هێزی بەرگری و هێزی هێرش و هێزی پشتی بەرەی شەڕی لە هەموو شوێنێکی مەزرا دەستنیشان کرد و هەر وەک فەرماندەرێکی لێهاتوو، ئەرک و ئەسپاردەی هەموو

لایەکی دیاری کرد.  هەرکە هێرشکەران بەعەزمی داگیرکردنەوەی مەزرا، لەسنووری دیاریکراو پەڕینەوە، سنۆباڵ یەکەمین پەیامی هەڵمەتی بۆ هێزی باڵدار نارد.

کۆترەکان، کە سەرجەم سی و پێنج جووت باڵدار بوون، لە بەرزاییەوە داگژانە سەر هێرشکەران و ڕیقنە و جیقنەیان بەسەر دا شوولاندن. دەست درێژکەران هەتا هاتن سەر و گوێلاک لەم هێرشە هەواییە بە خاوێنی دەربەرن، پۆلی قاز و دەستەی مراوی و تایفەی مامر و کەڵەشێران لە ژێر پنچک و دەوەن و قەراخ پەرژینانەوە دەرپەڕین و بە ڕەفیچکە و بەلەکی مرۆڤ دا نووسان.

ئەم مانۆرە شەڕە، کە لە ڕاستیدا شەڕی سەرلێشێواندن بوو، تاقمی توند و تۆڵی بەرەی دوو پێی بە چەشنێک لە بەر یەک ڕەواندەوە، کە هەر دار بەدەست بوو بە شوێن باڵندەیەک دا بەرەو ئاقارێک دەڕۆیشت. هەر لەو دەمە دا هێرشێکی پان و بەرین بە سەرکردایەتیی سنۆباڵ دەستی پێکرد. موریەل و بەنیامین لە شانی ڕاست و چەپی سنۆباڵ، دوا بە دوای ئەوان تاقمی پەز و بەرانان بە تێکڕایی هاتن و لە هەر چوار لاوە بەرەی ئادەمیزادەیان بە شەقۆن و قەپاڵ و جووتە و چەپۆکان داگرت.

شەڕەکە توند و خەست و بەر بەرینتر بۆوە. بەرەی مرۆڤ لە سای کارامەیی دار وەشاندن و وەگەڕخستنی تێلا، هەروەها بە هۆی بوونی پێلاوی بزمار ڕێژ، توانیان هەڵمەتی سنۆباڵ خاو بکەنەوە. لە پڕ ئاژەڵ بە دەنگی فیشقەی سامناکی سنۆباڵ، کە ڕەمزی پاشەکشە بوو، کشانەوە و لە حەوشەدا پەنایان گرت. هێرشکەران تاک و تەرا و دوور لە

یەکتر، زۆر بە نارێکی ئاژەڵیان هەڵبڕی. ئەنجام و ئاکامی ئەو چەند نووکە شەڕە دەهات هەر ئەو بەرهەمە بدات، کە سنۆباڵ لە نەخشەی دارێژراوی شەڕ دا گونجاندبووی. هەرکە بەرەی ئادەمیزاد بەشوێن ئاژەڵ دا ڕژانە ئەو دیوی حەوشە، سێ ئەسپ و سێ مانگا، دەگەڵ ڕەوەی بەرازان لە هۆڵی مانگایان دەرپەڕین و بەپانەوە هێرشیان کردە سەر مرۆڤ. هێرشی کوتوپڕی چاوەڕوان نەکراو، مەیدانی شەڕی لە بەرەی مرۆڤ ئەستاندەوە و ئاژەڵ ڕێی جوولە و هەوهەوی وەرگرتەوە. سنۆباڵ بە دەم نرکەی بەرزی(کوڕە دەی دەی!)یەوە هەڵمەتی برد و ئامبازی جۆنز بوو. جۆنزیش تفەنگی لێ ئاگر دا. پریشکەی فیشەکی جۆنز پەزێکی ئەنگاوت و سەرپشتی سنۆباڵیشی ڕووشاند. بەلام سنۆباڵ گەرماوگەرم دایگژایە و بە هەموو تواناوە خۆی پێدادا. جۆنز بەرگە و باشاری سەت و بیست و دوو کیلۆ بەز و چەوریی جەستەی سنۆباڵی نەگرت و دەپەین و پاڵی سەرگوێلک گەوزی. تفەنگ لە دەستی جۆنز ترازا و کەوتە دەستی ئاژەڵەوە.

لە شەڕگەی شەڕ دا، شەڕی هەرە سامناک، شەڕی باکسەر بوو کە کردی. باکسەر دەمێک لەسەر پاشوو هەڵدەستا و بە زەبری دوو سمی دەستی ئەستووری، بە چەپۆک دایدەکوتان و جار جاریش لە سەر پێشوو هەڵدەستا و بە زەختی جووتە پاشووی، سەر و لاشیانی تێک دەکردەوە. یەکەم جووتەی باکسەر، مەیتەر بەچەی جارانی مەزرای مانۆڤری لە قوڕ چەسپاند. بەرەی ئادەمیزاد بە بینینی ئەم چەشنە شەڕە، ترسیان ڕینیشت و چەندێکیان دار و تێلایان

تووڕ هەڵدا و ڕێی دەربازبوونیان گرتە بەر. هەر ئەودەم ڕاوڕاوێن دەستی پێکرد. ئاژەڵ سەگبەحەسارێکی بە بەرەی دوو پێ کرد، کە ئەوسەری دیار نەبێ. مرۆڤ بەزی و لە ترسان کۆنەمشکیان لێ بوو بە کۆشک و سەرسەرا. لە ڕاست و چەپ و لە هەر چوار کەنارانەوە هەر جووتە و چەپۆک و شەقۆن بوو بۆیان دادەباری. لەم بگرە و بەردەیەدا هیچ ئاژەڵێک نەبوو بەش بەحاڵی خۆی گورزێکی نەوەشاندبێ. تەنانەت گورپە پشیلەی مەزراش، کە لە سەر سوێی بانیژەیەک دا خۆی مەڵاس کردبوو، لە پڕ بە لاشانی گاوانی جارانی مەزرا دا نووسا و پڕ بە چنگ و ددانی تیژی، توێخی لە لاملی ئەو داماڵی.

هێرشکەران بە تەواوی گلۆڵەیان کەوتبوویە لێژی و هەر کامێکیان دەرفەت و دەرەتانی ڕاکردنێکی دەست دەکەوت، بە فێرۆ لە چنگی نەدەدا و بۆی دەردەچوو. لە ڕاکردن و ڕاونانیشدا، پۆلی مامر و تاقمی قاز و مراوی، بە تێقوولاندن و دەندووک پێداگرتن و پێ هەڵپڕژان، ڕاکردووانیان هەتا مەودایەکی دوور هەڵبڕی. هەرکە ئاژەڵی سەرکەوتوو لە ماوەی پێنج خولەکێک دا دوژمنیان لە کەوشەنی مەزرا دەرپەڕاند و سەربەرزانە گەڕانەوە، لە گۆڕەپانی شەڕ دا کۆبوونەوە و چاوێکیان بە هەموو لایەکدا گێڕا، لەبەرێکی شەڕگەدا تەرمی پەزێکیان چاوپێکەوت و جەرگیان ژانی پێدا گەڕا. کەمێک ئەولاتریش تەرمی مەیتەر بەچکەیان بینی کە بە سەر دەمدا لە قوڕ چەقیبوو. باکسەر بە سەری سمی خەلۆلی لە هەوڵی هەڵگێڕانەوەی تەرمی مەیتەر بەچکەدا

بوو، بەلام بۆی نەدەکرا بیخاتەوە سەرپشت و بزانێ ئاخۆ ماوە یان نا. باکسەر بە ماتەم و پەژارەیەکی زۆرەوە دەیگوت:

ـ داخ و مخابن بە دڵم ، کە نەمزانی بە زەربی جووتەی قاچی ورد بووم ، ئەم داماوە وەلۆی لێ بەسەر دێت. من چ بزانم کۆنە ناڵی سەردەمی کۆنەبەگی جارانم هەر بەژێر دەست و پێیانەوە ماوە و ئەم کارەم دەداتە دەست... کوێراییم دایە، کێ بێ و بڕوام پێ بکا کە من قەت ئارەزوومەندی خوێنڕژتن و پیاوگوژتن نەبوومە و هەرگیز حەزم پێی نەبووە و نابێ!...

هەر لەو کاتەدا، سنۆباڵ لە حاڵێکدا کە چۆڕاوگەی خۆێن لە زامی سەرپشتی دەتکایەوە، گەیشتە شوێنەکە و گرماندی:

ـ ڕەفیق باکسەر! بە دڵی نەرمی پڕ بەزەییت بڵێ بڕۆ بەو لاوە!... کێ لە گەرمەی شەڕی سەر و ماڵ دا سوێند بەسەری دوژمن دەخوات کە ئێمەیش وەلۆ بین؟... نەکەی بە ئەهوەنی تەرمی مرۆڤ بخەڵەتێی، کە ئەهوەنی و بێدەسەلاتیی بەرەی مرۆڤ هەر بە کاتی مردن، لە تەرمی ساردەوەبوویدا خۆی دەنوێنێت... نەخێر ئەو توخمە نارەسەنانە قەت بەزەی ئێمەیان بە دڵدا نەهاتووە کە ئێمەیش بەزەیی ئەوانمان لە دڵدا بێت...

باکسەر بەدەم ئاخ و ئۆڤەوە، ئەسرین لە دیدە گەڕاو، وەرامی دایەوە و گوتی :

ـ هاوڕێ سنۆباڵ! چبکەم کە دڵم بوار و بەرایی ئەمە نادات دەستم بە خوێن ئالودە بێت، تەنانەت خوێنی ئادەمیزادیش.

هەر لە جەنگەی ئەم وتوویژانە دا بوو کە ئاژەڵێک هاواری لێ هەستا و بە دەنگ گوتی:

ـ هاورێیان!... مەلی!! ... مەلی دیار نییە!... مەلی بێ سەر و شوێنە!

بە شوێن مەلی دا خولانەوە. سەرخان و ژێرخانان گەڕان و چاویان بە سەر و ژێران دا خشاند، بەڵام سەر و سۆراغێک لە مەلی دیار نەبوو. بۆ کورتە دەمێک دڵی گشتیان هەناسەی ساردی لە دەست دانی هاورێیەکی نازەنینی پێدا گەڕا و دەمی گشتیان بۆ ئەو خەسارە مەزنە، پەکوی خەمبارانەی پێدا هات. ئاژەڵ بە دڵێکی پەرێشانەوە هاتن و چوون و لە رێی چاوانەوە لە یەکتریان دەپرسی کە ئەخۆ ئەو هەواڵ و هاودەمە شیرینەیان دەبێ لە چ شوێنێک و بەدەستی کێهە زۆردار خوێنی ڕژابێ، یانە لە گەرمەی شەڕ دا بە دەستی چ ناپاکێک بەخسیر کرابێ؟

بەڵام لە ئاکامی پشکنینی هۆڵ و کادێن و پشتێرەکان دا، مەلی لە کادێن دا دۆزرایەوە. دەرکەوت کە هەر لە دەسپێکی تێهەڵچوون و بە یەکەم شریخەی تفەنگ، مەلی گۆڕەپانی شەڕی جێ هێشتووە و بۆ پاراستنی سەر و گیان، لە کادێن دا خۆی مەڵاس داوە.

هەرکە ئاژەڵ لە پشکنین و دۆزینەوە سەریان سووک بوو، بەنیازی ناشتنی تەرمی مەیتەر بەچکە هاتنە دەر. کەچی سەیریان کرد و دیتیان مەیتەر بەچکە نەماوە و هەر شەقڵی قورینی لە حەوشە دا لێ جێماوە. بۆیان دەرکەوت کە ئەو جامبازە، کڵاوی ناوەنەتە سەریان بە خۆ مراندن و هەڵکەوتنی هەلێکی بەجێ، بۆی دەرچووە.

جارێکی دیکەش بەتێکڕا لە هۆڵی گەورەدا کۆبوونەوە و بە شاباشی سەرکەوتن و دوژمن تاراندن، شایی و گۆڤەندیان گێڕا. شەڕی دوژمن شکاندن گەگێکی ئاو دەپاڵ کرا و هەر ئاژەڵێک بە ئارەزووی خۆی سەرباسێکی پاڵەوانانەی لە دەفتەری شەڕنامەی مەزرا دا بۆ تۆمار کرد. شیعر و هۆنراوەی بۆ گوترا، لاوژە و لاوکۆی پێ هەڵگوترا، تەنانەت بەبێ بنیات نانی پێڕەوێکی پێشەکی، ئاهەنگی جەژنێکی مەزنیان گێڕا. ئالایان هەڵکرد و لە دەوری ئالا، بە دەیان جار سرودی ئاژەڵانانیان خوێندەوە. ئەوسا تەرمی مەڕی شەهیدیان بە شێوازی ناشتنی قارەمانێک بە خاک ئەسپاردو پنجە دڕکێکیشان لە بان گڵکۆکەیی ناشت. لە سەر گۆڕ و گڵکۆی شەهیدان دا، سنۆباڵ بیرەوەری و یادنامەیەکی گەرمی خوێندەوە و سڵاوی بۆ گیانی پاکی گیانفیدایانی ڕێگای ڕزگاری نارد.

پاش ناشتنی تەرمی مەڕی شەهید، بەتێکڕا هاتنە سەر ئەم ڕایە و هەموویشیان دەستیان لە مل دا و گوتیان، کە سەرسنگی قارەمانانی جەنگاوەری چالاک، دەبێ بە میداڵیا و نیشانێکی ئەوتۆ گرانمایە بنەخشێندرێت، کە شیاوی بەژن و بالای پاڵەوانانەیانی هەبێ. نیشان و میداڵیایان ساز کردو ناوی میداڵیای جەنگاوەرانیان لێنا. باکسەر و سنۆباڵ بە قارەمانانی ئەو شەڕە ناسران و گەرماو گەرم میداڵیای پلەی یەکەمیان پێ خەلات کرا. میداڵی جەنگاوەری پلەی دووەمیش ئاراستەی کێلی بان سەری سەربازی شەهید کرا.

میداڵەکان، ئەستێرەگەلی زەردی متەللایی بوون کە سەر و سەردەمێک ڕازێنەر و زینەتبەخشی بەرچاوکە و بەرسینگەی ئەسپەکانی جۆنز بوون.

هەروەها چونکە یەکەمین چەخماغەی سەرکەوتنی ئاژەڵ بەسەر مرۆڤ دا، لە هۆڵی مانگایانەوە ترووسکەی دابوو، هەربۆیە لە دەفتەری شەڕنامەی مەزرادا، ناوی شەڕی هۆڵی مانگایانیان بۆ تۆمار کرد. تفەنگ و فیشەکدانی جۆنزیش کە دەسکەوتی شەڕی هۆڵی مانگایان بوو، لە پاڵ ئالاکەیانیان هەڵواسی و، بڕیاریان دا هەر ساڵ، دوو جار؛ هەر جارێکیش دوو فیشەکی پێ بتەقێندرێت؛ جارێک لە ڕۆژی دوازدەهەمی ئۆکتبەر، واتە ساڵەوەختینەی شەڕی هۆڵی مانگایان و جاری دووەمیش لە نێوبەندی هاوین، واتە هاتنەوەی ساڵەوەختینەی سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئاژەڵانی مەزرا.

*****

٥

زستانیان لێ داهات و هەرچی بە زستانیشدا چوونە خوار، لاسەرسەنگییەکانی (مەلی)ش زیاتر بوو. ڕۆژ نەبوو بە بیانوویەک مان نەگریت و خۆی لە ئیش و کار نەبوێرێت. بەردەوام لە چنگ ئازاری نادیاری جەستەی بێ عەیبی دەینالاند و بە بیانووی ناسازی، ڕەشی نەدەنایە سەر سپی؛ ڕۆژێک درەنگ لە خەو هەڵدەستا و دەیگوت کە شەو لە بەر دەردی دڵ و خەمی دەروون خەو بەچاوانی دا نەهاتووە. بە کورتی ڕۆژی لە نوێ و پەساوهێنانەوەیشی لێ نوێ بوو. هەرچەند کە بە خواردن و خواردنەوە لە جاران هەراشتر و چڵێس تر ببوو، بەڵام بەدایم لە دەردی نادیار دەگریا و لە کەم خورد و خۆراکی خۆی هاواری دەکرد. گەلێک جاران بە بچوکترین ڕخنەی یارانی دەڕەنجا و بە زویری لێیان دوور دەکەوتەوە و ڕێی سەر گۆل و ئەستێرکی ئاوی دەگرتە بەر. تۆ مەڵێ ئاوی شین و مەندی ئەستێرک بۆی ببوویە ئاوێنەیەکی بالانوێن و، بەژن و بالاکەی خۆیی تێدا دەبینی، هەربۆیە لە ڕۆژ دا چەند جاران خۆی لە یارانی دەڕەنجاند و لێیان دوور دەکەوتەوە و بە کاتژمێران لەسەر ئاو ڕادەوستا

و وێنەی بەژن و باڵا تەرز و تەمیزەکەی خۆی  بە ئاوێنەی ئاو دا دەدا و گەوجانە چاوی تێ دەبڕی.

ڕۆژهات و ڕۆژ چوو. ڕۆژێک لە ڕۆژان، مەلی لە سوچێکی ئەودیوی باغی سێواندا بە سەت خەمزە و نازەوە دەهات و دەچوو. هەر لەوێ، کلۆڤەر گرتی و کێشایە پەنا پەسیوێک و بە گوێیدا چرپاند:

ــ ... لای تاوهەڵاتانی هەر ئیمڕۆکە، تۆ لێردا خەریکی چی بووی؟ من لە پشتی ئەم پەرژینانەوە تۆم بە دوو چاوی خۆم دیت کە سەرگەرمی سرت و خورتێک بووی!... ڕاستم پێ بڵێ مەلی، تۆ لەگەڵ بەکرێگیراوێکی پاول کینگتان دا چ ڕاز و ڕەمز و چ کەین و بەینێکتان ئاڵوگۆڕ دەکرد؟ ... چ هۆیەکی تێدا بەستە بوو کە هێشتت ئەو نابەکارە دەستی پیسی لاواندنەوەت بە سەر پشت و لامل دا بکێشێت؟... پێمی بڵێ مەلی با بزانم مەبەست و ئارەزووت لە کردنی ئەم ئاکارە پڕ لە ئەتکە چییە و دەخوازی سووکایەتی بە کێ بکەیت؟ ...

مەلی بەبێ ئەوەیکە سەر هەڵببڕێت و چاو لە چاوی کلۆڤەر بکات، لە وەرامدا سمی بە گڵمتکی زەوی دادا و سوێندی پێ خوارد و گوتی کە ئەمە درۆیەکی ڕووت و ڕەبەقە، ئەمە مەلۆتکەی بوختانە بۆی هەڵدەبەسترێت و خەریکە لە ئەستۆی دەپەستێورێت .

کلۆڤەر گوتی:

ـ ئەرێ مەلی بۆت دەکرێ چاو دە چاوم ببڕی و سوێندم بۆ بخۆی کە دەستی ئەو دووزامەت بەسەر دا نەکشاوە ؟

مەلی بەبێ ئەوەیکە سەر هەڵێنێت و چاو دە چاوی کلۆڤەر ببڕێت، دیسان سوێندی خوارد، کە ببڕای ببڕا دەستی

هیچ دووپێیەکی بەسەر دا نەهاتووە. بەڵام هەرکە لە سوێندخواردن بۆوە، وەرچەرخایەوە و بە ترەختەن ڕایکرد و دوور کەوتەوە.

پاش ڕۆیشتن و دوورکەوتنەوەی مەلی، بەبێ ئەوەیکە کلۆقەر هیچ ڕازێک بە لای هیچ گیانلەبەرێکەوە بدرکێنێت، بۆ دەرخستنی کەین و بەینی مەلی، سەرێکی لە هۆڵی گەورە هەڵێنایەوە و ژێر ئاخوڕ و جێ خەوی ئەوی بست بە بست پشکنی. لە ئاکامی پشکنینی سەر و ژێری جێ حاوانەوەی مەلی دا، چوار قۆپەن پەلکە سوورە و چەند کەڵپە قەندێک دۆزرایەوە.

سێ ڕۆژ پاش ئەو پشکنینە، لەپڕ و ناگەهان مەلی گوم بوو. هەفتەیەک ڕابورد و هەفتەی تری بەدوا دا هات. دوو هەفتە بوون بە مانگ و مانگی تریشی بەدوا داهات ، بەڵام گومبووی مەزرای ئاژەڵان لە گوێن دڵۆپی ئاو، نوقمی زەوی ببوو و هیچ نیشان و ئاسەوارێکی بە هیچ لایەکەوە دیار نەبوو .

سەروژێری مەزرایان بست بە بست پشکنی. چاویان بە دوورەدەستانیش دا گێڕا، بەڵام هیچ سەر و نەسۆراغێکیان لی نەکەوتە دەست و هیچ هەواڵێکیان پێ نەگەیی. مەلی هەر وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو. پاش بەسەرچوونی ماوەیەک بێ سەرو شوێنی، ڕۆژێک لە ڕۆژان، کۆترەکان خەبەریان هێناو گوتیان کە لە بەر دەرگاکەی مەیگەدەی شێری سووری گوندی ویلنگدۆن دا ئەویان لە دەمێکدا بینیوە کە کەسێکی نەناسراو دەستی لاواندنەوە و ئارامکردنەوەیی بەسەر دا هێناوە. هەروەها کۆترەکان ئەمەیشیان گوت کە

مەلی ئەوماینە کەیل و کەساسەی جاری جاران نەبوو کە بینیویانە، بەڵکە هەر بە وێنەی پەیکەری ماینێکی ئەفسانەیی بوو کە لە بەردی مەڕمەڕی سپی داتاشرابێت .

بەڵێ مەلی بەمجۆرە دۆزرایەوە، بەڵام ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە ناوی مەلی وەک پەڵەیەکی ڕەشی بەدناوی، لە دەفتەری مەزرا دا نەخشی گرت و هەرچی بیر و یاد و بیرئانینی ئەو بوو، لە مێشکیاندا کپ سەری نرایەوە و سڕایەوە.

سەرما و سۆڵی مانگی ژانڤییە هەروەک شەوە هەڵیگوشین و دار و دیواری بە بەفر و سەهۆڵ لێ داگرتن، بەچەشنێک کە ئیش و کارەکانیان بە تەواوی خەوت و لە ماڵدا خانەنشین مانەوە. کارو کرگاری ڕۆژانەیان بەس کۆبوونەوە بوو. لە هەموو دانیشتن و کۆبوونەوەکانیشدا هەر پڕۆگرامی کار و کوێرەوەریی وەرزی بەهاری دانەهاتووی زەحمەتکێشانی مەزرا بوو کە دادەڕێژرا و بە گوێی کرێکاران دا دەخوێندرا.

مەزنایەتی و سەروەریی سەرکردایەتیی بەرەی بەرازان لە مەزرای ئاژەڵاندا بە تەواو ماناوە جێگیر ببوو؛ بە چەشنێک کە هیچ سەرێک نەبوو لە ئاستیان دا بتوانێ سەر هەڵێنێت و بۆی بلوێت پێ لە خەت و سەر لە فەرمانیان بترازێنێ. مافی یاسا دانان و قانون هەڵوەشاندنەوە، بڕیاردان و بڕیار شکاندن هەر بە دەستی بەرازان بوو. پەسند کردن و دەست لە مل دان و سەلماندنیش کراسێک بوو بە بەژنی ئاژەڵی ژێڕای مەزرا بڕا بوو.

ئەگەرچی خانەدانی بەرازان لە مەزرا دا سەرکردە و سەردار و سەرۆکی ڕەبەقی سەر تەوقی سەران بوون، بەڵام لە نێوان دوو سەرۆکی ئەو خانەدانەش، واتە لە مابەینی سنۆباڵ و ناپولیۆن دا مشت و مڕ و گێرمە و کێشەیەکی توند و بەردەوام لە کایە دابوو. هاتبا و دژایەتی و ناتەبایی لە نێوان ئەو دوو سەرۆکەدا نەبوایە و سەرکردایەتییەکی یەکدەست و یەکدنگ و یەکڕەنگیان هەبوایە، لەوانە بوو هەموو ئامانج و دڵخوازییەکانیان بۆ مەیسەر ببوایە. بەڵام لە بێ بەختیانیان هەتا ئەم دوو سەرکردە ناتەبایە بۆیان کرابا و پێیان کرابایە، قەت ئاوی حوکم و فەرمانیان بە قەناتێکدا تێپەڕ نەدەکرد. بۆ وێنە، هەتا ئەمیان دەیگوت کە ئیمساڵ، ساڵی گەنمە و دەبێ گەنم دابچێندرێ، ئەوی تریان هەر دوو پێی دەکردە پێلاوێکەوە و دەی فەرمو نەخێر، ساڵەکەی ساڵی جۆیە و دەبێ جۆ دابچێندرێت. ئەگەر سنۆباڵ گوتبایەی کێڵدراوی فلانە زەوی شیاوی پڕژاندنی تۆوی گیزەرە، ناپولیۆن بۆچوونی هاوتاکەی خۆی بەرپەرچ دەدایەوە و، دەیگوت باوکی مرێ و دایکی بمرێ، دەبێ هەر چەوەندەری لێ شین بکرێ. ئاژەڵیش بەهۆی کەمزانی و لەبەر بەستەزمانی و لە سۆنگەی بێ دەسەڵاتی، بەناچاری ببوون بە دوولایەن و، هەر لایەنەش بەشوێن یەکێک لەو دوو سەرکردە ناتەبایە دا دەڕۆیشتن .

لە زۆربەی کۆبوونەوەکاندا بەشی هەرە زۆری دەنگی(ئا)ی ئاژەڵ بە سنۆباڵ و بەرنامەکانی ئەو دەدرا، چونکە لە قسەکردن و لە ئاخاوتندا چەناگە ڕەوان و قسەزان و وردبین بوو. سەرەڕای ئەمانەش، ئەو لە چەم و خەمی

دارِشتنی پرۆژە و پلانی چاکسازیی مەزراکەیانی باش دەزانی و تێیاندا شارەزا بوو. بەڵام ناپولیۆن بە پێچەوانەی سنۆباڵ، لە دەرەوەی هۆڵی گەورەدا یار و یاوەری زۆرتر بوون و ئەمر و فەرمانی باشتر دەڕۆیشتن. لە نێو ئاژەڵی مەزرادا، تایفەی مەڕ و بزن و کار و بەرخ و نێری و بەرانان، بە خڕوپتونی لاگری ناپولیۆن بوون و سەریان لەو جێیە دەگەڕا، کە هەنگاوەکانی ناپولیۆنی لێ دەگەڕا. لایەنگری و گوێ ڕایەڵیی هۆزی ناوبراو لە ئاست ناپولیۆنەوە بە ڕادەیەک بوو، کە هەتا سنۆباڵ لە هۆڵی گەورەدا دەهات زۆربەی دەنگەکان وەرگرێت و بەسەر ناپولیۆن دا زاڵ ببێت، پەز و بزنەگەل هاو دەنگ دەگەڵ کار و بەرخ و نێری و بەرانان، یەگدەنگ دەیان باعاند و دروشمی (چوارپێ خاس و دووپێ پیس)یان چەندین کەڕەت دەگوتەوە و کۆبوونەوەکەیان دەشێواند.

هەر لە سەروبەندی ئەو هەلە ناسکەش دا بوو کە سنۆباڵ چەند کۆنکە گۆڤاری لە کتێبدانەکەی جۆنز دا دۆزیبۆوە و بە وردی پێیاندا چووبۆوەوە. بابەت و گوتاری گۆڤارەکان لە زانستی نوێ مایەیان وەرگرتبوو. بۆ وێنە، شێوازی نوێی کشت و کاڵ ، وەرزێری و ئاژەڵداری بە شێوەی زانستی، دوو بابەتێک بوون کە سەرنجی سنۆباڵیان بەرەو خۆ ڕاکێشا بوو. هەربۆیە سنۆباڵ بە بەهرە وەرگرتن لە ناوەرۆکی گۆڤارەکان، چەند پرۆژەی ئاوەدانی و چاکسازی بۆ مەزراکەیان دارِشت. یەکەم پرۆژە دەربارەی زۆنگ و زەلکاوەکانی خوارووی مەزرا بوو. سنۆباڵ دەیگوت: ... بە زووترین کاتی ڕوخساو، زۆنگ و زەلی خوارووی مەزراکەیان دەبێ جۆگەی دزینەوەی پاشاوی بۆ هەڵبەسترێت و خاکی

ترشاو، شیرین بکریتەوە. چونکە هەردی ترشاو بەهۆی مانەوەی ئاوی بەیاتی گەنیو، نەک هەر هیچ بەر و بەرهەمێکی لێ هەڵناوەرێت، بگرە دەبێتە مەکۆی گوورانی دەیان دایک گەرای نەخۆشی و لە ئاکامدا دەبێتە مایەی ناسازی و نەخۆشیی مەزرانشینان.

سنۆباڵ بەنیاز بوو پاش وشک کردنەوەی زۆنگاوەکان، خاکەکەیان بە پەین و پاڵی مەڕ و ماڵات و پاتاڵان کەڵتە بکاتەوە و ئینجا وەک کێڵگەیەکی چاک کراو، دایان بچێنێت. بۆ بەرێوەچوونی ئەم پرۆژەیەش شوێنێکی بەلاوەی بۆ دەست بە ئاوگەیاندنی پاتاڵ و مەڕ و ماڵاتان تەرخان کرد و ئەسپاردی کە هەر لەو شوێنە دەس بە ئاو بگەیەنن .

ناپولیۆن، کە بە ئاشکرا دیار بوو لە دەست سنۆباڵ وەرهەمی لەدڵ دایە، زۆر بە نەرمی و لە ژێرەوە بۆی لێدەدا و دەیگوت کە هەوڵی سنۆباڵ خەون و خەیاڵە و هەر هەمووی بەتاڵە. بەلام دەگەڵ ئەمانەش، دیار بوو بە هەموو تواناوە لێی دەخەفتا و هەستی لێ ڕادەگرت و چاوەڕوانی ڕوخسانی دەرفەتێکە بوو، کە بۆی هەڵکەوێت و کوڵی دڵی پێ بڕێژێ.

ڕۆژ دەهات و ڕۆژ دەچوو. دژایەتی و ناکۆکیی نێوان ناپولیۆن و سنۆباڵیش ڕۆژ بە دوای ڕۆژ قوڵتر دەبوو. بەرهەمی کەللە ڕەقی و ناتەبایی جوتەی سەرۆکانیش هەر بە ژێرۆکان دەبڕا و ئەوانی پتر پێ کۆڵەوار دەبوو. گێرمە و کێشەی نێوان دوو سەرۆکان ئەو کاتە گەیشتە دوژمنایەتییەکی ئاشکرای بە دوور لە ئاشت بوونەوە، کە سنۆباڵ لە کۆبوونەوە و دانیشتنێکی تێکڕاییدا، پرۆژەی سازکردنی (ئاشی با)ی پێشکەشی ڕای گشتی کرد .

لە ناوەندی مەزراکەیاندا تەپۆڵکەیەکی قوتی سەرسەوزیان هەبوو، کە ترۆپکی ئەو گردە بەرزترینی جێگەی هەموو کێڵگەکانی مەزرای ئاژەلان و دەور و بەری بوو. سەر دوندی تەپۆڵکەکە باگرێکی بێ پەسیو بوو، کە هەر نەک بای ڕۆژهەلاتی و ڕۆژاوایی، بەڵکە وەرزەباکانیشی دەگرتەوە. هەر بۆیە، سنۆباڵ پێی وابوو سەر دوندی گردەکەی مەزرا بۆ ئەم ئیشە دەناڵێنێت و دەکرێ بەهێزی با، باوەشێنەکانی پەروانەی ئاشی با هەڵسووڕێنێت. لە پرۆژەکەی سنۆباڵ دا، سازکردنی ئاشی با بەم مەبەستە لەبەر چاو گیرابوو، کە بکرێ بە یارمەتیی هێزی با، تۆپی توربایینی کارەبا هەلبسووڕێت و وزەی کارەبای پێویست بۆ مەزرای لێ وەربگیرێت.

سنۆباڵ دەیگوت کە هەرکە ئاشەکەیان سازبکرێت و مەکینەی کارەبایی بخرێتە سەر، ئیتر هەرچی تەویلە و پشتێر و هۆڵ و کادێنی کە لە مەزرا دایە، لە سای هێزی کارەبا دا، شەوی تاریکیان لێ دەبێتە ڕۆژی ڕوون، سەرماو بەفر و سەهۆڵی زستانیان لێ دەبێتە گەرمای لەش لاوێنی نێوەندی بەهاران. سەرەڕای ئەمانەش، مشار، جەنجەڕ، شیردۆش و دەیان مەکینەی تری کارەبایی بەهێزی کارەبا دەتوانن وەگەڕ بخەن و لە ئاکامدا ئاژەڵ بە جۆرێ دەحەسێتەوە کە هەر دەبێ دانیشن و نەکەن و بخۆن.

بەرنامەکەی سنۆباڵ، مزگێنی دوا ڕۆژی گەش و خۆشی بە دەمەوە بوو. بەلام لە بارەگای مێشکی ئاژەڵ دا، زۆرتر تامی کۆنەچیرۆکانی دەدا، چونکە ئەوان هەر لەو دەمەوە کە لە دایک بەربوونەوە و گوان و مەمەی دایەیان مژیبوو،

کوێرەوەری و هەناسەساردیش دەستی ماچ کردبوون. هەر لە دەمی کۆرپەیی و زارۆکی دا ژاراوی ستەمیان بە ئەوک دا کرابوو. هەژاری و بێ ئەنوایی و ناشکوایی کراسێک بوو بە بەژنی ژیانیان بڕابوو. سەرەڕای ئەمەش، کەرەستە و ئامرازی کاری مەزرا، چ لە سەردەمی جۆنز و چ لە دوای ئەودا، قەت ئەوەندە ئامرازی پێشکەوتووی بەکارهاتوو نەبوون کە بکرێ و بتوانرێ ئاڵوگۆڕێکی وەها بنەڕەتی پێک بێنێت، کە ژیانی هەژارانەیان بە باری باشی دا بچەرخێنێت.

خوێندنەوەی سێ کتێبی(هەزار فەند و فێڵی سودمەند) ، (گشت کەسێک دەتوانێ بەننایەکی شارەزا بێ) و(زانستی تەکنیکی کارەبا)، دەروازەی جیهانێکی نوێیان بە سەر سنۆباڵ دا کردبۆوە .

سنۆباڵ بۆ کێشانەوەی ئەجزای کارگەی کارەبا و بۆ ڕەسمکردنی نەخشە و پلانی ئاشی با، تەختەبەندی ژووری مریشکخانەی جارانی جۆنزی تەرخانی ئەم بەزمە کرد. لەو ژوورەدا، لەلایەک دەیان ڕاستە، شاوڵ، تەراز، سێ گۆش، بازنەکێش و کەوان و نیوکەوانی دانابوو. لە دەمی داڕشتنی پلان و پرۆژەکەیدا، چاوێک لە کتێب و نیگایەک بەسەر گەڵاڵەی کارەکەی، هەردەم دەیان جغز و هێڵ و کەوانەی ڕەسم دەکرد. جارجاریش گەشکە و سەرخۆشی بیری سەرکەوتن، یەک بە هۆدەکە دەی فیشقاند.

بەرەبەرە، شوێنەواری چەرخ و پەڕە و چەقەنە و خولخولە و باوەشێن و پەروانە لە ڕەسمی سەر تەختەبەندی ژوورەکەدا دەردەکەوتن. هەتا هێڵێکی ڕەسم دەکرد و

کەوانەیەکی پێوە دەلکاند، نەخشی سەر تەختەبەندەکە پڕ و قەرەباڵغتر دەبوو. ئاژەڵی مەزرا، لە ڕۆژدا دەستە دەستە و پۆل پۆل دەهاتن و سەیری نەخشەی پێچەڵ پێچی سنۆباڵیان دەکرد و بەبێ ئەوەیکە بە قەدرایە دەنکە هەرزنێکیشی لێ تێبگەن، سەیرێکی سەرپێییان دەکردو دەڕۆیشتن. لە هەموو ئاژەڵی مەزرا، هەر تەنێ ناپولیۆن بوو کە دەگەڵ کار و بەرنامەکەی سنۆباڵ هەتا ملان نالێک بوو. بەڵام بەهەموو دژایەتی و دڵ دوژمنیشییەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرزەدە و کوتوپڕ لێی وەژوور کەوت. ناپولیۆن بە دەوری نەخشی هەزار بە هەزاری سنۆباڵ دا خولێکی لێدا و زۆر بە وردی بەند بەندی نەخشەو پلانەکەیی هەڵسەنگاند، ماوەیەکیش بەبێدەنگی لە سووچێکدا ڕاوەستا و لەپڕ ، گۆش تا بەگۆش بەسەری دا هەڵمیست و بە بێدەنگی وەدەر کەوت و ڕۆیی.

(ئاشی با)، لە مەزرا دا گرفتێکی گەورە و گرانی پێکهانی و شەڕەچەقە و هەرا و هەنگامەیەکی قورسی لەسەر ساز بوو. هەرچی سنۆباڵ بوو، ڕێک و ڕاست و بەبێ قەراغ نوشتاندنەوە دەیگوت کە سازکردنی ئاشی با یەکجار گران و پڕ ژانەسەرە؛ شان و باهۆی بەکار و چالاکی پێ دەوێ، نەسرەوتن و خۆماندووکردنێکی زۆری نیازە ، گەلێک ئامێر و ئامرازی گەرەکە کە ئەوان خاوەنی نین و دەبێ بۆی بێنن. بەرد و کوچکێکی بێدادی گەرەکە و پێویستە بۆی بکێشرێتە سەر پشتی گردەکە. باوەشێنی چوار پەڕەی مەزن دەخوازێ کە هێزی با بکاتە تەوژمی هەڵسووڕاندنی تۆپی مەکینەی کارەبا، هەروەها دینامۆی بەرق و تەل و گڵۆپ و وردە

کەلوپەلی تریشیان دەوێ. بەڵام سنۆباڵ نەیدەگوت کە ئەم گشتە کەلوپەلە، لە کوێ وەدەست دەخات و چۆنی ئامادە دەکا. بەڵام جار جار پەنجەیەکی بەرەو دەر ڕادەداشت .

سنۆباڵ دەیگوت:... بێتو ئاشی با ساز بکەین و بیخەینە کار، ئیتر ئاژەڵ لە هەفتە دا، هەر بەس سێ ڕۆژان ئیش دەکات و هەروەک گوڵ بەخێو دەبێت.

بەڵام ناپولیۆن بەپێچەوانەی سنۆباڵ، پێی وابوو حەسانەوەی گشتی لە گەشە و پەرەپێدانی بەرهەم پێک دێت. هەربۆیە لە کۆبوونەوەیەکدا گوتی:

- ... بێتو توانایی و هێزی ئاژەڵ بە سۆغرەکاری و بەردکێشانی بێ سەرەنجام بەفیڕۆ بەرین، دەبێ چاوەڕوانی کزبوونی بەرهەم و پاشەکەوتەکانیشمان ببین و لە ئاخرسەر دا تێکچوون و خاپوربوونی دەسکەوتەکانمان بەچاوی سەر ببینین ...

بەم تەرتیبە، ئاژەڵی یەکگرتووی مەزرا، لەژێر خێوەتی ئاسمانێکدا کران بە دوو بەرەی دژبەیەکی گرژ و توڕە. بەرەیەکیان پڕ بەدەم هاواری دەکرد و دەیگوت:

- دەنگەکانتان بدەن بە سنۆباڵ و سێ ڕۆژ لە هەفتەدا کار بکەن ...

لایەنی تر دەیگوت :

- دەنگەکانتان بدەن بە ناپولیۆن و تێر و تەسەل و بێ وەی بژین ...

لەنێو جەماوەری دوو لەت کراوی مەزرای ئاژەڵاندا، هەر تەنێ بەنیامین بوو کە گۆرتی بای هەوادارانی هیچ لایەکی بە گوێچکە دا نەدەچوو. لە ڕاستیدا ئەو هەر وەک جاران لە

ئاست گفت و وادەی بێ کردەوەی ئەم و ئەواندا بێ بڕوا و دوور لە باوەڕ مابۆوەوە. بەنیامین دەیگوت: ئاشی با، چ لە گەڕ دابێ و چ لە گۆڕ دانەبێ، ژین و ژیانی ئاژەڵ هیچ ئاڵوگۆڕێک نابینێت و هەروا پوچ و بێ تام دەمێنێتەوە.

کێشەی ئاشی با بەجێی خۆی، ئەرکی پاراستنی مەزراکەیشیان بە شانانەوە بوو. ئەمە ڕاست بوو لە شەڕی هۆڵی مانگایاندا دوژمنیان تێک شکاندبوو، بەڵام سەرکەوتنی ئاژەڵ و تێکشکانی مرۆڤ وەک تۆپ لە مەڵبەند دا دەنگی دابۆوە و ئاژەڵی هەموو وڵاتانی دەور و بەری پێ ورووژا بوو. سەرهەڵدان و سەربزێویی ئاژەڵیش خۆی لە خۆیدا شەپۆلی تورەیی بەرەی مرۆڤی بەرەو مەزرای ئاژەڵان وەڕێ خستبوو. خاوەنانی کێڵگەکانی تر بە چەشنێک کورەی تورەییان نێڵ درابوو، کە بەهەموو دژایەتییەکانی ناوخۆیی، بەرەو یەکگرتن و هاودەستی دەچوون و بۆ هێرشێکی بێ ئامان ڕێکی دەخستن. هەربۆیە، ئاژەڵی مەزرا لێیان سوور و ئاشکرا بوو کە دوژمن دەست بەرداریان نابێ و بەسەریان دادەداتەوە. ئاژەڵ بەگشتی و سەرکردایەتیی مەزرا بەتایبەتی، مەترسی ئەگەری هێرشی بەپانەوەی بەرەی مرۆڤیان هەست پێدەکرد، بەڵام سنۆباڵ و ناپولیۆن ئامادە نەبوون بیرێکی لێبکەنەوە و بە قەناعەتێکی چارەساز دا بکەون. ئەوان لە کەلی شەیتان دانەدەبەزین و لەم بوارەشدا دژبەیەک قسەیان دەکرد.

هەرچی ناپولیۆن بوو، ڕای وابوو کە ئاژەڵ نابێ لە ماڵدا دەست لە سەر دەست و چاوەڕوانی هێرشی دوژمن دابنیشێت. پێویستە هێزێکی کارامە و پتەوی چەکداری ساز و ئامادە بکرێت و بە هێرش بردن، دوژمن لە ماڵی خویدا قرخەبڕ

بکەن. بەلام سنۆباڵ ئەم بۆچوونەی پێ چەوت بوو. سنۆباڵ دەیگوت مەزرای ئاژەڵان ناتوانێ هێزی نیزامی بکێشێتە سەرتانسەری گۆی زەوی و بەرەی شەڕ بە پانایی هەموو جیهان دژ بە دوژمن بکاتەوە. بەپێچەوانەی ناپولیۆن، سنۆباڵ پێی وابوو ڕێگای چارەسەریی کێشەی دوژمن، پەرەپێدانی شۆڕشی جیهانیی ئاژەڵانە لە ڕێگای ناردنی کۆترانی خۆش خەبەر. سنۆباڵ دژ بە بیری شەڕی چەکداری و ناردنی هێزی نیزامی بۆ سەر دوژمن بوو. ئەو پێی وابوو لەبری ناردنی هیزی چەکدار و بەرپاکردنی ئاگری شەڕ، ئەگەر کۆترانێکی زۆرتر و زیاتر بەرەو مەزراکانی سەرتانسەری جیهان ڕەوانە بکرێت، ژیرانەترین ریگایە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ئاژەڵان و تێکشکانی بەرەی ستەمگەر .

سنۆباڵ لە بەرامبەر بۆچوونەکانی ناپولیۆن دا ڕاوەستا و گوتی:

ـ ... کۆترانی هەڵگری پەیامی ڕزگاری دەتوانن بەبێ ترس و تەقێ، هەموو سنووران ببەزێنن و بە ئاسمانی هەموو کێڵگەکانی سەرزەویدا باڵ بکەنەوە و پەیامی ڕابوون و ڕاپەڕین بەگوێی یەک یەکی ئاژەڵان دا بخوێنن؛ ئەودەمەی کە ئاژەڵی چاوکراوە بە ڕێگای خەبات ئاشنا بوو، ئیتر موتوری ڕاپەڕین ڕۆشن کراوە و دوژمنی ستەمگەر لەبەر دەرگای خۆیدا قرخەبڕ کراوە. دوژمن، کە دەستی لە تەختە بەستراو و هیچ دەسەڵاتی پێ نەما، ئیتر هیچ نیازێکمان بە هێزی خۆشبەزی نیزامی و دەست و چەک و مەیدانی شەڕ نامێنێت.

لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی دوو سەرکردەی نالێکی مەزرا دا، ئاژەڵ لە باری بۆچوون و لێکدانەوەی گرفت و کێشەی نزیک و دوور دا، گورچیلەیەکی یەکجار پەل و تەسک و ناسکیان هەبوو. هەربۆیە، هەر بایەک لەهەر لایەکەوە بە قەوتر و تیژتر بەسەریاندا گوزەری کردبایە، بە هەوای ئەو بایە دەلەرین. واتە هەر کاتێک کە ناپولیۆن بە گوڕ قسەی بۆ دەکردن و تینی دەدان، بە تێکڕا دەبوون بە ڕێڕەوانی ڕێبازەکەی ئەو و، کاتێکیش کە سنۆباڵ وادە و بەڵێنی شیرینی دوا ڕۆژی پڕ لە کامەرانی پێدەدان، بە دەنگی ئەو دەگەشانەوە و دەنگی بەهبەهە و چەهچەهەیان گوێی عاسمانانی دەڕووشاند.

پاش چەندێک، سەرەنجام سنۆباڵ نەخشەو گەلاڵەی ڕەسم کراوی ئاشی بای کۆتایی پێ هێنا و قەرار داندرا لە کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوودا بیخاتە بەر ڕۆشنایی و دەنگی دانیشتووانی مەزرای بۆ وەرگرێ و چارەنووسەکەی لە ڕێگای دەنگەوە دیار بکرێت.

یەکشەمە داهات و نیشتەجێیانی مەزرا بەتێکڕایی لە هۆڵی گەورەدا کۆبوونەوە. زۆری نەخایاند سنۆباڵ هات و بۆ ڕوونکردنەوەی هەست و نیستی پرۆژەکەی، دەستی بە قسە کرد، بەڵام هەر لە سەرەتاوە و لە گەرمەی قسە دا، جەماعەتی مەڕ و بزن و نێری و بەرانان چەند جاران بە ئەنقەست دروشمیان دەست پێکرد:... چوارپێ خاس و دووپێ پیس... چوارپێ خاس و دووپێ پیس ...

سنۆباڵ زۆر بە مەندی، گران و سەنگین لە سەر مەبەست و مەڕامەکەی بەردەوام بۆوە. هێستا بەشی یەکەمی ڕاپۆرتی

پرۆژەکەی تەواو نەکردبوو، کە ناپولیۆن بەبێ وەرگرتنی نۆرەی قسەکردن، لەجێ هەستاو لەپشت تریبوونەوە، هێدی و هێمن گوتی: ئاشی با هەوایە .

دوای دەربڕینی ئەم کورتە ڕستەیە، ناپولیۆن بە لووت بەرزی، بەرزە دەماغانە گەڕایەوە سەر جێی خۆی و بەبێ ئەوەیکە دەرخەمی بەرهەمی داهاتووی کۆبوونەوە ببێت، دانیشتەوە.

سەرلەنوێ سنۆباڵ بەرەو تریبوون داگەڕایەوە و هەر لەوێوە بەسەر جەماعەتی مەڕ و بزناندا شریخاندی، کە نەکەن بە باعەباعی بێ سوودیان، کۆڕ و کۆبوونەوەکە بشێوێنن. ئەمجار ڕوو بە جەماوەری ئاژەڵ ڕاوەستا و دیمەنی پڕ لە حەسانەوەی ژیانی دوا ڕۆژی مەزرانشینانی بە دەنگ ڕەسم کرد و گوتی:

ـ هاوڕێیان! دەسا گوێ بگرن با مزگێنیتان بدەمێ کە ئەوا دەوری کۆیلەتیتان دێ بەسەر بچێت و ڕۆژانی گەشی ڕزگاری و حەسانەوەتان لێ نزیک ببێتەوە. با پێتان بڵێم کە لەمەودوا چیدی دەست و باڵتان بە ئیش و کاری لەش تاوێن دە ژان ناچێ. ئیدی لەمەوپاش هەرچی چێندراوە بە مەکینە دەیدروویینەوە، کێڵگەکانمان بە گاسن و خێشکی ئەلەکتریکی وەرد دەدەینەوە و بەنداوەکانمان بە بێڵی کارەبایی جۆماڵ دەکەین.

هاوڕێیان! هێزی کارەبای وەرگیراو لەکارگەی ئەلەکترۆنیکیی ئاشەکەمان، هەر نەک لە چاندن و داشتن و هەڵگرتنەوە دا بەهانامانەوە دێت، بەڵکە هۆدە و هۆڵ و تەویلەکانیشمان لە شەو دا بۆ دەکاتە ڕۆژی ڕوون. لە قرچەی

گەرمای گەزۆبارێنی هاوێناندا، ئاوی ساردی کەللەتەزێن و هەوای فێنکی کەزێ بزوێنمان بۆ بەدیاری دێنێت و دەمان بووژێنێتەوە. لە چلەی زستانی پیاوتەزێن دا ئاوی شیلەوتین و هەوای گەرمی گیان بلاوێنمان بۆ بە خەڵات دێنێ و دەمان حەسێنێتەوە...

تای تەرازووی لایەنگری و پشتیوانیی ئاژەڵی دانیشتووی هۆڵی گەورە دەهات بە قازانجی سنۆباڵ قورسایی لێ بنیشێت و زۆربەی هەرە زۆری دەنگی بەشداریکەران بە سوود و قازانجی ئەو بدرێ، بەڵام هەر لەودەمە دا پەردەی سەبر و قنیاتی ناپولیۆن پچڕا و زریکە و فیشقەیەکی سەیر سامناکی بە دەمدا گەڕا، زریکە و فیشقەیەکی کە هەتا ئەودەمە بە گوێی هیچ ئاژەڵێکی مەزرادا نەچوو بوو. ئاژەڵ هەروا سەخۆش و سەرمەستی سەیرانی ئەو دیمەنە خەیاڵاوییە بوون کە سنۆباڵ بە دەنگ بۆی ڕەسم کردبوون. کەچی لەپڕ و ناگەهان نۆ سەگی چاوسووری گورگ خنکێن، کە قەلاتەی زەردی بزمارڕێژیان لە مل دا بوو، بە پۆل ڕژانە ناو هۆڵی مەزن و یەکڕاست شاڵاویان بۆ سنۆباڵ برد. هێرش و پەلاماری نۆ سەگی چاوسوور، هەر ئەوندە کوتوپڕ و دوور لە چاوەڕوانی بوو، کە ئەگەر سنۆباڵ ئاهێک درەنگتر جووڵابایەوە، بێشک لە چاوترووکانێکدا ورگی لە بەر یەک بڵاو دەکرا. بەڵام هەر ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو، سنۆباڵ لە بەرامبەر چرای چاوی چڕ داپچڕاوی هەموو ئاژەڵی مەزرا دا، بە چالاکی بزووت و لە هۆڵی مەزن دەرپەڕی. نۆ سەگی چاوسووری یانیگر بەشوێن پێی ئەودا غاریان دا. سنۆباڵ بەهەموو توانای لەش و بەهەموو بڕستی شان و قاچەکانی، بە نێو مێرگ و زەمەندی

مەزرای ڕەنگیندا ئەوتۆ غاری دا، کە ئەو هەلینگدان و ڕاکردنە هەر بەس لە بەرازێکی وەک خۆی دەوەشایەوە. سنۆباڵ لە گەرمەی ڕاکردن دا، لەپڕ هەڵخلیسکا. چاوی سامگرتووی مەزرانشینان ترووسکەی ترسی پێدا گەڕا. هەموویان بە تێکڕا خورپەی ئەوەیان کەوتە دڵ، کە نەکا کەڵپی تیژی نۆ سەگی خوێنخۆر بگاتە جەستەی سنۆباڵ و خاکی پاکی مەزرای سەربەست و سەربەرزیان بە خوێنی هاوڕێیەک ئاڵ ببێت.

سنۆباڵ کەوت و هەستایەوە و توندتر و توندەپێ تر لە پێشوو، ڕێی دەرەوەی مەزرای گرتە بەر. سەگەکانیش تاویان بە پێ دا و لە پاش سەری دا بەهەموو تواناوە بۆی چوون. یەکێک لە سەگەکان هەر ئەوەندەی لێ نزیک کەوتەوە، کە زۆری نەمابوو دەمی بگاتە پاشووی و قەپی پێدا بگرێت. سنۆباڵ گەیشتە حاستی پەرژینان و سەگەکان ڕاویان لێ دابەشێوە و هەر یەک لە بەرێکدا پەلاماریان بۆ برد. سنۆباڵ زۆر ئازایانە خۆی بە پەرژین دا کرد و بەنێوبەندی پنچک و دەوەن و دڕکی تیژی پەرژینانداا دەربازی ئەودیوی مەزرا بوو و بۆی دەرچوو.

ئاژەڵ، سەرکز و کەیل و خەمناک بەرەو هۆڵ داگەڕانەوە و چی پێ نەچوو نۆ سەگەکانیش بە چەقڵەسەماکردن گەڕانەوە.

هەڵقولێنی کوتوپڕی نۆ سەگی چاوسووری ئاژەڵدڕ، کارەساتێکی مەزن گران بوو، کە کەللەی مەزرانشینانی بە تەواوی تاساند. لە ڕاستیدا سەگەکان لە دوو سۆنگەوە کەوتنە بەر تووک و جوێن و نفرینی ئاژەڵی ژێرای مەزرا،

یەکەم کە دوور لە ئاوەدانی و بەدانستە بەخێو کرابوون و لە نێو کۆمەڵگای لەمێژ ئاشنای ئاژەڵاندا وەک بیانی و غەوارە دەهاتنە بەر چاو، دووەمیش کە بە مەبەستی سەرکوتانەوە و داڕوخاندنی کەسایەتیی ئاژەڵ، بە خوێنمژتن و هەڵدڕین عاملێندرا بوون .

نۆ سەگەکان، هەرچەند کە هەر توتکە بوون و هێشتا ساڵەوەختینەی لە دایکبوونیان نەهاتبۆوە، بەڵام لە سای تەڕ بەڕێچوون و زۆر خواردن دا ئەنگڕا بوون. بە جەستەی درشت هەڵکەوتە و بە قەڵافەتی بەسامیانەوە، هەر نۆیان دەتگوت نۆ گورگی کیوین .

سەگەکان لە ڕاو و ڕەپێنان گەڕانەوەو بەکلکەسووتەو ملە لەقە، هاتن و لە چوار بەری ناپولیۆن دا هەڵتووتەکان. کلکە سووتە و فەرمان بەڕێوەبردن و گوێ لە مست بوونێک، کە دەور و سەردەمی جۆنزی دەخستەوە بیر و یادی بینەرانیەوە.

هەرکە ئاژەڵ لەسەر جێ دامەزرانەوە، ناپولیۆن بۆ قسەکردن کەوتە سەر هەر ئەو سەکۆیە، کەوا لە شەوە مێژووییەکەی بەر لە شۆڕش، پیرەمایۆر بانگەوازی شۆڕشی بە گوێی ئاژەڵدا خوێند بوو .

ناپولیۆن هەر ئەودەم ڕایگەیاند کە لە داهاتودا، ڕۆژانی یەکشەمە کۆبوونەوەیان نابێ و دەبێ ئەمە فەراموش بکرێت. هەروەها ڕایگەیاند کە بەرنامەی ئیش و کاری هەفتانەی ئاژەڵ، لە لایەن کۆمیتەی کارگێڕی سەر بەسەرکردایەتییەوە ئامادە دەکرێت و هەموو ڕۆژانی یەکشەم، دوای هەڵکردنی ئاڵا و خوێندنەوەی سروود، بە گوێچکەی کرێکارانی مەزرا دا

دەخوێندرێت. هەر ئەودەم، ناپولیۆن بەئاشکرا پەسندکردن و بەرپەرچدانەوەی هەموو بڕیاراتێکی کردە هەنگوستیلەیەک و ئەویشی دە قامکە چکۆڵەی خۆی کرد و گوتی:

ـ ...گوێچکەتان بکەنەوە و بیخەنە مێشکتانەوە، کە ئا لەم کات و ساتەوە، بەهیچ هۆ و سەبەبێک، هیچ ئاژەڵێک بۆی نییە خۆ لە قەرەی هەڵوێستەکانی سەرکردە و سەرکردایەتی بدات و زمانی ڕەخنە لە دەمدا ببزوێنێت !

ڕاونانی سنۆباڵ لەلایەک، لەبەرێکی ترەوە هەڕ و گیفی ناپولیۆن، جەرگی ئاژەڵی بە چەشنێک ئەنجن ئەنجن کرد، کە هەتا ماوەیەک نووزە لە هیچ لایەکەوە نەهات. باکسەری داماو، بە ئەوپەڕی خەمناکییەوە چەندجاران سەر و سەکوتە پرچنەکەی ڕاتڵەکاند و هەوڵی دا بەڵکەم بیر و خەیاڵی شێواوی تۆزکاڵێک کۆ بکاتەوە و هۆکاری ئەم ڕووداوانە بخوێنێتەوە، کەچی بۆی نەکرا و نەی توانی.

لە بەرەوەی هەموو ئاژەڵاندا، لە ڕیزی هەرە پێشووی دانیشتوانی هۆڵی مەزن دا دەستەی فەرخە بەرازان دانیشتبوون. چەندێک لەوان هەستان و لەمەڕ زۆرداری و غەدری ڕووت و ئاشکرای بەرچاویان هاوارێکیان کرد و بە تووڕەیی فیشقاندیان. بەڵام هەرکە دەنگی هاواریان لە ژێر گرمە و چەق و لووری نۆ سەگی چاوسوور دا بزر بوو، ئیدی ئەوانیش ترسان و دەنگی جوابەجەنگییان سرەوتەوە. بەتایبەت هەرکە لەو دەمەشدا دەنگی دروشمی مەڕ و بزنەگەلان لە هۆڵی مەزندا دەنگی دایەوە، ئیتر دەنگی پەڵپ و گڕنەگرتن و ڕەخنە و سکالاکردنیش خەوتەوە.

دەنگی دروشمی(چوارپێ خاس و دووپێ پیس...)ی بزن و مەڕی سەربەڕێ ماوەیەک هات، هەتا سەرۆکی تاک و تەنیای بەرزی بێ هاوتا، واتە ناپولیۆن پەنجەی هەڵبڕی و بێدەنگی بە ژوورەکە داگەڕاندەوە. سەرۆک ڕووی دەمی لە ئاژەڵ کرد و گوتی:

ـ لەمەو دوا، ڕفیق سکوەلەر وەک پەیک و پەیام هەڵگری دەزگای سەرکردایەتی دێتە نێوتان و فەرمانی سەرکردایەتیتان بەگوێ ڕادەگەیەنێت.

هێشتا فەرمان لەدەمی ناپولیۆن دا نەکەوتبوو، کە سکوەلەر خێرا هاتە سەر سەکۆ و دەستی پێکرد:

ـ هاوڕێیان! ئاژەڵانی بەرز و بەڕێز!... من لێم سوور و ڕوون و ئاشکرایە کە هەر ئێستا دەروازەی دڵی یەک یەکی ئێوە، بەمیهرەبانی و ڕێزەوە بە ڕووی ڕەفیق ناپولیۆن دا کراوەتەوە و دەستی پشتیوانیتان ناوەتە ناو دەستی سەرۆکێک کە تاقانە سەرۆکە و باری گرانی ڕێبەرایەتیی لەسەر شانە.

هاوڕێیان! نەکەن پێتان وابێ ڕێبەرایەتی و پێشەوایەتی خۆشاو مژتنە! نەخێر ئەی گەلی دۆست و برا... نەکەن ئەو ئەرکە قورس و گرانەی کە وا لەسەرشانی سەرۆک ناپولیۆنە، بەدەستی کەمی بگرن و پێتان وابێ سووک و سانییە!... نەخێر وا نییە و بەین و بەینەڵلا، هەتا حەز بکەن گرانە و هەتا بیخوازن سەختە و هەتا بتانەوێ دژوار و پڕ دەردی سەرە.

ڕەفیقان! لە مەزرای ئاژەڵاندا، هیچ گیانلەبەرێک بە قەردایە ڕەفیق ناپولیۆن حەز بە یەکسانی و بەرامبەری و برایەتی ناکات. هەڤاڵ ناپولیۆن بە دایم خەون بەو ڕۆژەوە

دەبینێت کە ئەی خودا ڕۆژێک داهاتووە و مشووری ئاژەڵی مەزرا بە ڕادەیەک بەرز بۆتەوە، کە هەر کەس چارەنووسی خۆی دراوەتە دەست و ئیتر نە سەرۆک ماوە و نە سەردار. ئەوا ئیمڕۆکەش سەرۆکمان بۆیە ئەو گشتە ڕەنج و ئەزیەت و ئازارە بە خۆیەوە ڕەوا دەبینێت و، بۆیە دژ بە ملۆزمە و مافەتە و دایک گەرای شاراوە و ئاشکرای مەزرا دەوەستێت، هەر بەڵکو ئەو ڕۆژەتان زووتر بۆ بگاتێ. سەرۆکمان بەچاوێکی کراوەی جیهان بینەوە سەیری سەرو ژێران دەکات و، بەنرخ و ڕەسەنەکان هەڵدەبژێرێت و بژارەکان هەڵدەوەژێرێت، هەر بەشکەم ئەو ڕۆژە گەشەمان زووتر بۆ دابێ.

ئازیزان! ڕەنگە هێستایش هەندێک لە ئێوە، خەونە زێڕینەکانی سنۆباڵ ـ تان بڕوا پێکردبێ و پێتان وابێ ئەو ڕاکردووە، خەمخۆر و جگەسۆزەی مەزرانیشینان بووە. بەڵام بۆ دەرخستنی ڕاستی، با پرسیارێک بکەین و بپرسین کە ئایا ئەوە کێ و چ کەسێک بوو پیلانی چەوت و چەپەڵی سنۆباڵی دەرخست؟... با بپرسین و بزانین کە ئەمە چاوی وردبینی کێهە خاسە پاڵەوانێک بوو، کە جێ پەنجەی پیسی نەیارانی ئەم ئاژەڵستانەی دۆزییەوە؟.. بەڵێ یارانی گیانی، با گشت لایەک بزانن و خەبەردار بن کە ئەم ناسین و دەرخستن و پاڵاوتنە دڵی گەرم و چاوی مووقەڵێشی گەرەکە، کە بەختیارانە سێبەری ئەوتۆ پێشەوایەک لە بانی سەرمانە و هەتاوی درەخشانی ئەو سەرۆک و سەردارە هۆی بوژانەوەمانە.

دۆستانی هێژا! کێ بزانێ چ داهاتوویەکی ڕەش و تاریکمان لەبەر دەم دا دەبوو ئەگەر سنۆباڵ چنگوڕکی لە ئەوکمان گیر کردبایە! بەڵێ هەر ئەو سنۆباڵەی کە هەر ئێستێکە دەگەڵ مرۆڤی ستەمگەر کلکی لێک هاڵاندووە و تەماحی نەبوونمان دەکات...

یەکێک لە دانیشتووان گوتی:

ـ ئایا سنۆباڵ، هەر ئەو سنۆباڵە نەبوو کە لە شەڕی هۆڵی مانگایان دا وەک تێکۆشەرێکی ئازا و دڵسۆز، گیانفیدایانە شەڕی کرد و بەرەی مرۆڤی تێک شکاند؟

سکوەلەر لە وەڵامدا گوتی:

ـ ڕەفیق گوێ بگرە با پێتی بڵێم! گیر و گرفتی ئێمەی ئاژەڵ، بە پاڵەوانبازی و مەیدانداری چارەسەر نابێ!... سەر لە ڕێ بوون و لە پێناو فەرمان مردن بایەخی هەس هەواڵ!... بەڵام با ئاماژەیەکی سەرپێیش بە شەڕی هۆڵی مانگایان بکەین کە ئەوەک بە ڕوانین و سەیری ساکارانە، تووشی هەڵەیەکی زلتر ببن... بەپێی بەڵگە، لە شەڕی هۆڵی مانگایاندا سنۆباڵ جگە لە بڵاوکردنەوەی بانگەشەی بێ ناوەرۆک، ئەو شەڕوانە تێکۆشەر و ئازایە نەبوو، کە ناوی بکەوێتە سەر زمانان... بەڵێ وردە بابەتی شاراوە زۆرن و بە کاتی بەجێ و بەرەبەرە بۆتانی ڕوون دەکەینەوە، بەڵام هاوڕێیان سەرنجتان بەرەو ئەم گرنگە ڕادەکێشم کە لەمەودوا ئەرکی هەرە مەزنی سەرشانتان، بەڕێوە بردنی نەزم و زاکونێکی پۆلایینە و کەس بۆی نییە هەنگاو بە لاری دابنێت و یاسا بشکێنێت، چونکە لەژێر لێفەی بێ سەرە و بەرەیی دایە کە دوژمن گەرای ڕازاتاڵی خۆی دەگورێنێ.

ئەی هاوڕێییان! یەقین و سەد جاریش بەڵێ، ئێمەی سەرکردەش دەزانین کە ئێوەی هێژا بەگیان و دڵ هەوادار و ئەویندارى یاسا و قانوونن، چونکە قەت ناخوازن جۆنزی ملهوڕ بگەڕێتەوە .

ئەوا ئەمجارەیش گەڕانەوەی جۆنز کرایە خاڵێک و لە ئاخر دێڕی فەرمانی سەرۆکایەتی دا داندرا. ئاژەڵیش هەر ئەودەم دەستیان لە مل دا و لە دڵدا گوتیان ئەگەر فڕ و فیکی بەردەوامبوونی کۆبوونەوەی ڕۆژانی یەکشەم ، گەڕانەوەی جۆنزی بەدوا دا دێت، هەرنەک هیچ کۆبوونەوەیەک ئاواتی دڵیان نییە، بەڵکە لێیشی بێزارن و نایخوازن. هەر ئەودەم ئاژەڵ بەتێکرا هاواریان کرد و گوتیان:

ـ ... ئەگەر کۆبوونەوەی ڕۆژانی یەکشەم، گەڕانەوەی جۆنزی بەدوا دا دێت، ئەڵبەت هیچ ئاژەڵێک مەیل و ئاواتی هیچ کۆبوونەوەیەکی بە دڵدا نایە، بەتایبەت کە لەوانەیە فڕوفیکی ئەو دانیشتنانە جۆنزی ستەمگەر بگەڕێنێتەوە.

باکسەر، کە پێی وابوو تۆزکاڵە ئەهوەنییەکی بە دەراوی مێشکی دا گەڕاوەتەوە، پاش چەند جار پڕماندن و سەر ڕاتلەکاندن، گوتی:

ـ ئەگەر ڕەفیق ناپولیۆن بە قانون و یاسای نوێ دەمان بەستێتەوە و جغزی پارێز و پاوانی نوێمان بە دەور دا دەکێشێت، بەڵێ ئێمەیش لەمەو دوا دەس لە مل دەدەین و دەڵێین، ئەوەی ڕەفیق ناپولیۆن دەی بێژێت، سەربەسەر ڕاستە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە، دروشمی (من پتر کار دەکەم و ئەوەی ڕەفیق ناپولیۆن دەی بێژێت سەر بە سەر ڕاستە)، بوو بە دروشمێکی تایبەت و لە دەمی باکسەر نیشت.

بەرەبەرە بەفر و سۆڵی زستان بای بەهاری پێدا گەڕا و موچڕ و دێبەری مەزرا زیندوو بوونەوە و کاتی توو پرژانیان هاتەوە. دەرگای ژووری کاری سنۆباڵ، کە نەخشەی ئاشی بای بە یادگار تێدا جێ مابوو، قایم قەپات کرابوو. تەنانەت ئەو زەمزەمەیەش بە ژێر لێواندا دەگەڕا و دەگوترا کە گۆیا ناپولیۆن نەخشەی ئاشی بای لەسەر تەختەبەندی ژوورەکەدا سڕیوەتەوە و ئاسەواری لێ نەهێشتووە.

هەر لە سەروبەندی ئەم هەرایەدا بوو، کە لە سەر ئەمر و فەرمانی سەرکردایەتی، کەللەسەری پیرەمایۆر، کە ئێسقانێکی کرووزی قرپۆکی لێ مابۆوە، لە گۆڕ هێنایەنەوە دەر. کەللەسەریان لەسەر کۆتەرە دارێک و لە ژێر ئاڵا دانا و تفەنگەکەشیان لە لاشانی کەللەسەر و ئاڵا دا هەڵواسی. قەول و قەراریشیان دانا، هەموو ڕۆژانی یەکشەم، هەرچی ئاژەڵی لە مەزرا دایە، لە ماڵ بێتەدەرێ و لە بری مەزنە ئاهەنگی ناو هۆڵی مەزن، لە گۆڕەپانەکەی مەزرا، لە بەرامبەر کەللە سەر و چەک و ئاڵا دا سەر دانەوێنن و بە کرنۆش ڕاببرن.

نەزم و زاکوونێکی کە سکوەلەر بۆ ئاژەڵی مەزرای دەسنیشان کردبوو، تەنانەت لە دانیشتنی ناو هۆڵی گەورەشدا خۆی دەنواند. لە دانیشتنەکاندا، ناپولیۆن لە سەر سەکۆی بەرز و بڵند دادەنیشت. سکوەلەر لە شانی ڕاستی و، بەرازێکی وێژەوانی بارەگا بە ناوی(مینی ماوس)، لەبەری

چەپی سەرۆک دادەنیشتن. نۆ سەگی چاو سووری مل بە قەلادەی بزمار ڕێژیش، هەر وەک خەرمانەی دەوری مانگ، دەور و بەری سەرۆک و سەردارانیان دەگرت. لە پشت سەری ئەوانیشەوە، بەرەی بەرازان بە ورد و درشتەوە دادەنیشتن .

لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانیش دا، ناپولیۆن بە دەنگ و هەوایەکی ئاماڵ تووڕەوە ئەمری دەکرد بەرنامەی کاری هەفتەی داهاتووی کرێکاران بخوێندرێتەوە و کرێکارانیش لە سەریان بوو، لە وەرامی سەرۆک دا سروودی ئاژەڵان بخوێننەوە .

لە سێیەمین یەکشەممەی دوای دەربەدەرکردنی سنۆباڵ، لە دانیشتنێکی تێکڕایی دا، بە گوێیان دا خوێندرا و گوترا کە گۆیا سەرۆک ناپولیۆن بەنیازە پڕۆژەی ئاشی با بە دەستەوە بگرێت. دەرچوون و بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵ فەرمانە، سەری ئاژەڵی سەیر سەتحی کرد و چرپە و سرت و خورتێکی سەیری لەمەزرا دا پێک هانی. سەرسووڕمان و چرپەچرپی ئاژەڵ لەو سۆنگەیە بوو کە دەیانزانی سەرۆک ناپولیۆن لە ڕابوردوو دا، هەر نەک قەت هیچ دەروویەکی بەخێری بە ڕووی پڕۆژەی ئاشی با دا نەکردبۆوە، بەڵکە ئەوەندی توانیبووی و ئەوەندەی پێی کرابوو، دەستی لێ وەشاندبوو.

لە واتەوات و دەمگۆی ئەم و ئەوانێکیش دا دەبیسترا کە گۆیا ئەوە پێشنیاری ئەندامانی پایەبەرزی سەرکردایەتی بووە کە لەبەر دەم سەرۆک داندراوەو سەرۆک ناپولیۆنیش دوای ئەوەی کە نەخشە و پلانی میکانیکیی کارگاکەی ئاشی بای چاو پێداخشاندووە، بۆی دەرکەوتووە هەنگاوێکی بەنرخە و دەی هێنێ دەست و باسکێکی بۆ ماندوو بکەن.

چی پێ نەچوو، هەر لە گەرمەی ئەم حەیت و حووتەدا، سکوەلەر هات و پایامی سەرۆک ناپولیۆنی پێ ڕاگەیاند و گوتی:

- هاوڕێیان! سەرجەمی کاری پڕ ژانەسەرمان بۆ سازکردنی ئاشی با، هەربەس دوو ساڵی کورت و کەم دەوام دەبێ. ئەوەی کە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا لە ئێوەی داوا دەکرێت، لەخۆ بردوویی و ماندووکردنی شان و باهۆی پۆلایین و دڵی گەرمی ڕەفیقانەتانە و بەس. دیارە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا، لەوانەیە سەرەڕای ئیش و کاری گران، تووشی کۆسپ و ئاستەنگی تریش ببین... بێ تفاقی و بێ بژیوی سەرمان لێبدات... بەدوور نییە هەرەوەز و زێدەکار و گیانفیدایی زیاتریشمان لێ داوا بکرێت و تەنانەت برسیایەتیش بەری دەرگامان پێ بگرێت، بەڵام هەرکە درەختی ڕەنجی باڵ و باسکمان بێتە بەرهەمدان و دارمان بەر بگرێت، ئیتر لەسای دەحەسێینەوە و تۆڵەی هەموو شتێکمان بۆ دەکرێتەوە.

چەند ڕۆژ بەدوای ئەو پەیامەدا، لە دانیشتنێکی خۆماڵیانەتر دا، سکوەلەر هات و گوتی:

- ڕەفیقان! هەروەکی ئێوەیش شارەزان و دەزانن، ڕەفیق ناپولیۆن لە ئاستی هەر پێشنیار و بەرنامەیەکی کە حەسانەوەی گشتی و ئاوەدانیی مەزرای لە باوەش دا بووبێ، هەر نەک قەت دژ و نالێک نەبووە و نابێ، بەڵکە بەدڵ حەزی پێی دێت و بە گیانیش تامەزرۆیەتی. بۆ وێنە، ڕەنگە ئێوەیش بزانن کە سەرۆک هەر لە سەرەتاوە لایەنگرێکی دڵسۆزی پرۆژەی ئاشی با بووە و ڕەنجی بۆ کێشاوە. ئێوە هەر خۆشتان ئاگادارن و دەزانن کە نەخشە و پلانی ئاشی با، بەرهەمی

شەونخونی و هەوڵی بێ وچانی سەرۆک ناپولیۆن بووە، بەڵام سنۆباڵی دەسپیسی نمەک نەشناس، نەخشە ئامادەکراوی لە ژووری کاری سەرۆک دەرکێشاوە و بەنیاز بوو بە ناوی خۆی بیقەبڵێنێ... بەڵێ ئازیزان!... بەڵێ ئەمە بوو سنۆباڵ!...لەوانەیە هەندێکتان پێتان وابێ سنۆباڵ ئەم گشتە زانست و زانایییەی لە کۆشی دایکی دەرکێشابێت... نەخێر هاوڕێیان ...

یەکێک لە دانیشتووان کەوتە نێو قسە و لێی پرسی:

ـ ئەگەر ڕەفیق ناپولیۆن ئەوەندە ئەڤیندار و جگەرسۆزەی بەرنامەی ئاشی با بوو، ئەی مانای بەچی بوو، کە ئاوا ئەوتۆ دژ بە بەرنامەی سنۆباڵ ڕاوەستا؟ !

سکوەلەر بەچاوێکی تیژی پڕ لە کین و تووڕەییەوە سەیرێکی هاودەنگەکەی کرد و گوتی:

ـ هاوڕێ! جەوهەری سیاسەتی سەرۆک هەر لە وەرامی ئەم پرسیارە دا خۆی دەبینێتەوە... بەڵێ!... بەربەرەکانی و بەرپەرچدانەوەی بەرنامەی سنۆباڵ بۆ ڕادانی ئەو بوو، نەک بۆ لێدانی گیانی کار و بەرنامە... بەڵام هاوڕێ!... تۆ و هەموو ئەوانەی کە خاوەنی ڕوانگەیەکی تەسک و کاڵ و کرچن و بەداخەوە کورت بینن، لە تواناتان دا نییە شاراوە و نهێنیەکان بە تەواو ماناوە ببینن... بەڵێ! گەلێک لە ئێوەیش سنۆباڵتان بۆ نەناسرابوو... نەتاندەزانی چ دێوەزمەیەکی چەوت و چەپەڵی لە دەروون دا خەوتووە. دێوەزمەیەک، کە بنەمای کار و بەرنامەکەی لەسەر گێرەشێوێنی و ئاژاوەچێتی دامەزرا بوو. بەڵام بەختیارانە هەر ئێستێ ئەو ملۆزمەتان بۆ ناسرا، بۆیەش ڕپاڵتان نا و دەرتان فرتاند. هەربۆیە دەبێ

هیواداریش بین کە سازکردنی ئاشی با، بە لێوانە و چەشنی ئاو خواردنەوەیە...

بەڵێ هاوڕێیان، هەڵوێستی ڕەفیق ناپولیۆن، بۆ ڕادان و دەرفرتاندنی سنۆباڵ، پێی دەگوترێ تاکتیک... بەڵێ تاکتیک ! »

هەرچەند کە ئاژەڵی سەرلێشێواوی تەویلەنشین بە قەدرایە دەنکە جۆیەکیش لە مەبەستی سکوەلەر و لە مانای تاکتیکەکەی تێنەگەیشتن، بەڵام لە ئاکامی پێداگرتنی ئەو و کەڵپ و ددان نیشاندانی بەسامی نۆ سەگی چاوسووری سەرکردایەتی، ئیتر هەموو شتێکیان پێ گەیشت و باش تێگەیشتن و بۆیان دەرکەوت کە قەراغ کێشانی ئەو بابەتە قەستی سەرە و بەدوا دا چوونی باسی سەر.

هەربۆیە، سەربەسەری ئاژەڵ بەبێ دەربڕینی هیچ (چلۆن) و (بۆچی) و (ئەرێ)و (نەرێ)یەک، بەند بە بەندی دەستوور و فەرمانەکانی سەرکردە و سەرۆکەکانیان سەلماند و ملیان دا.

******

## ٦

ئیتر ئاژەڵی ڕەنجبەر، هەر بەچەشنی کۆیلە بە سۆغرە گیران و بەبێ سرەوتن دەکار کران. بەڵام بەهەموو ئەزیەت و ئازاری کە دەیانکێشا و بە تەواوی تاڵی و سوێریی کە دەیان نۆشی، لە هیچ چەشنە هەوڵدان و گیان بەختکردنێک خۆیان نەدەبوارد، چونکە پێیان گوترابوو: ئەگەر ڕەنجە، لە بۆ خۆیانی دەکێشن و ئەگەر دەردە، لە بۆ خۆیانی دەبینن. دە مێشکیان کرابوو کە ئەوە بەرهەمی کوێرەوەریی خۆیانە بۆیان دەبێتە سامان و لەبەری دەحەسێنەوە.

بەرنامەی کاری دوو ورزی بەهار و هاوینیان شەست سەعات کاری بێ پشوودان لە هەفتەدا دیاری کرا. لە مانگی ئووت دا، پێیان ڕاگەیەندرا کە لەمەو دوا، پاش نیوەڕۆیانی ڕۆژانی یەکشەمەش کار هەیە بۆ کردن ئەگەر کرێکار بیکا، بەڵام دەگەڵ ئەم فەرمانە ئامازەیەکی لاوەکیشیان بەگوێی کرێکاران داخوێند و گوترا کە هەر کرێکارێکی کە دەمی خواردن و لەوەڕی هەیە، ئەگەر خۆی لە کاری پاش نیوەڕۆیانی یەکشەمە ببوێرێت، تفاق و بژیوی ڕۆژانی یەکشەمەی لێ نیوە دەکرێت.

کاری هێزپروکێنی ئاشی با، ئارەزووی حەسانەوەی لە دڵدا گوژتن و گەلێک ئیشی پێویستیشی لێ خەواندنەوە. خەرمان و جێخوونەکانیان بە ئارتەقای جاران دەغڵ و دانی لێ هەڵنەگیرایەوە. دانەوێڵە و زمهەریان کەمایەسی هێنا.

دوو پەڵە زەوی کە بۆ داچاندنی چەوەندەر دەسنیشان کرابوون، بەهۆی بەسەرچوونی کاتی کێلانیان، دانەچێندران و بە بەیاری مانەوە. کەم و کوڕی لە زەرعات و لە بەرهەمدا مەترسی هەرەسێکی گرانی لە دەمدا دیار بوو. ئەوتۆ دەهاتە بەر چاو کە زستانێکی پڕ لە نەداری و ناشکواییان لە سەر ڕێ دابێت.

هەر لە دەسپێکی دانانی یەکەمین بەردی بناغەی ئاشی بادا، تووشی گەلێ کۆسپی چاوەڕوان نەکراو هاتن. لە مەزرادا کسڵ و زیخ و چەوێکی زۆریان هەبوو. هەروەها چیمەتۆشیان بەو ڕادەیە هەبوو کە بکرێ شورەی ئەستوری ئاشەکەیانی پێدابرێژن، بەڵام ئیشی هەرە گران و کوسپی زێدە حەستەمی سەر ڕێگەیان، شکاندن و لەت و پەت کردنی تاشەبەردی داوێنی گرد، هەروەها هەڵکێشانیان لە خوار بۆ سەر بوو. دەبوایە گابەردەکان دانە دانە بەچەشنێک داتاشن، کە نەزمی ڕووکاری دیوارەکە تێک نەدات، واتە دەبوایە بیچمی بەردەکان هەشت سووچ دابتاشرێن. بۆ ئەنجامی هەمووی ئەم ئەرکە گرنگانەش، ئەسباب و ئامرازی کاریان پاچ و قولینگ و مەلغەی ئاسن بوو، کە ئەم کەرەسانەش پڕ بە قالبی دەستی مرۆڤ ساز کرابوون و دەگەڵ دەست و باسکی ئاژەڵ نەدەهاتنەوە، بەڵام سەرەنجام، دوای چەند ڕۆژان ڕامان و بیرلێکردنەوە، بیرەوەندێکی زانای مەزرا چاری ئەم گرفتەی بۆ دۆزینەوە. قەرار داندرا، بۆ لەت و پەت کردنی تاشەبەری یەکجار زۆر زل و قەببە، لە هێزی کێشەری زەوی بەم چەشنە کەڵک بستێنن کە: کەڵەبەردی قورس و مەزن شریت پێچ بکەن و بە هەرەوەزێکی تێکڕایی هەتا سەردوندی

گردەکەی هەڵ بکێشن و ئەوسا لە داوێنی ڕژدی گردەکەوە جاڵەی بکەنەوە. بەمجۆرە بەرد بەرەو خوار لاتەرە ببەستێت و لە هەڵدێراندا بەرد لە بەرد بدرێت و گاشەبەردەکان تێک بشکێن.

لە دەمی هەڵکێشانی گابەرد بۆ سەر گرد، زۆرجاران دەکەوتنە تەنگانە و بە ناچار هەموویان، تەنانەت بەرازەکانیش لە پەت و گوریس دەهاڵان و بەهەموو هێز و توانایانەوە دەیان کێشا. لە کێشەوەی بەرد بۆ دانانی دیواریش، باکسەر و کلۆڤەر بە هاوکاریی بەنیامین بەردیان بە داشقە بۆ سەرگرد دەبرد.

ئاخر ڕۆژەکانی هاوین دەهات تێپەڕێ؛ بەرد و کوچکێکی زۆریان لە سەر پشتی گردەکە کۆ کردبۆوە و لە یەکەم ڕۆژی پایز دا، لەژێر چاوەدێریی ڕاستەخۆی بەرازان دا، یەکەمین بەردی بناغەی ئاشەکەیان دامەزراند.

لە سەرەتای پایز دا، قۆڵی یارمەتییان لێ هەڵماڵی و دەستیان بە دانانی دیواری ئاشی با کرد. بەڵام بەهەموو خۆ بە دار و بەرد دادانێک و بە تەواوی هەوڵ و تێکۆشانی لە ڕادەبەدەریان، کارەکەیان زۆر بەکزی بەرەو پێش دەچوو. گەلێک ڕۆژان، لە هەندەهەندی بەیانەوە هەتا بەرەبەری خەوتنان، ڕۆژەکەیان بە هەڵکێشانی گاشەبەر و گلۆر کردنەوە دەبردە سەر، کەچی بەردی سەرسەخت بەبێ تەڵەزم لێ هەڵبوون، هەتا خوار گرد لاترەی دەبەست و نە دەشکا. لەم کارانەش دا، بەبێ هیمدادی باکسەر هیچ ئیش و کارێک بە ئاکام نەدەگەیشت. چونکە هێز و توانای بەکسەر بە تەنێ، بەرامبەری وزە و هێزی سەرجەمی ئاژەڵی مەزرا

دەهاتەوە. هەربۆیە، هەتا گاشەبەردێکی گران لە کەندێکی داوێنان دەگیرسا و دەهات هەموو ئاژەڵی لە پەت هاڵاو، یەکجێ بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت و بەرەو نەمانیان بەرێ، باکسەر بە تەنیایی لە پەت دەهاڵا و ئاژەڵ و گاشە بەردی پێکەوە ڕادەکێشا.

دیمەنی ئەودەمانەی کە باکسەر بە داشقەی پڕ لە بەردەوە، بەدم هانکە و هەناسەدانی ماندوویەتی و بە قەبرغە و لاملی ئارەق لێنیشتوویەوە ڕێی ڕژدی داوێنی گردی بست بە بست دەبڕی و دەیکێشا، دیمەنێک بوو کە هەر بینەرێک لە دیەنی حەیران دەما. زۆرجاران کلۆڤەر بەلانی خەمخۆری تێی ڕادەخوڕی و پێی دەگوت کە خۆی ئەوەندە جەزرەبە نەدات. بەڵام باکسەر گوێی بەم بایابە نەدەبزووت و لە وەرامدا دەیگوت:

ـ من پتر ئیش دەکەم... ئەوەی ڕەفیق ناپولیۆن دەیبێژێت، ئەو ڕاستە.

عەشقی کار بە چەشنێ لە کەللەی باکسەر نیشتبوو، کە بە ئیشی ڕۆژانەش ڕۆنەدەکەوت و، بۆ وەئەستۆ گرتنی کاری زیادی، بە کەڵەشێرەکەی مەزرای گوتبوو بەیانان سێ چارەگە سەعاتان زووتر لە خەوی هەڵسێنێت. هەروەها لە جەنگەی کاری ڕۆژانەشدا، ئەگەرچی دەرەتانی پشوودان بەدەگمەن دەست دەکەوت، هەتا شەیپووری وچان گرتنێکی چاوترووکانی لێدەدرا، باکسەر بەبێ وەستان،حەسانەوەی دەبەر کار دەمراند و بە تەنیایی داشقەیەکی وردە بەردی دەبردە پای بینای ئاشەکەیان.

بەهەموو دژوارییی کار و، بە هەموو باری قورسی سەر شانیانەوە، هەرکە هاوینیان لێداهاتەوە، ئاهێکی خۆشیان هاتەوە بەر. پاشەکەوتی سالانەیان لە هی سەردەمی جۆنز، ئەگەر زیاتر نەبوایە، کەمتریشیان نەبوو. ئەگەر داهات و دەسکەوتەکەیشیان کەمتر بوایە، چ خەمێکیان نەبوو، چونکە پێیان گوترا بوو ئەگەر زۆرە، هی خۆیانە و ئەگەر کەم و ناپوختەشە، هەر ماڵی خۆیانە. دە گوێیان ئاخندرا بوو کە نە ئاغا و گزیر و زۆردارن و نە ستەمکێش و دەسندەخۆری کەسیش.

ئیتر ئەو دەور و سەردەمە بەسەر چوو بوو کە ناچار بکرێن بۆ تێرکردنی پێنج مرۆی چاونەزێری نمەک نەشناس، بە شەو و ڕۆژ بچەوسێنەوەو قەتیش ڕوویەکی حەسانەوە و ئاسوودەگی نەبینن.

ئاژەڵی مەزرا، بەرەبەرە لە زۆر بارانەوە جێی دەستی مرۆڤیان پڕ کرد بۆوە. لە کاری کشتوکاڵ و ڕەنێوهێنانی بەرهەم دا هەر ئەوەندە شارەزا ببوون و بەرهەمیان هەر ئەوەندە جوان و پوخت و پاراو هەڵدەگرتەوە، کە سەردەمی جۆنز قەتی ئەم نەزم و تەرتیبە بەخۆیەوە نەبینی بوو. گرنگتر لە هەر شتێک، سەر ڕاستی و دەست خاوێنی و دڵ و دەروون پاکییەکەیان بوو. لە دەست پیسی و گزی و دزی و درۆ، ئاسەوارێک نەمابوو. پەرژین و چەپەر و شەقڵ لێدانیش لە باو کەوتبوو، چونکە گشتیان لە یەکتر ئەمین و دڵنیا بوون. هەسهەس و پۆلیس و پاسەوانیش دوکانیان تەختە کرابوو، چونکە جەردە و چەتە و ڕێگر و ماڵبڕ ئاسەواریان فەوتا بوو. بەڵام بەهەموو کارچاکی و دەست پاکی و، سەرەڕای تەواوی

سەر ڕاستی و دەستپاکی و دەروون خاوێنیشیانەوە، هەرکە هاوینەکەیان تێپەڕ بوو، کەموکوڕی و داشکانێکی چاوەڕوان نەکراویان لەبەر دەم هەڵقولی. نەوت و بزمارو پەت و تەنافیان پێویست بوو، نەیان بوو. بۆ سازکردنی نالی ئەسپان ئاسنەواڵەیان گەرەک بوو، لە دەستیان دا نەبوو. سەگەکان نانە چەورەیان نیاز بوو، لێی بێبەری بوون. کوتی کیمیاوی و بنەتوویان پێویست بوو، دەست کورت بوون. سەرەڕای هەمووی ئەمانەش، ئاشەکەیان گەلێک کەرەستە و کەل و پەلی دەویست کە بەگشتی بەرهەمی ئەو دیوی سنووری دەرگا داخراوی مەزرا بوون و ئەوان لێی بەدوور بوون.

ڕۆژێ یەکشەمە بوو. مەزرانشینان بۆ وەرگرتنی فەرمانی کار و بەرنامەی حەوتوی داهاتوویان لە هۆڵی مەزندا کۆ ببوونەوە. ناپولیۆن هات و ڕووی دەمی تێکردن و بەئاشکرایی ڕایگەیاند کە تووشی ناشکوایی و هەژاریی هاتوون و بۆ قەرەبوو کردنەوەی قەیرانی ئابووری مەزرا، ناچارن سیاسەتێکی نوێ بگرنە بەر. سەرۆک گوتی :

ـ دەمەوێ دەرگای داخراوی مەزرای ئاژەڵان بە ڕووی دنیای دەرەوە دا بکەمەوە و سات و سەودایەکی بچووک دەگەڵ بەرەی مرۆڤ دابمەزرێنم.

سەرۆک، لە درێژەی گوتارەکەی دا ئاماژەشی پێکرد کە ئەم دەرگایە تەنیا بە مەبەستی دەستهێنانی کەل وپەلی پێویست دەکرێتەوە، نەک لەبۆ تێکەڵ بوونەوە و برایەتی و دۆستایەتی. ناپولیۆن لە ئاخری پەیامەکەی دا پەنجەی بۆ

گرنگترین ئەرکی سەر شانی ئاژەڵ ڕاداشت، کە سازکردن و بە ئاکام گەیاندنی ئاشی با بێت، و گوتی:

ـ کار و بەرنامەی هەرە گرنگی مەزراکەمان بەجێ گەیاندنی پرۆژەی ئاشی باکەمانە و دەبێ سەر بگرێت. بۆ سەرکەوتنی ئەم گرنگەش، کەل و پەلێکمان پێویستە، کە لە مەزراکەماندا دەست ناکەون و ناچارین دەرگای داخراوی مەزرا بە مەبەستی سات و سەودایەکی کورت، بە ڕووی ئەو دیو دا بکەینەوە. ئێمە هەر لە سەرەتای ئەم سات و سەودایەدا هەندێک لە بەرەوێنجەێ ساڵمان دەفرۆشێن و کەل و پەلی پێویستی پێ دەکڕین. بێتو فرۆشتنی وێنجەش بەرگەی ئەم دەردەمان نەگرێ ، لە پلەی دووەمی سات و سەوداکەماندا، بە نیازم دەگەڵ بازاڕی گوندی ویلینگدۆن بێمە سەودا کردن و بە فرۆشتنی هێلکە، باری گرانم سووک بکەمەوە...

دوای کەمێک بێدەنگی. ڕووی دەمی دە باڵندەکان کرد و گوتی:

ـ ئێوە ئەی باڵندەکانی مەزرا!... ئەوا ئێمڕۆ ڕۆژی تەنگانە و قەیرانی نیشتمانە و، وڵاتەکەتان چاوی نیازی لە ڕێی کەڕامەت و لەخۆ بوردوویی ئێوەیە... دەسا ئەوە مەیدان و ئەوە ئێوە و گیانفیداییتان !

ئاژەڵ بەبیستنی ئەم هەواڵە ناخۆشە، خەجلان. گشتیان بەدڵیان داهات کە ئەم ماستە بێ موو نییە و کارەساتێکی گەلێک گران و سامناک لە ڕێدایە و هاکا هەرچی چنیویانە، لێیان هەڵوەشایەوە. بەبیستنی ئەو فەرمانە، قورسایی دەرد و مەراقێکی نادیار دڵی گوشین و تەمی خەفەتێکی سەنگین

بە سەریان دا باری. لە کانگای دڵ و لە ڕێی نیگای چاوانەوە لە یەکتریان دەپرسی: هەیاران!... ئەرێ یەکەمین شەرت و پەیمانی مەزرای ئاژەڵان دوور کەوتنەوە و لادان لە بەرەی دووپێ نەبوو؟! ... ئەرێ سات و سەودا و دەکارهێنانی پارە و پوڵ، بڵێی بە واتای لادان لە دەستووری حەوت فەرمان نەبێ؟!... هەیاران خۆ دوور ڕاگرتن لە بەرەی دووپێ و، ساتوسەودانەکردن و، دەکار نەهێنانی پوڵ و پارە و، دەرگای مەزرا بەڕووی مرۆڤدا نەکردنەوە، خاڵی پەسند کراوی خۆیان نەبوو کە لە یەکەمین ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش دا دەستیان بۆ لەمل دا؟!... ئەدی چییان لێهات ئەو بەڵێن و شەرت و پەیمانانە؟!

لەپڕ هەر ئەو چوار لاوکە بەرازانەی کە وا لە ڕۆژی دەربەدەرکردنی سنۆباڵ دا هەستان و هاواری نارەزایەتییان بە دەمدا گەڕا، ئەمجارەیش بۆ جوابەجەنگی و بەرپەرچدانەوەی فەرمانی نارەوای سەرۆک، لەجێ هەستان و فێشقاندیان، بەڵام گرمە و چەقولووری نۆ سەگی چاوسووری پاراستن، کە سەر بە سەرکردایەتی بوون و خاوەنی دەسەڵات، دەنگی لاوکە بەرازەکانی لە ئەوکیاندا قفڵ و قەپات کردەوە. هەرکە لوورە و گرمەی سەیەکان سرەوتەوە، عەشیرەتی پەز و بەرخ و بزن و نێری و بەرانان دروشمیان دەست پێکرد و یەکجێ بە باعە و بالەبال گوتیان و گوتیانەوە: چوارپێ خاس و دووپێ پیس... چوارپێ خاس و دووپێ پیس، ...

خەمخانەی دڵ و دەروونی ئاژەڵ بەبیستنی دروشمی چوارپێ خاس و دووپێ پیس، تۆزکاڵێک کرایەوە و سوکنایێیەکی لێ نیشت.
ناپولیۆن بۆ ئەهوەن کردنەوەی دانیشتووانی ناو هۆڵی مەزن، بەرز بۆوە و دەنگی هەڵبڕی و گوتی :
ـ هاوڕێیان! نەکەن وا بیربکەنەوە کە لە ماوەی سات و سەودامان دا، بە واتای تێکەڵ بوونەوەی ئاژەڵ و مرۆڤ دەبێ... نەخێر ئەمە ڕوو نادات... من سەر و بەری بەرنامەکەم بەچەشنێک چنیوە، کە نە ئێوە مرۆڤ بە چاو دەبینن و نە قەتیش مرۆڤ قاچی پیسی دە مەزرای خاوێنی ئێمە دەنێ، بەڵکە لە ڕێی پەیک و تەتەرێکی بەمتمانە کە (ویمپەر)ی ناوە، پەیامی ئێمە بەو دیوی مەزرا ڕادەگاتەوە...
هەر ئەودەم، ناپولیۆن ئەرخەیانی کردن کە ویمپەر ڕاوێژەرێکی ژیر و وریای مەحکەمەیە و لە قانون و شەرع و مەسڵەتانیش زۆر شارەزایە. کەواتە باش بە دەردیان دەچارێت. هەروەها سەرۆک مزگێنی پێدان کە ڕۆژی دووشەمی هەفتەی داهاتوو، ویمپەر دێتە سەردانی سەرکردایەتی و پەیامی ساتوسەردای پێدەدرێت. هەر دوا بەدوای ئەم مزگێنییە، سەرۆک یەک بە هۆڵ گرمانی و گوتی:
ـ هەر بژی مەزرای ئاژەڵان !
دوابەدوای درشمی ناپولیۆن، دەنگی سروودی ئاژەڵانی بریتانی ژووری هۆڵەکەی لەرزاندەوە. پاش فەرمان و دروشم و سروود، دانیشتنەکەیان کۆتایی پێهات و بڵاوەیان کرد. لە دەمێ بڵاوەکردنیشیان دا، سکوەلەر بەس بە مەبەستی گەشت و پیاسە و گەڕان نەک چ شتی دی، بە نێو پۆلی ئاژەڵی

سەرئاڵۆز داهات و بۆ دڵدانەوەیان و بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنی و چەندایەتیی سات و سەودای مەزرا، ڕوو بە ئاژەڵی لالووت ڕاوەستا و گوتی:

ـ هاوڕێییان! هەر ئەوجۆرەی کە ئێوەی بەڕێزیش لە دانیشتنەکە دا بە گوێتان گەیشتەوە، دەرگای مەزراکەمان بە مەبەستی کڕینی کەلوپەلی پێویست و فرۆشتنی زێدە بەرهەمان بەڕووی ئەو دیو دا دەکرێتەوە. ئەوەی کە ئێمە ئەم ڕێگەیەمان گرتۆتە بەر، پێتان وانەبێ دژ بە یاسای ناوخۆیی بێت و گیانی ئاژەڵایەتیمان ڕووشاندبێت!... نەخێر ئەمە ڕووی نەداوە. ئێوە دەبێ دڵنیابن کە ڕێچارەی ئێمە دژ بە هیچ بڕیارێکی پەسندکراوی گشتی دانەڕێژراوە. کەس نەزانێ، ئێوە خۆتان شارەزان و دەزانن کە هەتا بەئێستا لە هیچ کۆبوونەوەیەکمان دا هیچ قانوونێک لە دژی ئەم ویستە نەنووسراوە. هیچ دەنگێکیش بۆ بەرپەرچدانەوە و لادانی ئەم هەڵوێستە، لە لایەن هیچ ئاژەڵێکەوە تەسلیمی سەرکردایەتی نەکراوە کە بکرێ بیکەینە ئەساسنامە و پێڕۆیەکی ناوخویی. با ئەمەشتان پێ رابگەیەنم و بڵێم کە هەر ئێستاکەشی دەگەڵ دابێ، هەر دەنگێک دژ بە ساتوسەوداکردنمان لە ئەوکی هەر ئاژەڵێک بێتە دەرێ، ئێمە لێمان سوور و عەیانە ئەمە یان کابووس و خەونێکی پەرێشانە بیندراوە، یان پیلانێکە و لەژێر سەری سنۆباڵ هاتۆتە دەر...

سکوەلەر بۆ سەلماندن و چەسپاندنی وتەکانی، بە توندی و توڕەیی پێی داگرت و گوتی :

ـ هەیاران ئەرێ ئێوە پێتان وانییە بەیت و باوی یەساغبوونی سات و سەودا لە خەو دا بەگوێتاندا نەخوێندرابێت؟!... ئەرێ ئەگەر لە یاسای گشتیماندا بەڵگەیەک شک دەبەن کە دژ بە سات و سەودا و دەکار هێنانی پوڵ و پارە نووسرابێ، بۆچ نایخەنە بەر ڕوناکی؟! دە وەرن پیاو بن و سەبارەت بەم کێشەیە بەڵگەیەکی زیندووم لە مستێ بنێن و سەرم بشکێنن!...

ئاژەڵ هەرچی بە قولایی بیرو خەیاڵدا چوونەخوار، بۆیان نەکرا تەنانەت ڕستە نووسراوەیەکیش بدۆزنەوە کە بنوێنێت بەڵێ ئاژەڵ لە کڕین و فرۆشتن بێبەری کراوە. هەر بەم هۆیە و لەم سۆنگەیەوە، ئاژەڵ بەتێکڕا، تەنانەت ئەوانەی کە وا باریکە پێچ و پەنایەکیشیان دە دڵ دا بوو، هاتنە سەر ئەم باوەڕە و دەستیان لە مل دا و گوتیان : بەڵێ ئێوە ڕاست دەبێژن و ئێمەین بە هەڵە دا چووویین...

بەم تەرتیبە، کێشەکە توایەوە و هەرچی خاوەن شکۆیانی سەرکردە گوتیان، وەک کراس، بە بەژنی خۆیان و یاسای مەزراکەیان هەڵدوورا.

هەموو ڕۆژانی دووشەم سەر و پۆتەڕاکی بابایەک بە ناوی ویمپەر بە مەزرا دا دەهات و تێکەڵی سەرکردەکانی مەزرای ئاژەڵان دەبوو.

ویمپەر مرۆڤێک بوو بە چەشنی بنەگۆگەم، کورتەڵەی خڕەبنەی تێکسڕماوە. لە ڕاستیدا مایەفیتنەیەکی زیت و زیرەک و زانا و دانا بوو، کە لە گوندی ویلنگدۆن دا بە دایم سەرگەرمی کار و باری مەحکەمە و، سەربەگێچەڵی شەرع و

مەسڵەتان بوو. پیاوێک بوو بێ غایەت وریا و هەلپەرست و کوڕی ڕۆژ.

ویمپەر لەسای زانینی چەم و خەمی ڕۆژگار و بەپێی شارەزایەتی لە کار و باری مەحکەمە و سەرقاڵبوونی شەرع و مەسڵەتان، بەر لە هەر کەسێکی خەڵکی گوندی ویلنگدۆن بۆی دەرکەوتبوو کە مەزرای ئاژەڵان گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و ناچارە دەرگای داخراوی خۆی بە ڕووی جیهانی دەرەوە دا بکاتەوە. هەمیسان لێکی دابۆوە کە کرانەوەی ئەو دەرگایە بۆنی تێکەڵبوونەوەی مرۆڤ و ئاژەڵی لێوە دێت و ئەو تێک لکاندن و جۆشدان و لێک گرێدانەش، نێوبژیکەرێکی زیت و زانای گەرەکە. هەروەها ویمپەر ئەمەیشی لێک دابۆوەوە کە پەیوەند دانەوەی مەزرا و دەرەوەی مەزرا، بەرهەم و دەسکەوتێکی باش و بەنرخی لێ هەڵدەوەرێت و دەی هێنێ خۆی پێوە ماندوو بکات .

تەویلەنشینان پێیان وابوو کەین و بەینی مرۆڤ و سەرکردایەتیی ئاژەڵان پڕاو پڕی فێڵ و گزەیە و، بە دوور لە ڕاستی و پاکییە، هەربۆیە بە چاوێکی دڕدۆنگانە سەیری پەیوەندییەکەیان دەکرد و ئەوەندەی بۆیان کرابا و پێیان کرابا، چاویان لە هاموشۆی ویمپەر دەنووقاند و خۆیانیان لێ گێل دەکرد. بەڵام هەر ئەو کاتانەی کەوا ویمپەر دەهات و بە کرنۆش بردن و بە لارەملی لەبەر دەمی ناپولیۆن دا ڕادەوەستا، ئاژەڵ لە بینینی مرۆڤی زەلیل و سەرکردەی سەربەرزی ئاژەڵان، دڵیان دەگەشایەوە.

هەرچەند کە دەروازەی مەزرا بەڕووی گیانداری دوو پێ دا کرابۆوەوە و ئەگەرچی گەرمە بازاڕی سات و سەودا بە

تەواوی سەری گرتبوو، بەڵام دوژمنایەتیی مرۆڤ لە دڵی ئاژەڵی مەزرادا نوونی تێ نەکەوتبوو. خان و خاوەنانی مەزراکانی دراوسێش هەر لەسەر ئەو باوەڕە مابوونەوە کە مەزرانشینان درەنگ یان زوو تووشی گێرمە و کێشەیەک دێن و تێک دەتەپن. زۆرجارانیش بە دەم گەپ و گاڵتە و پێکەنینی دەمی سەرخۆشی دا دەیانگوت و دەیانگوتەوە کە کاری ئاژەڵان تڕەکەڵەکە و سەرناگرێت. ڕۆژیش نەبوو لە مەیکەدەکاندا سەدان پیاڵەی شەراب بەهیوای ئەو ڕۆژی خۆشە پێدا نەکرێ، کە ئاشی بای مەزرا تێک تەپیوە و مەزراکەیان قەلاچۆ کراوە. بەڵام لە کاتی ئەغیاری و بەئاگاهاتنەوەشیاندا، هەرکە بیریان لێدەکردەوە و بە دوو چاوی سەریش دەیان بینی کە مەزرایەکی ئەوتۆ پان و بەرین بەفەرمانی تاقمە ئاژەڵێکی ڕووتەڵە بەڕێوە دەچێت و موویشیان لێ لار نابێتەوە، تووشی سەرەخولە دەهاتن و سەریان سووڕ دەما. گەلێک جاران، مرۆڤ بەپێچەوانەی ویستی دڵ، هەر سەبارەت بە ئەمە کە ئاژەڵی مەزرا ئەوتۆ نەبەزانە خۆیان بەڕێوە دەبەن، لە دڵدا قەدر و بایەخێکی زۆریان بۆ دادەنان و بە ڕێزەوە سەیریان دەکردن. تەنانەت زۆرجارانیش لە گوتن و لە ئاخافتنی تێکڕاییان دا، لە بری گوتنی مەزرای مانۆڤر، مەزرای ئاژەڵانیان دەگوتەوە.

کۆنە بەگەکەی جارانی مەزرا، واتە ئاغای جۆنزی ماڵ کاول، مەیلی گەڕانەوەی مەزرای بە یەکجاری وەلا نابوو و ئاوارە و ڕەهەندەی هەندەرێکی دوورەدەست ببوو.

ئەگەرچی لە بەرەی دووپێیان هەر تەنێ ویمپەر بوو کە دەرگای مەزرای بە ڕوو دا دەکرایەوە، بەڵام جار جار ئەم

واتەواتەش بە دەم و زاراندا دەگەڕا کە گۆیا ناپولیۆن بە نیازە دەگەڵ پاول کینگتانی مەزرای فاکس وود، یان دەگەڵ فردریکی خاوەنی مەزرای پێن فیلد، پەیمانێکی بازرگانی ببەستێت. بەڵام پانێی دەرگای ئەم واتەواتە لەسەر ئەم ڕێسمەیە نەدەگەڕا کە سەرۆکی مەزرا یەکجێ و هاوکات دەگەڵ هەر دووک دراوسێ پەیمان ببەستێت.

هەر لە جەنگە و گەرمەی ئەم هەرایەش دا بوو کە بەرازەکان بە ئاشکرا لە ئاژەڵی تر جیا بوونەوە و بارەگای سەرکردایەتییان ڕاگواستە کۆشکە ڕازاوەکەی جارانی ئاغاجۆنز. ئەم کۆچکردن و جیابوونەوەیە، زەمزەمەی گلە و گازندەیەکی پڕ مەزنی لە نێو دڵی ئاژەڵ دا پێک هانی. تەویلەنشینان بەدڵیان داهات و بەلای خۆیانەوە گوتیان کە، هەیاران ئەرێ کوا شەرت و پەیمانەکەیان ئەمە بوو کە ئیمڕۆ دەیی بینن؟ کوا، کەی قەراریان وەسا بوو کە سەرکردایەتی جێگا و مەکانی بەرەی دوو پێ بکاتە ماکۆی شەو حەسانەوەی و لە گەوهەری ئاژەڵایەتی لابدات؟!... ئەری بۆچ وای لێهات؟

بەڵام هێشتا گازندەی ئاژەڵ لە نهێنگەی دڵیانەوە نەکەوتبویە سەر دەم و زاران، کە سکوەلەر بە هانایانەوە هات و باری لەقی بۆ ڕاست کردنەوە و گوتی:

ـ هاوڕێییان! چ خەم نینە ئەگەر دوژمن نازانێ، چونکە ئێوەی ڕێزدار دەیزانن کە بەرەی بەرازان بیرەوەندانی زانا و کارزانی مەزرای ئاژەڵانن و دەبێ بە هەموو لایەکمانەوە ئاگاداریان بین. بەڵێ سەرکردایەتیمان بۆ بەردەوامی بەڕێوەبردنی مەزرا، نیازیان بە جێگە و مەکۆی ئارام و بێدەنگ هەیە. سەرەڕای ئەمە، ئەرێ ئێوە خۆتان پێتان

وانییە کە هۆڵ و تەویلە و پشتێرەکان شوێنێ شایانی شان و شەوکەتی پێشەوا ناپولیۆن نین و، دەبێ جێ و مەکانێکی شایانەی پێشکەش بکرێت؟!...

هەرچەند کە تاقمێک لە ئاژەڵان بە بەیت و باوی سکوەلەر دامرکانەوە، بەڵام هەر کە بە گوێیان گەیشتەوە کە وا سەرکردەکان خواردن و خواردنەوەش لە چێشتخانەی جۆنز دا لێدەدەن و لە ژووری میوانانیش دا ئاهەنگی کەیف و گەپ و گەمە دەگێڕن، تەنانەت لەسەر قەنەفە و قەرەوێڵەکانیش وەردەکەون، ئیتر جەرگ و هەناویان بەم خەبەرانە کزەی پێداهات.

باکسەر وەک جاری جاران بەگوتنەوەی دروشمی: من پتر کاردەکەم و، هەرچی ناپولیۆن دەیی بێژێت سەربەسەر ڕاستە، هەم خۆی لە قسە و باسان دەپاراست و هەمیش پێشی لە هەر چەشنە پەڵپ و مانگرتنێک دەگرت. بەڵام کلۆڤەر وەک باکسەر نەبوو. ئەو پێی وابوو لە ڕابوردوو دا ئەم وتەیەی بە گوێ دا دراوە کە: [خەوتن و جینگڵدانی ناو جێگا و بانی مرۆڤ، لە ئاژەڵ پارێز و پاوان کراوە]، هەربۆیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووی کردە دیواری بەرزی بەردینی هۆڵی گەورە و سەیرێکی حەوت فەرمانی کرد. بەڵام هەرچی کردی و هەرچی دەخۆی نووسا و سەری لە دار و بەرد دا، نەیتوانی تەنانەت تاک وشەیەکیش لە حەوت فەرمان بخوێنێتەوە. داخی ئەم کەمە لەم دەمەدا جەرگی کلۆڤەری دابڕ دابڕ کرد کە جگە لە چەند پیتی سەرەتایی ئەلفوبێ، ڕێی بە هیچ خوێندن و خوێندنەوەیەک دا نابا. هەربۆیە، بە ناچاری و بۆ چاری ئەم دەردە بە ژانە، هاواری بۆ موریەل بردو گوتی :

ـ... ئا دەی وەرە موریەل... دەوەرە من بە فیدای سەر و ماڵت بم، وەرە و سەیرێکی ئەم حەوت فەرمانم لەبۆ بکە و پێم بێژە بزانم خاڵی چوارەمی کۆنە یاساکەمان هەروەکی جاران ماوە!.. بڵێی حەوت فەرمانی پیرۆزمان، ئاژەڵ لە خەوتنی نا جێگا و بان و گەوزینی ناو پێخەفدانی مرۆڤ بێ بەری بکات ؟...

موریەل دوای کەمێک خنەخن و ساوە ساوی دوورەپەرێزانە، خاڵی چوارەمی حەوت فەرمانی بەم چەشنە بۆ خوێندەوە:

[هیچ ئاژەلێک بۆی نییە لەسەر قەرەوێڵە، لە ژێر پەشتەماڵ دا بخەوێت].

ـ سەیرە!... زۆر سەیرە!! خاڵی چوارەمی حەوت فەرمان بۆچ ئیوهای لێ بەسەر هاتووە؟!

کلۆڤەر هەرچی هەوڵی دا، ناوەرۆکی ڕاستەقینەی حەوت فەرمان بێنێتەوە بیر، بۆی نەکرا و نەیتوانی. ناوی پەشتەماڵ لە حەوت فەرمانەکەی بیردانی دا نەبوو، ناچار بە خۆی سەلماند کە بەڵێ حەوت فەرمان هەر لەسەر جێی خۆی ماوە و لە جێ نەبزوتووە، ئەوەی کە بزوتووە و تووشی شێواوی هاتووە، مێشکی ناو کەللەی خۆیەتی. بەتایبەت هەرکە سکوەلەر بە هەڵکەوت هات و بە ڕاگوزاری دەگەڵ چوار سەگی چاوسووری سەرکردایەتی بە گاز و گوزەری تەویلەنشینان دا ڕابواردن، ئیتر ئاژەڵی ژێرڕای مەزرا بە تەوای بۆیان ڕوون بۆوەوە: کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە!

سکوەلەر ڕوو بە ئاژەڵی تەویلەنشین ڕاوەستا و گوتی:

ـ هەوالان! ڕەنگە بە گوێچکەتان گەیشتبێتەوە کە ماوەیەکە سەرکردایەتیی مەزرا، لەسەر قەرەوێڵە و قەنەفەی ژوورەکانی خۆیان دا سەرخەو دەشکێنن؛ بەڵێ دەیشکێنن و بۆچە نەیشکێنن!... سا بە ئەشقی پیرتان لە بۆچە نەی شکێنن؟!... خۆ کەس نەزانێ، ئێوە باش دەزانن کە ئێمەی بەراز لە خۆوە و سەر بەهەوای میری و مەزنایەتیمان ئەم مافەمان بە خۆمانەوە ڕەوا نەبینیوە... ئێوە باش دەزان کە ئەوە مافێکە و حەوت فەرمانی پیرۆزمان پێی ڕەوا بینیوین... سەرەڕای ئەمە، ئەرێ ئێوەیش پێتان وانییە کە قەنەفە و قەرەوێڵە حاجەتی بەردەستانە و لەسەر خەوتن و تێدا ڕازانیان هیچ گەزەندە و ئازارێک بە گیانی ئاژەڵایەتیمان ناگەیەنن. هەر ئەو جۆرەی کە ئێوەیش بۆتان هەیە لە تەویلە و پشتێرەکانتاندا لە سەر نەرمانی پەین و پاڵ، یەک بە مەیدان لێی وەرکەون، ئێمەی بەرازیش ڕێمان هەیە لە مەکۆی شەو حەسانەوەماندا چلۆنی کە پێمان خۆشە، بۆی وەرکەوین. بەڵام ئەوەیکە حەوت فەرمانی پیرۆز ڕێمان پێ نادا، خەوتنی ژێر پەشتەماڵە؛ هەربۆیە نابێ نە ئێمەی بەراز و نە هیچ ئاژەڵێک لە کاتی ڕازان و خەوتن دا، پەشتەماڵ بەسەر خۆی هەڵکێشێت. چونکە پەشتەماڵ ڕێسراو و پێسراوی دەستی مرۆڤە. کەواتە ئێمەیش هەر لەبەر خاتری حەوت فەرمانی پیرۆزە کە لە دەمی خەوتنمان دا بەتانە بەسەر خۆمان هەڵدەکێشین و لە پەشتەماڵ چاو دەنووقێنێن.

ئەی یارانی گیانی! منیش دەگەڵتانم کە قەرەوێڵە لە نوێن و بانی ئاسایی نەرم و نۆڵ و گەرم و خۆش خەوترن، بەڵام نە ئەوەندەش ڕەحەت و سەحەت، کە مێشکی ماندووی

سەرکردەکانی بەتەواوی تێدا بحەسێتەوە... من دەزانم کە ئێوە لەو مایە دانین و دڵتان نایخوازێ خەوی خۆش لە دیدەی سەرکردەکانتان بتارێنن و ڕێی گەڕانەوەی جۆنزی ستەمگەری پێ خۆش بکەن...

ئەوا دیسان گەڕانەوەی جۆنزی ستەمگەر بە پێخەفی سەرکردەکانەوە بەسترایەوە. ستەمگەرێک کە هەرگیزی ئاوی خۆشی بە گەرووی هیچ ئاژەڵێکدا نەکرد بوو، هەرنەک گەڕانەوەکەی بابەتی مەیل و ئارزووی هیچ ژینەوەرێک نیە و نابێ، بگرە سێبەری سەریشی بە تیری تیژ دەهەنگێون. هەر بۆیە، سەرپاکی ئاژەڵی مەزرا، دەستیان لە مل دا و بە تێکڕا گوتیان :

ـ بەین و بەینەڵلا، قەنەفە و قەرەوێڵەی گەرم و نەرم دەگەڵ خەوی خۆشی بە دوور لە کابووسی ڕەش و دزێو، با هەر بە پایەندازی بەرەی بەرازان بێت و هەر بۆ ئەوان بێ باشە.

هەر ئەودەم، ئاژەڵ بە تێکڕایی دەنگ، سکوەلەریان دڵنیا کردەوە کە هیچ خاوەن زمانێک لەم بابەتەوە زمانی قسەی لە دەم دا ناگەڕێت.

هەرای پێخەف و ڕاخەرو جێ خەوی سەرکردایەتی هێشتا بەتەواوی نەخەوتبۆوە ، کە بە گوێی ئاژەڵی ژێڕای مەزرا دا خوێندرا و گوترا:

[بەرازەکان، لەمەدوا، هەموو بەیانان کاتژمێرێک دەرنگتر لە خەو هەڵدەستن].

ئاژەڵ ئیتر ئەمجارەکە، نە بە بیستنی چۆن خەوتن و کەی هەستانی بەرزەکان تەزوویەکیان بەلەش داهات، نە

هیچ خاوەن زمانێکیش لە هیچ بابەتێکەوە، هیچ دەنگێکی بەدەمدا نەگەڕا و هیچی پێ نەگوترا.

لە ئاخر و ئۆخری هاویندا بەشێکی هەرە زۆری وێنجە و دانەوێڵەی ساڵیان لێ فرۆشرا. هەرکە پێیان نایە وەرزی پاییز، ڕووتی و هەژاری و ناشکوایی بە هەموو قورسایی و سامناکیی خۆیەوە، خۆی بە سەریان دا کێشا و بوو بە میوانی شەوان و ڕۆژانیان. سەرەڕای ئەوەی کە جەستەخەستی کار و، شەکەت و شکاوی کوێرەوەری بوون، برسی و دڵشکاویش بوون. سەرباری هەمووی ئەوانە، گەیشتنی زستانێکی ڕەش و تاڵیشان لە سەر ڕێ بوو. بەڵام بەهەموو شەکەتی و ناشکوایی و کەمدەستیشیانەوە، دڵخۆش و لێو بە بزە بوون، چونکە پێیان گوترابوو کە سازبوونی ئاشی با، تۆڵەی هەموو دەرد و مەینەت و کەم و کووڕییەکانیان بۆ دەکاتەوە و بە داهاتوویەکی پڕ لە حەسانەوەیان دا دەخات.

پاش هەڵگرتنەوەی جێخون، ئاسمانی بان سەری مەزرا چەند ماوەیەک بێ هەور و هێڵ مایەوە و تەنانەت دڵۆپە بارانێکیشیان بەسەر دا نەباری. ئاژەڵ بە هەویای پەڵەبارانی پاییزی چاوەڕوان مانەوە، بەڵام بێکار دانەنیشتن و چالاکانە دەستیان بۆ دانانی دیواری ئاشەکەیان خۆش کرد.

هەتا دیواری پان و پتەوی ئاشەکەیان بە قەدرایە قولانجێک هەڵدەچنی، بە چەشنێک پێی دەگەشانەوە، دەتگوت خودا خەنی کردوون. هەربۆیە، ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کاری گران، سەر لەسەر ڕێ و گیان لەسەر دەستان بوون. بەتایبەت باکسەر، کە تەنانەت بە

شەویش نەدەهەندرا و زۆرجاران بە تەنیایی و لەبەر تریفەی هەیڤ دا چەند کاتژمێرێک دەی هێنا و دەی برد و دەی کێشا.

ئاژەڵی شەکەت و ماندوو لە دەمی پشوودانداا، لە دوورەوە سەیری دیواری بەردین و ڕەختەی ئاشەکەیان دەکردو سەرخۆش لەبینینی دەسکردە ڕەنگینەکەیان، پێی دەگەشانەوە و ئافەرینیان بۆ ڕەنجی شان و باڵی خۆ دەنارد.

لە ناو ئاژەڵی مەزرا دا هەر تەنێ بەنیامین بوو کە نە سەبارەت بە ئاشەکەیان قەت بیرو ڕایەکی دەر دەبڕی و نەقەتیش لە دەسکردو دەسڕەنجەکەی دەگەشایەوە. بەنیامین بە گوێرەی سروشتەکەی خۆی، زۆرجاران دەیگوت:

[گوێدرێژ تەمەنێکی دوور و درێژ دەباتە سەر و گەلێ دەور و سەردەمان دەبینێ و زۆر شت بە تاقی دەکاتەوە].

لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەر دا ڕەشەبایەکی توندی سامناک دەستی پێکرد و دوا بە دوای ڕەشەبا، پەڵەبارانی بە لەنگێزەی پاییزی وڵاتی خووساند. ئیتر ئیشی بەننایی بەهۆی با و باهۆز و بارژنی باران نەکرا و، کاریان ڕاوەستاند. شەوێکیش هەر لەو شەوانەدا، با و باگژەیەکی هەر ئەوەندە سامناک لە مەزرا دا پێچی لێدا و خولی خواردەوە، کە دیوارەکانی هۆڵی گەورەی هێنایە لەرزین. هەر ئەو شەوە، سواڵەتێکیش لە سەربان خزی و باڵندەکان بە دەنگی شریخەی تفەنگێک لە خەو ڕاچڵەکین.

کاتێک بەیانی لە خەو هەستان، سەیریان کردو دیتیان کە ئاڵاکەیان داکەوتووە و دار بەڕوویەکی کۆنەساڵیش لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵقەندراوە. هەرکە سەیری بەری ئاشەکەیشیان کرد، هاواری هەی باوکە ڕۆ لە ئەوکی گشتیان

هەستا. ئاشەکیان لە هیم و بناغەوە خاپوور ببوو و شوێنەواری بە سەر گردەوە نەمابوو. بینینی ئەم دیمەنە تفت و تاڵە، ئاژەڵی بە چەشنێک هەژاند کە هەموو بەتێکڕا و یەکجێ لە جێ بزووتن و بەرەو سەر دوندی گرد غاریان دا. تەنانەت ناپولیۆنی تەپلۆسی گۆشتنیش، کە کاتی ئاسایی هەنگاوی بە هەڵکەوت بۆ هەڵدەهاتەوە، پێ بە پێی ئاژەڵی توندە پێ ڕایکرد و دەرپەڕی.

ڕەنجەڕۆیانی دڵ و دەوون کەیل گەیشتنە سەر وێرانگەی ڕەنجی چەند مانگەیان و سەیرێکی دەور و بەریان کرد و تاسان. ئاشەکەیان لە بن و بناغەوە هەڵتەکابوو. بەرد و کوچکێکی کە بۆ شکاندن و کێشەوە و هەڵچنینیان جەستە و گیانیان لە بۆ چرووساندبۆوە، هەر وەتۆ بڵاوی پەنا و پەسیوان ببوون، کە دەتگوت سەردوندی گردی مەزرا، قەت هیچ بینایەکی بەخۆیەوە نەبینیوە.

ئاژەڵ لە هەژمەتان زمانیان نە دەگەڕا. پەرێشان و ناهومێدانە سەیری یەکتریان دەکرد و بێدەنگ بە سەر گردەکەدا دەخولانەوە. هەر تەنێ ناپولیۆن بوو کە مەنگ و مات و لەسەرخۆ، بە دەوری خۆیدا دەگەڕاو جار جارەش بۆنێکی بەخاک و خۆڵی دەور و بەری کاولاشەکەدا دەکرد. لە گەڕان و هاتن و چوونیشدا پڕ بە لمبۆزی پانی هەوای دوور و نزیکانی هەڵدەمژی و بە نیشانەی نائارامی، کلکە باریک و تیژەکەی لە سەر کەفەڵی گۆشتنی دەجووڵاندەوە. لەپڕ هەروەک بە ئاکامێک گەیشتبێت، یەکجێ ڕاوەستا و نەڕاندی :

ـ ... بەڵێ خۆیەتی!... کاری خۆیەتی و کاری کەسی تر نییە!... بکەری ئەم سووکایەتییە هەر ئەوە و، بە کەسی تر ناکرێ.

ئەوسا ڕووی دەمی دە ئاژەڵی تاساو کرد و هەر وەک هەور شریخاندی:

ـ خزمینە! ئەرێ هیچ دەزانن ئەم ئەتک و سووکایتییە کاری کێیە و کێ پێی کردووین؟... ئاخۆ هیچ دەزانن ئەم ئاگرە بە دەستی چ تاوانبارێکی ناجوانمێر دە ماڵی ئێمە بەر دراوە؟ دەسا با پێتانی بڵێم و لێتانی نەشارمەوە کە ئەم تەتک و سووکایەتییە لە ژێر باخەڵی سنۆباڵ هاتۆتە دەر و ئەو پێی کردووین... بەڵێ هەر ترسنۆکانی خوێڕیلکەن لە ژێر چارشێوی ڕەشی شەودا خۆ دەکێشنە ئاوەدانییەکان و بەرهەمی ڕەنجی ڕەنجدەران بە فیڕۆ دەبەن. ئەوا منیش هەر ئێستێ، لە سەر وێرانگەی ئاشی خاپوورکراومان و بە تۆڵەی هەموو سووکایەتییەکانی کە پێی کردووین و لێی کردووین، فەرمانی مەرگی بۆ دەردەکەم و پێتانی ڕادەگەیەنم کە هەر کام لە ئێوە ئەم فەرمانەم بۆ بەڕێوە ببات، سەرەڕای پێ خەڵاتکردنی میداڵیای پلەی دووی ئازایەتی، نیو کیلۆ سێوی پێشکەش دەکەم. بێتو کەسێکیش هەبێ و بتوانێ ئەو تاوانبارەم بۆ دە داو بخات و بە زیندوویی بمداتە دەست، شەرتە بە شەرتی پیاوان، کیلۆیەک سێو و گێزەرێکیشی بدەمێ.

ئاژەڵی سەرکزی خەمین، کە شەشدانگی هەست و هەناسەیان لە دەوری زەحمەتی بەفیڕۆچووی یەکساڵەیان دەگەڕا، کەیل و ماتی دوو شت بوون، یەکەم لە بۆچوونی

ناپولیۆن و دووەمیش لە بێ بەزەیی بکەری نادیاری ئەم کارە نارەوایە. جەرگ و هەناویان هەر ئەوتۆ دە ژان چوو بوو، کە بەدڵ پێیان خۆش بوو بگێڕی کارەساتەکە هەر کەس بوایە، تەنانەت سنۆباڵیش، دەگیریان خستبایە و سزای تاوانیان دە لەپی دەستی نابایە. بەڵام هەر لەهەمان کات دا ئەم کەلکەلەش دەی هەژاندن و لە خۆیانیان دەپرسی:

[هەیاران ئەرێ ئەوە هات و سنۆباڵ گەڕایەوە، هەڵوێستی ئەوان چی بێ؟... ئەرێ داوی لە ڕێدا بنێنەوە؟ ئایا سنۆباڵ بۆ دە داو خستن دەبێ؟!]

سەر و ژێری مەزرایان پشکنی. شوێن پێی بەرازێکیان لەژێر پنچک و پەرژینی ئاخر سنووری مەزرا دا دۆزییەوە. شوێن پێکە ئەوتۆی دەنواند کە بەرازێک بە کەلێن پەرژینادا سنووری مەزرای بە عەزمی دەرچوون بەزاند بێت.

ناپولیۆن لووتی پانی بەشوێن پێکە دا خشاند و بۆنی پێوە کرد. پاش تاوێ ڕوانین و ڕامان، سەری هەڵبڕی و یەک بە دۆڵ و چۆڵ فیشقاندی :

ـ هاوڕێیان! دڵنیابن کە ناپولیۆن بەهەڵە ناچێت... بەڵێ شوێن پێکە لە سنۆباڵی ڕوو ڕەش جێماوە. بەڵێ ئیتر ساوەساوی پێ ناوێ و دەبێ بەئاگا بێینەوە. دوژمن گەرەکییەتی دار بخاتە بەر تۆپی ڕەوڕەوەی کار و خەباتمان و ڕێی پێشکەوتنمان کوێر کاتەوە. بەڵام خەیاڵی خاوە!... هەر لە ئێستاکەوە فەرمان دەردەکەم و پێتان ڕادەگەیەنم کە دەبێ هەر لە سبەی بەیانەوە، بەڵێ هەر لە سبەی بەیانەوە، سەر لەنوێ قۆڵی کرێکاریتان هەڵماڵنەوە و گەرماوگەرم ئیشی ئاشی با دەست پێ بکەنەوە. بەڵێ با دژبەرانی

ترسنۆکی ئەودیوی مەزرای سەربەرزمان پێیان وا نەبێ ڕووزەردی بەزیو و تەزیوی دەستی ئەوانین.

ڕەفیقان! ئەگەر سەرتانسەری ساڵ، زستانەساڵێکی بەبەفر و بەستەڵەک بێت، ئەگەر سارده ساوی پیاوتەزێن بێت یان کرێوه و تووش و گێژەوی بەفر، ئەگەر خۆرەتاوی ساو و ڕوگەش بێ و دنیا پڕی گوڵزار، ئاو ڕابوەستێ کار و خەباتی سازکردنەوەی ئەشی با نابێ ڕابوەستێت. لە ئێوه دەخوازم توند و تۆڵ و گرد و مرد، خۆتان بۆ هەرەوەزێکی شێرانە ئامادە بکەن و بە سنۆباڵی خۆفرۆش نیشان بدەن کە بەردی بناغەی پتەوی ئامانجمان بە کزەبای بوودەڵە پیاگان نایەتە لەرزین.

هاوڕێیان! نەکەن لە بیری بکەن کە بەرنامەی سەر و بەر پێکهێنانی ئاشەکەمان هەر ئەو ماوە و مەودایە دەبێ کەوا لە ڕابوردوو دا دیاری کرابوو... دوو ساڵ!... ساڵێکمان بردۆتە سەر، ساڵێکی ماوە... بەڵێ ئاشەکەمان لە ساڵێکی دوازدە مانگیدا دەبێ سەری بگیرێت و بگاتە بەرهەم بەخشین... ڕەفیقان بۆ پێشەوە... هەر بژی ئاشی با !... بژی مەژرای ئاژەڵان !

*****

## ٧

زستانێکی بە سەرما و سۆڵیان لێ داهات. ڕۆژ نەبوو توندەپێچی باگژە و باهۆز، گێژەوی بەفریان بە سەر دا هەڵنەسووڕێنێ و دەرک و دیواریان لێ کونبڕ نەکا. ڕەشەبا، بەهەموو هێزەوە بەفری ڕادەمالی و لە نیساراندا کۆبەفری بۆ ساز دەکردن. وشکە سەرما و سایقەی ساوەشەوانیش بەستەڵەکی بۆ لووس دەکردن.

ئەم شکست و بەستە، بە هەموو چەق و تەفییەوە هەتا مانگی فێڤرییە بەردەوام لە سەر جێ مایەوە و نەگۆڕا. لەم ماوەیەدا، ئاژەڵ هەتا ئەو جێیەی بۆیان کرا، دەستیان لە سازکردنەوەی ئاشی با شل نەکرد. چونکە بە وردی دەگوێچکەیان سرەوا بوو کە دۆست و دوژمن بە چاوی موو قەڵێشەوە سەیری چۆنییەتی موراڵ و لایەنی نەفسیی مەزرانشینان دەکەن؛ کەواتە دەست شل کەنەوە و، لە وادەی دیاریکراو دا سەر و بەری پێکەوە نەنێن، مەزرانشینان دەبنە گەپجاڕی دەستی ئینسانی بۆق لە زگ و حەیایان پێ نامێنێت.

لەولاشەوە، دوژمن دەیگوت کە تێک تەپین و خاپوور بوونی ئاشی مەزرا، هۆی تەسک و باریک بوونی دیوارەکانی بووە نەک پیلانی سنۆباڵ. مەزرانشینانیش هەرچەند کە بای

قسه و قسەڵۆکی بەرەی دووپێیان بەگوێدا نەدەچوو، بەڵام بۆ قایمتر کردنی کاری داهاتوویان، هاتنە سەر ئەم ڕایە کە پانی و ئەستوورایی دیواری هەژدە ئینچە، دوو هێندە پانتر، واتە سی و شەش ئینچە دابڕێژن. بێشک دیواری سی و شەش ئینچە ئەستووریش بەرد و کوچکێکی پتری گەرەک بوو.

سەرمای ئاژەڵتەزێن لە ژوورەکاندا قەتیسی کردبوون و بارِن و پزووی بەفر، لاشان و سەر ملی گردی نێوماڵانی لێگرتبوون؛ هەربۆیە کاری ڕاکێشان و هەڵکێشانی گابەرد لە داوێنی گردەوە بۆ سەر، کاری کردن نەبوو. بەناچاری دەستیان لێ هەڵگرت و لە تەویلەکاندا چاوەڕوانی ڕۆژی خۆش دانیشتن.

ئاژەڵی مەزرا وەکی جاران گەش و دەم بە بزە و دڵخۆش نەمابوون. دڵی پڕ لە ئەڤینی سەردەمی شۆڕش لە سینەیاندا سارد ببۆوەوە، چونکە بەدایم برسی بوون و ماندوو. هەژاری و بێ ئەنوایی ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ پشتیانی پتر دەچەماندەوە و تەنگی توندتری پێ هەڵدەچنین. ڕۆژانە، لە بەر سەرما دا هەڵدەلەرزین و بە زۆرەملی خۆیانیان بەسەر پێوە پێ ڕادەگیرا و بە شەویش، لەبەر ئازاری لەشی شەکەت و لە دەردی برسیایەتی، خەو بە چاوانیان دا نەدەهات. لە نێو ئاژەڵی مەزرادا هەر تەنێ باکسەر و کلۆڤەر بوون کە هێشتا نەکەوتبوونە باری بێخێری.

سەرباری هەموو دەرد و مەینەت و شەکەتی و برسیایەتیی ئاژەڵ، ئەوە هەر سکوەلەر بوو کە دەستی لەبەرۆک بەر نەدەدان و ڕۆژ نەبوو بە سەریان نەکاتەوە و دەربارەی شەرەفی پڕ لە شانازیی کرێکار و زەحمەتکێش و

پلە و پایەی بەرزیان، قسەیان بۆ نەکا و شووتییان دەبن هەنگڵ نەنێت. بەڵام ئیتر ئاژەڵی زەحمەتکێش و کرێکاریش ئەو خەشیمە خاوەی جاری جاران نەمابوون، کە گوێچکەیان بە فیشاڵی بەتاڵی سکوەلەر ببزوێت و بڕوا بە گفت و وادە و بەڵێنە دەڵب و ناوەرۆک بەتاڵەکانی بکەن.

زەحمەتکێشانی ڕەق هەلاتووی چنگی برسیایەتی و کەسیرەبووی دەستی سەرما، تەنیا گڕ و گەرمایەکی کە پێی دڵگەرم دەبوون، هەر گەرمای گیان بلاوێنی ڕەفاقەت و هاوڕێیەتیی باکسەر بوو کە نوونی تێ نەکەوتبوو. باکسەر هەروەک جاران لە گۆڕەپانی کار و هەڵسووڕانی ڕۆژانە دا یاریکار و مەدەدکاری ورد و درشتیان بوو؛ وەک هەمیشە لە دژوارەکاران و لە دەمی تێگیرسانیاندا، بە دەم هاواری دیار و نادیاری [من پتر کار دەکەم]، بە هانای هەموو لایەکەوە دەهات.

لە مانگی ژانقییەدا بژیوی ژیانیان کەمایەسی هێنا و تویشووی ڕۆژانە و جیرەی خواردنیان ئەوەندە لێ کەم کرایەوە، کە دەمی هیچ کامێکیانی تەڕ نەدەکرد و بە هەناوی خورێنی هیچ ئاژەڵێک ڕانەدەگەیشت. بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم قەیرانە کوتوپڕە، بارەگای سەرکردایەتی ڕایگەیاند هەتا داهاتنی ڕۆژی فەرعانە، هەر ئاژەڵێکی شینکەخۆر، سێفکێک بە یارمەتی وەردەگرێت. دڵی ئاژەڵی شینکەخۆر لە سەرەتادا بەم کەڕامەتەی سەرکردایەتی کراوە، بەڵام زۆر زوو بۆیان دەرکەوت کە پەتاتەی ژێرخاک کراوی بەخچۆڵەکەی سەرکردایەتی تووشی نەخۆشی هاتووە و بەشێکی هەر زۆری دە چاڵ دا ڕزییوە. ئەمجارەیش دەرکەوت

کە سەرکردەکان هیچ شتێکیان بەبێ هۆ و سەبەب نییە و، ئەم بەخشین و دلاوایییەیشیان بەستە بەم هۆیەوە بووە.

جەندەکی ڕەش و قورسی قاتی و قڕی و برسیایەتی گازەرای پشتی زەحمەتکێشانی بە تەواوی چەماند بۆوە. گەلێ جاران چەند ڕۆژ لە هەفتە دا، هیچ ئاژەڵێک ڕەنگی هیچ تفاقێکی مایەداری بە چاو نەدەدیت. خورد و خۆراکی هەرە شانزیان، قسەڵ و پووشە وشکە و چەوەندەرە گایانە بوو. بەڵام ئاژەڵی برسی و کەساس، بە هەموو هەژاری و لادەسی و ڕووتی بەلەنگازیشیانەوە، لەسەریان بوو بە زللە ڕوومەتی خۆیان سوور کەنەوە و لە عەینی برسیایەتیدا خۆیان پۆشتە و تێر و تەسەل بنوێنن. چونکە پێیان گوترابوو کە خاوەن دۆست و دوژمنن و نابێ مرۆڤی بۆق لە زگ بە دەرد و مەرگیان بزانێت، ئەویش نەخوازا لەم هەل و مەرجەدا کە ئاشەکەیان تێک تەپێندرا بوو و تووشی زیان و زەرەر هاتبوون. پێیان گوترا بوو کە زمانی پیسی بەرەی دوو پێ، چەشنی تیغی دووفلیقانە، لە ڕاست و چەپەوە بۆیان دادێت و لە هەر چاوترووکانێکدا هەزار و یەک تەوس و پلار و تەشەریان پێدا دەدرێت و ڕۆژ نییە مەلۆتکەی بوختانیان بۆ ساز نەکرێت و پێیان دا نەدرێت.

بە گوێیان دەگەیشتەوە کە لە دەرەوی مەزرا دا باسی قاتی و قڕی و برسیایەتیی ئاژەڵی مەزرا کەوتۆتە سەر دەم و زار و زمانان و یەک بۆ ئەوی تری دەڵێتەوە. تەنانەت باسی شەڕی خۆ بەخۆی ناوخۆی مەزراش وەک جاچکەخۆشە لە دەم و زاراندا دەجوورێت و دەجوورێتەوە.

هەرکە ناپولیۆن بە گوێی گەیشتەوە و زانی خەبەری بێ ئەنوایی و هەژاریی ئاژەڵ، لە دەرەوەی مەزرا دا بڵاو بۆتەوە، هاتە سەر ئەم ڕایە کە زمانی ویمپەر بۆ خەواندنەوەی قسەو باسان بەکرێ بگرێت و کردی. بۆ ئەنجامی ئەم کارەش، سەرۆک ناپولیۆن بەخێرایی دەست بەکار بوو.

بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەم بوو. ویمپەر بە گویرەی هەموو ڕۆژانی دووشەم هاتە سەردانی مەزرا، بەڵام هەرکە لە دەروازی مەزن وەژوور کەوت، بە هەڵکەوت تووشی تاقمە ئاژەڵێک هات، کە بە گشتی لە زۆر و زەبەنیی خێر و بەرەکەتی مەزراکەیان دەدوان. بۆ وێنە، بەرەی بەرانان بە گا و گۆلیان دەگوت:

ـ ... هاوڕێیان! سەیری ئێمە بکەن کە ساکەتەی دووگمان لە بەر زۆر لەوەڕی و بەهۆی باش خواردنمان چلۆن چەتری هەڵداوە !...

گا و گۆلیش دەیانگوتەوە :

ـ ... ئەی لە ئێمەمانان بۆچ ناڕوانن کە خواردن و خواردنەوەمان بە پای فیلانە و لە بەر زۆر خۆری، پڕ بەپێست ئەنگڕاوین و بووینەتە مەشکە...

ئەوسا بەرنامەی دووەمی شانۆی ناپولیۆن، کە هەڵخەڵەتاندنی چاوی ویمپەر بوو، دەستی پێکرد. بەپێی نەخشەی لە پێشدا کێشراوی ناپولیۆن. بە نەنقەست ڕێی ویمپەر بە شوێنێکدا تێپەڕ کرا، کە ژووری ئالیک و تفاق و دەغڵ و دانی ئاژەڵانی لێ بوو. لەو ژوورەدا دەیان بەرمیل و کەندووی پڕ لە دەغڵ و دان و زمهەڕی خستە بەرچاوی ئەو،

کە ویمپەر بە هەموو زیتی و زیرەکی و زانایەتیی خۆیەوە، هەر کە ئەو گشتە بەرەکەتەی بە چاوی سەر بینی، سەری سووڕما و گۆستی خۆی گەست و هەر ئەو ڕۆژە لە کوچە و کۆڵانەکانی گوندی ویلنگدۆندا بۆی بە شەیپپوور دا تووڕاندن و گوتی، کە هەتا بە ئێستێ هەرچی دەربارەی ناشکوایی و بێ ئەنوایی مەزرای ئاژەڵان گوتراوە، سەرپاکی باگژەی درۆ و بوختانە. گوتی، پاشەکەوتێکی کە ئەو دە چاڵ و بەرمیل و کەندووی مەزرا دا بینیوێتی، ئەگەر مەزرانشینان هەتا حەوت پشتی تریشیان دابنیشن و نەکەن و هەر بیخۆن، هێشتا بەشیان دەکات و لە بەریشیان دەمێنێتەوە.

لە ڕاستیدا، هەموو بەرمیل و چاڵ و کەندووەکانی مەزرای ئاژەڵان هەر هەتا چەند بستێکی سەرەوەیان بە دەغڵ و دان ڕازێنرابۆوەوە و بەشی ژێرەوەیان لە خۆڵ و زیخ و چەو پڕ کرابوو. ئەم شانۆیە لە کورتە دەمدا کاری کرد، بەڵام نەیتوانی ڕاستە تەختەی هەژاری و لادەسیی مەزرا بشارێتەوە. هەربۆیە، لە ئاخر ڕۆژەکانی مانگی ژانقییەدا دەرەتانیان لێ بڕا و بە ناچاری دەستی سات و سەودایەکی تریان بۆ ئەو دیوی مەزرا درێژ کرد.

هەر لەو سەر و بەندە، واتە لە هەرەتی قەیرانە ڕەشەکەی مەزرا دا بوو کە ناپولیۆن لە کۆشکی ڕازاوەوەی سەرکردایەتیدا وەک مانگ پەنای گرت و بە دەگمەن خۆی نواند. نۆ سەگی چاو سووریش، بەدایم لەبەر دەرگا و بەربێڵا و بەرهەیوانان چاوەدێر و هەستیاری نەزم و میزانی سەر و ژێران بوون. هەر دەمێکیش کە سەرۆک مەیلی گەشت و پیاسەیەکی دەکەوتە دڵ، هاتنەدەر و گەشت و پیاسەکەی

بەشێوە و شێوازی مەزنە ئاهەنگێکی ئەوتۆ شکۆدار دەگیرا، کە هەر دەبوو بێی و سەیری بکەی ؛ پێشەکی ڕێی هاتووچۆیان بۆ چۆل دەکرد، ئەوسا کەڵەشێرەکەی خانەدانان دەهات تێی دەقووڵاندو هاتنی سەرۆکی ڕادەگەیاند. هەرکە سەرۆک دەهاتەدەر، لە ڕۆیشتن دا نۆسەگی پاسەوان لە چوار بەری دەرۆیشتن و بە دوایاندا خێڵی خاسە برایان دەهاتن و ڕادەبوردن.

یەکشەمەیەک لە هۆڵی مەزن دا کۆکرانەوە و سکوەلەر دەقی پەیامی سەرۆکی بەم چەشنە بۆ خوێندنەوە :

[هاوڕێیان! هەروەکی ئێوەیش شارەزان، تووشی ڕەشە قەیرانێکی نالەبار هاتووین. بۆ تێپەڕکردنی ئەم قەیرانە، ناچارین دەغڵ و دانی پێویست لە دەرەوەی مەزرا وەربگرین. دیارە بەپێی قانوونی سیاسەتی ئابووری، ئێمەیش دەبێ لەبری وەرگرتنی دان و دەغڵی پێویست، بەرهەمێک بفرۆشین و کاری خۆمانی پێ ڕاست کەینەوە. بەرهەمێکی کەوا بڕیاری فرۆشتنمان بۆ داوە، هێلکەیە. دیارە فرۆشتنی هێلکەش هەر هەتا بەسەرچوونی تەنگانەکە دەوامدار دەبێ و ڕەنگە هەتا سەری ساڵ بخایەنێت. لەم ماوەیەش دا بەنیازین هەر هەفتەیەی چوارسەت هێلکە دە بازاڕی گوندی ویلنگدۆن بکەین و ئیشی خۆمانی پێ مەیسەر بکەین].

هەرکە باڵندەکان ئەم فەرمانە ناڕەوایەیان بەگوێ گەیشت، هاواری ناڕەزایەتی و پەڵپی بەرپەرچدانەوەیان لە جیاتی وڵامی ئەرێ بۆ ناپولیۆن ناردەوە و بەدوای ئەودا مانیان گرت. باڵندەکان خۆیان سوور کردبۆوە کە گەرای(وروره ) لە هەناو دا بگوورێنن و لە بەهاری داهاتوودا

کورک هەڵنیشن و جووچک هەڵێنن. هەر بۆیە، بەرەی باڵندان لەم دەم و کاتە نابەجێیەدا هێلکە لەبەر هەڵگرتنیان بە جووجەڵە کوشتن هەمبەر و بەرامبەر زانی.

باڵندەکان دژ بە حوکمی ڕەشی سەرکردایەی ڕاپەڕین و لە دژی ستەم ، فڕینە بەرزترینی شوێنی تاقە و ڕەفەی مریشکدان و لەوێوە هێلکەیان کرد و لە بەرزاییەوە خستییانە خوارەوە و شکاندیانن. هێلکەکان کە هیوای دوارۆژی باڵندان بوون، لە ڕێی ئاسایشی گشتی و بۆ شکاندنی حوکمی زورداری، قوربانی کران. بەم تەرتیبە، دەهات شۆڕشێکی نوێتر لە داوێنی پیرە شۆڕشەکەی مەزرا دا سەر هەڵێنێت و کۆنە ماڵ هەڵوەژێرێت، بەڵام ناپولیۆن بە ئەو پەڕی بێ بەزەییەوە فەرمانی دەرکرد کە: [هەر ئاژەڵێک بە قەدرایە دەنکە هەرزنێک دەستی یاریکاری بۆ دژەشۆڕشان درێژ بکات، تۆڵەی هەرە بچووکیان مەرگێکی یەکجار زۆر سامناک دەبێت].

بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانی سەرۆک و، تێکشکاندنی خۆڕاگریی باڵندەکان، بە درێژایی شەو و ڕۆژان، چوار سەگی دڕی یانیگریان وەک چاوەدێر لە ژێر پێیان دا ڕاگیران. باڵندەکان دلێرانە پێنج ڕۆژان خۆیان ڕاگرت، بەڵام سەرەنجام تاقەتیان لێ بڕا و پاش مندار بوونەوەی نۆ مامری خەباتکار، ئەوانی تر ملیان دا و لە بەرزاییەوە دابەزینە خوارەوە.

سەرکردایەتیی مەزرا، بۆ بەرگری لە بڵاوبوونەوەی هەرای مانگرتنی باڵندان، ئەوتۆیان خستە سەر دەم و زاران، کە گۆیا بەڵندەکانی مەزرا تووشی نەخۆشینی خۆرەزەک

هاتوون و نۆی پێ مردوون. کەلاکی نۆ مریشکی گیان بەختکەر، زۆر بەبێ دەنگی، لە ژێر درەختەکانی باغی سێواندا ژێرخاک کران و هەرایان خەواندرایەوە.
بەم تەرتیبە، سەربزێویی مامر تێک شکێندرا و هەموو ڕۆژانی دووشەم، ویمپەر و دوکاندارەکەی گوندی ویلنگدۆن دەهاتن و چوار سەت هێلکەیان دەبرد و دەڕۆیشتن.

لە درێژەی ئەم ماوەیە دا، واتە لە سەروبەندی کرانەوەی دەرگای مەزرا بۆ وەگەڕخستنی سیاسەتی بازرگانیی نوێ، هیچ قسە و باسێک لە سنۆباڵ و جێگە و حەشارگەکەی لە گۆڕێ دا نەمابوو. بەڵام جار و بار، زۆر بە کزی بە گوێی ئاژەڵ دەگەیشتەوە و دەگوترا کە گۆیا سنۆباڵ خۆی بە یەکێک لە دوو مەزرادارەکانی دراوسێ فرۆشتووە و لە ژێر حوکمی یەکێک لەو دووە دا پەنای گرتووە. ئاژەڵ بەگشتی ئەم واتە واتەیان دەبیست، بەڵام هەرکە بە ئاشکرا دەیان بینی سەرۆک لە ئاست دوو خاوەن مەزرای چەکمەڕەق دا وەکی جاران وشک و سارد و دین دوژمن نەماوەتەوە، هەرچی واتەوات و دەمگۆ بوو، پێیان وابوو بایە و بە ژێر گوێچەیاندا ڕادەبرێ.

لە حەوشەی ژووروی مەزراکەیاندا دارخانەیەکیان هەبوو، کە سەدان ئاڵوداری لێک و لووس کراوی ئامادەی فرۆشتن، زۆر بە ڕێکوپێکی لەسەر یەک هەڵچندرابوون. دارخانەکە یادگاری سەردەمی جۆنز بوو کە بە مەبەستی فرۆشتن، لە دارستانی خوار مەزرا بڕیبوونی و پاش سپی کردنیان، بۆ وشک بوونەوە هەڵی چنیبوون.

ڕۆژێک لەڕۆژان، ویمپەر هاتە سەردانی ناپولیۆن و ڕایگەیاند کە فردریک و پاول کینگتان، هەر دووکیان بەدڵ کڕیاری دارەکانی مەزران و بۆ سەودا کردن دەگەڵ سەرۆک، خەریکن سەر و دەستی خۆیانی بۆ دەشکێنن.

ناپولیۆن بۆ هەڵبژاردنی یەکێک لەم دووە، دوو دڵ بوو. بەڵام هەتا بە دڵی دا دەهات کە فردریک بۆ سەودا باشە، گورجێک لە مەزرادا دەبوو بە هەرا و دەگوترا کە سنۆباڵ لە ژێر باڵی پاوڵ کینگتان دا خەوتووە و خەریکی پیلان گێڕانە. هەر کاتێکیش کە وازی لەو دەهێنا و نیازی ئەمی تری بە دڵدا دەهات، قەوانەکە هەڵدەگێڕدرایەوە و ئەمجارەکە فریدریک دەکرایە شەریک و برابەشی سنۆباڵ و ماڵەکەی دەبوو بە خانی خەتەر و کانگای قەستی سەر.

لە سەرەتای ورزی بەهار دا، کوتوپڕ ڕازێکی سامناکیان لێ ئاشکرا کرا و پێیان گوترا کە: [... شەوانە سنۆباڵ خۆی دەکێشێتە مەزرا و دەست دەوەشێنێت]. ئەم دەنگە وەک تۆپ لە مەزرا دا تەقی و نێوکی ئاژەڵی پێ کەوت. سنۆباڵ دیسانەکە کرایە ئاخۆران باخۆرانێکی هەر ئەوەندە سامناک، کە مەزرای پێ لەرزی. ئەو بە ئەمی تری دەگوت کە نیوەی شەوانی هەموو شەوێک، تارمایی بەرازێک بە مەزرا دا دەخزێت و دەستی ناپاک و ناحەز بە سەر بەرهەمان دا دێنێ. دانەوێڵە دەدزێ و دەفری پڕ لە شیر قلّپ دەکاتەوە. هێلکە دەشکێنێ و شیناوەرد پێشێل دەکا. دەچێتە سوێی دار و درەخت و بەری دار دەچلّپێنێ.

بە کورتی هەر ئازار و مافەتەیەکی کە لە دار و درەخت و ئاژەڵ دەکەوت، خێرا تاوانەکەیان لە ئەستۆی سنۆباڵ

دەپەستاوت. هاتبا و شووشە پەنجەیەک شکابایە ، یان گۆنگەی ئاوەڕۆکەیان بە پڕ و پووش و هەژگەڵ گیرابایە، دەگوترا سنۆباڵ شەو هات و ئەم ئەتکەی پێکردن و ڕۆیی.

ڕۆژێک لە ڕۆژان، کلیلی دەرگای کادێنیان لێ بزر بوو، چی ئاژەڵی کە لە مەزرا دا بوون، بە گشتی دەستیان لە ملدا و گوتیان ئەشەمبیلا، کاری سنۆباڵە و هەر ئەوە کە کلیلەکەی لێ دە چاڵاو هاویشتوون. تەنانەت کەتێکیش کە کلیلی بزر بوویان لە ژێر جەواڵی دانەوێڵەدا دۆزییەوە، هێشتا هەر دەیانگوت دەستی ئەوەی تێدا بووە و لەو ڕانەبردووە.

مانگاکانیش فریادی هاواریان دەگەییشتە ئاسمان و بە گازەندەوە دەیانگوت کە شەو نییە بەرزاێک لە نیوەی شەو دا نەیەتە جەستەیان و گوانەکانیان هەتا ئاخر دڵۆپی تەڕایی هەڵنەمژێت.

ئەوانە گشتی بەجێی خۆیان، لە هەموو دەرد و پەتایەک ناسازگارتر، هێرشی بێ ئامانی جرجەمشک بوو، کە هەر ڕاست لەو سەر و بەندەدا دەگیانی دانەوێڵەیان بەر ببوو. ئەمەش خۆی ببوو بە هەرا و دەگوترا کە هارەبەدانیی جرجەمشکانیش هەر بە فیتی سنۆباڵە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان، ناپولیۆن ڕایگەیاند کە سبەی بەیانی هەر خودی خۆی دێتە مەیدان و ئەرکی دۆزینەوەی شوێن پێی سنۆباڵ وە ئەستۆ دەگرێت. ناپولیۆن سبەی بەیانی ئەو ڕۆژە، لە ژێر چاوەدێریی نۆ سەگی مل ئەستووری لە سەرکردایەتی هاتنەدەر. تەویلەنشینان زۆر بە قەدر و قوتبەوە چەند هەنگاوێک دوورتر بە شوێن سەری داهاتن و سەیری هەڵسوکەوت و ئاکارەکەیان کرد.

ناپولیۆن بە زاکونێکی فرە مەزن و میرانە، سەری بە هەموو شوێنێک داگرت. هەر چەند هەنگاوێک ڕۆیشت، ئیستێک ڕاوەستا. دوای وچان گرتن و هەڵسەنگاندن و بۆن پێوە کردن، دیسان کەوتەوە ڕێ. کون و کەلەبەر نەما بە چاو دەرزی ئاژنی نەکات. بۆن و بەرامەی هەوا و هەردی هەڵمژی و دەگەڵ هەر هەڵمژینێکیش پڕ بە دۆڵ فیشقاندی و دەگەڵ هەر فیشقاندنێکی سەرۆک، هەر نۆ سەگی چاوسووریش یەک ڕیز لووراندیان.

لەم گەڕان و پشکنینەدا، هەرکە گەیشتنە ئاخر سنووری مەزرا، سەرۆک لمبۆزی پانی بە ژێر دەوەنانەوە نا و بۆنی شوێن پێی هەڵمژی و نەعرەتە و فیشقەیەکی سامناکی کێشا و گوتی :

ـ ... ئەوەتا !... ئەمە شوێن پێی سنۆباڵی ترسنۆکە!... ئەوەتا بەم گازە دا هاتووە و بەم گوزەرەدا دەرچووە!... بەڵێ بۆنەکەی لەبۆم ئاشنایە و دەیناسم !

سەگەکان بە بیستنی ناوی سنۆباڵ خوێنیان دە چاوان گەڕا و بەچەشنێک لوراندیان ، کە خوێن لە شادەماری تەویلەنشیناندا مەیی.

هەر ئەو شەوە بەکاتی خەوتنان، سکوەلەری تووڕە و پەرێشانحاڵ هاتە سەردانی ئاژەڵان و بەدەم هەناسەبڕکەیەکی شێواوەحاڵ دا گوتی:

ـ ڕەفیقان ! ڕاپۆرتێکمان پێ گەییشتووە کە گەلێک هەواڵی سامناکی تێدایە. ڕەنگە هیچ کام لە ئێوە بەرگەی بیستنی ئەم هەواڵانە نەگرن و بێتوو بە گوێتان بگاتەوە، لەوانەیە نێوک و دڵتان پێکەوە بەر بێتەوە. بەڵام چونکە ناوەرۆکی

ڕاپۆرتەکە بە چارەنووسی مەزراکەمانەوە بەندە، هەربۆیە ناچارم بە گوێتانی دا بخوێنم.

هاوڕێیان! گوێ بگرن و ئاگادار بن کە سنۆباڵی خەیان خۆی بە فردریک فرۆشتووە و بە خەیاڵە بەسەرمان دادا. لەو هێرشەدا، سەردەستە و ڕێ نیشاندەری هێزی دوژمن هەر خۆی دەبێت و بەس!... بەڵێ هاوڕێیان! سنۆباڵ ئەمەیە و لەمە زیاتر نییە. ئێمە لە سەرەتاوە سنۆباڵمان بۆ نەناسرابوو. ئێمەی کورت بین، پێمان وابوو هەوای مەزنێخوازی فووی بە کەللەی داکردووە بۆیە وای لێهاتووە. بەڵام لەم بابەتەوە ئێمە هەڵە بووین. چونکە سنۆباڵ پایەبەرزێکی هەرە باڵای سەرکردایەتیمان بوو کە دەستی هیچ خاوەن دەستێکی نەدەگەییشتە حاستی دەستەڵاتەکەی. ئەی بۆچە ئێمەی بەو دەردە برد و ئەم پەندە پیسەشی بەسەر خۆی هێنا؟! دەسا با بپرسین و بزانین هۆی چی بوو سنۆباڵ وەک مار دە دەلینگمان هاڵا و لێمان بوو بە داسی ڕمانە؟ بەڵێ هاوڕێیان ئەمەیە گیانی بابەتەکە و دەبێ بە شوێن ئەم ڕەمزە شاراوەیە دا بچین.

هاوڕێیان! بەڵگەیەکی زیندووی کە هەر ئێستێ دە مستی من دایە، نیشان دەدا و دەنوێنێ کە سنۆباڵ هەر لە سەرەتاوە جاش و جیرەخۆری جۆنز بووە. ئەم بەڵگەیە حیکایەتێکە لە یەکا یەکی چەوتی و چەپەڵکاری و تاوانبارییەکانی ئەو کەسە ناکەسە و، کەسایەتیی ناخاوێنی سنۆباڵ وەک هێلکەی پاک کراو لە توێلک دەر دەخات... وەرن ئێوەیش تۆزێک قووڵتر بیری لێبکەنەوەو سنۆباڵ بخەنە بەر ئاوێنەی خەیاڵتان و کار و کردەوەکانی هەڵسەنگێنن، جا ئەوەدەم

بۆتان دەدەکەوێ و دەس لە مل دەدەن کە هەرچی ئەم بەڵگە بەنرخە دەیی بێژێ، سەربەسەر ڕاستە!

ئازیزان! کەس نەزانێ، خۆ ئێوە بە دوو چاوی سەر بینیتان و باش دەزانن کە لە شەڕی هۆڵی مانگایاندا سنۆباڵ هەوادار و لایەنگری جۆنز بوو. ئێوە بەتێکڕا بینیتان چۆن ئازایانە دژ بە ئێمە شەڕی کرد و چلۆن خەریک بوو بە قەڵبەیەکی سامناکمان دا بخات؛ بەڵێ ئەو دەیەویست دەسەڵاتدارییەتی نگریسی جۆنزمان بەسەر دا بسەپێنێتەوە. بەڵام لە هات و بەختی بەزری خۆمانەوە، سەرۆکی بەختیارمان ڕێی ڕزگاری بۆ کردینەوە و لە پیلانی سنۆباڵ ڕزگاری کردین...

ئیتر داستانی هەڵبەستراوی ئەمجارەکەی سەرکردایەتی لە چیرۆکی خاپوور بوونی ئاشی باکەیشیان نەپوختەتر و گەوجانەتر هەڵپێچرا بوو، هەربۆیە ئاژەڵ بەبیستنی داستانی ئەمجارەی سەرکردایەتی، گرانتر لە هەر جارێک شڵەژان، بەڵام شڵەژانێکی بێ هەست و خوست و کپ و بێدەنگ .

ئاژەڵی تەویلەنشین وتەکانی سکوەلەریان لە بارەگای خەیاڵدا دەهێنا و دەبرد و لێکیان دەدایەوە و هەڵیان دەسەنگاند؛ لەم نرخاندنە دا، ئەوان پێیان وابوو کە بینیویانە و لە بیریانە لە شەڕی هۆڵی مانگایاندا سنۆباڵ وەک قارەمانێکی لە خۆ بوردوو شەڕی کرد و گیانفیدایانە تێکۆشا. هەروەها پێیان وابوو بینیویانە کە سنۆباڵ لە شەڕی هۆڵی مانگایاندا وەک فەرماندەرێکی لێهاتوو، زانایانە بەرەی شەڕی ڕێبەری کرد و ئاژەڵی شپرزە و لێک بڵاوبووی

سەر و سامان پێدایەوە و لە هێرشێکی گورچووبڕ دا بە سەرکەوتنیشی گەیاندن. بەڵێ لەبیریان مابوو، لە تەنگەبەری هۆڵی مانگایاندا چەند بوێرانە و چەندە ئازایانە هات و جۆنزی زۆرداری خست و دەسکەوتێکی بەنرخێشی لێ سەند. ئەی کەواتە چۆن دەتوانن بەری تیشکی خۆری ئاسمان بە تۆپەڵێک قوڕ وەشێرن؟ ئەرێ لە جوانمێری بەدوور نییە کە خاوێن، بە چەپەڵ ناو بەرن و، ڕەش لە جێی سپی وەرگرن؟ بەڵام سەرەڕای ئەم تێگەیشتن و پێ گەیشتنە، ئاژەڵ بەتێکڕایی و باکسەر بەتایبەتی بێدەنگ بوون و دەرەوای پرسیارو لێکۆڵینەوەیان وشکاوی هاتبوو. بەڵام باکسەر لە عەینی بێدەنگی دا ئۆقرە و ئارامی پێ نەمابوو. لە هەژمەتان خۆی پێ ڕانەدەگیرا. سەرەنجام و ئاخرسەر، نەرم و هێور لێی پرسی:

ـ ڕەفیق سکوەلەر! من بەش بە حاڵی خۆم بۆم ناگونجێ و پێم ناکرێ بە خۆمی بسەلمێنم کە سنۆباڵ جاش و دەسندەخۆری جۆنز بووبێت. ئاخر لە شەڕی هۆڵی مانگایان دا ئەو شان بە شانی من هات و هەر من دەزانم ئەو چی کرد!... بەڵێ ئەوە هەر من بووم بە چاوی سەر بینیم کە سنۆباڵ بێ دەربەستی گیان و سەر و ماڵ، ئازایانە و بوێرانە بەرەوە پیری مەرگ چوو. بۆ درۆ و ڕاستی، ئەرێ ئەوە هەر خودی خۆمان نەبووین لە ڕۆژی سەرکەوتن و تێکشکاندن و ڕەپاڵ نانی بەرەی دووپێ دا، میداڵیای پلەی یەکی ئازایەیمان پێ خەڵات کرد؟!

سکوەلەر لە وەرامدا گوتی :

ـ ئێمە ئەودەم بەهەڵە دا چووبووین ڕەفیق... بەڵام هەر ئێستێ، بەپێی ئەم بەڵگەیەی کە لە مستم دایە، پاک و ناپاکمان بۆ لێک بۆتەوە و بۆمان دەرکەوتووە ئەوەی ئەو کردی، شانۆیەک بوو بۆ فەوتاندنی کەرامەتی نیشتمانیمان و بۆ پەت کردنەوە و دیل کردن و ژێردەستەییمان...

باکسەر قسەی لەدەمدا بڕی و گوتی :

ـ بەلام سنۆباڵ لە شەڕی هۆڵی مانگایاندا پێکا و ئێمەیش زامەکەییمان بە چاوی سەر بینی، تەنانەت چۆڕاوگەی خوێنەکەییشمان هەر لەبیر ماوە و...

سکوەلەر نەڕاندی بە سەریدا و گوتی :

ـ ڕەفیق هۆشت بێ!... ئەمەش بەشێک بوو لە شانۆی پڕ لە خەیانەتی سنۆباڵ، شانۆیەک کە ئاژەڵی گەمژە و نەفام لە ناوەرۆکەکەی تێناگات و هەر ڕووکەشەکەی دەبینێت. دەسا تۆ و هەموو ئەوانەی کە هەر ڕووکەشی کارەساتان دەبینن و چاوی دیتنی ناوەرۆکتان کوێرە، گوێ بگرن و بزانن کە فیشەکی جۆنز ئەوەندە بە دانستە و بە مەبەستەوە سەر پێستی پیسی سنۆباڵی داڕووشاند بوو ، کە لە یەکەم هەل دا هیچ گەزەندە و ئازارێک نەگەیەنێتە گیانی ناپاکی و لە چەلی دووەمدا چاوی کزی ئاژەڵی ساویلکەشی پێ بە خەتا بچێت... سەدبریا ڕەفیق باکسەر توانیبای خاڵ بە خاڵی ئەم ڕاپۆرتە بخوێنێتەوە، سا ئەودەم بۆی دەردەکەوت کە سەنگی خەیانەت سنۆباڵ چەندە قورسە و چەندە گرانە!... باکسەر نەکەی بە هەڵە دابچی و گوێ لەم ڕاپۆرتە بخەوێنێ و هەر وەک جاران بە لاگری و لایەنگیریی سنۆباڵ بمێنی، کە ئەو زاتە ناپاکە بۆ لاگری و پشتگیری نابێ... بەڵێ هاوڕێ

باکسەر! ئیتر کاتی ئەوە هاتووە چاویلکە لە چاو دەربێبین و ڕواڵەت و ناوەرۆکی ڕووداوەکان وردتر و ڕاستەکی تر بخوێنینەوە.

هاوڕێیان باوەڕی دڵتان پێم بێ، دەتوانم بڵێم سنۆباڵ کەم تا کورتێکیش لە ئامانجە گڵاوەکەی دا سەرکەوتبوو، بەڵام چ بکا کە سێبەری پێشەوا و ڕێبەرێکمان بەسەرەوە بوو. بەڵێ گەر هاتبا و سێبەری پێشەوای مەزنمان بەسەرەوە نەبوایە، هەرئێستێکە من و ئێوەو بەتێکڕامان کۆیلەی ژێر دەستی بەرەوە دوو پێ ببووینەوە و هەرچی خۆشی و نۆشی و حاڵ و حەسانەوەیەکی کە هەمانە، لە دەستمان چوو بوو.

هاوڕێیان! نەکا ئەو دەمەتان لەبیر کردبێ کە وا جۆنز و دار و دەستەکەی بە هەموو تواناوە هەڵیان کوتایە سەرمان و، هەر ئەودەم سنۆباڵی خۆفرۆش پشتی تێکردین و جێی هێشتین و بۆی دەرچووا!... ئەرێ ئەو دەمەتان نایەتەوە بیر کە ئێمەی ئاژەڵ هەر وەکی ئاردی نێو دڕووان، لێرەو لەوێ، بە شپرزەیی لێک بڵاو ببووین و دەرەتانی نەجاتمان لێ تەنگەبەر ببۆوە، هەر ئەودەم پێشەوای دڵسۆز و مەزنمان بە هانامانەوە گەیشت و بە نرکەی دلێرانەیەوە گرماندی: (بمرێ بەرەی دووپێ). ڕەنگە ئێوەیش ئەوکاتە ناسکەتان لەبەر چاوی خەیاڵ دا هەر مابێتەوە کە پێشەوا بە دەم نرکەی دلێرانەیەوە بە قاچی جۆنز دا نووسا و لە مەیدان بەدەری کرد...

هەر نەخشێکی کە سکوەلەر بە دەنگ ڕەسمی دەکرد، لە سەر پەردەی زەینی ئاژەڵدا نەخشی دەگرت و کراسی باوڕێکی ڕاستەکی دەبەر دەکرد. بەڵام بە هەموو خۆشباوەڕی

و ساکاریشیانەوە، دڵیان هەڵینەدەگرت ئەوەی بەچاوی سەر دیتبوویان ، هەروا سووک و هاسان بیدەنە بەردەستی بای فەرامۆشی و نکۆڵی لە بوونی بکەن. بەتایبەت باکسەر، کە شان بە شانی سنۆباڵ و دژ بە جۆنز شەڕی کردبوو، لە بەر دیدەی خەیاڵی زەق و زیندوو مابۆوە، هەر بۆیە سەرێکی بەرز کردەوە و گوتی:

ـ ڕەفیق سکوەلەر بویستە با منیش ڕای خۆم دەر ببڕم و شتێک بێژم!... من دەڵێم دەبا دوێنێ بە حیسابی ئیمڕۆ نەگرین و داهاتوو فیدای ڕابوردو نەکەین... ئەوەیکە سنۆباڵ لەم دواییانەدا کردی بەجێی خۆی، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم قەتم بۆ ناسەلمێ سنۆباڵ هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە جاش و دەسندەخۆری جۆنز بووبێ. من دەس لە ملم دەدەم و دەڵێم ئەوەی کە سنۆباڵ لە شەڕی هۆڵی مانگایاندا کردی، کەس نەیکرد... سنۆباڵ ڕەفیقێکی بەدەمار و جگەرسۆزەیەکی میهرەبان بوو کە تای خۆی دەست نەدەکەوت...

سکوەلەر نەیهێشت باکسەر پتری لەسەر بڕوات. بەدەنگێکی تەواو تووڕەی ئاماڵ بە گازندەوە گوتی :

ـ باکسەر!... باکسەر! هۆشی خۆت بگرەوە !... پێشەوا ناپولیۆن... بەڵێ پێشەوا ناپولیۆن لەسەر ئەم باوەڕەیە کە سنۆباڵ هەر نەک بەر لە شۆڕش، بگرە بەر لەوەی بیری شۆڕش بە مێشکی ئاژەڵ داهاتبێ، هەر جاش و چڵکاوخۆری بەرەی دوو پێ بووە.

باکسەر گوتی :

ـ ئـــا!... ئاوووا!... هەنووکە کێشەکەمان گۆڕا و بۆمان دەرکەوت کێ باشە و کێ جاشە. ئەڵبەت و سەدان ئەڵبەتە

ئەگەر بۆچوونی پێشەوا ناپولیۆن لەسەر سنۆباڵ بەمجۆرەیە، بەڵێ دەست لە ملم دەدەم و دەڵێم ئەو مافی خۆیەتی و سەر بە سەر ڕاستە.

سکوەلەر فیشقاندی:

ـ ئــا!... ڕەفیق! ئەوا تۆیش هەر ئێستێکە چاوت کرایەوە و بە دیدێکی وردبینانە سەیری ژێر و ژووری کارەساتان دەکەیت !

سکوەلەر دوای بێدەنگ مانەوەیەکی کەم دەوام، یەک بە یەکی ئاژەڵانی لە ڕێی چاوانەوە دەرزی ئاژن کرد و بەنیازی گەڕانەوە بەرەو کۆشکی سەرکردایەتی، پشتی تێکردن، بەڵام لەپڕ وەرچەرخایەوە و بە هەوادەنگێک کە بۆنی خوێنی لێدەهات، گوتی:

ـ ئێوە ئەی نیشتەجێیانی مەزرای ئاژەڵان!... دەگەڵ ئێوەمە! گوێ بگرن و چاوی خۆتان خورد کەنەوە و وریای زار و زمانتان بن، چونکە بەڵگەی خەیانەتی سنۆباڵ پەنجە بۆ ئەم ڕاستییەش ڕادەکێشێ، کە جەماعەتێک لە ئاژەڵی خۆماڵیشمان دەستیان تێکەڵاوی پیلانی گلاوی دوژمنانە و، شەریک و برابەشانی سنۆباڵی بابان شێواون.

چوار ڕۆژ بە سەر هەڕەشەی سکوەلەر دا تێپەڕی. ڕۆژی پێنجەم، بە فەرمانی سەرۆک، هەرچی ئاژەڵی مەزرا بوو لە حەوشەی مەزرادا کۆ کرانەوە.

ناپولیۆن و نۆ سەگی چاوسووری هاتن و لە شوێنێکی بەرز ، ڕوو بە ڕووی ئاژەڵی تاساو دانیشتن. دوو ڕیز میداڵیای سەر سنگی سەرۆک، دەگەڵ هەر ڕاژان و خۆ بادانێک، لەبەر شەبەق و تیشکی هەتاو دا ترووسکەیان دەهات. بەتایبەت

میداڵیای ئەستووری پلەی یەکەمی ئازایەتی و نیشانی قورسی پلەی دووەمی ئاژەڵایەتی کە خەڵات کراوی خۆی بوون و بە دەستی خۆی لە سنگی خۆی چەسپاندبوون، بەرچاو بوون و لە دوورەوە دیار بوون.

لەم دانیشتنەدا، بە داب و دەستووری جاران، نۆ سەگی چاوسووری قەڵاتە لەمل، چوار دەوری سەرۆکیان تەنی بوو. سەگەکان درِتر لە جاران و یانیگرتر لە هەمیشە دەهاتنە بەر چاو. خودی ناپولیۆنیش لە هەردەم بەسامتر دیاری دەدا .

ڕوحی ئاژەڵ لەم دانیشتنە کوتوپڕە بێخەبەر بوو. بەڵام فیشقەی جار بە جاری سەرۆک و چەق و لووری سەگەکان، ناخۆش خەوەرێکیان بە گوێی گیانی ئاژەڵ دەگەیاند؛ ناخۆش خەبەرێک کە گازەرای پشتیان پێی هاتبوویە لەرزین.

ناپولیۆن بە چاوی سوور و ڕوخساری گرژ و مۆنەوە سەیرێکی کردن و بە هەموو تواناوە فیشقاندی. بەدەنگی فیشقەی سەرۆک، هەر نۆ سەگ لەجێ بزووتن و شاڵاویان بۆ ئاژەڵ برد. لە یەکەم شاڵاودا، گوێچکەی ئەو چوار لاوکە بەرازانەیان قەپ پێداگرت، کە لە دوو کۆبوونەوەکەی پێشوو دا زمانی ڕەخنە و سکاڵایان لە دەمدا بزووتبوو. چوار لاوکە بەرازەکان ڕەکێش کران و لە بەر پێی پێشەوادا لە خاک و خۆڵ گەوزێندران. ژێر گوێچکەی هەر چواریان چۆڕاوگەی خوێنێکی ئاڵ و گەشی پێدا هات و خاکی مەزراکەیانی پێ سوور بوو.

بەرامەی خوێن بە مەزرا دا گەڕا و سەگەکان بە بۆنی خوێن شێت و هارتر بوون. بەدەنگی فیشقەی دووەمی سەرۆک، چوارسەگ ئامبازی باکسەر بوون. بەڵام باکسەر لە بەرامبەر

چاوی مات و حەیرانی هەموو ئاژەڵی تاساو دا، لەسەر پاشوو هەستا سەرپێ و بە زەبری جووتە، سەگێکی دە خاک و خۆڵ گەوزاند. سێ پاسەوانی چاو سووری ناپولیۆن، هەرکە ئەم دەست وەشاندنە ترسناکەیان بەچاو دیت، قونەدزە و پاشەکشەیان پێکەوە کرد. باکسەر لە حاڵێکدا پێی لەسەر ڕیسی ملی سەگی بەزیو دانابوو، بە چاوی پڕ لە پرسیارەوە سەیری سەرۆکی کرد، کە ئاخۆ پاسەوانی بەزیو لە ژێر پێ دا بپڵیشێنێتەوە، یان بەرهەڵدای بکات.

ناپولیۆن دوای ڕامانێکی کورت، بە هێما ڕایگەیاند کە بەڵێ دەکرێ دەستی لێ هەڵگرێ.

نائارامی و هەرا خەوتەوە و بێدەنگی باڵی بەسەر مەزرا دا کردەوە. چوار لاوکە بەرازەکان هەر وەک تاوانبارانی پێ لەسەر لێوارەی چاڵی مەرگ، چاوەڕوانی فەرمانی سەرۆک ڕاوەستان. خەتاکاری و تاوانباری هەر وەک کراس دەهات بە بەر و بەژنیان هەڵبدرویێت. هەرکە لە لایەن سەرۆکەوە فەرمانی دەم کردنەوە و درکاندنی سووچ و تاوانیان پێدرا، هەر چواریان وەئەستۆیان گرت کە بەڵێ تاوانبارن و دەگەڵ سنۆباڵ سازاون و کەین و بەینی ئەوەیان بووە کە لە ئاژەڵی مەزرا دژ بە سەرکردە و سەرۆکایەتی هەڵخڕێنن و لە ئاکامدا ئاڵقەی نۆکەرایەتیی فریدریک لە ئەستۆی ئاژەڵی سەربەست ببەستنەوە. لاوکەبەرازەکان دانیان پێداهێنا کە لە خاپوورکردنی ئاشی با دا دەستیان بووەو هەمووی ئەم ئەتک و خەتاکارییەش، سنۆباڵ پێی کردوون. لە ئاخرسەر دا، بەزمان هاواریان کرد کە سنۆباڵ بەلای ئەوانەوە

درکاندوویەتی کە زۆر لەمێژە، بگرە بەر لە شۆڕشی مەزراش، هەر جاش و دەسندەخۆری جۆنز بووە.

کاتێک کە چوارلاوکە بەرازەکان تاوانیان وەئەستۆ گرت، بە ئامازەی پەنجەی پێشەوا، سەگەکان لە یەکدەم و لە چاوترووکاندنێکدا دایان گڕانێ و هەر چواریان لە بەر یەک هەڵدڕین و لەت و پەتیان کردن.

پاش کوشتاری یەکەم، سەرۆک ڕووی دەمی دە ئاژەڵی ترساوی تاساو کرد و بە هەوادەنگێکی زۆر سامناکەوە هاواری کرد:

ـ ئەو ئاژەڵانەی کە تاوانێک لە خۆیاندا شک دەبەن، کێن؟!... بۆچ نایەنە پێش و خۆیان ناناسێنن؟!

سێ مامری ئیسپانیایی کە بەڕێوەبەری بزووتنەوەی باڵندەکانیان کردبوو، هاتنە مەیدان و درکاندیان و گوتیان کە شەو لە خەودا سنۆباڵ دژ بە ناپولیۆن هانی داون و ڕێی ڕزگاربوونی بۆ دەستنیشان کردوون. دوابەدوای ئەوان، قازێک هات و وتی کە ساڵی ڕابوردوو بە کاتی هەڵگرتنەوەی خەرمان، شەش گوڵە گەنمی دزیوە و شەو خواردویەتی. پاش قازەکە، سێ پەز هاتن؛ یەکیان دانی پێدانا کە سنۆباڵ هانی داوە لە سەرچاوەی ئەستێرکی ئاو بمیزێ و ئەویش تێی میزتووە. دووەکانی تر زاریان کردەوە و بەزمانیان داهات کە لە لایەنگرانی سنۆباڵن و بەرانێکیان بۆیە هەلبڕیوە و ڕەتاندوویانە، چونکە لاگر و هەواداری ناپولیۆن بووە.

هەرچی هات و ددانی بە تاوانێک دا هێنا و خەتایەکی وەئەستۆ گرت، دەستبەجێ هەر لەوێ گوشتیان و لەت و پەتیان کرد. لە تەرمی کوژراوان تەپۆڵکەیان هەڵچنی و لە

خوێنی تێداچووان جۆگەلەی خوێنان ڕەوان کرد. حەوشەی مەزرا وەک گەرماوی خوێنی لێهات و بەرامەی خوێن بەسەر بستاوبستێ سەرزەمینی ڕزگارکراوی مەزرای ئاژەڵان دا گەڕا.

هەرکە سەرکردایەتیی مەزرا دەستیان لە پالاوتنی تاوانباران شوردەوە، خۆیان و سەگە ئەمەگناسەکان لە حەوشەدا مانەوە و ئاژەڵ بەرەو تەویلەکان داگەڕانەوە. سەرکردایەتی سەرکەتوانە لە حەوشەی خوێناویدا دانیشتن و ژێردەستەکانیش سەرکز و خەمناک، بە ماتەمینی لە ژووری تەویلەکەیاندا ڕاوەستان.

ئاژەڵی ژێردەستە بیریان لێدەکردەوە و هەڵیان دەسەنگاند و لە دڵدا دەیانگوت: [هەیاران! ئەرێ هاودەست بوون دەگەڵ سنۆباڵ تاوانی گرانترە، یان سازکردنی حەمامی خوێن لە خوێنی یاران؟ کوشتارێکی کە جۆنزی ستەمگەر لێی دەکردن، ئەوا ئیمڕۆ بە دەستی ئاژەڵی خۆماڵی لێیان کرا و مێژوویان لێ دووپات کرایەوە.

تەمەنی ڕابوردیان غەرقی خوێن بوو. ڕۆژ نەبوو دەیان ورگ لەبەر دیدەکانیان نەکرێتە سفرە و هەڵنەدڕێت. هیچ ساڵێک بەبێ لەت و پەت بوونی دەیان و سەدان ئاژەڵ، ساڵ نوێ نەدەکرایەوە. جۆنز دەیفرۆشتن، دەیکوشتن و لە ڕادە بەدەر دەی چەوساندنەوە. بەڵام ئەو مافی خۆی بوو، چونکە دوژمنی قەستی سەریان بوو. ئەدی کوشتاری ئێمڕۆکەیان چ ناوێکی لێ بنێین و لە خانەی کام سەردەمێک دا دایبنێین!!]

بە بڕوای هەموویان، کوشتاری ئیمڕۆکەیان سەدان جار بێ بەزەییانەتر لە هی سەردەمی جۆنز بوو؛ چونکە ئەوان

ئیتر ئەجزای کۆمەڵێکی یەکسانی زەحمەتکێش و، بە تێکڕا هاوخەبات و هاوشان و هاوبیری یەکترن.

لە هەژمەتان ئۆقرە و ئارامیان لێ هەڵگیرا. کونجی تەویلە وەک شەوە هەڵی دەگوشین و هەناسەیان بۆ نەدەکێشرا. بەناچاری و بۆ دوور کەوتنەوە لە خەفەت و لادانی پەرێشانی، لە تەویلە هاتنەدەر و، بەرەو سەر دوندی گردی مەزرا هەڵکشان؛ لە پاڵ دیواری تازە هەڵچندراوی ئاشەکەیان، کلۆڤەر، موریەل، بەنیامین و بزن و پەزەکان دانیشتن و باڵندە و بێ باڵەکانی تریش لێیان هالان. هەر وەتۆ لێک هالان و بە چەشنێک تێک بەزین، هەر دەتگوت بۆ گەرم بوونەوەی دڵی شکاویان، ئارەزووی گەرمای لەش و لاری یەکتریان هەیە. هەر تەنێ باکسەر بوو خەفەرتبارانە لە سەر پێ مابۆوە و بێ پشوودان دەهات و دەچوو. قۆپەنی کلکی درێژی بە دوو تەنیشتی لاقەبرغەی دا دەماشت و بە کۆرژنێکی جار بەجار، خەمی دڵی دەردەبڕی. دوای هاتن و چوونێکی زۆر، هاتەوە لای یارانی و گوتی :

ـ ئەی یاران !... ئەرێ بۆ پێمی نالێن کە ئێمە بۆچ بەم دەردە داکەوتین و بۆچی وامان لێ بەسەر هات؟! من بڕوام نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم هەرەسەمان بەسەر دا بێت... ئاخ چبکەم کە مێشکم ورتەی ژانی پێدا دەگەڕێت و ناتوانم ئەوەی لە ناو مێشکی کەللەمدا دێت و دەچێت، بە زمانی دابێنم... لەوانەیە کەموکوڕی لە خۆماندا بێ کە ناتوانین کێشەکانمان ڕەها بکەین. من پێموایە دەرمانی تواندنەوەی گیر و گرفتانمان هەر لە کار دایە. من دەرمانی دەردی خۆم

دەكار دا دەبنێم و هەر لە سبەی بەیانی ڕا، كاتژمێرێك زووتر دەست بەكار دەبم.

باكسەر، هەر ئەودەم بە هەنگاوی لێبڕاوانەیەوە بەرەو داوێنی گرد داكشا و بە دەم هانكە و نركەی كرێكارانەیەوە تێكەڵی كار بۆوەوە. دیسان كار... كار... كار و كار!

بەلام ئاژەڵی تر بەتێكڕا لە دەوری كلۆڤەر هاڵان و پتر و زیاتر خۆیان پێوە مەڵاس كرد.

لەسەر ترۆپكی تەپۆڵكەكەیانەوە، لەپاڵ دیواری تازە هەڵچندراوی ئاشەكەیاندا، سەربەسەری پانتایی مەزراكەیانیان لێ دیار بوو. لە بەرێكەوە گۆل و كانیاوی ڕوون و گۆل و ئەستێركی پڕ لە ئاو، لە لایێكی ترەوە سەر سەوزیی ڕەپستەی پایزەكێلان و مەزرای وێنجە و دارستانی بچووك، لە خوارەوە خێرۆكی جاڕ و كێڵگەی هێشتا دانەچێندراو، لەسەرەوە، باغی سێوان و پەڵە مێرگی ئاونگ لەسەر نیشتوویان لێ دیار بوو. خۆرەتاوی گەش و جوان، دەشتاودەشت وڵاتەكەیانی پڕ كردبوو. ئاونگی نیشتووی سەر چرۆی تازە پشكووتووی دار و دەرخت و شینكەی نێو پەرژینان، كە لە بەر تیشكی خۆری ئاسماندا دەترووسكانەوە، لەبەر چاویاندا بوو. خوارووتر، سواڵەتی سووری سەربانی پشتێرەكان، هەروەها كۆشكی بەرزی سەركردایەتییان لێ دیار بوو؛ دەیان بینی كە چلۆن ئاورگی چێشتخانەكەی سەركردایەتی بە قۆپەن دووكەڵی بەرەو ئاسمان تێ هەڵدەچۆوە.

دیتنی دیمەنی ئەم بەهەشتە جوان و نەخشینە، كزەی هەناسەی ساردی بە سنگدا هێنان و گرێی ئاڵۆزی

خەیالیشیان پێی کرایەوە. هاتەوە بیریان کە ئەم سەرزەمینە دڵگر و ڕەنگینە، ملْکی بێ پاوان و بێ پەرژینی خۆیانە. کلۆڤەر بە دیتنی وڵاتی ڕازاوەی وەک باخچەی ڕەنگین، فرمێسکی بە دیدە دا گەڕا و لە پشت پەردەی زوڵاڵی ئەسرینەوە تێر تێی ڕوانی. هەر ئەودەم ئەگەر توانای بوویایە و خەیاڵی ناو کەللەی پەرێشانی لە چوارچێوەیەکدا بگونجاندبایە، بێشک پێی خۆش بوو بڵێ: [ ئەی دڵ! ئەو گشتە هەوڵ و خەباتەی کە وا ئەوان لە ڕێی دەربەدەر کردنی جۆنز دەکاریان کرد، ئەرێ بۆ حەسانەوە بوو یان بۆ یەکتر گوشتن و خۆێن ڕشتن؟ ئەدی بۆچ وای لێهات... ئەرێ ئەو نەمامەی کەوا پیرەمایۆر لە مەزرای مێشکیاندا ڕواندبووی، بەرهەمەکەی ئەوە بوو کە ئیمڕۆ هەڵیان گرتەوە؟!]

زەمزەمەی پەند و ئامۆژگارییەکانی پیرەمایۆر لەماڵی مێشکی یەکی یەکی ئاژەڵی مەزرا دا پنجی داکوتابوو. وتەکانی پیرەمایۆر هەر لەبیریان مابوو کە دەیگوت: [ هەر ئاژەڵێک بەپێی توانا و لە ڕادەی تابوشتی لەش و گیانی ئیش دەکات و بە قەدرایە هەناوی خۆی و پڕ بەپێستی نیازی خۆی و خێزانەکەی بەش لە بەرهەمی گشتی وەردەگرێت. بەڵێ لە مەکتەبی مایۆر دا، ئاژەڵی درشت هەڵکەوتە و بە توانا، خزمەتگوزاری ئاژەڵی بچووک و بنێس و بێ توانا بوون. هەر ئەو جۆرەی کە لە یەکەم کۆبوونەوەی هۆڵی مەزندا، دەست و باسکی بەهێزی کلۆڤەرو باکسەر قەڵغانی پاراستنی جوجەڵە مراوییە بێ دایکەکان بوون، هەر وەتۆش لەم ڕێبازە پیرۆزەدا دەبوایە تین و توانای خاوەن دەسەڵاتەکانی مەزرا، هاریکارو یار و یاوەری کۆمەڵگاکە بوانایە، بەڵام هۆی چی بوو کە هەر

ئیمرۆکە هەرچی یاسای هەژار بلاوێنێ پیرەمایۆر بوو، گشتی کرایە پێخوستی نۆ سەگی ملهوڕی قەڵاتە لە مل ؟]

کلۆڤەر خەیاڵی ڕاپەڕین و هەوای سەربزێوی لە کەللە دا نەبوو. چونکە بە دڵ دڵنیابوو سەردەمی ڕەش و تاریکی جۆنز، لەهەر سەرێکەوە لەسەردەمی ئیمرۆکەیان تاڵ و تفت و ئەزەیەتبارانە تر بوو، چونکە ئەودەم دیل و یەخسیری دەسی بەرەی دوو پێ بوون و ئیمرۆکە سەربەست و ئازادن. لێبگەڕێ با ئەم چەق و تەفە نگریس و خوێناوییە چەند ڕۆژێکی بەسەر دا تێپەڕ ببێت و بار و دۆخێکی ئەهوەن و ئارام جێی خەمان بگرێتەوە، سا ئەودەم خەم و خوێن و ئەسرین بۆ هەتا هەتایە لە ناو دەچێت. بەتایبەت کە مەترسی گەڕانەوەی بەرەی دوو پێ هەردەم لە ڕێدایە. کەواتە دەبێ دەگەڵ یەکتر تەبا بن و بۆ یەکتر خزم و برازا و کاک بن. دەبێ بە هەموو تواناوە تێبکۆشن قەڵای هیواکەیان لە خەتەری ڕووخان بپارێزن. بۆ ئەنجامی ئەم گرنگەش، ئەشێ باڵاتر لە ڕادەی توانایی لەش و گیانیان ئیش وە ئەستۆ بگرن و هیچ دەرخەمی گوزەران نەبن. پێویستە فەرمان و فەرمودەکانی پێشەوا ناپولیۆن دانە بە دانە و یەک بە یەک لە سەر چاوان دابنێن و بەڕێوەی بەرن.

خۆدواندنی ئاماڵ بە گازەندەی کلۆڤەر بێ پسانەوە دەهاتن و گلەیی تریان بە دوا دا دەهات. سەرچاوی هەموو گلە و گازەندەکانیش هەر لە دەوری ئەم پرسیارانە خولیان دەخواردەوە کە ئەرێ ئەوان هەر بۆ ئەم مەبەستە هاتوونەتە سەر ئەم جیهانە کە بچەوسێنەوە و نەمر نەژی بەڕێ بچن و ژەمی ئاوێتە بە فرمێسک و خوێن بخۆن؟... ئەرێ کەی کات و

دەمی ئەمەیان دەگاتێ کە ئاهێکی خۆش بە هەناویان دا بگەڕێت و بە سەربەستی تام و چێژێک لە بەرهەمی ڕەنجی ڕۆژانەیان بکەن؟

بەڵێ ئەمانە بە دەروای مێشکی پەرێشانی کلۆڤەر دا دەهاتن و هەزارجار مخابن کە نەیدەتوانی و نەیدەکاری تۆماری دوور و درێژی مێشکی ناو کەللەی خۆی لە چەند ڕستەیەکی کورت دا کۆ بکاتەوە و لە ڕێی زمانەوە پێشکەشی کۆمەڵگاکەیی بکات. سەرەنجام و لە ئاکامی خۆ خواردنەوە و بیرکردنەوە و ڕامانێکی زۆر، هەستی کرد بە خوێندنەوەی سرووودی ڕزگاری ئاژەڵان دەکرێ پەیامێک بەرەو دوور بنێرن. کلۆڤەر پێشەکی و دوایەش سەرجەم ئاژەڵ خوێندیانەوە. بەڵام سەیر ئەمە بوو کە دەنگی سرووودی ئەمجارەیان جیاواز لە هەمیشە بوو. سرودی ئەمجارەیان سۆزێکی بەسۆزی پێدا دەگەڕا. سرودی ئەمجارەیان دەنگ و نەوایەک بوو کە مەزرای ئاژەڵان هەرگیز ئەم شەپۆلە خەمناکەی پێدا نەگەڕا بوو. ئاژەڵی سەر ترۆپکی گردەکەی مەزرا، لە دەوری ئاخری جاری سێیەمی سرووود خوێندنەوە دا بوون کە سکوەلەر هاوڕێی دوو سەگی پاسەوان بە ترەختەن هاتنە سوێیان و پێیانی گوت :

ـ لەسەر ئەمری پێشەوا ناپولیۆن، لەم کات و دەمەی ئێستاکەمانەوە، خوێندنەوەی سرووودی ئاژەڵانی بریتانی یەساغە و هیچ ئاژەڵێک بۆی نییە دەنگی ئەم سرووودە بە دەمدا بێنێنێت.

مەزرانشنیان بە بیستنی ئەم فەرمانە نا ڕەوایە ڕاچڵەکین. موریەل هاواری لێ هەستا و گوتی :

ـ بۆچی ؟... مەگەر چ قەوماوە ؟... لەبەر چی؟!

سکوەلەر لێبڕاوانە وەڵامی دانەوە :

ـ ڕەفیقان! سروودی ئاژەڵی بریتانی، سروودی سەردەمی ڕاپەڕینمان بوو، کە ئیتر ئەو دەور و سەردەمە لەمێژە تێپەڕیوە و هەنووکە لە سەردەمێکی تەواو نوێ داین. ئێمە خەریکین قۆناغی هەرە سەرووی شۆڕش دەبڕین و چی وامان نەماوە بگەینە سەر ترۆپکی مەکۆیەک کە سەرووتر لەو ترۆپکە، چی تر نییە و ئەگەر هەبێ بۆشاییە. مەگەر ئێوەیش هەر ئیمڕۆ بە چاوی سەر نەتان بینی کە یەکەم دەروازەی دنیای نوێمان بەڕووی خۆماندا کردەوە؟! مەگە کوشتاری ئاژەڵی دژەشۆڕشتان چاو پێ نەکەوت... ئەمە ئاخر قۆناغی دنیای کۆن بوو کە خستمانە پشتی سەر... بەڵێ ئەمە ئاخر سنووری دەوری کۆن و دنیای کۆن بوو کە  بە سەرکەوتوویی بڕیمان و لێی تێپەڕ بووین.

بەڵێ هاوڕێیان! سروودی ئاژەڵی بریتانی، سروودی دەوری کۆنە و بە کەڵکی دنیای نوێ نایە و ئەشێ وەلابندرێت و فەرامۆش بکرێت.

هەرچەند کە ئاژەڵ بە کوشتاری ئاخر قۆناغی دنیای کۆن چاوترسێن کرابوون، بەڵام بەهەموو ترس و دڵەڕاوکەیشیانەوە، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو فەرمانە ناڕەوایە هەستان و چەندێکیان لە جێ بزووتن، کەچی هەر لەو دەمەدا درۆشمی چوار پێ خاس و دوو پێ پیسی مەڕ و بەرانان بەرز بۆوە و ڕێی لە دەنگی جوابە جەنگێکی گرت.

بەم چەشنە و بەم تەرتیبە، سرودی ژینەوەی ئاژەڵان کە ڕەمزی سەربەستی و جێی باوەڕی ڕەنجدەرانی مەزرا بوو، لە لایەن پێشەوای ئاژەڵانەوە بۆ هەتا هەتایە یەساغ کرا. لەبری

سروودی ژینەوەی ئاژەڵان، لەسەر ئەمری ناپولیۆن، قوڵە برازێک بە ناوێ مینی ماوس، کە وێژەوانی بارەگای ناپولیۆن بوو، هەڵبەستێکی بە بەژنی هەوایەک بڕی و ناوی سرودی پێیدا، کە سەربەندەکەی ئەمە بوو : مەزرای ئاژەڵان ، مەزرای ئاژەڵان !

چی پێ نەچوو سرودی نوێ لە جێی سرودی کۆن داندرا و هەموو بەرە بەیانانی ڕۆژانی یەکشەم ، پاش هەڵکردنی ئاڵا، ئاژەڵ دەبوایە چەند جارانی بخوێننەوە.

بە باوەڕی ئاژەڵی ژێرا، سرودی نوێ چ لەباری کاکڵ و ناوەرۆکەوە و چ لە ئالی بزوێنی و کێشەری هەوا و هۆنراوەکەیەوە، هاوتای سرودی پێشوو نەدەهاتەوە ؛ بە تایبەت کە لە دڵی ئاژەڵ نەدەنیشت.

*****

# 8

چەند ڕۆژێک بە سەر کارەساتی دڵتەزێنی کوشتاری بەکۆمەڵی ئاژەڵی مەزرا  تێپەڕی و کەف و کوڵی ترسان و تاسان کەم تا کورتێک نیشتەوە. ئاژەڵ کەمێک هێور بۆوە و هەر ئەودەم کەوتەوە بیری چەندێکیان، کە واباشە سەرێک لە حەوت فەرمان هەڵبێیننەوە و چاوێکی پێدا بخشێنن؛ سەیرێکی بکەن و بزانن ئەم هەرایە لە کوێوە ڕایە و ئەم هەوایە بۆچە وایە. چونکە ئەوان پێیان وابوو، بەندی شەشەمی حەوت فەرمان دەڵێ :
((هیچ ئاژەڵێک، ئاژەڵی دی ناگوژێ)).

مەبەستی ئاژەڵی تەویلەنشین لە پێداچونەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە ، هیچ بیرێکی تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕانەی تێدا نەبوو؛ نیازی هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ و بەربەرەکانیی دژ بە دەزگای سەرکردایەتیشی تێدابەستە نەبوو، بەڵکە خواستێکی سادە و ساکاری مێشکیان بوو کە دەیانەویست لە یاسای نەمر و نەگۆڕیانی وەربگرن. دەیانەویست لە حەوت فەرمانی هەتاسەر زیندویان بپرسن و بزانن ئەرێ ڕژتنی خوێنی ئاژەڵ بە دەستی هاوبیر و

هاوڕەگەز، چەندە دەگەڵ گیانی حەوت فەرمان یەکتر دەخوێننەوە!

چەندێکیان چوونە پای دیواری قیرەتاوکراوی هۆڵی گەورە. لە نێوایاندا پێشەکی کلۆقەر سەری هەلبڕی و چاوێکی پێداخشاند، بەڵام هیچی لێ هەڵنەکڕاند و چی بۆ نەخوێندرایەوە، ناچار ڕووی دەمی لە بەنیامین کرد و پێی گوت:

ـ دە وەرە بەنیامین تۆ و دۆستایەتیت لەبۆم بڕوانە... بڕوانە و ببینە ئەرێ خاڵی شەشەمی حەوت فەرمانەکەمان دەگەڵ خاڵی جێگرتووی ناو کەللەی پیرم ، یەکتر دەخوێننەوە ؟

بەنیامین بەگوێرەی سروشتی دورەپەرێزی خۆی، سەرێکی بۆ بادا و خۆی لە خوێندنەوە بوراد و نەیخوێندەوە. کلۆقەر ڕووی کردە موریەل و گوتی:

ـ دەسا موریەل ئەتۆ دەستی برایەتیم لەسەر بە زیاد بکە و هەر تەنێ خاڵی شەشەمم بۆ بخوێنەوە.

موریەل خاڵی شەشەمی حەوت فەرمانی بە دەنگێکی بەرز بۆ خوێندەوە کە: ((هیچ ئاژەڵێک بەبێ هۆ، ئاژەڵی دی ناگوژێ)).

بەڵێ ئەوا دیسان مێشکی ئاژەڵی تەویلەنشین لە هیچی نەبوو، دوو وشەی گرینگی لە خاڵی شەشەمی حەوت فەرمان لە بیر کردبوو. بەڵام هەر باش بوو بەم هاتن و بەسەرکردنەوەیەک، سەر و مێشکیان هاتەوە جێ و تێی

گەیشتن کە کوشتاری چەند ڕۆژ پێشتریان، (هۆیەک)ی قانونیی تێدا بەستە بووە، نەک چی تر.

پاش بەسەرچوونی ئەم هەیت و هوتە، ئاژەڵی ڕەنجبەر بەناچاری و لە ژێر زەختی فەرمانی توند و تیژی سەرکردایەتیدا، لە جاران چالاکتر کێشرانە ناو مەیدانی کار و خەباتەوە.

نەوژەن کردنەوەی ئاشی با، هەوڵ و هەڵسووڕانێکی پتر لە جارانی گەرەک بوو، چونکە سەرەڕای پان و پتەوتر سازکردنی دیواری ئەمجارەیان، دەبوایە لە ماوە و مۆڵەتی کورتی یەکساڵیشدا کۆتایی پێ بێنن. هەربۆیە ناچار کران گیانفیدایانەتر لە جاران خۆ بە کار دادەنەوە. بەردکێشانی وزەپروکێنی ئاشی با، لە جێی خۆیدا، کاری مەزراداری و ئیشی کشت و کاڵیشیان بە شانانەوە بار بوو. بە کورتی، بەپێی بەرنامەی لەبەر چاوگیراو، بۆیان بڕابوویەوە لە بەری بەیانەوە هەتا سەری شەو، یەک بین و یەک چین هەڵبسوڕێن و دابسوڕێن.

کاری گران و وزەپروکێنیان، بە چەشنێک لەش و گیانیانی دەتەزاند، کە زۆر جاران هەستیان دەکرد لە سەردەمی جۆنز گەلێ گەلێ ماندووتر و کۆڵە کوتراوترن؛ هەر نەک ماندووتر، بەڵکە ڕووت و ئاتاج و برسی تریشن.

شەکەتی و برسیایەتی ئەرەجی دەهات و دەکرا بە بارێک دەگەڵی بچارێن و بە جۆرێک قاچی دەگەڵ ڕابکێشن، بەڵام

ئەوەی کە قەت نەدەکرا لە چنگی دەربچن و، هەرگیز لە کۆڵیان نەدەبۆوەوە، تۆمار خوێندنەوەی سکوەلەر بوو. سکوەلەر هەموو ڕۆژانی یەکشەم، بە کاغەز و کتێب و دەفتەرەوە بۆیان دەهات و بۆی دەخوێندن و بۆی دووپات و هەزار پات دەکردنەوە، کە بەرهەمی ئیمڕۆی مەزراکەیان چەندە تێهەڵچۆتەوە. لە هەڵسەنگاندن و بەراوەرکردنەکانیش دا، سکوەلەر دەیگوت کە تفاق و خواردەمەنیی ئیمڕۆی ئاژەڵی مەزرا لە چاو سەردەمی جۆنز، لە سەتا دوو سەت، لە سەتا سێ سەت، بگرە لە سەتا پێنج سەتیش تێهەڵچۆتەوە. سکوەلەر دەسکەوت و داهاتی مەزرای بە چەشنێک بەرز تێهەڵدەبردەوە، کە هیچ ئاژەڵێک بۆی لێک نەدەدرایەوە سەری ژمارەکان لە کوێ کەوتوون و بنەکەیان لە کوێ جێ ماوە.

تەویلەنشینان لەبەر داگژانی کۆسپ و بەسەرهاتی تاڵ و تفتی ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژیان ، قەت حیسێب و کتێبی دوو ڕۆژ لەمەو بەریان لە بیر نەدەما، چ بگا بە ژمارە باڵابەرزەکانی سکوەلەر.

ژمارە خوێندنەوەی سکوەلەر و، بەچاو دادانەوەی ئەو گشتە خێر و بەرەکەتەی کە لە سای شۆڕش بە بەژنی ئاژەڵی بەلەنگازی لانەواز بڕابوو، زامی قووڵی ژینی بێ سامانی هەژارانەیانی دەکولاندوە، هەربۆیە بەتێکڕا ئارزومەندی ئەمە بوون کە لەبری دەرخوارد دانی ئەم گشتە ژمارە

خەیاڵییە، ژمارەیەکی کەمتریان دەرخوارد بدرێ و خۆراکێکی پتریان لەبەر دەم دابندرێ.

هاوشان و هاوتەریبی هەژاریی ئاژەڵی تەویلەنشین، سەرۆک پێشەوا ناپولیۆن ڕەنگ و سیما و هێمایەکی ئەوەندە ئەفسانەیی پێدرابوو، کە پلە و پایەی ئەوتۆیی، قەت دە مێشکی ئاژەڵ دا نەدەگونجا. ناپولیۆن هەر بەچەشنی مانگی پەناگرتووی ئاسمان، لە کۆشکی سەرکردایەتیدا پەنای گرتبوو و بە مانگیش خۆی بە ژینەوەری تەویلەنشین نیشان نەدەدا. فەرمانی سەرکردایەتی لە ڕێی سکوەلەرەوە بە گوێی ئاژەڵ دەگەیشتەوە. هەروەها بە گوێی ئاژەڵ دەگەیشتەوە لە کۆشکی سەرکردایەتی دا، سەرۆک لە بەرەی بەرازان جیا بۆتەوە و تەنانەت خورد و خۆراکی جیایشی بۆ چێ دەکرێت. دەیانگوت چێشتخانەی تایبەت بەخۆی داناوە و دەفر و کەوڵ و کەچک و پیاڵەی جیایشی بۆ خۆی ساز داوە. دەیانگوت هەر تەنێ دوو سەگی هەرە تایبەت بۆیان هەیە لە ژووری سەرۆکدا سەرکەنەوە و ئەوانی تر لە ژوری تێکڕای ئەندامانی سەرکردایەتیدا لێی دەدەن و لێی دەخەون.

بەپێی یاسای تازەپەسندکراوی دەزگای پاراستن و بەڵگەپارێزیی سەرکردایەتی، ئاژەڵ بۆی نەبوو ناوی سەرۆک هەر بە ناپولیۆنی ڕووت و ڕەبەن ناو بەرێت. لە دەزگای پڕوپاگاندەوە ئەمر دەرچوو بوو، کە سەرەڕای پێشکۆ ناوی((ڕەفیق)) بۆ پێشەوا، چەند لابارە ناوی وەک: ((باوکی ئاژەڵ)) ، ((دوژمنی مرۆڤ)) ،((پارێزەری مافی ئاژەڵ)) ، ((ڕزگاریکەری باڵندە)) و چەند نازناوی داتاشراوی تریشی بۆ

دەكار بكرێت. هەروەها بریاریش درا هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ساڵەوەختینەی لەدایک بەربوونەوەی پێشەوا، تۆپێک بتەقێندرێت.

جەرگ سووتاوترین ئەڤینداری پێشەوا سەرۆک ناپولیۆن، سکوەلەر بوو. ئەڤینی ئاگراویی سکوەلەر لە ئاست پێشەواوە هەر هێندە خەست و بەتاو و تیندار بوو، کە هەتا ناوێکی ناپولیۆن بە دەم و زوانێک دا دەگەڕا و هەتا یادێکی شکۆمەندانەی لێدەکرا، سکوەلەر کوڵی گریانی هەڵدەستا و هۆن هۆن ئەسرینی بۆ هەڵدەوەراند. تەنانەت لە هەر کۆبوونەوەیەکیش دا، جار نەبوو داستانێک لەمەڕ جگەرسۆزەیی پێشەوا هەڵنەبەستێ و دەئەستۆی ئاژەڵی سەرسوڕماوی نە پەستێوێ.

ناوی ناپولیۆن بەچەشنی کوژەکەی سەر نوشتە و حەمایەلانی لێ هاتبوو کە پیرۆزی و ودمی تایبەتی لێدەباری. هەر ڕێکەوت و ڕووداوێکی مەزن کە لە مەزرا دا لە دایک زابایە، ئەو ڕیکەوتە بە مەزنایەتی ناپولیۆنەوە گرێ دەدرا. بۆ وێنە گەلێک جاران دەبیسترا کە مامرێک بە باڵندەیەکی هاوسای دیوار بە دیواری بڵێ((... هیچ دەزانی هەڤاڵ! من لە سایەی ڕابەرایەتیی ڕەفیق پێشەوا ناپولیۆنەوە ، لە شەش ڕۆژان دا پێنج هێلکەم کردووە ؟)) یان مێگایەک بە گایەکی دڵداری ببێژێت: ((... ئەرێ گا بەڵەک تۆ هیچ خەبەرت هەس، کە مەبارەکیی هەنگاوی پیرۆزی

ڕەفیق پێشەوا ناپولیۆن کەوتۆتە ناو کانیاوەکەمان و ئاوەکەی سارد و سوکتر لە هی جارانە !))

هەستی پێشەواپەرستیی مەزرانشینان لە هەڵبەستێکدا کە(مینی ماوس)ی شاعیر هۆندبوویەوە، بە ڕوونی دیاری دەدا. هەڵبەستەکەی مینی ماوس لە ژێری سەردێڕی (ڕەفیق پێشەوا)، بەم چەشنە هاتبوو :

ڕەفیق پێشەو !

تیشکی چاوت !
وەک هەتاوی ئاسمان،
هەستی بەخشی گیانە بۆ هەموو جیهان
ئاوی هەوری ئاسمانی گیانمانی،
گیان !
خۆش دڵۆپی تێر حەسانەوەی لە بۆ پەژارەکان !
دەرواى ڕوونی ئێمە تۆی، ئەی یاری بێ کەسان !
هەنای هەژاری و، تەختی بەختی ئافرەتان
ڕەفیق پێشەوا !
لە مەزراکەماندا، غەرقی عیشرەتین
لە چێشتخانەماندا، تێری نیعمەتین
لە سای سەرت دا ، دوور لە حەسرەتین
لە کار و خەبات دڵگرمی مانی
لە شۆڕشگەری، تۆ ڕێبەمانی
گەر بڕوا ناکا دوژمنی نەزان !

بابێ و ببینێ، بژیودەر کێیە ؟
خەمتاوێن کێیە ؟
ڕەفیق پێشەوا !
کۆرپە ساواکانمان کە بە گڕ و گاڵن
یان ئەوانەی کە خڕەکەی ماڵن
چاویان دەپشکوێ لە کۆشی خۆشی
لە مێشکیان دا نییە باسی ناخۆشی
کە چاو دەگێڕن، خوایەک ببینن ،
تۆ خودای مەزرای، هەر تۆش دەبینن
ڕەفیق پێشەوا !

*******

هەڵبەستەکەی مینی ماوس بە چەشنێک بە دڵی پێشەواوە نووسا، کە خێرا و دەست بەجێ ئەمری کرد لە سەردیواری قیرەتاوکراوی هۆڵی گەورە، شان بە شانی حەوت فەرمان بنووسرێتەوە. هەروەها تابلۆیەک، کە سکوەلەری هونەرکار لە لاڕومەتەوە لە پێشەوای هەڵگرتبۆوە، لە بەرزترینی شوێنی هەڵکەوتووی دیوار، لە سەرەوەی هەڵبەست و حەوت فەرمان دا هەڵواسرا.

لە سەرەتای بەهار دا بوو، کە ناپولیۆن بە نێوبژایەتیی ویمپەر، قۆڵی لە سات و سەودایەکی سێ لایەنە هەڵماڵی. لە دەسپێکدا، فردریک نەک وەک فرۆشیار، بەڵکە وەک کڕیار هاتە پێش. لە کڕینیش دا بە گوێرەی سروشتی خۆی، کە

دەست قوچاوی و ئاو نەدەڵێنی بێ، زۆر قڕنیس و پیس و خێرنەدەرەوە هاتە پێش. دەست و مستی قوچاوی فردریک لە بەرێکەوە و لەلایەکی ترەوە هەرای پاش سەری، کە گۆیا نەخشە و پیلانی هێرش و، ئارەزوی داگیرکردنی مەزرای لە مێشک دا پەروەردە کردووە، ئەویان لە بەر چاوی مەزرانشینان ئەوتۆ ڕەش و دزێو کردبوو، کە سێبەری سەریان بە ساردە تیر دەئەنگاوت. بەتایبەت هەرکە لە گەرمەی مانگی گەلاوێژ دا سێ مریشک لە مەحکەمەی دەرگا گەڵەدراوی سەرکردایەتیدا گوتبوویان کە لە لایەن سنۆباڵەوە بۆ دەرمانداوکردنی پێشەوا تین دراون، ئیتر گرێی شک و گومان لە دڵی مەحکەمە دا نەما و، لە مەزرا دا کردیان بە قاو، کە ئەوا سنۆباڵ لە ماڵی فریدریک دا خەوتووە و خەریکی داوچنین و تەڵە دانانەوەیە.

لەم لا، سێ مامرەکان بە بێ دەرفەتی چاوتروکانێک ملیان هەڵقرتا، لەولاشەوە پلەو پایەی پاراستنی گیانی پێشەوا بایخێکی مەزنتری پێدرا و بە درێژایی شەوگار، چوارسەگی وریا لە چوار بەری قەرەوێڵەی جێ خەوی سەرۆکدا شەونخون و پاسەوان ڕادەوەستان. لاوکە بەرازێکێش بە ناوی(پینک ئای)، تەرخانی لێ چێشتن و تاقیکردنەوەی خورد و خۆراکی پێشەوا کرا.

وا دەردەکەوت کە بازاڕی سات و سەوداکەی ناپولیۆن و پاوڵ کینگتان خۆش و باش سەردەگرێت و، دەستەبرایەتیی ئەم دووانە دەتوانێ بە جۆبارێکی ئارام دا تێپەڕ ببێت.

تەنانەت چاوەڕوانی ئەمەیشیان لێ دەکرا کە پاشی سەودای دار و دەرختان، زنجیرەی سات و سەوداکەیان هەر وا بە گەرمی، درێژدار بمێنێتەوە.

ئەگەرچی سات و سەودای نێوانی ناپولیۆن و پاول کینگتان بە نێوبژیی ویمپەر دەهاتە گەڕ، بەڵام دەردەکەوت کە هەنگاوی برایەتیی و دۆستایەتیی ئەم دووە بە بەستێنێکی دڵگوشا دا تێپەڕ بێت و لە داهاتوو دا بەبێ نێونجی و بەربووک ، کاری خۆیان پێکەوە مەیسەر دەکەن.

بە بۆچوونی ئاژەڵی ژێڕای مەزرا، هەر دووی پاوڵ کینگتان و فردریک، لە بەرەی دووپێیان بوون و لە قامووسی ئاژەڵدا یەکسان دەخوێندرانەوە. لە دیدی ئەوانەوە، بەرەی دوو پێ، بە ورد و درشت و کەسک و ڕەش و شینیانەوە هەر هەمووی چەپەڵ و پیس و نگریس و گڵاو بوون. بەڵام ئاژەڵی مەزرا بەگوێری واتەواتی بن گوێچکەیان، هەڵسەنگاندن و نرخاندی دوو جیرانی مەزرایان لە دووتای تەرازوویەکدا سەنگ و کێش نەدەکرد. فردریک لە بارەگای خەیاڵیان دا کرابوویە کۆنەساختەچی و ڕەشە دەسبڕێک کە تای خۆی دەست نەدەکەوت. هەربۆیە برایەتی و کاسەجیرانەتی و سات و سەودایان دەگەڵی، پێ شەرم و شوورەیی بوو.

بەرەبەری ئاخری هاوین بوو. ئاشەکەیان دەهات بەردی ئاخری دابندرێ و بە یەکجاری سەری دابپۆشرێت.کەچی هەر لەو دەمەدا دەنگ و دەوی ئەوەیان بەگوێ گەیشت و گوترا کە

فردریک بۆ هێرشێکی بێ ئامان خۆی تێکەوە پێچاوە و بەنیازە ئاشەکەیان لێ خاپوور بکات. بەگوێیان گەیشتەوە کە هاکا گەیشتە سەریان و گورزی ڕەش و گرانی لێ وەشاندن و ماڵیانی کاول کرد. دەگوترا فردریک دڵی کاربەدەست و پارێزوانانی مەحکمەی گوندی ویلنگدۆنی ڕازی کردووە، تەنانەت تاپۆی مەزرای ئاژەلانیشی بە نێوی خۆی نووسیوە. دەگوترا، لەم هێرشە گورچک بڕە دا، فردریک بیست بەکرێگیراوی چەک بەدەستی ئامادە کردووە. دەگەڵ ئەمانەش، گەلێک چیرۆک و داستانی دڵتەزێنیان دەربارەی غەدری نالەباری ئەو دڵڕەقە، دەرهەق بە ئاژەڵی ژێردەستە دەبیستەوە و دڵیانی پێ زامدار دەبوو. بۆ وێنە، دەگوترا، ڕۆژێک لە پیرە بارگێنێک ڕاساوە و بە دار و تێلا لێدانێکی لێداوە، ئاخ و ئۆفی لێ بڕیوە ... پاتاڵی بەستەزمانی بە برسیایەتی دەکاری گران کێشاوە و هەتا مردن بێگاری پێ کردوون... سەگێکی بە زیندی سەر بە توونی ئاگر دا داوە و سووتاندوویەتی... شینە تیغی لە قاچی کەڵەشێران بەستووە و بە مەبەستی شکاندنی کەسایەتیی ژینەوەری ژێر فەرمان، بە گژ یەکتری داکردوون و هەتا مردن بە شەڕی داون و...

مەزرانشینان بەبیستنی ئەم گشتە ئەتک و سووکایەتییانەی کە فردریکی چەپەڵ دەرهەق بە هاوڕەگەزانیانی کردبوو، کەللەیان وەها هاتبوویە تەمێ و بە چەشنێک خرۆشابوون و خوێنیان کوڵی بوو، کە هەموو هاتبوونە سەر تێز و خۆیان بۆ تۆڵە سەندنەوەیەکی جانانە تێک نابوو. ئاژەڵ شەرتیان کردبوو کە بە زیندی سەر، دەمار

لە لەشی فردریک دەربکێشن و کای دە پێستی سەری بئاخنن. بەڵام سکوەلەر بە هانایانەوە هات و بە یەک قسە خاوی کردنەوە.

سکوەلەر ڕوو بە ئاژەڵی قەڵس و تووڕە ڕاوەستا و گوتی :

ـ ڕەفیقان!... ئەگەر ئێوە بڕواتان بە ڕێزانی و لێزانیی پێشەوا ناپولیۆن هەبێ، دەبێ چاو لەدەست و گوێ ڕایەڵی فەرمان دابنیشن و نووزەتان لێوە نەیە، ئەگینا لەوانەیە بە هەڵپە هەڵپ و هەڕەمەی سەرشێتانەتانەوە بە قەڵبەیەکی نالەبارمان دابخەن و تووشی نەهامەتیی دواییمان بکەن، کەواتە دەبێ دەست ڕابگرن و هیچ دەنگ نەکەن !

ئەگەرچی ئامازەی توند و تیژی سکوەلەر کەمتاکورتێک کەف و کوڵی هەڵچوونی ئاژەڵی دامرکاندەوە، بەڵام لەناوەوە شیرو تیریان لێدەساوت و سێبەری سەریان بە تیری ژەنگاوی دەئەنگاوت. بە شەو و بە ڕۆژ، لە هەر دانیشتن و کۆبوونەوەیەک دا، بەبێ جوێن پێدان و تووک لێکردنی فردریک دانەدەنیشتن و هەڵنەدەستانەوە.

هاودەم دەگەڵ ئەم هەل و مەرجە توند و تیژە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ناپولیۆن دیدارێکی دەگەڵ ئاژەڵ تازە کردەوە و بە ئاشکرا پێی گوتن کە ئەو خۆی فریدریک دەناسێ و دەزانێ کە چەندە گەندە پیاوێکی ساختەچییە و ڕیخۆڵەی ناوزگی گەلێک لە هەلس و کەوتی ڕۆژانەی ڕاست و بێ گرێ ترن، هەربۆیە سەرکردایەتیی مەزرا قەت قەت ئارەزووی سات و سەودای ئەوی بەدڵدا نەگەڕاوە و ناگەڕێت.

کۆترانی پەیام هەڵگری ئازادی، کە بە هەموو شوێنێ شارەزابوون و بۆ فڕینیش گەلێک سووکباڵ و تیژپەڕ، کات و

دەمی پاوان کردن و باڵ بەستراوییان کۆتایی پێ هات و ئەمریان پێ کرا کە شاپەڕی باڵان بکەنەوە و بەسەر مەزراکانی دراوسێ دا بفڕن و لە جیاتی دروشمی [مەرگ و نەمان بۆ مرۆڤ!] ، دروشمی[بمرێ فردریک !] هەڵگرن و بە گوێی ئاژەڵی پێ لەبەندی مەڵبەندی دا بخوێنن.

بەرەبەری ئاخری هاوین بوو. لە سەر خەرمانەکانیاندا بەرهەمی دەغڵ و دانیان کۆکۆ هەڵدابوونەوە و ئامادەی شەن و کەوێک بوون کە هەڵگیرێنەوە و عەمبار کرێن. بەڵام چ دەغڵ و دان و چ بەرهەمێک؟! لە ڕاستیدا بەشی هەر زۆری بەرهەمی سەرخەرمانیان تووی بژاری گورگە و زیزانە و نووسەنەکە بوو؛ دەگوترا سنۆباڵ پار بەهار بەکاتی توو پرژاندن، شەو درەنگانێک بە مەزرا دا گەڕاوە و تووی دەیان جۆرە بژاری بەدفەڕی بە موچێ و کێڵگەکاندا پرژاندووە و ڕۆیشتووە. ئەم ڕازە لە ژێر سەرپۆشە، بە زمانی نێرە قازێک دا گەڕابوو، کە گۆیا هەر خودی خۆی لەم کارە دا چاوساغ و یاریکاری سنۆباڵ بووە. نێرەقازی تاوانکار، دوای درکاندنی ئەم سووچ و تاوانە مەزنە، کە هەر بەس بە گوێی سکوەلەری دا درکاند بوو، لە شەرم و شەرمەزاری، بە خواردنی قارچکە گولانەیەکی ژەهراوی خۆی دەرماندا و کردبوو.

هەر لەو سەر و بەندە ناسکەش دابوو کە بە هەڵکەوت بەسەر لاپەڕەیەکی ڕەشتری کارنامەی کرداری سنۆباڵدا کەوتن. بەپێی بەڵگەی تازە دۆزراوەوە، سنۆباڵ لە شەڕی هۆڵی مانگایاندا هەر نەک میداڵیای پلەی یەکی ئازایەتیی پێ خەڵات نەکرا بوو، بەڵکە بەهۆی بێ دەماری و لە سۆنگەی

ترسنۆکی و دەستەوەستانییەوە، لە بارەگای سەرکردایەتی دا چڵکاوی ڕەخنە و تانووتی بەسەر دا کرابوو.

ئیتر ئاژەڵ لەم دیزە بە دەرخۆنەی ئەمجارەکەی سەرکردایەتی بە چەشنێک تاسان و بە تەرزێک ڕاسان، کە چی نەمابوو شڵێنگێک لە خۆ بدەن و هەرچی مووی ناو شلە ماستەکەیانە، بە سەری ئەنگوستی ئازایەتی دەری بکێشن، بەڵام دیسانیش هەروەکی جارای جاران، سکوەلەر دەرفەتی پێ نەدان و بە هانایانەوە هات و بە وتووێژێکی کورت، باری خواری پێ ڕاست کردنەوە و ناچاری کردن دەست لە مل بدەن و ببێژن:[ بەین و بەیبەڵلا هەرچی سەرۆکەکان دەیبێژن، سەر بە سەری ڕاستە و ئەوە هەر ژێرۆکەکانن کە دایم هەڵەن و هەمیشە ناڕاستن].

لە سەرەتای پاییز دا ئاشەکەیان بە سەرکەوتوویی سەری داپۆشرا و هەر بەس مابوو توربایین و مەکینەی کارەبایی بۆ بکڕدرێت و تێیدا جێ بدرێت و بە هیزی با هەڵبسووڕێت و ئاواتەکانیان وەدی بێنێ. بە فەرمانی بەرزی سەرکردایەتی، ئەرکی کڕین و هێنان و دامەزراندنی مەکینە و کەل و پەلی پێویست، خرایە سەر شانی ویمپەڕ. بەم تەرتیبە، مەزرانشینانی چالاکی ماندونەناس، بە هەموو کاڵ و کرچێتی و لە عەینی کەموکۆڕی و چەپرەک بوونی کەرستەی کار و، لانەوازی و هەژاری و برسیایەتی خۆیان، توانیان ئەرکی سەر شانیان بە سەربڵندی بەجێ بگەیەنن.

لەسەر ترۆپکی گردی مەزراکەیانەوە، بەژنی ئاشەکەیان بەرز تێهەڵچوبۆوە. ئاژەڵی برسی و شەکەت و شێواویش، کە ڕۆژگارێکی فرە سەخت و پڕ بەسەرهاتیان لە پێناو

سازکردنەوەی دا بەبا دابوو، بەچاوی پڕ لە هیواوە سەیریان دەکرد و لە دیتنی دەسکردی بە نەخش و نیگاری خۆیان تێر نەدەبوون. هەموویان جگە لە یەکێکیان، بە فیزەوە و سەر بە هەوای سەرکەوتن، بە دەوریدا دەهاتن و پڕ بە دڵ پێی دەنازین. هەر ئەودەمەی کە دەهاتن بەردی ئاخری ئاشەکەیان دابنێن و کۆتایی بەکاری گران بێنن، گوتیان ئەگەر کێو لە بن بێ، ئاشی ئەمجارەکەیان بە هیچ هێز و وزەیەک، هەڵناتەکێت. بەڵام هەر ئەودەم بیرەمەندێکی کەم دوێی مەزرا، ئەم وتەیەی بە ژێر لێو دا گەڕا و گوتی :

– بەڵێ وایە! بەلام بە تەقاندوەیەک دەکرێ هەڵتەکێندرێت و بەردی لە سەر بەرد دا نەمێنێت.

ئاژەڵ بە هیوای ڕۆژێک کە پەڕڕەی باوەشێنی ئاشەکەیان بە وزەی با بێتە گەڕان و دەنگی چەرخینی توربایینی کارەباکەیان لە سەرەوە بەرەو خوار دابکشێت و داگیرسانی گڵۆپی ئەلەکتریکی بە چاوی سەر ببینن، پەڕی ڕۆژ ژمێریان یەک بە دوای یەکدا دەدڕی. چونکە پێشەکی پێیان گوترا بوو کە هەرکە ئاشی باکەیان بێتە گەڕان، ئیتر ڕەنج و کوێرەوەری باوەش باوەش لە سەر شان و ملیان وەلا دەچێت و بۆ هەتا هەتایە دەحەسێنەوە. بەڵێ هەر بە هومێدی چێشتنی تامی حەسانەوەی دوا ڕۆژ، بە دەوری ئاشەکەیاندا هەڵدەسووڕان و هەرای شادمانی و تریقەی قاقایان بە حەوتەوانەی عاسمان دەگەیاند. تەنانەت خودی پێشەوا ناپولیۆنیش ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوڕێی کەڵەشێرە خۆش ئاوازەکەی و نۆ سەگی چاوسووری هاتنە سەر گرد و لە گۆڤەندی سەرکەوتندا بەشدارییان کرد. هەر ئەودەم، پێشەوا

ڕایگەیاند و گوتی کە ناوی خۆشناوی ناپولیۆن بە بەژنی ئاشەکەیان ببڕێ باشترە!

دوو ڕۆژ دوای بەزم و ئەهەنگ گێڕانی سەربڕانەی ئاشی با و نێولێنانی، بە ئەمری سەرۆک سەرپاکی ئاژەڵ لە هۆڵی مەزندا کۆکرانەوە. هەرکە سەرۆک ڕوو بە ئاژەڵ ڕاوەستا و گوتی کە بۆ فرۆشتنی دار و پەردووی مەزرا دەگەڵ فردریک سازاوە، ئاژەڵ بەتێکڕا لەسەر جێ وشک بوون و حەپەسان. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ناپولیۆن بۆ ئاژەڵی پەرێشانحاڵی ڕوون کردەوە کە دۆستایەتیی ئەو و پاوڵ کینگتان، دۆستایەتییەکی ڕووکاری و شوان هەڵخەڵەتێنە بووە و لە ڕاستیدا پاوڵ کینگتان کالانی شاردنەوەی خەنجەری سات و سەودایەک بووە، کە پێشەکی و بە نهێنی دەگەڵ فردریک سەری گرتبوو.

هەر ئەو ساتەش پێوەندیی دۆستایەتیی نێوان مەزرای فاکس وود و مەزرای ئاژەڵان پچڕا و پەیامی پڕ لە جوێن و سووکایەتی ڕەوانەی بارەگای پاوڵ کینگتان کرا. دروشمی ((مەرگ و نەمان بۆ فردریک)) لە سەر دەم و زاران وەلا بردرا و دروشمی ((مەرگ و نەمان بۆ پاوڵ کینگتان)) جێی گرتەوە. هەروەها ڕێگای ئاسمانی مەزرای پێنج فیلد لە کۆترانی هەواڵبەر گیرا و، هێڵی حەوایی مەزرای فاکس وود بۆ هێزی باڵدار دەستنیشان کرا.

مەزرانشینان لە لایەن سەرکردایەتییەوە دڵنیا کران کە داستانی هێرش هێنانی فردریک بۆ سەر مەزرا، هەروەها چیرۆکی ئازاردانی ئاژەڵی مەزرای پێنج فیلد، گشتی ئەفسانەی سازکراوی سنۆباڵ بوون. ناپولیۆن ڕوو بە ئاژەڵ

ڕاوەستا و گوتی کە سنۆباڵ هەر قەت قەت ڕەنگ و دیمەنی مەزرای پێنج فیلْدی بە خەونیش نەبینیوە، بەڵکە ئەوا لە مەزرای فاکس وود و لە ژێر پیلی پاوڵ کینگتان دا لە تەڕی دەخوا و لە وشکی دەخەوێ. سەرکردایەتیی مەزرای ئاژەڵان دەستیان لە مل دا و گوتیان کە سنۆباڵ هەر نەک ئێمڕۆ، بەڵکە ساڵەهای ساڵە دەسندەخۆر و نۆکەری ئاڵقە لە گوێی پاوڵ کینگتان بووە و هێستایش هەر هەیە.

بەرەی بەرازانیش لە نۆرەی خۆیاندا بە گوێی تەویلەنشینانیان دا خوێند و گوتیان کە مەبەستی پێشەوا لە حاشاندنی دۆستایەتی پاوڵ کینگتان، تەنیا و تەنیا ئەمە بووە کە بازاڕی سات و سەودا تین پێ بدات و دەستی خۆش سەودای فردریک وەجۆش بێنێ. گوتیان کە شەڕەزێڕنگەرانەی ناپولیۆن باش و بەجێ دەکار کرا، ئەگینا فردریک لە کوێ و سەوداکردنی سەر ڕاستانەی ئەو لە کوێ! بەرازەکان بەتێکڕا و سکوەلەر بەتایبەتی، سەریان لەم سیاسەتە قووڵ و ماقووڵانەی سەرۆک سەتحی مابوو کە چلۆن لە دژایەتیی دوو دوژمنی خوێنزادی زەحمەتکێشان، بە قازانجی چینی چەوساوەی هەر دووک لایان بەهرە دەستێنێت و، پشتی ئەم دوژمنە بە دەستی دوژمنەکەی تر تێک دەشکێنێت!!

سکوەلەر پێی وابوو، زانایەتی و ژیرایەتیی ناپولیۆن لە مەدا دەردەکەوێت کە بەڕێزیان بازاڕی سات و سەودایان باش ناسیوە و، دەزانن کە سەرمایەدارانی سەوداگەر لە سات و سەودا دا هەرگیز جێی مەتمانە نین.

سکوەلەر دەیگوت: فردریک بە گوێرەی پیشەی پێشینی خۆی کە کلاوبازی و جامبازی و ساختەچێتی بێ، لەم ساتو

سەودایەشدا ویستوویەتی کڵاو بنێتە سەریان و لە بری پارەی دارەکان، پەڕە کاغەزێکی نووسراوە، کە((چەک))ی پێ دەبێژن، بینێتە مستیان و دوایەش هیچ!... بەلام پێشەوا لە سای بێ باوەڕی بە جیهانی سەرمایە و سەودا، دەستی فردریکی باش خوێندبۆوە و مەرجێکی ئەوتۆی لە بەر دەم دانابوو، کە ئەوی وەک فیل بە هەودا موویەکی بەستبۆوە. بەرەی بەرازان بەتێکڕا پێیان وابوو ناپولیۆن دەستی فردریکی باش خوێندبۆوە، هەربۆیە عەزمی لێ جەزم کردبوو کە هەتا پارەی کڕینی دارەکان بە تەواوی وەرنەگرێت، فردریک دار لە مەزرا ناباتە دەر. تەنانەت سەرۆک هەر دوو پێی دە پێلاوێک خزاندبوو و گوتبووی بایی دارەکانیش بێ کەم و زیاد دەبێ پارەی کاغەزینی پێنج لیرەیی بن، گەر نەبن، سەودا هەڵدەوەشێندرێتەوە.

سکوەلەر بە فیزەوە دەیگوت: پارەیەکی کە وا پێشەوا لەم سەودایەدا لە فردریکی دەستێنێت، بێ کەم و زیاد بۆ کڕینی ساز و بەرگی ئاشی با خەرج دەکرێت.

چی پێ نەچوو سەوداکەیان سەری گرت و هەرچی ئاڵودار و ڕاستەی لێک و لووسکراوی ناو حەوشەی مەزرا بوو، فردریک لە ماوەی دوو ڕۆژان دا باری کرد و بە پەلە ڕایگواستن. پاش کێشەوەی داری دارستانی مەزرا، ڕۆژێک لەڕۆژان ناپولیۆن بۆ خۆ نواندن و نیشاندانی پووڵ و پارەی بایی دارەکان، ئاژەڵی لە هۆڵی مەزن دا کۆ کردەوە.

پێشەکی ئاژەڵ هاتن و هەر دەستە و تاقمێک لە جێ و شوێنی تایبەتی خۆیان دا جێیان گرت. ئینجا کەڵەشێری پێشڕەو هات و بە قوقاندن، خەبەری بەخێرهاتنی سەرۆکی

ڕاگەیاند. چی پێ نەچوو سەرۆک، هاوڕێی نۆ سەگی چاوسووری مل بە تۆق و قەڵاتە وەژوور کەوتن.

لەسەر سەکۆی بنەبانی هۆڵی مەزن دا قەنەفەیەک داندرابوو. لە سەر قەنەفە، دۆشەگ و پاڵپشتێکی نەرم و نۆڵ جێدرابوو. ناپولیۆن بە دەمی زەردە لە سەر نیشتوویەوە هات و لەسەر دۆشەگ دانیشت و پاڵی دایەوە. دومیداڵیای سەرسنگی،دەگەڵ هەر شان و مل بادانێک دەلەرینەوە و ترووسکەیان دەهات. لە بەردەمی سەرۆک، کەشەفێک داندرابوو. سەرپۆشێکی حەریری سەوزیش بەسەر سینییەکە هەڵکێشرا بوو. لە ژێر سەرپۆشە سەوزەکەش دا بەستەی ڕێکچندراوی پارەی پێنج لێرەیی هەڵچندرابوون. ناپولیۆن بە چاوێک ئاژەڵ و بە نیگایەک پووڵ و پارەی سەر سینییەکەی سەیر دەکرد و چاوەڕوانی هەلێکی بەجێ بوو کە سەرپۆش لەسەر دراو هەڵبگیرێت و دەسکەوتی مەزرا بە مەزرانشینان نیشان بدات.

سەرەنجام کاتی ئەم بەزمەش هات و ناپولیۆن بە قەدر و قوتبەوە هەستا و ڕووبەند و چارشێوی لە سەر کەشەفی پڕ لە دراو هەڵگرت. ئەوسا ئەمری بە ئاژەڵی پارە نەدیوی بێخەبەر لە پارە و پووڵ کرد، کە یەک بە شوێن یەکدا بێن و لە نزیکەوە دراو بە چاو ببینن.

ئاژەڵ یەک بە دوای یەکدا هاتن و چاویان بە دراو کەوت و تێپەڕ بوون. نۆرەی باکسەر کە هات، لێی نزیکتر بۆوەوە و پڕ بە لووت و لمبۆزی فشی بەرامەی کاغەزی خاوی هەڵمژی. بە پشووی دوور و درێژی باکسەر، چەندێک لە دراوی پێنج لێرەیی لە جێ بزووتن و لەرینەوەیەکیان تێکەوت.

سێ ڕۆژ پاش ئەو دیدار و کۆبوونەوەیە، بەرەبەری قاوڵتونان بوو، کە لەپڕ ویپمەر بە شڵەژاوی خۆی بە حەوشەی مەزرا داکرد. ویمپەر وەک جاران هێورو هێمن و هێدی نەبوو؛ گەلێک ترساو و تاساو دەهاتە بەر چاو. ڕەنگ بەڕویەوە نەمابوو. دەست و پێی لێ تێکەڵ ببوو و گیانی هاتبوویە سەر کونی لووتی. ویمپەر بە پەلە لە پاسکیلەکەی دابەزی و خۆی بە ژووری سەرکردایەتی داکرد. هەر کە ژووری سەرکردایەتی ویپمەری شڵەژاوی قوت دا، گرمە و فیشقە و هاواری کەللەتاسێنی ناپولیۆن دار و دیواری مەزرای هێنایە لەرزین. فیشقە و هاواری ئەمجارەکەی ناپولیۆن بۆنی ڕووداوێکی ناخۆشی لێوە دەهات. زۆری نەخایاند لە مەزرا دا بڵاو بۆوە کە هەرا لە سەر دراوە. بەڵێ دەرکەوت کە پوڵ و پارەیەکی کە وا فردریک لە بری بایی دارەکان تەسلیمی سەرۆک ناپولیۆنی کردبوون، گشتی کاغەزی بێ بایەخ بوون کە فردریکی کڵاوباز نەخش و وێنەی دراوی لەسەر ڕەسم کردبوون .

دیسان ئاژەڵ لە هۆڵی گەورەدا کۆکرانەوە، بەڵام کۆبوونەوەی ئەمجاریان بزەی لێوی تێدا نەبوو. سەرۆک هەروەک سۆپەی پۆلایینی پڕ لە سکڵی ئاگر گرفە و لرفەی دەهات و گرژ و تووڕە بوو. پرپیشکەی شات و شووتی سەرۆک، تەڕ و وشکی پێکەوە دەسووتاند و کەس نەبوو لە بەر شاڵاوی جوێنی سەرۆک بە تەمیزی دەربچێت. سەرۆک یەک بە هۆڵی مەزن شریخاندی و فەرمانی دەسبەسەرکردنی فردریکی بە چەشنێک دەرکرد، کە تەنانەت تاڵە موویەکی سەریشی لێ نەشەمزێت، چونکە بەنیازە دوای هەزار و یەک چەرمەسەرە

و ئەشکەنجەی سامناک، زیندەمەرگی بکات و جا ئینجا دە ئاوی کولیو دا قژ قژ بیکولێنێت. ناپولیۆن وێڕای دەرکردنی ئەم فەرمانە، ڕوو بە ئاژەڵ ڕاوەستا و، ڕاستە و ڕاست پێی وتن کە دەبێ بە چاوێکی ئاواڵەترەوە سەیری کارەساتان بکەن، چونکە ئەم هەویرە زێدە ئاو هەڵدەگرێت و دایکی زەمان ئاوسی گۆنگەڵی گەلێ گرانترە. لە کۆتایی دانیشتنەکەدا، سەرۆک سەرینی دلنیایی خستە ژێر سەری یەکایەکی ئاژەڵان و پێی وتن کە فردریک و بەکرێگیراوەکانی خەریکی پیلان گێڕانن و لە هەلێکی لەبار خەفتاون کە بۆیان هەڵکەوێت و گورزی ڕەش و گرانیان لێ بەتاقی بکەنەوە.

هەر لەو ڕۆژەوە، بە ئەمرێ سەرۆک و لەترسی فردریک، هەرچی ڕێگا و بانی دەر و ژووری مەزرا بوو، بەوردی خستیانە ژێر نیگای چاوەدێرانێکی چاو تیژەوە. لە شارێگە و دزە ڕێیانیش دا هەس هەس و پاسەوانیان دانا، سەرەڕای هەمووی ئەوانە، چوارکۆتری تیژباڵیش ڕەوانەی بارەگای پاوڵ کینگتان کران، کە سەلامی ئاشتی و دۆستایەتیی مەزرا بە گوێچکەی ئەو دا بخوێنن .

بەرەبەیانی ڕۆژی دوایی، واتە ئەو دەم و کاتەی کە ئاژەڵ بە گەرمی سەرگەرمی لەوەڕی بەیانی بوون، پاسەوان و چاوەدێرانی ڕێگا و بان، بە هەڕەمە هاتن و بە هەڵپە خەبەریان هێنا و گوتیان :

- چ دانیشتون ماڵ کاولینە! هەستن کە ئەوا دوژمن بە هەموو عێل و عەشیرەتەوە لە دەروازەی گەورەوە گەیشتێ .

ئاژەڵ دەستیان لە خواردن هەڵگرت و دلێر و ئازا بەرەنگاری دوژمن ڕاوەستان، بەڵام هەر لە یەکەمین

تێکهەڵچووندا، هاتە دەستیان کە شەڕ کردن و سەرکەوتن و دوژمن تاراندن، بە هاسانی بۆیان مەیسەر نابێ. دوژمنەکانیان پازدە کەس بوون و شەش چەکی گەرمیان پێ بوو؛ چەکەکانیشیان پڕ و لەسەرپێ بوو. هەرکە ئاژەڵ هەڵمەتی برد، بەرەی دووپێ تەقەیان کرد و ڕێگای پێشوەچوونیان لە بەرەی ئاژەڵ ئەستاند. هەموو ئازایەتیی باکسەر و هەموو پاڵەوانەتیی ناپولیۆن نەیان توانی بەهۆی ڕێژنەی گوللەبارانی دوژمن، تۆزێک بچنە پێش؛ بە ناچاری، بە چەند بریندارێکەوە پاشەکشێیان کرد و لە کۆشکی سەرکردایەتی دا پەنایان گرت.

دەگەڵ پاشەکشێ، لەبەر بێڵا و لە هەیوان و میوانخانەی کۆشکی سەرکردایەتی دا بۆسەیان گرت و لەوێوە هێرشی بەربلاوی دوژمنیان بە وردی هەڵسەنگاند و لێکیان دایەوە کە ئەمجارەکە هێرشێکی بێ ئەمانیان هاتۆتەسەر و بەشێکی هەرە زۆری موچێ و مەزرا و دار و درەخت و تەنانەت سەرگردەکە و ئاشەکەشیان داگیرکراوە.

ئەمجار ئیتر نەک هەر ئاژەڵ، بەڵکە خودی ناپولیۆنیش هیچ دەروایێکی ڕوونی بۆ نەمابۆوە. ناپولیۆن بێ سرەوت و نائارام دەهات و دەچوو. چاوی ئاواتی بە دەرگای پاوڵ کینگتانەوە بەستبوو کە ئەو بێت و لە سەریان بکاتەوە. هاتبا و پاوڵ کینگتان بە فریایان گەیشتبایە، دەکرا هیوایەک بە پێشەڕۆژ ببەستن. بەڵام هەر ڕاست لەو دەمەدا چوار کۆتری نامەبەر گەڕانەوە و وەرامی بارەگای پاوڵ کینگتانیان بۆ پێشەوا هێنایەوە کە لەسەری نووسرابوو: [دەسا هەر دووچاوەکانت کوێر ببن!]

لەسەر ترۆپکی گردەکە، لە شانی ئاشەکەیاندا، فردریک و بەکرێگیراوەکانیان ڕاوەستابوون و سەیری کۆشک و هۆدە و هۆڵەکانیان دەکرد. دوویان کوتک و پاچ و شیشی ئاسنیان لەدەست دابوو. کوتک و پاچ بەدەستەکان بەرەو دیواری بەرز و بەردینی ئاشەکە چوون.

دیتنی ئەم دیمەنە سامناکە هاواری هەی باوەکە ڕۆی بە هەناوی هەموویان دا گەڕاند. بەلام ناپولیۆن بەرزەدەماغانە گرماندی و گوتی :

- هاوڕێیان، بە جەرەگ بن! خاپورکردنی ئاشی ئەمجارەکەمان کاری هەرکەس نییە و لە دەست و مستی ئەمانە هەڵناوەرێت. من خۆم لە ڕادەی پانی و پتەویی ئاشە سەنگینەکەمان شارەزام و دەزانم  کە بەم دەست و مستە کزانە لەبنە نایە... نەخێر هاوڕێیان مەترسن!

لە ناو ئاژەڵاندا هەر تەنێ بەنیامین بوو کە نێوک و ناوەرۆکی هەولّی دووپێیانی بۆ خوێندرابوویەوە و دەیزانی داستان لە چ قەرارێکە، هەر بۆیە، ڕووی دەمی لە هەوالانی کرد و گوتی :

- بەڵێ هاوڕێیان، من هەر لەمێژ بوو چارەنووسێکی وەلۆم بۆ ئەم ئاشە لەبەر چاو دا بوو و دەمزانی لە چاوترووکانێکدا، بە تەقینەوەیەک ڕەنجی شەو و ڕۆژانمان بە فیڕۆ دەبەن !...

هێشتا قسەی بەنیامین بە تەواوی کۆتایی پێ نەهاتبوو، کە فردریک و هاوڕێیانی کەوتنە چرپان چرپان و هەر یەکەی لە پەنایەکدا خۆی مەلاس دا.

ئاژەڵ بە بیستنی قسەی بەنیامین و بە دیتنی ئاکاری مرۆڤ، دڵیان لە دڵدان دا خزی و بە دەستەوەستانی، چاوەڕوانی بینینی داهاتووی تاڵ ڕاوەستان. هەر لەم ئاسنایەدا بوو کە گرمەیەک لە دۆڵدا دەنگی دایەوە و عاسمان و عەرزی پێکەوە ڕاتڵەکاند. بە دەنگی گرمەی کەللەتاسێن و بە ڕاتڵەکانی هەوای ژێرخان و سەرخانانی کۆشکی سەرکردایەتی، جگە لە ناپولیۆن، ئاژەڵی تر هەرچی بوون، بە چەشنی هەرشتە بەسەریەکدا هەڵوەرین. کۆترەکانیش کە لە سوێی بانانەوە لە هاتن و چوون دابوون، بە دەنگی تەقینەوە، سڵەمینەوە و لە شەقەی باڵانیان دا و فڕین.

دەنگ و پاشدەنگی تەقینەوە سرەوتەوە، ئاژەڵ سەرێکیان لەژێر باڵ دەرهێنا و بە ترسەوە سەیری سەرگردیان کردو دیتیان کە گومبەزەی تۆز و تەم و شینە دوکەڵ هەروەک کڵاوەی قارچکێکی زل، لەسەر دوندی گرد هەڵدراوە. هەرکە کڵاوەی تەپ و تۆز و دوکەڵ بە دەم شنەبا، بە شێنەیی بەبا چوو، ئیتر هیچ شتێک، تەنانەت ڕەگێک لە دیواری بەرز هەڵچندراوی ئاشی با ، بە سەر گردەوە نەمابوو.

بەڵێ ئەوا ئەمجارەیش ئاشەکەیان کاول کرا و ماڵەکەیان دیسان ڕما ؛ ئەی کەوایە لە قوژبنی ماڵدا دانیشتن و خۆ مەڵاس کردنیان چ دەردێک دەرمان دەکات ؟! ئاشەکەیان چوو، ئەوا خەریکە هەست و نیستیشیان بە با دەچێت و هاکا هەوساری کۆیلەتیشیان کەوتەوە مل. ئەی کەوایە دانیشتن و خۆ حەشاردانیان لە چییە ؟! ....

لەپڕ و ناکاو، هەموو بە یەک ئاهەنگ وەجۆش کەوتن. گوێچکەیان لە خرمژن و تەقەی تفەنگ ئاخندرا. ترس و دڵەڕاوکە لە جەستە و گیانیان داڕماو لە جێ بزووتن. گوێگرتن بە فەرمانی ڕابن و بە دەستوور جوڵانەوەیان لە بیر کرد؛ ورد و درشت، پیر و جحێڵ، نێر و مێ، هەموویان بە بێ خۆ بواردن هەڵیان کوتایە سەر مەتەرێزان و شەڕێکی خوێناوی دەستی پێکرد. لە مەتەرێزانەوە ڕێژنەی فیشەک بە چەشنی پەڵەبارانی بەهاران بەسەریان دا باری، بەڵام کەس دەربەست بە تەقە نەبوو و هیچیان دەرخەمی مان و نەمان ڕانەوەستان و گشتیان بە ورەیەکی بەرزی پاڵەوانانەوە لە خوار بەرەو سەر ترۆپک پێ هەڵاچوون. شەڕی دوورە سەنگەر کرایە شەڕی دەستەو خەنجەر و دەوری شەڕیان گۆڕی؛ ئاژەڵ هێرشی برد و بوو بە هێرشکار، مرۆڤیش لە جێ خزی و بوو بە بەرگریکار. چی پێ نەچوو ئاژەڵ و مرۆڤ وەها تێک بەزین، کە تفەنگی سەرشانان لە برەو کەوت و مرۆڤ بە دار و تێلا و مشت و پێلاقە بەریان بە هورووژمی ئاژەڵ گرت و، ئاژەڵیش بە شەقۆن و جووتە و جیفڕک و چنگوڕک و قەپاڵ جوابەجەنگی کرد و شەڕی تایبەت بە خۆیانیان دەست پێکرد. لەو نێوەدا جووتە و جیفڕکی باکسەر و کلۆڤەر لە بەرێک و، لەلایەکی دیکەوە شفرەی تیژ و بەسامی بەرەی بەرازان و کەڵپ و قەپی ڕەوەی سەگەکان، بەندۆخینی خۆڕاگریی مرۆڤیان شل کردەوە و ڕێی هەڵاتن و دەرچوونیان بۆ لێژ کرایەوە. سێ بەکرێگیراو بە زەبری جووتەی باکسەر سەریان داقڵیشا، شاخ و شەقۆنی گایەک، ورگی یەکێکی دڕی. دوولینگەی شەڕفرۆشێکیش بە زەبری کەڵپ و قەپی تیژی

جەیسی و بۆلەبل، لەسەر هەتا خوار داتلێشا. سەرەنجام و ئاخرسەر، بەرەی دووپێ بەرگەیان نەگرت و لە مەتەرێزان دەرپەڕین. ئاژەڵ لە سەرگرد و لە داوێنانەوە سەگ بە حەسارێکیان بە دووپێیان کرد، کە هەر دەبوو بێی و سەیری بکەیت. فردریک بە پەرێشانی فەرمانی پاشەکشێ و هەڵاتنی پێکەوە ڕاگەیاند و بەتێکڕا بۆی دەرچوون. بەم تەرتیبە، چی پێ نەچوو دوژمنی بەزیو بە شپرێوی سەر بەرەوژوور تێیان تەقاند. ئاژەڵیش بە نێو درک و داڵاندا بەدەم تێ قووڵاندنەوە هەڵیان بڕین و لە کەوشەنی مەزرا ڕایانماڵین.

پاش ڕادانی دوژمن، ئاژەڵ بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە، بەڵام شەکەت و شەمزاو گەڕانەوە. گەڕانەوە و سەریان هەڵبڕی و سەیری دیمەنگای گۆڕەپانی بەخوێن شەلاڵیان کرد و دیتیان کە لە هەموو لایەکەوە، هەر تەرمی ئازیزانە کەوتوون. لە بەرێکەوە تەرمی جوانەگایەک، لە بەرێکی ترەوە سێ مەڕ و دوو قاز لە خوێندا خەوتبوون. مەزرانشینان بە پەژارەو و پەرۆشەوە بە داوێنی گرد دا هەڵکشان و لە بەرزترینی جێگای سەر گردەکە، واتە لەو شوێنەی کە چەند کاتژمێر بەر لەمە، ئاشە قنجەکەیان بەژنی بەرزی قوت کردبۆوە، ڕاوەستان و پرسەدارانە دیمەنی لە خەم خەوتووی ژێر پێیانیان چاو پێداخشاند. ئاشەکەیان لە بن و بناغەوە بە چەشنێک هەڵتەکابوو، کە تەنانەت بەردی ژێر بناغەکەیشی بە زەبری تەقینەوە لە بنە هاتبوو. بەردی بە دانستە داتاشراوی ئاشەکەیان وەها بڵاوی سەرگرد و داوێنان ببۆوە، کە هەر دەتگوت سەر دوندی گردی مەزرا، قەت هیچ بینایەکی دەستکردی بە خۆیەوە نەبینیوە. تەنانەت بۆ

دیسان سازکردنەوەی ئاشێکی تر، کۆکردنەوەی بەردەکان و کێشانەوەیان، هەوڵ و هەڵسوانێکی لە ڕادە بەدەری پێویست بوو.

ئاژەڵی دڵبەخەم لە لێژایی گردەکە داگەڕانە خوار و بەرەو کۆشکی سەرکردایەتی داکشان. لە ڕێدا تووشی سکوەلەر هاتن، کە نە با بەسەر داهاتوو و نە لە بەر بۆران دا خوساو، قیت و قنج و نەشەمزاو، خەریکی هاتن و چوون و پیاسە بوو. دیار بوو لە ماوەی شەڕدا خۆی لە قوژبێنک دا حەشار داوە، بەڵام چەشنی سەردارێکی سەرکەوتووی ناو شەڕی مان و نەمان، بە هەڵبەز دابەزێکی شانۆگەرانەوە ئاژەڵی بەسەر کردەوە و ئەمر و دەستووری نوێی پێدان. هەر لەم دەمەش دا، لەو دیوی کۆشکی سەرکردایەتی دەنگی شریخەی تفەنگێکیان بە گوێ گەیشت. باکسەر سەرسوڕماوانە پرسی:

ـ ئەمە تەقەی تفەنگی کێ بوو هات ؟!»

سکوەلەر بە دەنگ و هەوایەکی سەرکەوتووانە گرماندی بە سەریدا و گوتی :

ـ... ها !! باکسەر چییە؟ هەردەڵێی خەوتووی و تازە لە خەو خەبەرت بۆتەوە! ... زاڵبوونەوەمان بەسەر دوژمنانماندا شایی و جەژن و ئاهەنگی پێویستە ڕەفیق!

باکسەر، کە ناڵی سمی پاشووی داکەوتبوو و سمی دەستیشی هەتا سەرپەڕی جومگەی داقڵێشابوو، هەروەها دوازدە گرمولە ئاسنی تفەنگی سەرپڕیشی لە قولاپەی قاچیدا مابوونەوە، لە حاڵێکدا چۆڕاوگەیخوێن لە زامەکانی دەچۆڕانەوە، بە پەرۆشەوە گوتی :

ـ چ سەرکەوتن و کێهە زاڵبوونەوەت مەبەستە، ڕەفیق؟...
نەکا بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمنت مەبەست بێ !
سکوەلەر لە وەرامدا گوتی :
ـ بەڵێ... بەلێ مەبەستم بەرپەرچدانەوە و تێکشکاندنی هێرشی دوژمنە؛ نەکا ڕەفیق باکسەر ئەمانەی پێ هەو نەبن! مەگەر دوژمن بە تەمای داگیرکردنی وڵات و کۆیلەکردنەوەی خۆمان هێرشی نەخستە سەرمان؟! مەگەر ئێمەیش تامی زارمان نەدان و تێکمان نەشکاندن؟!... کە واتە تۆ ئەمەت پێ گرنگ نییە ؟!...
باکسەر گوتی :
ـ بەڵی، بەڵام ئەوانیش بەرهەمی ڕەنجی شەوان و ڕۆژانی دوو ساڵەی ئێمەیان لە چاوترووکانێکدا خاپوور نەکرد ؟!
سکوەلەر گوتی :
ـ چ خەم نینە ڕەفیق! ئاشێکی تر ساز دەکەینەوە، تەنانەت ئەگەر دڵمان بخوازێت، لە جیاتی ئاشێک، شەش ئاشی تریش دەکارین چێ بکەین، بەڵام ئەتۆ ئەی باکسەر! ڕەنگە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ شکۆدار و مەزن و گەورە و گرانت هەست پێ نەکردبێت کە پرسیاری هێندە گەوجانەت بەدەمدا دێن! بەڵێ هەر ئەم شوێنەی کەوا ئێستێ من و تۆی لێی ڕاوەستاوین، کاتژمێرێک بەرلە ئێستا، دوژمن بەسەری دا زاڵ ببوو و ئێستاکەیش ڕزگار و ئازادە... ئەگەر ئەمەت زانیبایە قەت ئەوەندە ڕەش بین نەدەبوویت. دەسا وەرە ئەی هاوڕێ، وەرە و لە چاوی منەوە سەیری مەزنایەتیی ئەم سەرکەوتنە مەزنە بکە، کە لەسای سێبەری پێشەوا ناپولیۆن دا خۆمان خاوەنیماڵی خۆمانین و خۆمان سەردار و سالارین... بەڵێ

دەبێ قەدر و قیمەتی ئەم ڕۆژە پڕشنگدارەمان لەبەر چاو بێ...

باکسەر گوتی :

- کەوایە هەر ئەوەی کە دوێنێ هەمان بوو، ئیمڕۆ پاراستوومانە !

سکوەلەر گوتی :

- بەڵێ مانای سەرکەوتن و زاڵبوونەوەش هەر ئەمەیە ڕەفیق !

گرمووڵە ئاسنی ناو ماسولکە و سەر ئێسقانی قاچی باکسەر، ناخی دەماریان دەسووتاندەوە. ورتەی ژان بە دەمارەکانیدا هەڵدەکشان و لە مێشکی دا دەتەقینەوە. ئازاری تازەبرینی قاچەکانی لە لایەک و بیری لەشی شکستەی لە بەرێکی ترەوە و کار و کوێرەوەریی داهاتووش سەرباری هەموویان، ئاسۆیەکی لێڵیان لە بار چاوی باکسەر دا نەخش دەکرد. ئەو لەو دەمەدا بیری لە کار و بەرنامەی سازکردنەوەی ئاشی با دەکردەوە و ئەرکی گرانی بەردکێشانی دەگەڵ هێز و بڕستی لەشی شکاوی خۆی هەڵدەسەنگاند. دەیزانی لەش و لارە بەتواناکەی جارانی نەماوە و ئیدی چیدی نایکێشێ. دەیزانی لە بڕست کەوتووە و فرزەی لێبڕاوە، هەر بۆیە، دەمێکی باش گیرۆدەی ئەم بیر و خایاڵاتە، لە بەردەم سکوەلەر دا بێدەنگ مایەوە.

سکوەلەر ڕۆیشت و باکسەریش دەگەڵ هاوڕێیانی شەل و پاشکستەی هەتا بەر دەرگای هۆڵی گەروە هاتن. هەرکە فڕکەی ئالای سەوزیان بە گوێ گەیشت و حەوت فیشەکیان

بەنیشانەی سەرکەوتن تەقاند، ئەوسا شەپۆلی دەنگی دلێری پێشەوایان بە قەناتی گوێ گەیشت، ئیتر هەر نەک باکسەر، بەلکە سەرپاکی ئاژەڵ، هەرچی ئازار و برین و شەکەتیی لەش و گیانیان بوو، دڵۆپ دڵۆپ لە گیانی خەستەیان تکایەوە و ڕەواقی ڕەمەقێکی لە بڕان نەهاتوویان بە لەش و گیان داگەڕایەوە. ناپولیۆن لە وتاری ئاگرینیدا باسی پاڵەوانەتی و ئازایەتیی ڕۆڵە نەبەزە گیانفیداکانی مەزرای ئاژەڵانی کرد. هەروەها زمانی ڕێز و پێزانینی بۆ هەوڵ و تێکۆشانی ئەو جوانمێرانە کردەوە کە بە خۆبەختکردن و پێشکەش کردنی گیانی ئازیزیان قەباڵەی ڕزگاری و سەربەستیی مەزراکەیان دیسان نووسیبۆوە.

دوای وتاردان، هەر ئەو ڕۆژە، تەرمی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی وڵاتیان بە شێوەیەکی هەرە تایبەتی بەروە گۆڕستانی شەهیدان وەڕێ خست.

لەم ئاهەنگەدا، باکسەر و کلۆڤەر کەژاوەی تەرمی شەهیدانیان بە ئاهەنگی هەنگاونانی هاوڕێیانی شەل و پاشکستە دەکێشا؛ ناپولیۆنی ئەزیەتبار لە بەرەوە، کەژاوەکان بە دوای ئەو دا و ئاژەڵیش بە شوێن کەژاوەکاندا هاتن و گەیشتنە سەر گۆڕستانی شەهیدان.

هەرکە تەرمی شەهیدان ژێرخاک کران، جەژنی سەرکەوتن سەرلەنوێ گەرم کرایەوە. جەژنەکەیان لە ئەوپەڕی گەرمی دا بە ماوەی دوو ڕۆژان بەردەوام ڕاگرت. لەم دوو ڕۆژە دا دەیان گۆرانی و لاوژەو لاوکۆیان بە ئازایەتیی ئازایان هەڵکوت؛ سەدان پەخشان و هەڵبەست و هۆنراوەیان بە سەر ترسنۆکیی دوژمن دا خوێند. هەروەها بە

شاباشی ئەو جەژنە شکۆدارە، هەرچی گیاندارى گیاخۆر بوون، هەر سەرەی سێوێکیان درایە. باڵدارەکانیش، هەر خاوەن باڵەی سەد گرام دانەوێڵەیان وەرگرت و سەگەکانیش هەر سەیەی نانە چەوەرەیەکی پێ خەڵات کرا .

لە دەفتەری شەڕنامەی مەزرادا، شەڕی ئەمجارەکەیان ناوی شەڕی ئاشی بای بۆ تۆمار کرا. ناپولیۆن، بۆ مەزن ڕاگرتنی یادی شەڕی ئاشی با، میداڵیایەکی نوێی ساز کرد و ناوی میداڵیای ئاڵای سەوزی بە بەژن بڕی. ناپولیۆن یەکەم نیشانی ئاڵای سەوزی لە سنگی خۆی چەسپاند. بەم تەرتیبە، داستانی ساتو سەودای دار و پەردووی ناپولیۆن و دراوی ساختەی فردریک، لە ژێر هەرای بەزم و شایی و دیلانی سەرکەوتنی شەڕی ئاشی با دا ، بە با درا.

چەند ڕۆژێک بەسەر جەژن و ئاهەنگ گێڕانی شەڕی ئاشی با دا تێپەڕیبوو، کە بەرازەکان لە ژێرخانی تاریکی کۆشکی سەرکردایەتیدا، بە هەڵکەوت! بەسەر سندوقێکی پڕی ویسکی دا کەوتن؛ بەڵێ سندوقێکی پڕی شووشەی سەر بە مۆری دەست لێنەدراوی ویسکی کە گۆیا هەتا ئەو ڕۆژە هیچ کەس پەی پێ نەبردبوو، لە ژێرخانی تاریکی کۆشکی سەرکردایەتی دا دۆزرایەوە .

بەرەبەری ئێوارەی هەر ئەو ڕۆژە، لە ژووری سەرکردایەتیدا بوو بە یەک جرپ و جۆپ و چەقەنەلێدان و گۆرانی و گەڕەلاوژە، کە دەنگ بە دەنگ ڕانەدەگەیشت. هەر ئەو شەوە، بەدەم گۆرانی و فیشقەی پێکەنین و تریقەی قاقای جلفی پڕ لە سووکایەتییەوە، چەند کوت و لەتێکیش لە سرودی یەساغکراوی ئاژەلانی بریتانی خوێندرایەوە.

بەرەبەری کاتژمێری(نۆ)ی سەری شەو بوو کە لە پڕ دەرگای ژووری سەرکردایەتی کرایەوە و ناپولیۆن خۆی بە حەوشەدا کرد. سەرۆک دوای چەند دەور و خولێکی مەستانە، بە دەرگای پشتەوەی کۆشکی سەرکردایەتیدا لووری ژوور بۆوە. سەرۆک لەم چەرخ و خول لێدانەدا، کۆنە شەو کڵاوی ئاغا(جۆنز)ی بەسەرەوە بوو.

ئەو شەوە، هەر دەنگێک کە بۆ بیستن دەبوو، ئاژەڵ بە گوێیان گەییشت؛ هەر دیمەن و دیتنێکیش کە بۆ بینین دەبوو، بە چاوی سەر دیتیان. بەم دیتن و بیستنانە بۆیان دەرکەوت کە سەردارانی مەزرای ئاژەڵان تا چ ڕادەیەک سەروەرانی ڕەسەنی مەزرای ئاژەڵانن. بەڵام هەیت و هووت و هەرا و شەڕە چەقەکانیان هۆکارەکەی دیار نەبوو. سبەی بەیانیش هەر کە ولاتی کپ و خامۆشیان هەست پێکرد، هێندەی تر پەشۆکان و سەد ئەوەندەی شەو، سەریا سەتحی ما.

خۆرەتاو بە تەواوی لە وڵات نیشتبوو، کەچی ژوور و هۆدەکانی سەرۆکردایەتی هەروەک گیانلەبەرێکی تێدا نەمابێت، کپ و چۆڵ و مەنگ و بێدەنگ مابوونەوە. بەرەبەری کاتژمێری نۆی بەیانی بوو، کە دەرگای سەرکردایەتی جووڵەیەکی تێکەوت و سەرو پۆتەڕاکی سکوەلەری گرژو دژ و خەواڵوو دەر کەوت. سکوەلەر لە ژوور هاتە دەر، بەڵام ئازای ئەندامی پەس و شل و داچۆڕاو بوو. چاوەکانی لە زیتە کەوتبوون و کلکی بە پاشگەڵی دا شۆڕ ببۆوەوە؛ دیار بوو شەوێکی خراپ و پڕ لە ژانەسەری بە ڕۆژ گەیاند بوو. سکوەلەر هات و لە بەرامبەر ئاژەڵ دا ڕاوەستا و بە حەسرەت و ماتەمێکی زۆرەوە گوتی :

ـ هاوڕێیان! چیتان لێ بشارمەوە کە ڕەفیق پێشەوا یەکجار ناسازە و بەداخەوە لە ئاویلکەی گیانداناندایە.

ئاژەڵ هەرکە ئەم هەواڵە دڵتەزێنەیان بە گوێ گەیشت، هاواری شین و شەپۆڕی هەی باوکە ڕۆیان بە حەوش و حەساری مەزرادا گەڕاند. بە پەرۆش و پەژارەیەکی زۆرەوە، یەک لە ئەوی دەپرسی کە ئەگەر سایەی سەرۆک ناپولیۆن بە سەریانەوە نەمێنێ، ئەی دەبێ خۆڵی کامە دەرگە وەسەری خۆ بکەن!

ئاژەڵی پەرێشان، لەبەر ئەوەیکە دواهەمین هەناسەکانی پێشەوا بە دەنگی هەنگاونانیان نەتاسێ، ڕێی هاتوچۆیان کا پێ وەرکردو لەهاتن و چوونیشدا تەقەڵی هەنگاوەکانیان بە ئەسپایی بزاوت.

ئاژەڵی دڵبەخەمی چاو پڕ لە ئەسرین، زۆر بە بێ ئارامی چاوەڕوانی بیستنی هەواڵی چۆنییەتیی حاڵی پێشەوایان دەکرد. پەیک و پەیامی سەرکردایەتیش پەیتا پەیتا ڕایدەگەیاند، کە بەهەموو ئاگاداری و هەستیاریی چاوەدێرانی دەزگای پاراستن، ئاخرسەر و سەرەنجام دەستی ناپاکی سنۆباڵ گورزی ڕەشی لێ وەشاندن و پێشەوای بەم دەردە برد کە بەرەو مردنە. بەڵام زۆری نەخایاند، کە بەرەبەرەی کاتژمێری یازدەی پێش نیوەڕۆ، سکوەلەر هات و خەبەری خۆش و پەیامی سەرۆکی یەکجێ بۆ ئاژەڵی پەرێشانحاڵ هێنا. سەرۆک لە پەیامەکەیدا گوتبووی کە: هەر ئاژەڵێک لێو لە جامی شەراب بدات ، سزا و تاوانی هەرە بچووکی پانکردنەوەی سەری دەبێ.

ئاژەڵ بەبیستنی خەبەری خۆش، دڵیان کرایەوە، بەڵام سەر و مێشکییان هەر ئەو کاتە باش هاتەوە جێ، کە لە تەنگی بانگی شێواندا سکوەلەر بە دەمی خەندە لەسەر نیشتوویەوە هات و مزگێنی پێدان کە سەرۆک ناپولیۆن بە تەواوی حاڵی هاتۆتەوە جێ. هەر ئەو شەوە، ناپولیۆن لە جێ و بانی ناسازی دابەزی و سەر لەنوێ دەستی بە کار کردەوە. سبەی بەیانی زوو، بەر لە هەر ئیش و کارێک، پەیامی بۆ ویمپەر نارد کە ئەوەندەی دەتوانێ و چەندی لە دەستی دێت، بە زوویەکی زۆر زوو، چەند کتێبی دەربارەی چۆنییەتیی سازکردنی (بیرە) بۆ بنێرێت.

لە خوار باغی سێوانەوە پەڵە زەوییەکی بچووکیان هەبوو کە بەپێی بڕیار و بەڵێنی ئەرێنی کراوی سەرکردایەتی، قەرار بوو تەرخانی لەوەڕی ئاژەڵی پیر و پەککەوتەی خانەنشین بکرێت، کەچی هەر ئەو ڕۆژەی کە سەرۆک دەستی بەکار کردەوە، فەرمانی دەرکرد کە بڕیاری کۆن هەڵوشێندرێتەوە و لە بری لەوەڕگە، جۆی لێ دابچێندرێت. هەر لە جەنگەی ئەم دەوەن بە ئاش کردنەش دابوو کە شەوێک لە شەوان کارەساتێکی ئەوەندە سەیر ڕووی دا، کە واقی هەرچی تەویلەنشین بوو، پێی وڕ ما.

ئەو شەوە، ساوە شەوێکی پاکی مانگ بە دەرەوە بوو. ئاژەڵ خڕی خەریکی چاوگەرم کردنی خەوی سەری شەو بوون کە لەپڕ و ناکاوێک زرمە و شڵپەیەکی سەیر لە پشت دیواری هۆڵە مەزنەوە بە گوێی ئاژەڵی نیوەخەتوو گەییشت. هەموویان بە دەنگی زرمە لە خەو ڕاپەڕین و بۆ سەر و گوێ ئاودانێک لە هۆڵ دەرپەڕین. هەرکە لە پای دیواری قیرەتاو

کراوی هۆڵی مەزندا جەندەکی لە هۆش چووی سکوەلەریان چاو پێکەوەت، حەیران مان. واق وڕمانی ئاژەڵ کاتێک دوو قات تێپەڕی، کە پەیژەیەکی تێکشکاو و ستلێک بۆیە و قەڵەم فرچەیەکیان بە پرژ و بڵاویان، لێرە و لەوێ بینی. ئاژەڵ تازە دەهاتن موویەک لە ماست دەر دەبکێشن ، کە سەگەکانی سەرکردایەتی هاتن و لە چاوترووکانێک دا سکوەلەریان لە ئاژەڵی تر جیا کردەوە و ڕوو بە تەویلەنشینان ڕاوەستان. زۆری نەخایاند سکوەلەر زیندوو بۆوە و هاوڕێی سەگەکان ڕێی بارەگای سەرکردایەتییان گرتەوە بەر.

پاش ڕۆیشتنی سکوەلەر، تەویلەنشینانی تاساو، گەلێکیان بیر لێکردەوە بەڵام بە چ جێیەک نەگەیشتن. هەر تەنێ پیرە بەنیامین لە هەست و نیستی کەین و بەینەکە باش تێگەیی بوو، کەچی هیچ لێفەیەکی لەسەر هیچ هەتیوێک وەلا نەبرد و هەربەس بە سەر لەقاندن و لمبۆز هێنان و بردنێک بەسی کرد.

چەند ڕۆژێک بەسەر ئەم بەسەرهاتە دا تێپەڕی، ڕۆژێک لە ڕۆژان موریەلی بزنە سپی بۆ دەورکردنەوەی حەوت فەرمانی پیرۆز سەرێکی لە دێواری قیرەتاو کراو هەڵێنایەوە و بۆ خوێندنەوەی فەرمانەکان سەرێکی هەڵبڕی، بەڵام لە خوێندنەوەی حەوت فەرماندا تووشی تێگیرسان و تێ ئاڵقانێک هات. ئیستێک ڕاوەستاو نەختێک بەخۆی داهاتەوەو سەرلەنوێ چاوی پێداخشاندەوە. ئەمجار بۆی دەرکەوت کە میزان و تەرازووی مێشکی لە ئاست خاڵی پێنجەمی حەوت فەرمان دا تووشی لاسەنگی هاتووە. موریەل بیری لێکردەوە و هاتەوە بیری کە خاڵی پێنجەمی حەوت فەرمان لە مێشکی

ئەو و ئاژەڵی مەزرا دا نەخشی گرتبوو کە دەیگوت: هیچ ئاژەڵێک لێو لە جامی شەراب نادا، کەچی ئەم خاڵە لە سەر دیواری تەخت ڕەشی هۆڵی مەزن، بە ڕەنگی سپی و زۆر بە زەقی ، بەم چەشنە نووسرا بوو: هیچ ئاژەڵێک بۆی نییە هەوازتر لە ڕادەی توانا و تابوشتی خۆی، بێن بە جامی شەرابەوە بنێت.

*****

٩

زامی دەست و پەلی باکسەر ماوەیەکی زۆری خایاند هەتا بەتەواوی سارێژ بوونەوە. بەڵام لە یەکەمین ڕۆژی سازکردنەوەی ئاشی با، کە هەر دوابەدوای کۆتایی هاتنی جەژنی سەرکەوتن دەستی پێکردەوە، سەرەڕای ئازاری برینەکانی، تەنانەت بۆ دەمێکیش خۆی نەبوارد. لە کاتی کار و لە جەنگەی هەڵسووڕان و چالاکیی بێ وچانیدا، زۆرجاران ئێسک و گۆشتی قولاپەی پێی، کە وردە ئاسنیان تێدا جێمابوو، وەها دەبرژانەوە، کە ئۆقرە و ئارامی لێ هەڵدەگیرا. بەڵام باکسەر هەر وەک جاران هەموو ژان و دەرد و ئازارێکی لە دڵدا ڕادەگرت و نەیدەهێشت کەس بە دەردی بزانێ. بە درێژایی ڕۆژ، لە مەیدانی کار و خەبات دا هەڵدەسووڕا. شەویش لە دەمی پشوودان و خەوتن دا زامەکانی لێ وەسۆ دەهاتنەوە. هەر ئەو دەمانەش بوو لە ڕووی ناچاری، هاواری لەشی شکاوی بەگوێی کلۆڤەردا دەخوێند.

کلۆڤەر شەڵتەیەکی لە گژ و گیا بۆ ساز کردبوو، کە شەوانە و بەر لە خەوتن لە سەر زارکی زامەکانی دادەنا. هەموو شەوێکیش کلۆڤەر و بەنیامین لە دەمی دەرمانکردن دا، بەبۆنەی هاودەردی و لە ڕێی دڵسۆزییەوە، لە بەری

دەپاڕانەوە و پێیان دەگوت کە ئەوەندە خۆی نەکۆژێت. تەنانەت شەوێکیش کلۆڤەر بەتوڕەیی بەسەریدا هاتەوە و پێی گوت:

ـ کەسی کاکی! پێت وا نەبێ لە قورقوشم و پۆلا داڕێژراوی!... تۆ بۆچ هیچ ڕەحم و بەزەییەکت بە خۆت دانایە؟ هیچ دەزانی سییەکانی ئێمەی بارەبەر، ئەوەندە بەرگەی ماندووبوون ناگرێت و ئەگەر وریای خۆمان نەبین و ئاگایەکمان لە خۆمان نەبێ، زەختی کار دەمان پسێنێ ؟!

بەڵام ئەو بایانە بەگوێی باکسەر دا نەدەچوون. تاقانە ئاواتەکەی ئەو ئەمە بوو، کە بەر لە پیری و پێش داهاتنی دەم و کاتی خانەنشینی، ئاشی با، قیت و قۆز بە سەر دوندی گردی مەزراوە ببینێت، سا ئەوەدەم چی لێ دێت و چی لێ بەسەر دێت، با ببێت!

هەر لە یەکەم ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی مەزرای ئاژەڵان، واتە لەو دەمەوە کە ئاژەڵ دەسەڵات و حاکمییەتی سیاسی و ئابووری مەزرای وەدەست هێنابوو، دەستوور و پێڕەوی ئابووریشیان نووسیبوو. لە دەستوور و پێڕەوی ئابووریی مەزرادا بە ئاشکرا هاتبوو کە تیمار و تەڕ و وشک کردنەوە و بەخێوکردنی ئاژەڵی زۆرهان و نەقوستان و پیر و پەککەوتە، ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگایە و نابێ فەرامۆش بکرێن. تەنانەت لە خاڵ و بەندەکانی قانونی ئەرێنی کراوی ئابوریی مەزرا دا، بۆ نەهێشتنی جیاوازی، بە ڕوونی ناویان هاتبوو کە هەر بەرە و تایفەیەک لە ئاژەڵان چەند ساڵ دەبێ لە ئیش دا ببن و لە چ تەمەنێکدا دەکەونە بەر سێبەری یاسای خانەنشینی. هەر لەم یاسایەدا هاتبوو کە: ئەسپ و

بەرازەکان لە تەمەنی دوانزدە ساڵی، گاجووت و مانگاکان لە تەمەنی چواردەساڵی، سەگ و بزن و نێری و مەڕ و بەرانەکان لە تەمەنی حەوت ساڵی و باڵندەکان لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لە کار دەکەون و خانەنشین دەکرێن. لە بەندێکی یاسای خانەنشینیدا، تەنانەت خورد و خۆراک و جیرە و تفاقی ڕۆژانەی پەککەوتە و بەساڵاچووکانی مەزراش بە ڕوونی نووسرابوو. بەڵام لەم ماوەیەدا، لە مەزراکەیاندا هیچ ئاژەڵێک تام و چێژی لەم یاسا خەیاڵییە نەکردبوو.

ئاخری هاوینی ساڵی داهاتوو، ساڵەوختینەی لەدایکبوونی باکسەر دەهاتەوە و دوانزدەساڵی لە تەمەن پڕ دەکرد؛ بەپێی قانوونی ئابوریی مەزرا، دەبوایە بکەوێتە ژێر چەتر و سایەبانی یاسای خانەنشینی و بحەسێتەوە.

دوای ئەوەی کە کێڵگەی ئەو دیوی باغی سێوانیان بە جۆ داچاند، گوتیان دەور و بەری بەشێک لە زەوی و بەیاری بەرینی خوارەوەی مەزرا بە پەرژینێکی قایم دەور دەگرن و دەیکەن بە جێ لەوەڕی تایبەت بۆ ئاژەڵی لەکار کەوتە. هەروەها زەمزەمەی ئەم واتە وات و هەرایەش بە دەم و زاراندا دەگەڕا کە گۆیا تفاقی ڕۆژانەی ئەسپی لە کار کەوتە دوو کیلۆ جۆ دەبێت و لە زستانانیشدا ڕۆژانە شەش کیلۆ وێنجە و گێزەرێکی دەدرێتێ. سەرەڕای ئەمانەش، لە ڕۆژانی هەینی و لە جەژنە ڕۆژان دا، هەر سەرەی سێوێک بە جەژنانە وەردەگرن.

هەر لەم سەرو بەندە دا، هەرەسی هەژاری و دەستبەتاڵی بە هەموو قورساییەوە بە سەریاندا هات. زستانەکەیان سارد، هەژارییەکەیان خەست، بێ دەرەتانی و بێ

هیواییەکەیان ئەوسەر نادیار بوو. تێشووی ڕۆژانەیان جاران چەند بوو، لە سەرەتای زستاندا کەم وکەمتر کرایەوە و سەرەنجام لە پلەیەکی زۆر نزم و کەم دا ڕاوەستا. بەلام سەرەڕای لانەوازی و هەژاری و چەوسانەوەی بێ سنور، سکوەلەر دەستی لە بەرۆک نەدەکردنەوە و پەسا پەسا دەیگوت و بۆی دەخوێندنەوە کە جاران چۆن بوون و ئێستا چۆنن. ڕۆژ نەبوو باسی فراوانی و زۆری و زەبەنیی زاد و زمهەڕ و پێخۆری ناو دەغڵدانەکانیان نەکات. دەغڵدانەکانیان ئەگەرچی بە ئاشکرا لە هەر چەشنە دەغڵ و دانەوێڵەیەک بەتاڵ مابوونەوە، ژەمی ڕۆژانەشیان هەرچەند کە بە هەناوی خورێنی هیچ زارۆکێکیش ڕانەدەگەیشت، بەڵام ئەو بە زۆرەملی پێی دەسەلماندن و دەیگوت کە کەم کردنەوەی تێشووی ڕۆژانەیان بەهۆی نابەسامانی و هەژاری نییە، بەڵکە بە گوێرەی سیاسەتێکە، کە ئاهەنگی داهات و دەرچوون یەکسان ڕادەگرێت و نەزمی یەکسانی تێک نادات. سکوەلەر لە جیاتی وشەی نابەسامانی، بەردەوام وشەی (یەکسانی)ی دەکار دەکرد.

بەڵێ سکوەلەر دەستی لە ئێخە بەرنەدەدان و یەکدەم لە هەڵسەنگاندنی گەشە و نەشەی داهات و زێدەمەیی دەسکەوتی مەزرا وازی نەدەهێنا. هەتا دەهاتە لایان و بەسەری دەکردنەوە، گورجێک باسی چۆنایەتی و چەندایەتیی باری گوزەرانی کۆمەڵگاکەیانی دەکرد. هەموو جەم و ژەمێک بە چاوی دا دەدانەوە کە لە سای ڕێبەرایەتیی ژیرانەی پێشەوا ناپولیۆن دا، بەهەمی جۆی ئیمڕۆکەیان لە جاران پترە، وێنجەیان لە جاران زیاترە، دەغڵ و دانەوێڵە و

تفاقیان لە پێشوو بێ هەژمارترە، تەنانەت ئاوی خواردنەوەیشیان لە جاران سارد و سووک و دەغەزپەڕێن ترە.
سکوەلەر پێی وابوو ئاژەڵی مەزرا لە باری بەرنامەی کار و خەو و خۆراک و پاک و خاوێنیشەوە گەلێک ڕەحەت و سەحەت تر و بێ وەی تر لە جارانن. هەر لە سای ئەم گشتە ناز و نیعمەت و خێر و بەرەکەتەیە کە تەمەن درێژترن. زۆرجاران سکوەلەر لە کاتی هەڵڕشتنی کورتەباسی کامەرانییەکانی مەزرای ئاژەڵان دا دەیگوت :
ـ ... ڕایەخی کا و کۆتی ناو تەویلەکانتان لە هی سەردەمی جۆنز گەلێ گەرم و نەرمترە... پوخت و پاراویی خۆتان و کۆرپە نازەنینەکانتان لە دنیادا بێ وێنەیە... هورووژمی مێش و مەگەس و مافەتەتان ئەوەندە لەسەر کەم کراوەتەوە، کە هەر بۆ باسکردن نابێ؛ کەواتە دەبێ شوکرانەبژێری بەر دەرگای بارەگای سەرۆک ناپلیۆن بن و بەدایم دەست بە دۆعای ڕابوەستن.
گەلێک جاران، ئاژەڵ باوەڕیان بە قسەی دەم و زاری سکوەلەر دەهێنا و پێیان وابوو هەرچی ئەو دیبێژێ، سەربەسەری ڕاستە، چونکە لە ڕاستیدا یادی سەردەمی جۆنز لەبیر چووبۆوە و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئەم دوو دەورەیەش بۆ ئاژەڵانی برسی و شێواوە حاڵ کەمێک گران بوو. بەڵام چونکە ژەنگی زۆردارییەکانی جۆنزی ستەمگەریان لە کەلێنی مێشک دا هەر مابۆوە، زۆرجاران دەستیان لە مل دەدا و دەیانگوت:
ـ ... هەرچەند کە ئێمڕۆکەش بە دایم برسی و بێ ئەنواین و لە کاتی خەوتن بەولاوە، هەمیشە لەکار داین، بەڵام هەر خۆزگەمان بە ئیمڕۆیە نەک بە پار!

لە ڕاستیدا دڵی ئاژەڵ بە شنەبای ئەو بیر و خەیاڵاتە دەگەشایەوە کە دوێنێ کۆیلەیەکی بەستەزمانی بەردەستی مرۆڤ بوون و ئیمرۆکە سەربەست و ئازادن... ئیتر دوو پێیەکی تەپرەشی دڵ و دەرون ڕەش لەبان سەریان دا نەماوە کە ئەمر و فەرمانیان بەسەر دا لێبدات... لە مەزرای سەربەست و ئازاد کراویان دا دوژمنێکی لاوەکی شک نابەن کە هەڕەشە لە بوونیان بکات... خورد و خۆراکێکی کە دەیخۆن ئەگەرچی کەم و نەپوختە و بە هەناوی هیچ کامێکیان ڕاناگات، بەڵام بەس نییە بە سەربەستی دەیخۆن و دەستی هیچ دابەشکەرێکی ستەمگەریان بەسەرەوە نییە و...

بەڵێ بۆیە ئاژەڵ دەستیان لە مل دەدا و دەیانگوت، ئەگەر ژیانێکی سەربەستانە هەبێ، هەر ئەمەیە و ژیانی پێ لەبەندی جارانیان پوشێکی نەدەهێنا؛ کەواتە بەڵێ ئەوەیکە سکوەلەر دەیبێژێ ، سەر بەسەری ڕاستە.

بەرەبەری پایزی ئەوساڵە، بەرازەکان زەو و زوویەکی سەیریان تێکەوت و بە چوار مالۆسان، سەرجەم سی و یەک کوتەڵەبەرازیان هاتە بەر گوانان. کوتەڵە بەرازەکانیش بێ جیاوازی یەک ڕەنگ بوون و لە یەک توخمە؛ واتە بەتێکڕا شڵە بوون و ئەبڵەق. یەکڕەنگ و یەک توخمە بوونیشیان ئەمەی دەگەیاند کە هەموویان لە پشتی باوکێکن؛ تاکانە یەکانە بەرازێکیش کە گوندار مابووبێ، بەس سەرۆک ناپولیۆن بوو.

هەرکە کوتەڵە بەرازەکان لەدایک بەربوونەوە، لە ژووری سەرکردایەتییەوە فەرمان دەرچوو کە کوتەڵە

بەرازەکان ڕاهێنان و پەروەردە کردنیان گەرەکە؛ ڕاهێنان و پەروەردە کردنی زارۆکیش، باخچە و فێرگە و یاریگە و جێگە حەوانەوەی تایبەتییان پێویستە، بەڵام چونکە مەزراکەیان ئەم شوێنە گرنگانەی نییە، هەتا ساز کردنیان، چەلێ دەکرێ کوتەڵەکان لە چێشتخانەی سەرکردایەتی و لە ژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆی سەرۆکدا هەنگاوی یەکەم هەڵبگرن. بۆ جێی گەپ و گەمە و مەکۆی هەقرەبەقۆی کوتەڵەکان، گۆڕەپانێکیان لە پشتی باغی سێوان بۆ ئەم مەبەستە بڕ دا. بەم تەرتیبە، دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە و بەپێی فەرمان، کاری سازکردنی جێگای لاواندنەوە و حەواندنەوەی کوتەڵەکانیان دەست پێکرد. لە چێشتخانەی سەرکردایەتیدا فێرگە و، لە زەوی و زاری پشتی باغی سێواندا مەیدانی گەمە و یاری بۆ ڕۆڵەی بەرازان ساز کرا، لە حاڵێکدا زارۆکی ئاژەڵی تەویلەنشین هەروەکی دایک و باوکیان چاو لە دەست و گوێ بە فەرمان بوون و فڕیان بەسەر هیچ خۆشی و حەسانەوە و بەختییارییەکەوە نەبوو.

هەر لەم سەروبەندەش دا یاسایەکی نوێ پەسندکرا و بە گوێی ئاژەڵدا خوێندرا کە لە هەر گاز و ڕێبازێکی کەوا بەرازێک پێیدا تێپەڕ دەبێت، هەتا تێپەڕینی ئەو خاوەن شکۆیە، ئاژەڵی ژێڕای تەویلەنشین بۆی نییە لە سەر ڕێباز دا ببیندرێت و دەبێ خۆی لە کەلێنێکدا حەشار بدات. بڕیارفەرمانەکە ئەو خاڵەشی دەگەڵ بڵاو کرایەوە، کە بەرەی بەرازان مافی ئەمەیان هەیە لە ڕۆژانی جەژن و لە مەزنە ئاهەنگاندا پەلکە حەریرێکی سەوز، بە نیشاندانی پلەی مەزنایەتی، لە کلکی خۆ ببەستن.

ساڵێکی خۆشیان لێ داهات، ساڵێکی بەپیت و فەڕ. کەمایەسییەکیان ئەگەر بووبێ، کەمایەتیی پارە و دراو بوو، پارە و دراوێکی کە بکرێ پێداویستییەکانی ناوەوەی پێ جێ بەجێ بکەن. چونکە مەزرا بەنیاز بوو خوێندنگەی تایبەت بۆ کۆرپە بەرازەکان سازبکات ؛ بۆ ئەنجامی ئەم ئەرکە گرنگەش خشت و زیخ و لم و چیمەنتۆیان گەرەک بوو... بەرنامەی ئاشی با دەبوایە بە ئەنجام بگات، بۆ ئەم کارەش ئاسنەواڵە و تەل و دینامۆ و گەلێک کەل و پەلی تریان گەرەک بوو... سەگەکان نانە شەکرینەیان خۆراک بوو، دەبوایە بۆیان دابین بکرێت... بەرازەکان شەکری وردیان پێویست بوو(ماوەیەک بوو ناپولیۆن بەرازەکانی لە خواردنی قەندی ڕەق پاوان کردبوو، چونکە پێی وابوو قەندی ڕەق دەبێتە خەز و بەز و لە جەستەیان دەنیشێت و پێی دادێن)، هەمووی ئەم ویست و پێداویستییانەش، لە مەزرا دا دەست نەدەکەوتن و دەبوایە لە دەرەوە ڕا هاتبایەن. بۆ هاوردەکردنی ئەو پێداویشتییانە، دوو ڕێگەیان لەبەر دەمدا بوو، یان دەبوایە دەست بە دەم و زار دا بگرن و کەمتر بخۆن و بە گردەوەکۆشی باری لار ڕاست کەنەوە، یان دەبوایە دەرگای مەزرا بە نیازی سات و سەودا واڵا بکەن و دەگەڵ مرۆڤ دەست تێکەڵ بکەن.

سەرکردایەتیی مەزرای ئاژەڵان پێشەکی ڕێگای دووەمی هەڵبژارد و لە یەکەم هەنگاو دا بەشێک لە بەرە وێنجە و نیوەی بەرهەمی سێفکی ساڵی لێ فرۆشتن، بەڵام هەر بە فرۆشتنی وێنجە و پەتاتە بەسی نەکرد و هێلکەشی هێنایە فرۆشتن؛ لە فرۆشتنی هێلکەشدا گەلێک بێ بەزەییانە

جولآیەوە و لە هەر هەفتەدا شەشسەت هێلکەی دە بازاڕ کرد و فرۆشتی. فرۆشتنی بێباکانەی هێلکە، کارێکی وەهای کردە سەر ژماری دانیشتووانی مەزرا، کە ئەوێ ساڵێ، هیچ بەڵندەیەک بە نیازی کورک بوون لە سەر هیچ کڕ و ڕاوکەیەک هەڵنەنیشت و هیچ جوجەڵەیەک لە هیچ هێلکەیەک سەری نەهێنایە دەر. بەم تەرتیبە و لە ئاکامی سات و سەودای بێ حیسێب و کتێبدا، ساڵی پار باڵندەی مەزرا چەند بوون بە ئەژمار، ساڵی نوێیش هەر ئەوەندە مانەوە و زیادیان نەکرد.

خورد و خۆراکی ڕۆژانەشیان کە لە مانگی دەسەمبەردا جارێک کەم کرابوویەوە، لە مانگی فێڤرییەش دا بە گوێرەی بەرنامەی دەست بە دەمداگرتن، کەم و کەمتر کرایەوە. هەر شان بەشانی کەم کردنەوەی تێشووی ڕۆژانەیان، ئاییساندنی چرا لە هۆڵ و تەویلەکاندا یەساغ کرا. بەکورتی لادەسی و بێ ئەنوایی لە هەموو لایەکەوە بە سەریان دا باری. ئاژەڵ بەهۆی کەم بژیوی و لە بەر کار و کوێرەوەریی لە ڕادە بەدەر، ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ لەڕتر و باریکتر دەبوونەوە، بەڵام بەرەی بەرازان لە سای چاک لەوەڕی و زۆرخواردنیاندا هەر وەتۆ ئەنگڕابوون، کە هەر دەتگوت فوو کراون.

ڕۆژێکی خۆش هەوای ئاخری مانگی فێڤرییە بوو. ئاژەڵی ماندوو لە موچێ و دێبەران دا بە هەناوی برسی، سەرگەرمی ئیش و کاری ڕۆژانەیان بوون. دەماودەمی قاوەڵتوونان بوو کە بۆن و بەرامەیەکی ئارەزووبزوێن بەسەر موچێ و دێبەری مەزرا دا گەڕا. شنەی شەماڵ بەسەر ئاژەڵی برسیدا گوزەری کرد و هەڵم و هالاوێکی خۆش بۆنی پێ گەیاندن. بۆنی

ئیشتیهابزوێن لەلای کارگەی بیرەسازکردنی جارانی ئاغا جۆنزەوە دەهات و بەسەر مەزرا دا بڵاو دەبۆوە.

ئاژەڵ بە تێکڕا لوت و لمبۆز و دەنووکیان لەبەر ڕەوتی خۆشبۆنی شنەی شەماڵ ڕاگرت و پڕ بە سیەکانیان بەرامەیان هەڵمژی. بە دڵیان داهات کە ئەم بۆنە خۆشە دەبێ چی بێت و لە چی هەڵبستێت؟ پرسیارێک بوو بەدەرواى مێشکیاندا دەهات، هەربەس ئاژەڵێک بوو گوتی :

ـ ... بەڵێ ئەمە بۆنی جۆی فەریکی تازە چەکەرە کردووی سەر ئاگر نریاوە بۆمان دێت.

ئاژەڵ بە بیستنی ناوی جۆی فەریکی چەکەرە کردوو، دە هێندەی تر ئیشتیهایان بزووت و ئاویان بە دەم و لووت دا گەڕا. هەموو بە تێکڕا ئارەزوویان بە دڵ داگەڕا و گوتیان :

ـ ئەی بریا و سەد بریا بۆ شێوی شەوێ ـ ئەگەر جارێکیش بوایە ـ گەرمە هەلیماوی جۆمان خواردبایە !

بەڵام ڕۆژی برسایەتی و ماندووبوونیان بە شەو گەیاند و لە شێوی شەو و گەرمە هەلیماوی جۆ، هەر داخ و حەسرەت و خۆزگەی هەمیشەیی بوو لە دڵیاندا مایەوە.

بۆ بەیانی، لە هۆڵی مەزندا کۆ کرانەوە. سکوەلەر هات و پێی ڕاگەیاندن کە لەمەوپاش سەرجەمی بەرهەمی جۆی مەزراکەیان، هەرچی هەیە و هەرچەندی ببێت،ماڵی حەڵاڵی بەرەی بەرازانە و هیچ گیانلەبەرێک بۆی نییە تەنانەت دەنکێکی لێ لار بکاتەوە. هەر دوا بە دوای دەرچوونی ئەم فەرمانە ڕەقە، چەند پەڵە زەویی کە کەوتبوونە لێوارەی سنووری مەزرا، هەروەها زەوی و زاری پشتی باغی سێوان، بە تێکڕا جۆیان پێوە کرا. هەر لە گەرمەی ئەم داچاندن و پێوە

کردنەش دا بوو کە بە ئاشکرا بە گوێی ئاژەڵ گەیشتەوە و گوترا: [ هەر سەرە بەرازی کە لە مەزرادا دەژی، لە ڕۆژ دا نیو لیترەیەکیان بیرە جیرە دەبێت. بەڵام پێشەوا ناپولیۆن گشت ڕۆژێک دەبێ چوار لیتر بیرەی ساردی کەللەتەزێن لە جامێکی عەنتیکە دا هەڵقوڕێنێت].

بەشی ڕۆژانەی ئاژەڵ بیستنی فەرمان و، بەڕێوەبردنی فەرمان بوو. دەرد و کوێرەوەری و جەفای بەردەوام کراسێک بوو بە بەژنی خۆیان و زار و زیچیان هەڵدوروا بوو؛ تەنیا بۆرە ئاو و ڕەنگێکی کە ژیانی بێتامیانی تۆزکاڵێک پێدەگۆڕا، بەزم و ئاهەنگی جەژنانێک بوو کە دادەنیشتن، ڕادەوستان،دەیانگوت و دەیانخوێند. هەر تەنێ لە دەمی خوێندنەوەی سرود و بەستە و مەقامات دا بوو کە ئاهێکیان دەهاتەوە بەر و دەحەسانەوە؛ دەنا بەدرێژایی ڕۆژگاران چەوسانەوەی دەستی ڕادەمووسین و لەکاتی سەرخوێندنەوەکانی سکوەلەریش دا ناچار بوون بافیشەکانی ئەو بە مێشک بسپێرن و خۆیانی تێدا ببیننەوە.

چەندێک بوو بە ئەمری ناپولیۆن، لە هەفتە دا ڕۆژێک تەرخانی خۆپیشاندانێکی تایبەت کرابوو. لە خۆپیشاندانی تایبەتدا، ئاژەڵ دەبوایە بە تێکڕا بەشداری تێدا بکەن و کەس خۆی لێ نەبوێرێت. ئاڵایەکی کەسک، کە ڕەمزی سم و شاخێکی لە سەرەوە ڕەسم کرابوو  و لە نێو بەندەکەیدا دروشمی بژی ڕەفیق ناپولیۆن ـ ی لە سەر نەخش کرابوو، لە دەستی باکسەر و کلۆڤەر دا دەبوایە فڕکەی بێت. دەنگی هەنگاونانی ئاژەڵ دەبوایە دەگەڵ سرودی بژی پێشەوا و مارشی نیزامی، یەکدەنگ و یەک هەوا هاتباوە. لە ڕێ و

ڕەسمەکەدا، پێشەکی بەرزاەکان، دوای ئەوان ئەسپ و گا و گۆل و بزنەگەل و مەڕ و ماڵات، بە شوێن ئەوانەدا باڵندە دەهاتن و بەتێکڕا بە نەزم و زاکونێکی بێ وێنە ڕادەبردن و دەڕۆیشتن. شانی بە شانی سەرەی دوور و درێژی خۆنیشاندەران، سەگەکان دەهاتن و دەڕۆیشتن و نەزمی سەر و ژێرانیان لە بەر چاو ڕادەگرت. دوای کۆتایی هاتنی بەرنامەی خۆپیشاندەران، ئەمجار نۆرەی وتاردانی سکوەلەر دەهات و بە دەنگە تیژەکەی، کایەی بە مێشکی ئاژەڵان دەکرد. لە سەر سەکۆی گوتاردانەوە، دەسکەوت و سەرکەوتەکانی مەزرا و تێر و تەسەلیی ئاژەڵانی بە دەنگ ڕەسم دەکرد و لە مێشکی ئاژەڵانی دەچەسپاند. لە ئاخر بەندی بەرنامەی ئاهەنگی تایبەت دا، بە پێی هەلومەرجی ڕۆژ، فیشەکێکیان دەتەقاند.
لە نێو ئاژەڵاندا، بزنە گەل و مەڕ و بەرانەکان بە چەشنێک دڵیان بەم هەرا و بەزم و ئاهەنگە تایبەتە دەکرایەوە، کە هەر دەبوو بێی و سەیری بکەی. خوای نەکردبایە لە ئاست خۆپیشاندانی زۆرەملیدا، جارێک زمانی سکاڵا و بەرپەچێکیان بە گوێچکە گەیشتبایە، کە دڵی گەرمی دەرویێشانەیان دەڕەنجا و زمانی تیژیان دەکەوتە کار. بۆ لەقاو دانی خاوەن سکالا، یەکجێ هاواریان دەکرد: چوارپێ خاس و دووپێ پیس.
بەڵام بەتێکڕایی و سەرەڕای هەموو دەرد و مەینەتێک، ئەگەر سێرەیەکت لە ژیانیان بگرتبایە و بە وردی لێیان خورد بوویایەوە، بە ئاشکرا بۆت دەردەکەوت کە تەنیا دەراوە ڕوونەیەکی کە دڵیانی پێ دەکرایەوە، هەر ئەو بەزم و شایی

و گۆڤەند و دیلان و هەڵپەڕکێیانە بوون و بەدەر لەوانە، هەر کار بوو ، کار و کار و کار...

لە مانگی ئەپریل دا بانگی جمهورییەت لێدرا و وتیان: ئیتر مەزرای ئاژەڵان دەبێ ناوی بگوردرێت و کۆماری ئاژەڵان جێگای بگرێتەوە. بۆ ئەو کۆمارەش پێویستە سەرۆک کۆمارێک هەڵبژێردرێت. هەڵبژاردنی ئەم سەرۆکەش هیچ ئەزیەت و ئازارێکی لە باخەڵ دا نەبوو و پێی نەدەویست کاری ڕۆژانەی بۆ بخەوێندرێت؛ چونکە پلە و پایەی ئەو خاوەن شکۆیەی کە بۆ ئەم کارە دەشیا، هەر وەک ڕۆژی گەشی ئاسمان دیار بوو؛ دیار بوو کە حوشتری ئەم هاتە لە بەر دەرگای کێدا ئیخ دەخواتەوە.

هەر ئەوەێ ڕۆژێ کە سەرۆکیان هەڵدەبژارد، بە ڕێکەوت، بەڵگەیەکی یەکجار تازەیان لە خەیانەتەکانی سنۆباڵ دۆزییەوە. بەڵگەی نوێ دەیگوت: [سنۆباڵ لە شەڕی هۆڵی مانگایاندا وەک سەرفەرماندەری هێزی دوژمن دژ بە ئاژەڵ شەڕی کردبوو. لە گەرمەی شەڕ دا و هەر ئەو دەمەی کە بە دروشمی بژی بەرەی دووپێ هێرشی دەست پێکردبوو، نەرمانی پشتی کەوتبوویە بەر شفرەی تیژی سەرۆک ناپولیۆن و مشاربڕ دابڕابوو.

کەواتە و بەپێی بەڵگەی تازە، زام و زەخمی سەرپشتی سنۆباڵ بە فیشەکی جۆنز دانەقڵیشابوو، بەڵکە ئەوە مۆر و نیشانەی کەڵپی تیژی پێشەوا بوو کە بۆ هەتا هەتایە هەر پێوەی دەمێنێت.

لە گەرمەی گەرمای مانگی گەلاوێژ دا، مۆسەس، قەلەڕەشەی دەستەمۆی ئاغا جۆنز، دوای چەند ساڵان دووری و

دەربەدەری، سەرلەنوێ گەڕایەوە. سەیر ئەمە بوو، مۆسەس نە بەڕەنگ و نە بەدەنگ و نە بەڕەوشت، هیچ ئاڵوگۆڕێکی وەهای بەسەردا نەهاتبوو کە نەناسرێتەوە؛ هەر وەک جاران کار نەکەر و مشەخۆر و قسە زل و دەم کوێخا بوو. دەربارەی مەڵبەندی شیر و هەنگوینیش هەر بەو دەنگ و هەوایە دەدوا کە جاران پێی دەدوا. بە درێژایی ڕۆژ، کار و کرگاری هەڵکورمان لەسەر بەرزترینی چڵوکی درەختان بوو. هەندە جارێکیش باڵێکی لێک دەدا و یەک بە مەزرا دەی قیڕاند. هاتبا و ئاژەڵێک بەلای دا تێپەڕیبایە و لە ڕێی بەزەییەوە زمانێکی دەگەڵ ببزواندبایە، گورجێک دەندووکی بەرەو ئاسمان ڕادەداشت و بە خۆڕانانێکی بیرەوەندانەوە دەیگوت :

ـ ... هاوڕێ !
لە بەرزایی ئەو ئاسمانە شینە،
هەر لەسەر پشتی ئەو کۆمەڵە هەورە ڕەش و شینە،
جیهانێک هەیە
کە ناوەکەی مەڵبەندی شیر و هەنگوینە.
هەر ئەو مەڵبەندە جوان و خۆش و ڕەنگینە،
سەربەسەری سەوزە زار و ڕازاوە و نەخشینە،
جێ و مەکۆی حەسانەوەی ئاژەڵی هەژار و خەمگینە.
لەو بانە، هەرچی هەیە،
شەکرە، گەزۆیە، ڕەواقە و هەنگوینە.
دار بەری پێوەیە و گەڵاکەی شیرینە.
ئاوی جۆباری لە ڕوونیا هەر دەڵێی ئەسرینە.
مێرگ و قۆپی و بەیاری پڕ گوڵاڵە و نەسرینە.

ئەو بەهەشتە، بێ چەپەر و بێ پاوان و پەرژینە،
جێی ئەو جەفاکێش و بێبەش و ڕەنجدەرانەیە
کە باری شان و ملیان لە سەر ئەم کاولە دونیایەدا
گەلێک قورس و گران و سەنگینە.

مۆسەس دەیگوت کە هەر خودی خۆی، جارێک لە جاران بە پەنای ئەو مەڵبەندە دا تێپەڕیوە و لە نزیکەوە وێنجە و سێوەڕە و لاولاوی بینیوە کە سەریان پێوەناوە و، لە سەر چڵ و چڕۆی دار و درەختی ئەو وڵاتەشدا نان و کولیچەی گەرم و تازە سازکراوی بینیوە.

ئاژەڵ ، بەرەبەرە مەیلی گوێگرتنی قسەکانی مۆسەسیان لە دڵ دەنیشت و کەمتا کورتێکیش باوەڕیان بە گفت و بەڵێنەکانی دەهێنا. چونکە ئەوان لەوەتەی کە لە دایک زابوون و خۆیانیان ناسیبوو، بە هەموو هەست و هان و هەناسەوە لە کار و کوێرەوەریدا تواببوونەوە، کەچی پشک و بەشیان لەم ژین و ژیانە، هەر نەداری و دەردە داری و ڕەنج و خاکەساری بوو. هەربۆیە، کەم کەمە هاتبوونە سەر ئەم باوەڕە و پێیان وابوو پاشی ئەم ژینە تاڵەیان، دەبێ ژینەوەیەکی دیکە هەبێ کە تۆڵەیەکیان بۆ بکاتەوە. بەتایبەت کە مۆسەس هەر ئەوەندە باسی پوچی و بەتاڵیی ژیانی سەر ئەم دنیایەی بۆ دەکردن و هەر ئەوەندە گفتی شیرینی زیندو بوونەوەی پاش مردنی پێدەدان، کە ئیتر بە تەواوی باوەڕیان بە زیندوو بوونەوەی پاش مردن هێنابوو.

سەرکردایەتیی مەزرا لە نووک و بنەوە لە هاتنەوەی مۆسەس ئاگادار بوون، هەروەها لە پڕوپاگاندە ژەهراوییەکانی و هەڵخەڵەتاندنی ئاژەڵی بەستەزمانیش خەبەردار بوون، بەڵام هەر نەک قەت هیچ پلارێکیان تێ هەڵنەدەکردێ و بە نیازی دەرکردن و ڕاونانیشی نەبوون؛ بگرە دەراوی چاوەدێری و بەشداربوون لە بەشە گوشتی مەزرایشیان بۆ واڵاکردبۆوە و لە ڕۆژیش دا نیوە پیاڵەیەکیان بیرە بۆ بڕیبۆوە.

ئاژەڵیش ئەمەیان دەبینی ، بەڵام لە کەین و بەینی مۆسەس و سەرکردەکانی مەزراش واقیان وڕ نەدەما، چونکە خۆیشیان دڵبەستەی بەڵێنی زیندوو بوونەوەی دوای مردن و، زوو مردن و گەیشتن بە بەهەشتی ئاسمانی بووبوون.

هەرکە زام و زەخمی سمی دەستی باکسەر سارێژ بوونەوە، ڕادەی ئیش و کاری سەرشانی سەد بار لەجاران قورستر کرایەوە. ئەڵبەت هەر نەک تەنێ هی باکسەر، بەڵکە سەرپاکی ئاژەڵ بە چەشنی کۆیلە دەکار کران. لە مەزرادا، سەرەڕای کاری ناشتن و داشتن و چاندن، دەبوایە بارکێشان و قوڕەکاری و سازکردنی فێرگەی فەرخە بەرازانیشیان لە بیر نەکەن. بە کورتی لە سەرە بەهاری ئەوێ ساڵێدا، باری شانیان ئەوەندە قورس کرا کە تەنانەت چاوترووکانێکیش دەرفەتی پشوودانیان وەدەست نەدەکەوت کە تێیدا بحەسێنەوە. ئیش و کاری چڕ و سەخت و گران لەلایەک، لە بەرێکی ترەوە بێ بژیوی و، لە هەر چوار کەنارانیشەوە ستەمی بێ سنووری بان سەریان، قڕانە ئاژەڵی دەنێو خستن و گەلێکیانی سلار کردەوە. بەڵام بە هەموو بێ بژیوی و

سەرەڕای ئەرکی گرانی لەش تاوێن، تاک یاری و یاوەری زەحمەتکێشان، هەر باکسەر بوو کە لە گێژاوی توندەپێچی کاری گران دا دەیکێڵا و پەکی بەهیچ گرفتێک نەدەکەوت. کۆسپی سەر ڕێگەیان هەرچی بوایە و چەندی بوایە، قەت نەیدەتوانی تەڵەزمێک لە برست و ورەی پۆلایینی باکسەر دابتاشێت. لە کار و هەڵسووڕانی ڕۆژانە دا، لە هومێد پێ بەخشینی یارانی و لە دڵدانەوەی هومێدخنکاوانیشدا ئەوە هەر باکسەر بوو قەت لە ڕێ کل نەدەبوو و لە گل نەدەکەوت.

سەر و سیمای باکسەر بەتەواوی شکابۆوەوە. پێستی گەشی لەشی جارانی ئاو و ڕەنگی نەمابوو. گەڵ و کەفەڵە شەق و خڕ و پڕەکەی جارانی ببوون بە کەفەڵووک و لوێچ لوێچ بەسەر یەکدا چەمیبوونەوە. بە کورتی، لەڕی و لاوازی و کەم هێزی لە جەستەی دا ببوونە خانەنشینی یەکجاری و، سیس و زەرد و زۆڵیان هەڵگێڕابوو. ئەگەرچی زۆرجاران یاران و هاوخەمانی بە لانی خۆشەویستییەوە دەیانگوت: [... بێتوو بەهار دابێت و شینکە سەر هەڵبداتەوە و باکسەر خۆی بە شینکە تەڕ بکاتەوە ، ئاوێکی بە ژێر پێستی دا دەگەڕێت و ئاهێکی دێتەوە بەر]. بەڵام بەهار هات و شینکە سەری هەڵدایەوە و باکسەر خۆی بە شینکە تەڕ کردەوە، کەچی مخابن ئاوی ڕژاو هەرگیز کۆ نەکرایەوە و باکسەر قەت قەت نەبووژایەوە.

گەلێک جاران باکسەر لە کاتی بارکێشان، لە هەورازی ڕژدەقەدان دا دەوەستا و توانای لێدەبڕا. لەم هەلە ناسکانەشدا، ئەو بە هەموو تواناوە دەخۆی دەنووسا، بەڵام ئیتر ماسوولکەکانی چیدی نەیاندەکێشا و بە پشوو سواری لە

ڕژد و لێژان دا دەوەستا. باکسەر لەو هەلانەش دا دەم و لمبۆز و لیچە داچۆڕاوەکەی بە چەشنێک دەخستە کار، هەروەک بڵێی لە عەینی بێدەنگی دا، بەنیازە دەنگی ویژدانی کرێکارانەی بە هاوارێکی نادیار و شاراوە دەربڕێت و بڵێ :[من پتر کاردەکەم !] و بەم دروشمەوە دڵی هاوالانی گەرم و ورەیان بەرز ڕابگرێت.

هەتا باکسەر لە دەمی ماندوو بووندا دەوەستا، گلۆڤەر و بەنیامین بە هانایەوە دەگەیشتن و بەدەم یارمەتیدانی، لەبەری دەپاڕانەوە و پێیان دەگوت کە پیاوی چاک بێ و ئاگایەکی لە خۆی بێ، ئەگینا لەوانەیە زەبری کار بی ئەنگێوێت و لە پێی بخات. بەڵام پەند و ئامۆژیاریی یاران بە گوێی باکسەر دا نەدەچوو. چونکە ئەو پێی وابوو زۆری نەماوە کاتی خانەنشینی بگاتێ؛ ئیتر ئەودەم بە خەیاڵی ئاسودە دادەنیشێت. ئەو پێی وابوو هیچ شتێک لەمە دڵگوشاتر نابێت کە لە هاتنەوەی ڕۆژی لە دایکبوونیدا خانەنشین بکرێت و هەر ئەودەمیش بەرهەمی ڕەنجی باسکی خۆی بەسەر دوندی گردی مەزراوە ببینێت.

شەوێکی گەرمی هاوین بوو. مانگی ئاسمان بە شەبەقی زەردی زێڕینی خێوەتی ڕوونی ڕوناکایی لەسەر مەزرا هەڵدابوو. گردەکەی مەزرا لەگوێن ئاوێنەی بەرهەتاو تروسکەی دەهات و دەدرەوشایەوە. بەسەر گردی ڕووناکەوە هەر تەنێ تاک ئاژەڵێک بوو دەیهێنا و دەیبرد، هەر تەنێ باکسەر بوو لەسەری شەوەوە، تاک و تەنیا لە پای دیواری بەرز و بەردینی ئاشی بادا خەریکی بەردکێشان بوو. هەر لەو دەمە دا کە باکسەر لە گەوەی داوێنی گرد دا داشقەی پڕ

لە بەردی دەکێشا، لەپڕ تێک هاڵا و داشقەی پڕ لە بەردی بەسەر دا هات و کەوتە ژێری. دوو کۆتر، کە لە سەر سوێی بانیژەیەک دا سەیری دوور و نزیکانیان دەکرد، باکسەر و کارەساتەکەیان بە چاو بینی و بە پرتاو هەواڵی دڵتەزێنیان بۆ ئاژەڵ برد. ئاژەڵ بەبیستنی ئەم هەواڵە تاڵە، لەجێ بزووتن و بە ترەختەن بەرەو کارگەی ئاشی با چوون. کە گەیشتنە جێ، سەیریان کرد و ڕوانیان و دیتیان باکسەر بە لاشانیدا کەوتوە و لایەکی لەشی بە چەشنێک لە ژێر داشقەی پڕ لە بەرد دا گیرساوە، کە تەنانەت هەناسەیشی بە دژواری بۆ دەکێشرێ. چۆڕاوگەی خوێن بە لاشەویلکەیدا دەچۆڕێتەوە و پەراسووەکانی شەتلانی ئارەقن؛ چاوەکانیشی لێڵ و وێڵن و، ورشە و گرشەی جارانیان لێ براوە.

کلۆقەر سەرێکی بۆ لار کردەوە و لێی پرسی :

ـ باکسەر چۆنی ؟... لە چ حاڵ دای ؟!

باکسەر بە دەنگێکی نزمی لە گەروو دا خنکاو وەرامی دایەوە :

ـ ... لە پشوو کەوتووم... سییەکانم هەر وەتۆ ژان دەکەن... کە... بەڵام چ قەیدی نییە... من ... من بەرد و کوچکێکی ئەوەندە زۆرم هێناوەتە پای دیواری ئاشەکەمان ... کە... کە دەتوانێ سەر و بەری ئاشەکەمان پێک بێنێت... ئیتر... ئیتر من ببم... یان نەمێنم، ئاشی با پەکی بەمن ناکەوێت. من هەر مانگێکی دیکە ئیشم تێدا بکردایە بەس بوو. ڕاستیتان گەرەک بێ، من خۆیشم کەوتبوومە سەر بیر و خەیاڵی خانەنشینی و دەمگوت... دەمگوت کە بەنیامینیش لە دەست و بوو کەوتووە و من و ئەو هاوکات خانەنشین دەکرێین...

دەمگوت من و ئەو لە دەمی خانەنشینی دا، باش دەتوانین پێکەوە بچارێن، بەڵام...

کلۆڤەر ڕووی دەمی لە هاوڕێیانی کرد و گوتی :
ـ هاوڕێیان، دەست و بردێکتان بێ و سکوەلەر خەبەردار بکەن!... بڵێن باکسەر گەلێک شپرزەیە... هەتا کار لە کار نەترازاوە، دەبێ ڕێچارەیەکی لەبۆ بدۆزرێتەوە.
بۆ خەبەربردن، هەموو یەکجێ لە جێ بزووتن و هەر کلۆڤەر و بەنیامین مانەوە. بەنیامین مەنگ و ئارام لە بان سەری باکسەر دا تخێڵ ببوو. جار جار کلکی درێژ و داو داوی لە دەوری سەری باکسەر هەڵدەسووڕاند و بە بێ هیوایی سەیری دەکرد.
چارەگە سەعاتێکی نەخایاند، ئاژەڵ گەڕانەوە. سکوەلەر، کە بە ڕواڵەت مات و پەشێو دەهاتە بەرچاو، بە هەڕەمە هاتە ژێر سەری باکسەر و گوتی :
ـ باکسەر! ئەم هەواڵە تاڵەی تۆ بە گوێی پێشەوا ناپولیۆن گەیشتەوە، ئەگەر بزانی پێشەوامان لەم ڕووداوە چەندە خەفەتبارە!... بەلام باکسەر هیچ خەمت نەبێ... هیچ خەمت نەبێ کەسی کاکی کە گیانی ڕۆڵە وەفادارەکانی مەزرا بۆ پێشەوا گەلێک پڕ بایەخە. بەڵێ ڕەفیق گیان، پێشەوا ناپولیۆن بۆ گەڕاندنەوەی لەشساخی یارانی خۆی بەرپرسە، هەربۆیە لە کەمترین کاتدا ڕێگای نەخۆشخانەی گوندی ویلنگدۆنتان بۆ دەکاتەوە و ڕەوانەی وێندرێتان دەکات.
ئاژەڵ بەبیستنی ناوی گوندی ویلنگدۆن ڕاچڵەکین، چونکە لەوەتەی شۆڕشی ئاژەڵ لە مەزرای ئاژەڵاندا ئاڵای

سەرکەوتنی چەقاندبوو، جگە لە سنۆباڵ و مەلی، سنووری پتەوی مەزرا بەپێی هیچ ئاژەڵێکی تر نەڕووشێندرابوو. ئاژەڵ بەتێکڕا ئاواتەخواز بوون لە مەزرا دا بژین و لە مەزرا دا بمرن و تەنانەت تەرمی ساردەوە بوویشیان لە کەوشەنی بەخوێن نەخشاوی مەزراکەیان نەچێتە دەر؛ ئەویش نەخوازا ئاژەڵێکی وەک باکسەر کە ڕەمز و نیشانەی سەربەرزی و سەرفەرازیی مەزراکەیان بوو. چوونەدەری باکسەر لە مەزرا بۆ ئاژەڵ، ئەتک و شوورەیی و سوکایەتی بوو، هەربۆیە هاواری هەی باوکەڕۆیان کێشا و فەرمانەکەیان بەرپەرج دایەوە. بەڵام سکوەلەر بەگوێرەی سروشتی خۆی، ئەمجارەیش پێی لێ داگرتن و گوتی :

ـ ... بێتو باکسەر لە مەزرا بچتە دەر و قاچی بگاتە نەخۆشخانەی گوندی ویلنگدۆن، هەر بڵێی یەک و دوو، سفت و سوێی لێ دەبڕێت و وەک گوێزی ئازا بۆمان دەگەڕێتەوە.

سەرەنجام و بەم تەرتیبە، سکوەلەر، ئەمجارەیش و هەموو جارانی دیکە، زۆر زوو لە دەستی هات بە ئاژەڵ بسەلمێنێت کە بەڵێ دەرمانی دەردی مەزرانشینان هەر لە دەرەوەی مەزرا دەست دەکەوێت.

داشقەی پڕ لە بەرد بە چەشنێک بەسەر باکسەر داهاتبوو، کە نیوە کاتژمێرێکی خایاند هەتا لەشی زامدار و شکستەی ئەویان لە ژێر کوچک و دار و خاک و خۆڵ ئەستاندوە. هەرکە باکسەر بە یارمەتیی یارانی کەوتەوە سەر پێ، بە هێواشی بەرەو خەوگەکەیان بردەوە و لە سەر جێ و بانێکی ئاخندراو لە پووش و کای نەرمدا ڕایان کێشا. باکسەر ماوەی دوو ڕۆژان لەسەر جێ و بانی ناسازی دا

مایەوە و لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژە دا، کلۆڤەر و بەنیامین بەردەوام بە دەوری دا هاتن و تەڕ و وشکیان کردەوە. دەرمانی زام و زەخمی باکسەر لەم دوو ڕۆژە دا، دەرمانە سوورەیەک بوو کە بەرازەکان لە دۆڵابچەی حەمامی ئاغا جۆنز دا دۆزیبوویانەوە. کلۆڤەر و بەنیامین لە ڕۆژ دا دووجاران، هەر جارەش دوو کەوچکی گەورەیان دەگەڵ دوو ژەمە تفاقان دەرخواردی باکسەر دەدا.

باکسەر، لەسەر نوێنی ناسازی، بۆ یەکەمین جار بەلای کلۆڤەر و بەنیامینەوە پەیمانی بەست کە ئەگەر ئەمجار بکەوێتەوە سەر لینگ و زیندوو ببێتەوە، بەنیازە دەست لە ڕەش و سپی نەدات و بەر لە داهاتنی مۆڵەتی خانەنشینی، لە سووچێکی مەزراکەیاندا پێ ڕابکێشێت و تاوێک بحەسێتەوە. هەروەها گوتیشی کە لە ماوەی دواییدا، بەنیازە بیست و دوو پیتی ئەلفبایی فێر ببێت و لە ئاخری تەمەنی دا ڕەش لە سپی جیا بکاتەوە.

لە ماوەی دوو ڕۆژەی ناسازیی باکسەر دا، کلۆڤەر و بەنیامین بە ڕۆژ سەرقاڵی ئیش و کار بوون و حەسانەوەی شەویشیان دەبەر تیمارکردنی یاری ئازیزیان دەمراند.

دوو ڕۆژ ڕابوارد و لە سێیەمین ڕۆژی ناسازیی باکسەر دا، دەرگای پێنج کلیلە و گۆڵەی مەزرا بە ڕووی گارییەکی بارکێش دا کرایەوە. لەو دەمەدا، تاقمێک لە ئاژەڵ سەرگەرمی چاندن و داشتن بوون و بەشێکیان دەستیان لە بژار دابوو. لە بان سەری هەر پۆلە کرێکارێکیشدا، بەرازێکی زیت و وریا، وەک سەرکار و چاوەدێر ڕاوەستابوو و بە وردی کرێکارانیان لە ژێر نیگای چاو دا ڕاگرتبوو. گارێی بارکێش

بەجادەی نێو مەزرادا گەیشتە شوێنی کێڵگەکان، ئاژەڵ سەریان وەرچەرخاندەوە و بە دوو چاوی سەر، گاریەکەیان بینی. هەر ئەودەم بەنیامین بە هەموو هان و هەناسەوە هاواری هەی باوکەڕۆی کێشا و بە نێو پەرێز و زەرعات دا هەلینگی دا. ئاژەڵ بەبیستنی دەنگی بەگریانی بەنیامین و بە دیتنی بێقەرارییەکانی ئەو، دەستیان لە کار سارد بۆوە و ڕاوەستان. بەنیامین بەبێ ڕاوەستان، یەکبین و یەکچین گازی دەکرد و لە بانگی دەدا :

ـ ئۆی یاران!... دە ڕاکەن و ببزوون و مەوێستن کە دەگەڵ یاری شیرینی دێرین دیداری ئاخرینمانە... دە ڕاکەن و ببزوون و دەگەڵ باکسەری لە سەر سەفەر دیدارێک تازە بکەنەوە، کە ئەوە دیداری ئاخرینمانە...

هاواری بەنیامین شەپۆلێکی سەیری خستە نێو ئاژەڵی کرێکار و بە یەکجێ و یەک تەکان بزواندنی. بزواندنێک کە هیچیان پەکیان بە پرسین و لێپرسین نەکەوت و هیچ کامیان دەرخەمی ڕەزامەندیی سەرۆک و سەرکار دا نەمان. بە تێکڕا لە گێڵگەکان دەرپەڕین و کەوتنە سەر جادە و بەورەو کۆشکی سەرکردایەتی تێیان تەقاند.

لە بەردەرگای هۆڵی گەورە، گارێیەکی بارکێشی دوو ئەسپە ڕاگیرابوو. دووپێیەکی ڕەزاتاڵی بەدگووز، لە ژێر سایەبانی پشت پاشکۆی ئەسپەکان دا، کلاوە حەوت ڕەنگیلەکەی هەتا گرێی سەر ئەبرۆیانی داکێشابوو و نیوەخەوتوو پاڵی دابۆوە. لە پشتەوەی سایەبانەکەوە، ژوورێکی ڕەختەی لە تەختەسازکراو دابین کرابوو کە لە دوو شانی دەرەوەی دا چەند ڕستەیەکی لێ نووسرابوو.

ئاژەڵی پەرێشان سەرێکیان لە ژووری هۆڵی گەورە هەڵێنایەوە، بەڵام جێ خەوی باکسەریان چۆڵ و بێکەس بینی. دیار بوو بەر لە هاتنی ئەوان، باکسەر بۆ سارێژ کردنەوەی زام و زەخمان ڕاگوێزرا بوو. تەویلەنشینان لە دەوری داشقە هاڵان و خەمبارانە گازیان کرد:

ـ ماڵاوا باکسەر! بەهیوای دیتنەوەت و بە هومێدی ساغ بوونەوەت باکسەر... ماڵاوا !

لە پڕ بەنیامین لە سەر پاشوو بەرز بۆوە و بە چەپۆک هەرد و هەوای داگرت و بە دەنگێکی پەرێشان لە بانگی دا و هاواری کرد :

ـ ئەی گەوجی نەفامینە... باکسەری چی و هاتنەوەی چی!... دەسا سەیرێکی دوولاشانی ئەم بارکێشە جەهەنەمییە بکەن و بزانن چی لەسەر نووسراوە، سا ئەو دەم ئارەزووی گەڕانەوەی باکسەر بە دەم دابێنن!

بانگی پڕ خرۆشی بەنیامین ، ئاژەڵی چەند هەنگاوێک لە بارکێشەکە دوور کردەوە. موریەلی بزنە سپی بە دەوری بارکێشەکەدا سووڕا، بەڵام نەیتوانی هەموو ڕستەکان بخوێنێتەوە؛ هەربۆیە بەنیامین بە دەنگێکی بەرز بۆی خوێندنەوە کە بەم تەرتیبە نووسرا بوو :

« * ئالفرەد سایموندز : ئاژەڵ کوژ ، کەوڵ و ڕیخۆڵەفرۆش ، چرێش سازکەری گوندی ویلنگدۆن.

* فرۆشیاری هەمە چەشنە کوتی سازکراوە لە خەلۆل و ئێسقانی تازەی ئاژەڵ.

* خاوەنی باشترین گۆشت و ئێسقانی بەتام بۆ خۆراکی سەگ و تاژی و توڵەکانی ئێوە .»

بەنیامین دوای خوێندنەوەی ڕستەکان، هاواری بەرزتر کردەوە و گوتی:

ـ ئەی هۆش دزراوەکان، ئەرێ ئەمجارە تێگەیشتن کە ئەم بارکێشە بۆچی هاتۆتە سەردانمان؟ ئەگەر نازانن، دەسا گوێچکەکانتان بکەنەوە و بزانن ئەوا باکسەرمان بۆ کۆشتارگە دەبەن و ئیتر بۆ هەتاهەتایە گەڕانەوەی بە دوا دا نایە !

هاواری خەفەتبارانەی تێکەڵاو بە ترس و تووڕەیی لە بەر دەرکی هۆڵی مەزندا دەنگی دایەوە و جووتە ئەسپی بارکێشەکەی کوڕەگوێ کرد. ئاژەڵ هاتن بە تێکڕا دەستێک بدەنە دەستی یەک و چارەیەک لۆ دردی خۆ وەدۆزن، کە گاریەوانەکە قامچی لە بان سەری جووتەی ئەسپان هەڵسووڕاند و بە هەموو تین و تاوەوە تینی بە ئەسپان دا و بار و بارکێشی لە باوەش ئاژەڵی تورە دەرپەڕاند. گارێ بە پڕتاو دەوری هەڵگرت و ئاژەڵ بە شوێنی دا غاریان دا. لە نێویاندا، کلۆڤەر چوارناڵ ڕێی بە نێو پۆلی ئاژەڵ دا دڕی و سەر بە شوێن یاری کۆچ کردوویاندا بە هەموو تواناوە لینگی دا. بەڵام جووتەی ئەسپی گارێ، کە گەنج و چالاک بوون و چوست و توندەپێ ، بار و بارکێشیان وەک پەلەپووش بەرەو پێش دەکێشا. کلۆڤەر لە ڕووی ناچاری، بەهەموو توانای هەناوی هاواری کرد:

ـ باکسەر !... بـــاکــســـەر !

باکسەر بە دەنگی هاواری کۆنە هاودەمەکەی سەرێکی لە پەنجەرۆکەی پشتی بارکێشەکە نزیک کردەوە و بە ڕەمزی

ڕازێک، خاڵ و خەتی سپیی ژێر لمبۆزەکەی نیشانی یارانی دا و ئیتر تەواو.

کلۆڤەر بە کۆرژنێکی سامناکەوە هاواری کرد:

ـ بـــاکـــسـەر! دەست و بردێک، تەکانێک... دەی گورج بە باکسەر !... دەرگای بارکێشەکە بە زەبری جووتە تێک بشکێنە و خۆت لەو بەندە ڕزگار بکە باکسەر!... هاوارە ڕەفیق! هاواری سەر و ماڵە گیانە!... ئەوا دەتبەن بۆ کوشتارگە و دەتگوژن... خۆیەکمان بۆ ڕاپسکێنە باکسەر... هۆی باکسەر !... هـۆی بـــاکـــســـەر !

هەرکە دوا زایەڵەی دەنگی هاواری کلۆڤەر بە شوێن بارکێشەکە دا چوو، ئاژەڵی تریش یەکدەنگ و بە تێکڕا هاواریان کرد :

ـ باکسەر !... خۆت بخەرە دەر... گورج بە... دەست و بردێکت بێ باکسەر... هـۆی بـــاکـــســـەر !....

بارکێشەکە هەر وەتۆ باوی گرتبوو، بای شەماڵیش تۆزی نەدەشکاند. ئیتر لووت و لمبۆزی باکسەریش لەبەر پەنجەرۆکە پشتی بارکێشەکەدا دیار نەبوو کە ئاژەڵ بزانێت ئایا دەنگیان بەگوێی گەیشتووە یان نا. بەڵام هەر ئەودەمەی کە خاڵ و خەتی ژێرلمبۆزی باکسەر لە بەر چاوی ئاژەڵ لاچوو، دەنگی تەق و تۆقی چوارناڵەی ئەسپ و هاژەی چەرخی بارکێشەکە دەگەڵ دەنگی سمکوت کردنی دووڵاشانی دیواری تەختەبەندی بارکێشەکە تێکەڵی یەک بوون.

لە ڕابوردوو دا بۆ باکسەر بەس بوو یەکجار لە سەر دوو دەستانی هەستێ و بە یەک جووتە بەرهەڵستان تێک

بقرمێنێ. ئەودەم، ئەودەم بوو. ئیتر ئەو دەرو و سەردەمە بەسەرچوو بوو.

ئەوەی ڕاستی بێ، دەنگی ئاژەڵ و نزا و پاڕانەوەکەیان بە گوێی باکسەر گەیشت. باکسەریش بە ڕێنوێنی یارانی لەسەر پێ هەستا و بە چەپۆک دیواری تەختەبەندی زیندانی داگرت، بەڵام جێگای تەنگ و ڕاتڵەکانی توندی گارێ لە دەمی ئاژۆتن لە لایەک و، لە بەرێکی ترەوە کەم هێزی و زەبوونی خۆیشی لە پەل و پۆیان خست و چی پێ نەکرا. لەو لاشەوە ئاژەڵ بە ترەختەن بە شوێن تەپ و تۆزی پاش سەری گارێ دا دەهاتن. هەموویان بە ئەوپەڕی بێ هیوایی هاواری دەمیان ڕوو بە جووتە ئەسپی گارێ گرت و هاواریان کرد:

ـ ئۆهۆی هاودەردینە، هۆی برادەرینە! ئێوە بەپێی خۆتان، برا و هاوڕەگەزێکی خۆتان بەرەو نەمان دەبەن؛ وەرن وەگەڕێن برادەرینە... وەرن وەگەڕێن !

بەڵام جووتەی ئەسپی بارکێشەکە گەمژە و کاس بوون و نەزان و گێژەڵە ؛ بای هات و هاواری ئاژەڵیان بە گوێچکەدا نەچوو. ئەوان هەوسار و لغاویان بە دەست جڵەوکێشێک بوو، کە دەمێک بەرەو ڕاست دەیبردن و جارێک بەرەو چەپ دەیگێڕانەوە... ئەوان بە فەرمانی کەسێک خۆش ئاژۆ بوون، کە لە پشت سوکانی پاش سەریانەوە قامچی بەدەست دانیشتبوو.

بارکێشەکە کوێرەڕێی مەزرای تێپەڕ کرد و کەوتە سەر شاڕێگەی ئەو دیوی مەزرا. چی پێ نەچوو لە بارکێش و بار و یاری کۆچ کەردەی مەزرا، هەر تۆز و تەم و خەمێکی قورس جێما. ئیتر بۆ هەتا هەتایە نموودو ڕواڵەت و قەڵافەتی

هیوابەخشی  باکسەر لەبەر دیدەی مەزرانشینان گوم و گۆڕ کرا.
سێ ڕۆژ پاش ئەو ڕۆژە، سکوەلەر هات و هەواڵی مەرگی خەمبارانەی باکسەری پێدان و گوتی :
ـ هاوڕێیان!... بە هەموو هەوڵ و خەباتی دوکتۆرەکانی نەخۆشخانەی گوندی ویلنگدۆن و، بە هەموو دەوا و دەرمانی نەخۆشخانەش، بەداخەوە نەکرا زامی یارە ئازیزەکەمان سارێژ بکرێتەوە و لە چنگ مردنی ڕزگار بکات.
هاوڕێیان! لە دەمی دوایین ئاوزینگدانەکانی ڕەفیق باکسەردا، کە هەر خود بۆ خۆم لە ژوور سەرینی بووم و گوێم لە ئاخر ئاوات و ئارەزووەکانی بوو... باوەڕی دڵتان پێم بێت هاوڕێیان! کۆچی ئاخرینی هەڤاڵ باکسەر لە هەر ڕووداوێکی تاڵی سەر ئەم جیهانە، بۆ من و بۆ سەرکردایەتیمان، تاڵتر و خەفەتبارتر بوو. بەتایبەت کە هاوڕێ باکسەر لە دەمی گیاندانی دا، دەمی هێنایە ژێر گوێچکەم و بە ئاخر نەرمە ورینگەکانی بە گوێی دا چرپاندم و گوتی:
ـ خەم و پەژارەی هەر گرانم، مردن و نەمان نییە، بەڵکە دەردی گرانم جێ هێشتنی ئاشی بایە بە ناتەواوی...
دوای دەربڕینی ئەم ئاواتە، بەهەموو هێزەوە گرماندی: بژی پێشەوا ڕەفیق ناپلیۆن کە هەرچی ئەو دەیبێژێت، سەر بە سەری ڕاستە!... بۆ پێشەوە بەرەو جیهانێکی یەکسانی و برایەتی بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا ناپلیۆن!...
سکوەلەر بە دەم گێڕانەوەی قسەی خەمبارانە، یەکجێ هەوای دەنگی گۆڕدرا و بە ئەو پەڕی غەزریوە و قین و

بوغزەوە یەکایەکی ژینەوەرانی بە چاو دەرزی ئاژن کرد و گوتی :

- ڕاپۆرتێک گەیشتۆتە بارەگای سەرکردایەتی؛ بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، گۆیا پرتە و بۆڵەیەکی خاوی نەفامانە لە زمانی گەمژەیەکی نەفامی خەرفاوەوە کەوتۆتە سەر دەم و زوانی چەند ژینەوەرێکی ساویلکەی ترەوە... بەڵێ قسەڵۆکی گەوجۆکەیەکی نەفامۆکەی ژینەوەر هەڵخەڵەتێن، دڵسۆزی بۆ باکسەر نیشان داوە و گۆیا گوتویەتی بارکێشی سایمۆندزی زیندەوەرکوژ، ڕەفیق باکسەری بۆ کوشتارگە بردووە... ئا لەم سەردەمەدا، جێی گەلێک داخ و مخابنە کە لە مەزرای سەربەرزی ژینەوەران دا مایەفیتنە و گێرشێوێنێکی وەهای تێدا هەڵکەوتووە کە ویستوویەتی هەموو میهرەبانییەکانی سەرۆکی پایەبەرزمان بە تۆپەڵێک قوڕ دابپۆشێت.

سکەولەر بە هەڵبەز دابەزێکی شانۆگەرانەوە چەندیک هات و چوو. کلکی لە سەر کەفەڵی دا جووڵاندەوە و یەک بە دۆڵ و چۆڵ گرماندی :

- ئەی ژینەوەرانی مەزرا!... ئێوە ئەگەر فام و مشورێکتان هەبێت، دەبێ ڕێبەر و پێشەوای مەزنتان ناسیبێت... من بەلامەوە سەیرە کە ئێوە بۆچی دەمی ئەو چەنە سووکەتان پڕ نەکرد لە خوێ!... ئاخر ئەوانەی کە بەدایم ڕووکەش و ڕواڵەتی شت دەبینن و کەمتر بیر لە جەوهەر و دەروونی شتەکە دەکەنەوە، بۆچ دەبێ لە نێو ئێوەدا بواری دەم کردنەوەیان هەبێت و بتوانن لە کایەک کێویێک ساز بکەن؟!... دەبا ئەوانەی کە هەر دەیبێژن و نایپێژن، گوێ بکەنەوە و ببیسن و بزانن کە سایمۆندز هەتا

دوێنی ئاژەڵی بەم بارکێشە بۆ کوشتار دەبردو ملی دەبڕین، بەڵام ئیمڕۆکە چی؟! ئیتر ئیمڕۆکە دەکەڵ دوێنێ جیایە و، سایمۆندز مافی بەسەر ئەو بارکێشەوە نەماوە و فرۆشتوویەتی. بەڵێ ئیمڕۆکە دۆکتۆرێکی حاڵزان ئاژەڵان ئەو بارکێشەی کڕیوە و بووەتە خاوەنی. لە ڕاستیدا، بارکێشێکی کە هەتا دوێنێ ئاژەڵی بەرەو کوشتارگە دەبرد، ئیمڕۆکە هەر ئەو بارکێشە ئاژەڵ بەرەو چارەسەری و ڕێی نەجات دەبات... دەسا ئەوانەی کە وا تیغی زمانیان هەر بە نیازی گێرەشێوێنی دێتە کایە، با بزانن و ئاگادار بن کە بارکێشی سایمۆندزی ئاژەڵ کوژ، ئیمڕۆکە خاوەنەکەی پزیشکی ئاژەڵانە و یاری وەفاداری ئێمەیە. بەڵام چکەردەن کە حەکیمی حاڵزانی ئاژەڵان لە دەستی نەهاتووە دوو ڕستەی لاشانی بارکێشەکە خاوێن بکاتەوە و لەبری ئەو نووسراوەیە، پەیامی خێرخۆازانەی خۆی بۆ ئاژەڵ بنێرێت.

خەیاڵی پەرێشان و حاڵی شێواوی ئاژەڵی مەزرا بەم قسانەی سکوەلەر هاتەوە جێ، بەتایبەت هەر کە سکوەلەر لە هەڵچوون و تووڕەبوون دابەزی و بە هێوری باسی سەرەمەرگی باکسەری بۆ گێڕانەوە، ئیتر ئاویان بە ئاگری دەروون دا کرا و هەر ئەو دەم بۆیان ئاشکرا بوو کە ڕەفیق پێشەوا ناپلیۆن چەندە دەرخەمی دۆستی ناسازیان بووە و چیها دەوا و دەرمانی بەخێری بۆ دەکار هێناوە. هەربۆیە قسە بە سۆزەکانی سکوەلەر بوون بە هەتوانی دڵی بریندرایان و بە تێکڕا دەستیان لە مل دا و گوتیان بەین و بەینەڵڵا پێشەوا ڕەق و زەق دەرخەمی ئاژەڵە.

یەکەمین یەکشەمەی دوای کۆچی باکسەر، ناپلیۆن هاتە سەردانی ئاژەڵ و بە بۆنەی چۆڵ مانەوەی جێگای باکسەر لە مەزرا دا گوتارێکی دا و گوتی:

ـ هاوڕێیان!... هەلومەرجی نالەباری دەروەی مەزرا دەست و باڵی گرتین و لە دەستمان نەهات تەرمی ڕەفیق باکسەر بگەڕێنینەوە؛ ئەم خەسارە لە دڵماندا بارە، بەڵام بڕیارمان دا بۆ بەڕێز ڕاگرتنی یادی یاری ئازیزمان، چەپکێکی مەزن لە هەمە چەشنە گوڵ و گیای مەزراکەمان بچنین و پێشکەشی سەر گۆڕ و گڵکۆکەیی بکەین. هەروەها بەڵێنیشە، کە سەرکردایەتی کە لە کۆشک و دیوەخانی خۆمان دا ڕێوڕسمێکی شکۆداری بۆ ڕێک بخەین. من ئاخر قسەم بەم سۆز و پەیمانەی باکسەر دەڕازێنمەوە کە هەمیشە دەیگوت و تەنانەت لە سەرەمەرگیش دا هەر گوتی: من پتر کاردەکەم ، ئەوەی ڕەفیق پێشەوا دەیی بێژێ، سەر بە سەر ڕاستە !

هاوڕێیان! درۆشم و سۆز و پەیمانەکانی ڕەفیق باکسەر لە بیر مەکەن، کە لەبیر کردنیان، لەبیرکردنی هەڤاڵی کۆچکردوومانە.

دوو ڕۆژ بەر لەوەی بەرەی بەرازان کۆڕی پرسەی ماتەمینی باکسەر لە کۆشکی سەرکردایەتی دا تەرتیب بدەن، ترۆمبێلە بارکێشەکەی دوکانداری گوندی ویلینگدۆن لە هەندە هەندی بەیانی دا هات و لە بەر دەرگای سەرکردایەتی دا ڕایگرت؛ هەر بڵێی یەک و دوو، سندوقێکی گەورەیان لە ترۆمبێلەکە دابەزاند و لووری ژووریان کرد و ترۆمبێلەکە بە بێ ڕاوەستان ڕۆیی. سندووقەکە چی لە باران

دابوو، هیچ تەویلەنشینێک سەری لێی دەرنەچوو، بەڵام بەرە بەری ئێوارەی هەر ئەو ڕۆژە، لە کۆشکی سەرکردایەتیدا بوو بە یەک بەزم و شایی و لۆغانە، ئەو سەری دیار نەبێ. چرپە و سرت و خورتی سەر لە ئێوارەیان نەرمە نەرمە بەرز تێهەڵچوویەوە بوو بە زەمزەمە. زەمزەمە و زەنا زەناکەیان بوو بە جرت و فرت. جرت و فرتەکەیان بوو بە هەرا و غەڵەبایی. هەرا و غەڵەباییەکەیان لێ بوو چەق و لوور و نەعرەتەکێشان. دەنگی فیشقە و چەق و لوور و نەعرەتەی مەستانەیان ئەوەندە بەرز تێهەڵچوویەوە کە دەشتاودەشتی مەزرای گرتە بەر.

سەری کاتژمێری یازدەی شەو بوو کە دەروونی کۆشکە سەرکردایەتی بە دەنگ لەرزی. دەنگی جرینگە و شریخەی تێکشکانی چینی و شووشە و بللوریات، تێکەڵی هەرای شەڕە چەقەی شەشدانگ مەست و سەرخۆشانی تووڕە، هەر وەلۆ لێک هاڵان، کە هەر دەتگوت شەوی ئاخر زەمانە و زەوی دێ لە بەر یەک بچێت.

ئەو شەوە هەتا نیوەی شەو، دەنگ لە دەنگ نەکەوت و دەنگ بە دەنگ ڕانەگەیی. بەڵام لە نیوەی شەو بەدواوە، مەنگی و بێ هەستییەکی وەتۆ بە سام لە کۆشک و تەلاری سەرکردایەتی نیشت، کە دەتگوت چۆلگەیەکی ڕووت و کوێرە و بایەقوش گەرەکیتی هێلانەی تێدا بکاتەوە.

سبەی بەیانیش هەتا درەنگ وەختانێک هیچ سەر و سەدایەک لە هیچ لایەکەوە نەهات. هەتاو بە تەواوی لەوڵات نیشت و چەندێکیش ڕابورد، جا ئەمجار ئەندامانی

سەرکردایەتی لە خەو خەبەیان بۆوەوە و یەک بە دوای یەکدا هاتنە دەر.

دوای دەست بەکار بوونەوەی تەویلەنشینان، ئەم زەمزەمەیە بە دزی بە نێویان دا گەڕا و گوترا کە ترۆمبێلە بارکێشەکەی دوکانداری گوندی ویلنگدۆن، گۆیا سندوقێکی پڕی ویسکی لە باراندا بووە. بەڵێ سندوقێکی پڕی ویسکی!! بەڵام سندوقێکی پڕی ویسکی کە دوێ شەو بە یادی ڕەفیق باکسەر، بە ئەوکی سەرکردەکانی مەزرای ئاژەڵان دا ڕۆچوو بوو، هەیاران بە چ پارە و دراوێک کڕدرابوو و پووڵەکەی لە بری فرۆشتنی چ گرانبارێک بە ویسکی درابوو، پرسیارێک بوو کە وەرامەکەی بۆ ئاژەڵی تەویلەنشین کەمووسکەیەک گران بوو.

****

## 10

ڕۆژ و مانگ و ساڵ بە دوای یەکدا هاتن و بە لەز تێپەڕین. تەمەنی کورتی ئاژەڵیش بە دەم تێپەڕبوونی ئەو ڕۆژ و مانگ و ساڵانە، تێپەڕین. کات و زەمانێکیان لێداهات کە لە هەموو ئاژەڵی سەردەمی شۆڕشی مەزرا، هەر تەنێ بەنیامین و کلۆڤەر و مۆسەس و چەند سەرە بەرازێکیان لێ مابۆوە. بۆرە یادێکی تاڵ و خەفەتبارانەی سەردەمی جۆنزیش هەر لە بیردانی ئەو چەند ئاژەڵە دا مابۆوە. موریەل و جەیسی و پینچەر مردبوون. ئاغاجۆنزیش لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە سەرخۆشانی دایم مەست، لە هەژاری و دەربەدەری دا مردبوو. سنۆباڵ لەبیر کرابوو، باکسەر لە بیر چەند هەڤاڵێکدا نەبێ، هەر بە یەکجاری بیر چووبۆوە. کلۆڤەر پیرە ماینێکی لێ دەرهاتبوو، نەخۆش و کەلەلا و ناساز؛ چاوەکانی ئاوی ڕەشیان بەسەر کشابوو و لە سۆ کەوتبوون؛ جومگە و بەند بەندی گەی لەشی، بای باردابیان تێ مردبوو و بەدایم ژانیان پێدادەگەڕا. ئەگەرچی لەمێژ بوو کاتی لەکار هەڵپەساردنی تێپەڕیبوو، بەڵام هێشتا هیچ تام و چێژێکی لەم بەشە مافە نەچێژتوو. ئەڵبەت هەر نەک کلۆڤەر، بەڵکە ئاژەڵی تریش هیچ بەرهەمێکیان لە بەری ئەو دارە نادیارە نەڕنیبۆوە. کۆنە چیرۆکی دابەشکردنی مێرگ و لەوەڕگەی پاوانکراو، ئەویش بۆ ئاژەڵی پیر و پەککەوتە، هەر وەک خەون و خەیاڵ، بە دەستی بیرچوونەوەیەکی قورس ئەسپێردرابوو.

ناپلیۆن بڕەکە بەرازێکی گۆشتنی لێدەرهاتبوو، کە بە بەرد و بە تەرازوو، سەت و بیست و پێنج کیلۆی قورسایی بوو، بەڵام هەر وا وەک جاران خاوەن دەسەڵات و سەردار و سەرکار مابۆوە و مووی لێ لار نەببۆوە. سکولەریش مابوو، بەڵام چ مانێک؟ لەش و لاری، بەز و چەوری و چەرم و گۆشتی لێهاڵابوو. لە هەستان و دانیشتن دا بە هەزار و یەک زەحمەت جووڵەی دەهات و چاوەکانی لە نێو بەز و چەوری دا قوم ببوون. تەنیا ئاژەڵێکی کە هەر وەک جاران مابۆوە، بەنیامین بوو. لە راستیدا بەنیامین دوای مردنی باکسەر لە جارانیش ئەهوەن و بێدەنگ تر ببوو.

ئەگەرچی زەو و زووی ئاژەڵی مەزرا دەگەڵ لێکدانەوەی بیرەمەندانی سەردەمی شۆڕش، دەقا و دەق یەکتریان نەدەگرتەوە، بەڵام جیاوازی و تەوفیرێکی وەهاشیان لە نێوان دا نەبوو. ژمارەی تەویلەنشینانی مەزرا کەمتاکورتێک تێهەڵچووبۆوە و بەرەیەکی نوێ لە دایک زابوون. ئەگەرچی بەرەی نوێ، واتە زارۆکی تەویلەنشینان لە دەمی ساوایی دا بانگی شۆڕشیان بە گوێ دا دەدرا و گەلێکیشیان باسی شۆڕشی ئاژەڵان و ئازایەتیی باب و کاڵان بۆ دەکردا، بەڵام شۆڕش و شۆڕشگەری و گیانبازی و پاڵەوانەتی بەلای ئەوانەوە تامی کۆنەچیرۆک و حیکایەتانی دەدا و هیچ جووڵە و بزاڤێکی لە کۆمەڵگا نەدەخست.

لە دەرەوەی مەزراوە، سێ ئەسپی گەنج و بە توانایان کڕیبوو؛ ئەسپەکان ئەگەرچی بۆ کلۆڤەر هاودەم و هاوکارێکی باش بوون، بەڵام هەر سێیانیان هەتا حەز بکەی گێلۆکە و گەوج و ساکار بوون. لە خوێندەواری و خوێندن دا هیچیان

ئەوەندە وریا و لەسەر هۆش نەبوون کە لە پیتی (ئا) هەورازتر بڕۆن. لە کاری ڕێکخراوەییش دا گەلێک پەل و بێ چێکڵدانە بوون. بەڵام بۆ گوێ لە مستی و گوتنەوەی وتەی باڵادەستەکانیان هەر ئەوەندە گوێ لەق و هەوسار شل بوون، کە دەتگوت لە هەویر ساز کراون. بەڵام سەرەڕای هەموو شتێک، کلۆڤەر بەلای ئەوانەوە، بەرز و بەڕێز بوو و بە چاوی دایک سەیریان دەکرد.

مەزرای ئاژەڵان لە هەر سەرێکەوە ئاڵوگۆڕی بەسەر دا هاتبوو؛ زیندەوەری نوێی بۆ لە دەرەوە کڕدرا بوو. دوو دێبەریشیان لە زەوی و زارەکانی پیل کینگتان کڕیبوو. مەکینەی کۆکردنەوەی وێنجە و، جەنجەڕێکیشیان بۆ ئەنجنین و وردکردنی خۆیان و گزرە و قەسەڵ کڕیبوو. کار و باری ئاشی باکەیشیان بە تەواوی کۆتایی پێ هێنابوو. ئاشی باکەیان لە سەر ترۆپکی گردەکەی مەزرا، بە وزەی با هەڵدەسووڕا، بەڵام ئەو پڕۆژانەی کە وا بەڵێن بوو ژینەوەرانی کەسیرە بوو، زیندوو بکاتەوە و کەمایەسییان بۆ کەم بکاتەوە و هەرزانی و فەرعانییان بە سەر دا برژێنێت، هەموو بە با چوو بوو. نە تەویلەکانیان بە گڵۆپی کارەبایی، شەوی تاریکیان لێ ببوو بە ڕۆژی ڕوناک ... نە هەڵم و هاڵاوی هۆڵ و پشتێرەکانیان لە هاویناندا ببوو بە شنەی فێنکی کەزێ بزوێن ... نە ئاوی ساردی پڕ لە بەفر و سۆڵی زستانیان بە هێزی کارەبا شیلەوتین ببوو ... نە ئاوی گەرم و تاوگەزی ئەسترێک و گۆلەکانیان لە هاویندا دەبوو بە ئاوی ساردی کەللە تەزێن؛ بەکورتی حەسانەوەیەکی کە لە پڕۆژەی سنۆباڵ دا هیوابزوێن بوون، وەکوو کۆنە خەون و خەیاڵان، لە

بیر کرابوون؛ ئاشەکەیان وەک ئاشی ئاسایی دەغڵ و دانی دەهاڕی و بەس.

سەبارەت بە پرۆژە و بەرنامەکانی سنۆباڵ، لە مەڕ ئاسایش و حەسانەوەی گشتی، ناپلیۆن بیر و بۆچوونێکی دژ بە سنۆباڵی هەبوو. پرۆژەی ئاوەدانی بە باوەڕی ناپلیۆن بەم مانایە نەبوو کە ئاژەڵ لە هەفتە دا سێ ڕۆژ کار بکات و ڕۆژانی تری هەفتە هەر دابنیشێت و دەست لە ڕەش و سپی نەدات، کە ئەمە لەش گرانی و تەپلەسی بەدوا دا دەهات و ئاکامەکەی لێک ترازانی کۆمەڵگەکەیانی لێ دەکەوتەوە. ناپلیۆن دەیگوت: " ئاژەڵ، ئەو کاتە شۆڕشگەرێکی ئازاد و سەربەستە، کە هەوڵ و خەبات و هەڵسووڕانی زۆر بێ و شێوەی بەرێچوون و ڕابواردنی سادە و دەروێشانە بێ".

زەوی و زارەکانی مەزرا باش ڕەنێو دەهاتن ، ژمارەی ئاژەڵیشی لە جاران زۆرتر ببوو، ئامێری چەپرەکی کاری وەرزێریی جارانیان بەلاوە نابوو و مەکینە و ئامرازی نوێیان بۆ کڕیبوو . بەڵام دەگەڵ ئەوانەش، لە باری بەخێوبوون و بەڕێچوونیانەوە، لە بەراز و سەگەکان بەولاوە، سەرپاکی ئاژەڵی مەزرا لە خەویشدا هیچ حەسانەوە و تێرخواردنێکیان بە خەونیش نەدیبوو. بەڵام بەرەی بەراز و سەگەکان، دوو بەرەی تایبەت بوون کە هەم لە باری کۆک و پۆشتەیی و تێر و تەسەلیانەوە و هەمیش لە ئالی ژمارەی زۆریان، گوڵی سەرتۆپی مەزرای ئاژەڵان بوون.

تەوەیلەنشینان بە ڕەنجی شان و باسک و ئارەقی تەوێڵیان، بەرهەمیان پێک دەهانی و کۆشک نشینان لە سای دەسەڵات و کارامەیی خۆیانەوە بەرهەمیان بە سەر خۆیان

دا دابەش دەکرد. ئەڵبەت سەگ و بەرازەکانیش وا نەبوو دەست لە ڕەش و سپی نەدەن و بەس خۆش نشینی ژێر سێبەران بن. نەخێر ئەوانیش ئیش و کارێکیان لە ئەستۆ بوو، بەڵام خاسەئیشێکی کە هاوتای پلەو پایەیان دەهاتەوە. سکوەلە گوتەنی " مەزرای ئاژەڵان قاپێلک و لەش و لارە و، گیانی ئەو قاپێلکەش سەرکردەکانی سەرکردایەتین. مانەوەی ئەو لەش و لارش بە مان و بوونی گیانە؛ گەر هەر تەنی تاوێک ئەو گیانە لەو قاپێلکە دوور کەوێتەوە، لە چاوتروکانێک دا ئەو قاپێلکە بۆگەن دەکات و کرمەڕێز دەبێت".

سکوەلەر زۆرجارنان بە گوێی دا دەدانەوە و دەیگوت: " کارو کرداری ڕێبەرانی مەزرا لە ڕێزەی ئەو ورتکە کارانە نین کە ئاژەڵ ژێڕای مەزرا بە چاوی سەر بتوانێ بیبینێت. سکوەلەر دەیگوت، سەرکردەکانی مەزرا بە شەو و بە ڕۆژ، بە کات و ناکات ئاگاداری سەر و ژێرانن و بە چاوی مووقڵێشەوە مو لە ماست دەردەکێشن... دەیگوت کە ئەوان ئاگاداری هەست و خوستی دەر و ژووری مەزران و بۆ لە سەر پێ مانەوەی بنچینەی ژینی ژینەوەران، لە بیست و چوار سەعاتی شەو و ڕۆژان دا سەدان لاپەڕە ڕاپۆرت و نامەی کردار دەخویننەوە و دەیان لاپەڕە بەرنامەی ژیانی ژینەوەر دەنووسن و دواییش دەیان سووتێنن".

سکوەلەر دەیگوت : " ئەوەی کە سەرکردایەتیی مەزرای ئاژەڵان ئەرکی شانیانە و دەیکەن، بە هەر کەس ناکرێت و مەردی مەیدانی گەرەکە؛ مەردی مەیدانی ئەم ئەرکە گران و پڕ دەرد و مەینەتەش سەرکردەکانی مەزران و ئەگەر ئەوان

نەبن، ئیش و کار دەوەستێت و ژیانی ئاژەڵ تووشی تونابوون دەبێت؛ کەواتە سەرۆکایەتی مەزرای ئاژەڵان گیانی ژینەوەرانن و گەر ئەو گیانە نەبێت، لەش کرمەڕێز دەبێت".

ئاژەڵی ڕەنجدەری مەزرا لە ڕووی ناچاریەوە گوێچکەیەکی هاکەزاییان لەم چیرۆکە نێوزگ بەتاڵانە ڕادەگرت. ئەوان بەم چیرۆکە دەڵب و ساختانە ڕاهاتبوون و دەیانزانی بەرەی بەراز و سەگەکانیان ئەگەرچی بە ژمارە زۆرن و بە ئیشتیاش گەلێک چڵێس، بەڵام بەرهەمی کار و کردەوەیان قەت ئەوەندە نییە و نەبووە تەنانەت ژەمی تاک یەک زارۆکیان دابین بکات. هەروەها ئەمەیشیان دەزانی کە لەوەتی لە دایک بەربوونەتەوە، باری قورسی شان و ملیان ڕۆژ بە دوای ڕۆژ گرانتر کراوە و ڕادەی خورد و خۆراکیان سووکتر و کەمتر بۆتەوە. جێی ڕازان و خەوتنی شەوانەیان هەر ئەو مشتە کا و کۆتە بۆگەنەیە کە جارانیش بوویان. ئاوی خواردنەوەیان، هەر ئاوی ئەو گۆل و ئەستێرکانەیە کە لە پێشیش دا بوویان. سەرمای زستان و گەرمای هاوین، چ ئێستا و چ لە رابوردوو دا ، هەر لە یەک هەوا بووە و هیچ ڕەحمێکی پی نەکردوون؛ کەواتە هەرچی خۆیان دەیبینن سەر بە سەر ڕاستە و هەرچی سکوەلەر دەیبێژێت لە سەر هەتا ئاخری ساختەیە.

ئاژەڵانێکی کە لە مەزرا دا لە دایک ببوون، زنجیرەی ژیانی رابوردوویان قەف بە قەف و ئاڵقە بە ئاڵقە دەهێنایەوە بەر چاو و بیریان لێدەکردەوە و لە خۆیانیان دەپرسی:" هەیاران ئەرێ سەردەمی جۆنز و بە کاتی ژێردەستەیی بوونیان تێر و تەسەل و کۆک و پۆشتەتر بوون

یان ئیمڕۆ، بەڵام هەمیشە مێشکیان لە ئاست ئەم پرسیارەدا بێ وەرام دەمایەوە و نەیدەکێشا، چونکە ژین و ژیانی ڕابوردوویان چەشنی خەوی سەرخۆشان، بە دەستی بای فەرامۆشی بە با چوو بوو. چونکە هیچ گەز و ڕبە و بەرد و تەرازوویەکیان نەبوو کە ئەو دوو ژیانەی پێ هەڵسەنگێنن و بزانن داخوا کێهەیان بە تامتر بووە؛ ئەم یان ئەو. تەنیا حیساب و کتابێکی کە لە بەر دەمی ژیانی ڕۆژانەیان دا هەبوویان، پێوانە و هەڵسەنگاندەکانی سکوەلەر بوو کە نیشانی دەدا، بەڵێ ڕۆژیان لە نوێیە و پیت و بەرەکەتیان لێ نوێیە. سکوەلەر هەرچی بە دەمیدا دەهات، دەیگوت و یەکدانەیشی نە دەگێڕایەوە. چونکە دەیزانی ژینەوەری شەکەت و شێواوە حاڵ، قەت دەرفەتی سەرخوراندنیان دەست ناکەوێت، چ بگا بەوە کە بیری لێ بکەنەوە و لێی خورد ببنەوە و بزانن کە داخوا ئەم هەودایە لە کوێدا ئاڵۆزە!!

لە ناو جەماعەتی تەویلەنشین دا هەر بەس بەنیامین بوو کە دەیزانی ژین و ژیانی ژینەوەر لە ڕابوردوو دا چۆن بووە، ئیمڕۆش هەر وەلۆیە و سبەیش هەر وەتۆ دەبێ. بەنیامین گەلێ جاران دەیگوت کە ژیانی ڕەنجدەر لەم ڕەوت و هەوایەی کە پێیدا هاتووە و پێیدا دەڕوا، ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ کز و نزم و نەویتر دەبیتەوە. دەیگوت کە هەناسەساردی و ڕەنجەڕۆیی و خاکەساری دەبێتە کراسێک و بە بەژنی ئەم بەرەیە دربڕدرێت. بەڵام زیندەوەرانی تری مەزرا، بە هەموو هەژاری و نەداریشیانەوە قەت بە لای ناهومێدی و ڕەشبینی دا نەدەکەوتن؛ تەنانەت بۆ دەمێکیش هەستی سەربەرزیی ژینی سەربەستانە، هێلانەی مێشکیانی چۆڵ نەدەکرد.

ئەوان هەر بەمە دەخورپین و هەر بەوە دەنازین کە وا ئەندامانی بنەماڵەی مەزرایەکی سەربەست و ئازادن کە لە گێژاوی توندەپێچی ژیانی ژینەوەرانی سەرزەوی دا گوڵی سەربەستییان لە سنگی خۆ داوە.

لە ڕۆژانی جەژن و شاییدا، هەرکە بە شاباشی سەرکەوتن فیشەکێکیان دەتەقاند و ئالای سەوزیان لە دەم بادا دەشەکاندەوە، ژینەورانی مەزرا بە گشتی، تەنانەت ئەوانەی کە لە بە پوڵ و پارە دەرەوەەی مەزراش کڕدرابوون، بەو جەژنە شکۆمەندانە دەگەشانەوە. یان ئەو کاتانەی کە گوتاربێژێک یادی شۆڕشی ژینەوەران و ڕۆژی نووسینی حەوت فەرمان و ڕۆژی سەرکەوتنی دەخوێندەوە، بە یاد و بیرەوەریی ئەو ڕۆژە شکۆدارانە دەگەشانەوە و دەیانگوت: ـ هەر خۆزگەمان بە پار کا!

جار و بار دەنگی هیوابەخشی پیرە مایۆر لە مێشکی ئاژەڵی مەزرادا دەنگی دەدایەوە کە دەیگوت: ـ ... شۆڕشی ژینەورەران لەوانەیە هەر هەفتەیەکی تر، مانگێکی تر، یان ساڵێکی تر هەڵبیسێت و سەربکەوێت. لەوانەشە هەر ئەوەندە درەنگ سەربگرێت، کە لە ژینەوەرانی زیندووی ئیمڕۆکەمان تاکێکمان نەمێنین، بەڵام لێم سوور و یەقینە کە ڕۆژێک دادێت و کۆماری یەکگرتووی ژینەوەران لە سەرتانسەری مەزرا سەرسەوزەکانی بریتانی دادەمەزرێت. ئەودەم ئیتر توخم و تۆوی زۆرداران بۆ دەرمانیش دەست ناکەوێت...

هیستایش کە هێستایە،ورینگەی سروودی ژینەوەرانی بریتانی لە گۆشە و کەناران، بە زەمزەمەی شاراوەی ژێر لێوان لە دڵاندا دێت و دەچێت.

بەڵێ کە ڕۆژگارەکەیان سارد و تاڵ و پڕ لە دەرد و مەراق بوو. بەڵی کە گەلێ ئاوات و ئارەزوویشیان لە دڵدا شکابۆوە، بەڵام دەگەڵ ئەوەش دا، سوور دەیانزانی

کە لە ڕێزەی ژینەوەرانی پێ لە بەند دا نین. گەر برسین، برسیایەتییەکەیان هۆی غەدر و تاڵانی بەرەی دوو پێ نییە. ئەگەر پڕ کارن و بە دایم ماندوو، ئەوە ئیشە بۆ خۆیانی دەکەن. زۆردارێکی لاپرەسەن و کارنەکەری لاوەکییان لە بان سەر دا نییە کە پێی ببێژن ئەزبەنی و کڕنۆشی لە بۆ بەرن. هەرچی تەویلەنشینە لە مەزرا دا، بە گشتی چوارپێن و هەمووی یەکن و، تێکڕا یەکسان و بەرامبەر و برادەرن و هەر هەموویشیان برسین.

ڕۆژێک لە ڕۆژانی سەرەتای هاوین، سکوەلەر بەری بەیانی مەڕ و بزن و نێری و بەرانانی لە هۆڵ دەرکرد و بەرەو شوێنێکی دوور، بۆ ئەودیوی دارستانی خەڵفە چنارانی ڕاگوازتن. ئیتر لەو ڕۆژەوە، مەڕ و بزن و نێری و بەران شەو بە کێو بوون و لە دەر دەمانەوە. ئەوان، بە ڕۆژ لە نێو شینکەی بێ پاوانی لەوەڕگە و مێرگۆڵەکاندا ڕۆژیان بە لەوەڕ دەبردە بەسەر و، شەو لە ژێر سایەبانی ئاسمانی پڕ لە هەسێرەدا لێی دەخەوتن. بە گوێچکەی تەویلەنشینانیش دا خوێندرابوو، کە گۆیا سکوەلەر ئەرکێکی گرانی وەئەستۆ گرتووە و خەریکە مێشکی جەماعەتی بزن و پەزان بە سرود و دروشمێکی نوێ ڕادێنێ. دەگوترا کە فێرکردن و ڕاهێنانی

ئەو سرودەش، فێرگەیەکی ئەهوەنی بەدوور لە ئاوەدانی گەرەکە.

شەوێکی جوانی هاوین بوو. هەیڤ بە تریفەی زەردی زێڕینی بووکی زەوینی ڕازاندبۆوە. مەزرای ژینەورەان زۆر مەنگ و ئارام ، بە هێوری پشووی سەری شەویان دەدا. مەڕ و بزن و بەرانان تازە لە مێرگەکەی پشتی دارستانی خەڵەفەچناران گەڕابوونەوە و لە تەویلەکانیان دا گەرمی حەسانەوە بوون. زیندەوەرانی تریش تازە لە ئیشی ڕۆژانە سەریان سووک ببوو و خەریکی ڕازان و حەسانەوە بوون. لە پڕ بە دەنگی کۆڕژنی کلۆقەر، ئەهوەنیی دنیای مەزرا شێوا. ژینەوەر خڕی لە خەو ڕاچڵەکین. تەویلەنشینان سەیرێکی حەوشەیان کرد و هەستێکیان ڕاگرت. بەڵێ دەنگ، دەنگی کلۆقەر بوو. کلۆقەر جارێکی دیکەش پڕماندی. ئاژەڵ بۆ سەر و گوێ ئاودانێک ڕژانە حەوشە. بەڵێ کلۆقەڕ چی بینی بوو، کە وەتۆ ئارا و قارای لێ هەڵگیرابوو! ئاژەڵیش بە چاوی سەر دیتیان و سەریان پێی سووڕ ما. ئەوان بە تێکڕا بینیان کە وا بەرازێک لە سەر جووت پاشووی بەرز بۆتەوە و هەر بە چەشنی مرۆڤ، لە سەر دوو پێ دەڕوا. بەڵی بەرازەکەش نوێنەری پایەبەرزی سەرکردایەتیی مەزران ژینەوەران، واتە سکوەلەر بوو. سکورەلەر چەند گەڕێک بە ناشارەزایی لە سەر پێیان هات و چوو. دیار بوو کە ئەو لەم بوارە دا تازە پێی هەڵگرتووە و هێستاش لە حاند و ڕەتگەی دارە دارە دایە. چی پێ نەچوو ، دەروازەی مەزنی سەرکردایەتی کرایەوە و بەرەی بەرازان یەک بە شوێن ئەوی تر دا هاتن و لە سەر دوو پێیان ڕۆیشتن. گشت بەرازەکان قیت و قۆز لە سەر دوو پێیان هاتن.

بەڵام، پێیانەوە دیار بوو کە چەلێ تازەکارن و نیازیان بە ڕەورەوە و قایمگیر هەیە، بەڵام سەرەڕای هەموو کەم و کووڕی و عەیبە و نەپوختەبوونی کار و کردەوەیان ، سەرکەوتووانە دەورێکی تەواو بە چوار بەری حەوشەی مەزن دا خولانەوە. سەرەنجام دەنگی چەقولووری سەگ و قوولەی کەڵەشێر ڕایان گەیاند کە سەرۆک نیازی هاتنە دەری لە سەر دایە. بەرەی بەرازانی دەست بە سنگ ڕاوەستان و سەرۆک ناپولیۆن بەرزەدەماغانە لە سەر دوو پێ هاتە دەر و بە بەردەمی خاسان دا ڕۆیشت. لەم هاتن و ڕۆیشتنەش دا، نۆ سەگی چاوسووری مل بە قەڵاتەش لە چوار بەری دەڕۆیشتن. لە ڕۆیشتن دا زۆر بە نەرمی و گەلێک بە مەندی سەیری چوار لایانی دەکرد. کۆنەقامچی بەگی جارانی مەزرای بە دەستەوە بوو. سەرۆک هات و بەرازەکانی تریش سەر بە شوێنی دا ڕۆیشتن.

ئاژەڵ بە تەواوی سەریان سەتحی مابوو. مات و پەشیو لە پاڵ دیواری هۆڵی مەزن دا سەیری کاروانی دوور و درێژی بەرازانیان دەکرد کە وا بە شێنەیی بە چوار بەری حەوشە دا بە قەتار دەڕۆیشتن.

ئاژەڵ کەیل و خەمناک بوون و دەتگوت دنیایان لە کەللەی سەر کوتراوە. تاسا بوون و دڵیان لە قین و تووڕەیی ئاخندرابوو. ژانی ئەم دیمەنە ناشیرینە دەهات مێشکیان بهارووژێنێ و پەردەی ترس و دڵەڕاوکە بە جارێ وەلابەرێ. دەهات دەم بکەنەوە و هاواری پەڵپ و بەر پەرچدانەوە بە مەزرا دا بڵاو بکەنەوە. کەچی هەر لەو دەمەدا، ماڵباتی بزن و پەزان، پڕ بە مەزرا لە بانگیان دا و دروشمیان دەست پێکرد:

ـ چوارپێ خاسە و دوو پێ خاستر... چوارپێ خاسە و دوو پێ خاستر... چوارپێ خاسە و دوو پێ خاستر...

دروشمدانی بزن و مەڕان هەتا ئەودەمە درێژەی کێشا، کە دەستەی سەورک و سەرداران لە حەوشە دا لە سەر پێیان مانەوە. دەگەڵ چوونەوەی ژوور و گومبوونیان، پەز و بزنەگەلیش لە دەنگ کەوتن و حەوشەی کپ و بێدەنگ و ئاژەڵی تاساو مانەوە.

لە حەوشەدا، بەنیامین لە بەرەوەی ئاژەڵان ڕاوەستابوو. هەستی کرد لە پشت سەرەوە گەرمای هەناسەی دەم و لمبۆزی گیاندارێکی بە لاشان دا دێت و دەچێت. سەری وەرچەرخاندەوە، کلۆڤەری لە دواوە دیت. کلۆڤەر بە ئامازەی چاوان تێی گەیاند کە بە شوێن سەری دا بچێت. کلۆڤەر لە بەرەوە و بەنیامینیش لە دواوە ڕۆیشتن، هەتا گەیشتنە ژێر دیواری تەخت ڕەشی هۆڵی مەزن. کلۆڤەر گوتی:

ـ بەنیامین! ئادەی تۆ بڕوانە! چاوەکانی من لە سۆ کەوتوون و بەرپێی خۆمم بۆ نابیندرێ، دەڵێم... دەڵێم دەکرێ پیاوەتیم لە تەکدا بکەی و لە جیاتی من سەیرێکی ئەم حەوت فەرمانە بکەیت و بزانی حەوت فەرمان لە جێگای خۆی ماوە؟ سەیری بکە بزانە ئەم دیوارە چی بەسەر هاتووە کە دنیاکەمان وا پیس شێواوە؟!

دیواری تەخت ڕەشی هۆڵی مەزن هەر لە سەر جێگای خۆی مابوو، بەڵام لە حەوت فەرمانی پیرۆزی جاران هەر تەنیا یەک ڕستەی لە سەر مابوو. بەنیامین بۆ یەکەمین جار قفڵی بێدەنگی شکاند و و تاک ڕستەکەی بە دەنگێکی بەرز، بەمجۆرە خوێندەوە: ـ "سەربەسەری ژینەوەرانی سەر زەوی

یەکسان و بەرامبەرن، بەڵام هەندێک لەوان سەرووتر و باڵاتر و بەوەجترن.

مەزرای ئاژەڵان دەهات توێژی کۆن لەبەر خۆی دابماڵێت و ڕەسم و یاسایەکی نوێ دابمەزرێنێ. تەویلەنشینان ئەمەیان باش بۆ دەرکەوتبوو، هەر بۆیە بە بینینی ئەم ئاڵوگۆڕەش سەریان سەتحی نەما. ڕۆژانە، لە دەمی ئیش و کاری وزە کوژی توانا هەڵپرووکێنیان دا، بە چاوی سەر دیان دیت کە بەرازی بەرپرسیان لە سەر دوو پێیان بە شوێنیان دا دێت و تێیان ڕادەخوڕی، بەڵێ ئەمەیان دەبینی بەڵام پەکیان پێی نەدەکەوت. تەنانەت هیچ گیاندارێکی ژێڕای مەزرا بە بیستنی ئەمە کە بەرازەکان لە ژووری سەرکردایەتیدا ڕادیۆ و تلیفۆنیان داناوە و لە سەر کەنەپە نەرم و نۆڵەکانیان دا ڕۆژنامە دەخوێننیەوە، تووشی سەرەخولە نەدەهاتن. هەروەها هەتا سەرۆک ناپلیۆنیان بە دوو چاوی سەر دەبینی کە وا سەبیلە بە لالێوانەوە لە سەر دوو پەنجەی پێی دەڕوات و ڕۆژنامەش دەخوێنێتەوە، کەللەیان نە دەهاتە تەمێ و کەفیان لێ هەڵنەدەخڕاند. بەڵی کە هیچ گیانلەبەرێک مێشی لە بەر دەمی هەڵنەدەفڕی کە دەیان دیت بەرازەکان جلک و بەرگی جۆنز ـ یان کردۆتە بەر.. کە ناپلیۆن بە بەرگی ڕەش و جزمەی ڕەشەوە لەبەر بێڵا دا دێت و دەچێت.. کە مالۆسی دەزگیرانی سەرۆک، جلکی ئاوریشمینی ئاغاژنەکەی جارانی پۆشیوە و لە حەوشەی مەزرا دا بە هەزار ناز و خەمزەی سەر پەنجانیەوە دێت و دەچیت... بەڵێ هەرچی کە دەیاندیت و هەرچی چاویان پێی دەکەوت، بۆیان سەیر و سەمەرە نەبوو.

حەوتوویەک بە سەر ئەم هەیت و هووتە دا تێپەڕی.
ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرەبەری چێشتەنگاوان چەند گالسکەی یەک ئەسپە، لە ڕێگای دەروازەی مەزنی مەزراوە گەیشتنێ. کەسانێک لە فایتوونەکان دابەزین و سەرۆک ناپلیۆن و کارگێڕانی سەرکردایەتی بە ئێشوازیانەوە چوون. میوانەکان خاوەنانی مەزراکانی دراوسێ بوون کە لە لایەن سەرۆک ناپلیۆنەوە بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشت کرابوون، کە شێوەی بەڕێوەبردنی نوێی مەزرا بە چاو ببینن. میوانەکان بە قەدر و قوتبێکی فرە شکۆمەندانە وەرگیران و بە سەر و ژێری مەزرای ئاژەڵان دا گێڕایانن. زەوی و دێبەر و قۆپێ و تەنانەت دارستان و مێرگ و گۆل و ئەستێرک و ئاشی با ـ شیان نیشان درا. میوانەکان بە چاوی ڕێز و بە دەمی پڕ لە ئافەرینەوە سەیری دەسکەوت و سەرکەوتەکانی مەزرایان کرد و زمانی پەسن و پیرۆزباییان بۆ سەرکردایەتیی مەزرای ئاژەڵان کردەوە.

لە دەمی گەڕان و گەشت و گوزاری خانەخوێ و میوانەکاندا ، ئاژەڵی کرێکار و زەحمەتکێشی مەزرا، سەرقاڵی دەسکەنە و بژاری بێستانان بوون. میوان و خانەخوێ هاتن و ڕابواردن، بەڵام تەویلەنشینان بۆیان نەبوو سەر هەڵبینن و سەیرێکی ئەو مەزن و ماقووڵانە بکەن و بزانن ئاخۆ دڵی ڕەنجاویان لە دیتن و دیداری مرۆڤ خەمبارتر دەبێت یان بە دیتنی سەرۆک و سەردارانی خۆیی زیاتر تێک دەتەپێت!

شەو بە سەر دا هات. کۆشکی سەرکردایەتی بە هەموو ژوور و هەیوان و دیوەخان و بەربێڵاکانیانەوە چرایان تێدا

هەڵکرابوو. شۆق و ڕووناکیی چراخانی ژوورەکان، هەتا دوورە ڕێیەکی ڕووناک دەکرد. لە ژوورەکان دا ، دەنگی تریقەی پێکەنین و قاسپەی قاقای میر و میوانەکان ڕێیە ڕۆژێک دەچوو. لە تالاری سەرکردایەتیی مەزرای ئاژەڵاندا، دەنگی ئاوازی بن بزوێن و چرپەی مەستانە و چەقەنە وچەپڵەی سەرخۆشانە بە مەزرا دا دەگەڕا و گوێچکەی گەردوونیان دەڕووشاند.

تەویلەنشینان بە بیستنی ساز و ئاوازی ژووری سەرکردایەتی کرمیان دە کەوڵ کەوت و بە تێکڕا هاتنە سەر ئەم هەوایە کە هەستن و سەرێک لە دەر هەڵبێننەوە تاکوو موویەک لە ماست دەربکێشن. هەموویان یەکجێ لە کۆشکی سەرکردایەتی نزیک بوونەوە و بە چاوی سەر دیتیان، کە دەستی سەرۆکی ئاژەڵان و مرۆڤی بەدفەڕ یەکجێ لە قاپێک دا دەگەڕێ. تەویلەنشینان بێدەنگ و ئارام، بە سنگەخزەیەکی بەدوور لە چرپە و سرتە، بە ناو دارستانەکاندا خزین و کەوشەنی تەویلە و کۆشکیان بەزاند. کلۆڤەر لە بەرەوە و ئەوانی تر بە شوێنیدا هاتن و لە پەنجەرەکانی کۆشکی سەرکردایەتی نزیک بوونەوە. پەنجەرەکان بالایەک لە تەرکی زەوی ساز کرابوون. ژینەورانی کورت و کەم بالا بۆیان نەدەکرا بەزمی میر و میوانان ببینن.

لە هۆدەی بەرئاواڵەی میوانانداا، مێزێکی مەزنی دوور و درێژ ڕۆندرابوو. لە بەرێکی مێزەکەوە شەش میوان لە بەرامبەری شەش مەزنە بەرازی سەرکردایەتی دا دانیشتبوون. ناپلیۆن لە بەری هەرە سەرووی تالاری میوانان،

لە سەر کورسییەکی نەرم و نۆڵی ئانیشکداری ڕووکەش مەخمەری پاڵی دابۆوە. شێوەی دانیشتنی بەراز و مرۆڤ لە سەر کورسی، بە یەک چەشن و لە یەک شێوە بوو. بادە و شەڕاب پێداکردن و سبیلەکێشانیشیان هەر وەک یەک بوو. تەنانەت یاری و قوماری پۆکەر و پەڕەخاڵ کردنەکەیشیان چەشنی یەک بوو.

لە هۆڵی سەرکردایەتی دا بەزمی سەرخۆشان بەردەوام لە کایە دابوو. دەفری شەڕاب لە نێوانیاندا بە دەور دەگەڕا و پیاڵەکانیان وەک یەک هەڵدەچۆڕان. لە پشتی شووشەی ماتی پەنجەرەکانیشەوە، دەیان جووت چاوی ئاژەڵی حەیران و پەشۆکاو، گەرمی بینین بەزمی شەونشینانی سەرخۆش بوو. شەونشینانی سەرمەستیش بێخەبەر لە حاڵی پەرێشانی پشتی پەنجەرەکان، سەرخۆش و سەرمەستی شەڕاب و سەرگەرمی بەزمی گەرمی خۆیان بوون.

لەو دەمە دا "پیل کینگتان" پیاڵەی شەڕاب بە دەستەوە، لە جێ بەرز بۆوە و مەستانە گوتی :

ـ بەر لەوەی لێوم بەم پیاڵەیە تەڕ کەمەوە، دەڵێم ... من بەش بەحاڵی خۆم ... بێشک یاران و هاوڕێیانیشم هەر وەکی من... خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە ڕۆژگاری ڕەشی دڕدۆنگی و ناباوەڕیمان لەم دیدارەدا بۆ هەتا هەتایە کۆتایی دێت ... سەر و سەردەمێک بوو کە هەر نەک بە دید و بۆ چوونی من و هاوڕێیانم، بگرە لە ڕوانگەی خەڵکی کوچە و کۆڵانانیش دا بە چاوێکی ناحەزەوە سەیری مەزرای دەرگا داخراوی ئاژەڵان دەکرا... ناهەقیش نەبووین کاکە!... چونکە مەزرا دەرگای لە سەر خۆی داخستبوو... بەڵام ئیتر ئیمرۆ

دەوری خەفەتباری تەریک مانەوەی مەزرا بەرەو لاچوونە و هەربۆیەش، بیری چەوت لە ئاست مەزرا تاوانە... دوێنێ بە خەیاڵمان دادەهات کە بەڕێوەبەرایەتیی مەزرا بە دەستی دەستە بەرازێکە و ئەوانیش هەر وەک بەرازی ئاساییین. لامان وابوو کە سەرکردەکانی مەزرای ئاژەڵان ئاژاوەچین و درەنگ یان زوو، ئاژاوەیەکی ئەوتۆ هەڵدەگیرسێنن کە هەردی پان و بەرین بە ئێمەی خاوەن سامان تەنگەبەر دەکەن.

هاوڕێیان ! دەسا ڕێگام بدەن با بەبێ قەراغ نووشتاندنەوە بیڵێم و نەیشارمەوە کە لێکدانەوەی بە پەلە و هەڵسەنگاندنی پڕ لە هەڵەی ئێمە، دەروای زەین و ڕامانی ئێمەی وەتۆ شلوێ کردبوو، کە سەرکردایەتییەکی ئاوا دڵسۆز و کارامەمان لێ ببوو بە دێو و درینج. ئێمە پێمان وابوو ئاڵوگوڕێکی کە بە سەر مەزرای ئاژەڵاندا هاتووە ، ئاڵوگۆڕێکی ڕێشەییە و ماڵی ئێمەیشی پێ کاول دەبێت و دەمانخاتە سەر ساجی عەلی.

بەڵێ هاوڕێیان!... ئێمە لە ترسی سووتمانی سەر و ماڵمان هەر ئەوەندە پەرێشان و شێواو حاڵ بووین، کە تەنانەت دەرفەتی لێ خورد بوونەوەیشمان لە کیس دابوو. بەڵام بەختیارانە ئەمڕۆ هەرچی گریمانەی تاریک و نووتەکەی، کە وا پێش چاوی ئەقڵی لێگرتبووین، بەم هاتن و سەردانە، بە ئاومان دادا و دڵمان لە یەکتر خاوێن بۆوە. هەنووکە، تیشکی دۆستایەتی سەرۆکایەتیی مەزرا، دنیای تاریکی بۆ ڕوون کردووینەتەوە... ئەز بۆ خۆم و ئێوەیش هاوڕێیانی هێژا، پێکەوە بستاوبستی مەزرا گەڕاین و هەست و نستی

مەزرانشینانمان بەسەر کردەوە. بە بڕوای من، شێوەکاری سەرکردایەتیی مەزرای ئاژەڵان لە هەموو جیهاندا سەرتۆپە و، دەبێ بکرێتە سەرمەشق بۆ لاساکاریی هەموو لایەکمان. من ئەرخەیانم کە پلەی کارلێکێشانی زۆرەملی و ڕادەی چەوساندنەوەی بێبەزەییانەی چینی چەوساوەی زەحمەتکێشی مەزرا، بالاترە لە میچی چەوساندنەوەی سەرجەم وڵاتانی جیهانە. شایانی باسە بڵێم کە ڕەنجدەرانی مەزرا بە چەشنێک عاملاون و بە تەرتیبێک ڕاهاتوون کە زۆر ڕەنج بکێشن و کەم بخۆن و نووزەیشیان لێ نەیەتە دەر.

بەڵی ئای یاران!... بەڵێ ئەوەیە ئەو فێرگەیەی کە ئێمەی خاوەنانی زەوی و ئۆگرانی زۆرداری و چەوسانەوەی ژێردەستان، بە دوایدا وێڵ و سەرگەردان بووین.

هاوڕێیان ! من هەر لە ئێستاکەوە هەتا ئەو ڕۆژەی کە سەرکردەکانی مەزرا ئەوتۆ بن، سلاوی گەرمی برایەتییان پێشکەش دەکەم و بە باوەشی ئاواڵەمەوە بەرەو پیلیان دەچم. لەمەودوا، بۆ هەر چەشنە هاوکاری و برایەتیی هاودەستی، سەرم لە ڕێدایە. ئەوا هەر لەم شەوە پیرۆزەشدا کە ئەم دانیشتنە شکۆدارەی تێدا ڕوخساوە، بە هەموو لایەک ڕادەگەیەنم کە برایەتیی مرۆڤ و بەراز هەر هێندە گەرم و گوڕە ، کە بەختیارانە موومان دەبەرەوە ناچێت. دەبێ بڵێم کە سوود و زیانی مرۆڤ دەگەڵ بەرەی بەرازان هەمبەر و بەرامبەرە... دەرد و ژان و برکمان یەکە و چارەی دەرد و ئازارەکانیشان هەر یەکە. چقڵ و دڕکی سەر ڕێ و ڕێبازمان ڕەش و ڕووتەڵەکانی ژێردەستەمانن؛ لەڕاستیدا کێشەی

چینی کرێکار لە شەشدانگی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا هەر یەکە و هەر لە یەک ڕەنگە..."
پیل کینگتان ئیستێک بە بێدەنگی ڕاوستا، زەردەیەکی ساختەی هێنایە سەر لێوان، چەندێکیش بە قاقا پێکەنی و دیسان درێژەی بە گوتن دا :
ـ ئەگەر سەرکردایەتیی مەزرای ئاژەڵان، لە چنگ ژینەورانی ژێرپا دەردی سەریان هەس، ئێمەیش لەچنگ ڕەش و ڕووتەڵەکانی ژێردەستەمان هەر هەمان ژانە سەرمان هەس.
دەم و لێوی داتەپیوی دانیشتووانی کۆڕی سەرخۆش بەم وتەیە کرایەوە و بە تێکڕا پێکەنین. ئەمجار، پیل کینگتان پەنجەی لە سەر خاڵی بەدەماری مەزرا داگرت و چالاکییەکانی سەرکردایەتیی مەزرای ئەژمارد و گوتی :
ـ هاوڕێیان ! ئەرێ کێ دەتوانێ پشتی تەویلەنشینانی ڕووتی پێخاوس لە ژێر قورسەکی ئیشی گران و وزەهەڵپرووکێن دا ئەوتۆ بچەمێنێتەوە کە سەرکردەکانی مەزرا کردوویانە؟! ئەرێ پێتان وانییە کە ئەم شێوەکارە لە دنیا دا تاکە؟! دەسا ڕێم بدەن با دەسخۆشانەیان پێ بڵێین و ئافەرینیان پێشکەش بکەین.
هاوڕێیان ! لە ئێوەی بەرز و بەڕێز داواکارم هەستینە سەر پێ و پیاڵەکانمان بە شەرەف و شانازیی برایەتیی بەراز و مرۆڤ پێدابکەین.
هاوپەیمانانی سەرخۆش، یەکجێ سم و پێیان لە زەوی کوتا و پیاڵەکانیان هەتا ئاخر دڵۆپی تەڕایی پێداکرد و سێ جارانیش هەرای شادمانیان بەرز کردەوە.

ناپولیۆن کە تینی شەڕاب کەللەی ئەنگاوتبوو، هاتە سەر هەوا و بەرزە دەماغانە پیاڵەی تازەی لە پیاڵەی پیل کینگتان کوتا و تاوێک ڕاوەستا. هەرکە هەرای هوریای سەرخۆشان سرەوتەوە، ڕایگەیاند کە ئەویش نیازی ئاخافتنی هەیە و دەخوازێ قسان بکات. سەرۆک ناپولیۆن، ئەمجاریش وەکی هەمیشە، مەبەستی خۆی لە چەند ڕستەیەکی کورت دا دەربڕی و گوتی :

ـ هاوڕێیان ! درێژ ماوەیەک بوو کە قسە و قسەڵۆکێکی بێ مایەی پڕوپوچ بە دەم و زاران دا دەگەڕا، کە گۆیا من و ئەندامانی سەرکردایەتییمان بەنیازی هاڵاییساندنی شۆڕش و ڕاپەڕاندنی ئاژەڵی دەور و بەرین. بەڵام جێگای خۆشحاڵیە کە گەوهەری ورشەداری ڕاستی و پاکی قەت لە ژێر کۆنە سیپاڵان دا شاراوە نامێنێتەوە و سەرەنجام دەردەکەوێت. بەڵێ ئەی یاران! بەڵی خودا و ڕاستان ئاشکرایان کرد کە ڕیسی ئەو تەونە دوژمنکارانەیە، کێ ڕستی و کێ چنی!

هاوڕێیان ! مەزرای ئێمە بێ دوژمن نییە. دوژمنانی مەزراش لە هەل دەگەڕێن و بوختان بە دوای بوختان دا بۆمان هەڵدەپێچن و مەلۆتکەی تۆمەتمان پێدادەدەن... چیبکەن؟ ئەگەر ئەمە نەکەن، ئەدی چلۆن بژین و چلۆن بمێنن؟... بەڵی دوژمنانی مەزراکەمان هەر ئەو ناکەسانە بوون کە بەنیاز بوونئاگری شۆڕش دە گیان و ماڵی مەزرادارانی دراوسێمان بەربدەن.

هاوڕێیان ! ئەوا من هەر ئێستێ و هەر لێرەوە بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنم و دەڵێم کە سەرکردایەتیی مەزرا هیچ قسە و باسێک لەمە بێ ناوک و ناوەرۆکتر شک نابات کە گوایە

ئێمەی بەراز، بیری شێواندنی نەزم و میزانی مەزراکانی دراوسێمان هەبووبێ. بەپێچەوانە، دەبێ بڵێم کە سەرکردایەتیمان بەردەوام خەون بەو ڕۆژەوە دەبینێت کە دەستی برایەتیی ئێمە و ئێوە دە پاڵ یەکتر دابێت و هیچ ناکۆکی و تەنگژەیەک لە نێوانمان دا نەمێنێت. ئاواتی لەمێژینەی ئێمە ئەوە بووە و ئەوەیە، کە ئێمە و ئێوە بناغەیەکی ئەوتۆ پتەوی بەدوور لە ڕووخان لە ژێرخانی ئابوریمان دابمەزرێنین، کە ئیتر هیچ دڵە لەرزەیەک ئازارمان نەدات... من بە شانازییەکی تەواوەوە پێتانی ڕادەگەیەنم کە ئەم مەزرایە، مەزرایەکی سۆسیالیە و بە پێی بەڵگەیەکی قانوونی، سەرکردایەتی و خاوەنداری و دەسەڵاتدارییەکەی بۆ هەتا هەتایە دراوەتە دەستی بەرەی بەرازان و وەک کراس بە بەژنی ئەم بەرەیە بڕاوە.

میوانانی هێژا ! هەرچەند کە ئەز دەزانم پنج و ماکی ناتەباییی نێوانی ئێمە و ئێوەی بەڕێز، بۆ هەتا هەتایە لەبن هاتووە، بەڵام بۆ قایم ڕاگرتنی پردی برایەتی، ئێمەی سەرکردە، ئەم ئاڵوگۆڕانەمان بە قازانجی ئێوەی بەڕێز لە مەزراکەماندا پێک هانیوە:

[١ ـ بەر لەم هەلە، ئێمە بە دابی سەردەمی گەوجایەتیمان پێشکۆ ناوی (هاوڕێ)مان بۆ یەکتر دەکار دەکرد؛ ئێمە ئەم وشە ناشیرینەمان ڕاداوە و وشەی برادەرمان لە جێگای دا دانا.

٢ ـ لە ڕابوردوو دا، بەپێی دەستووری گشتی، هەموو ڕۆژانی یەکشەم لە بەرامبەر کەللەسەرێکی پووخاوی قرپۆک دا بەژنی خۆمان دەچەماندەوە و سەرمان

دادەخست و بە سەرە دەڕۆیشتین؛ ئێمە ئەوەمان بە کردارێکی کۆنەپەرستانە زانی و فەرمانی نەهێشتنمان بۆ دەرکرد.

٣ ـ دوای سەرکەوتنمان، ئاڵایەکمان بۆ خۆمان هەڵدابوو کە ئەو ئاڵایە وێنەی شاخ و سمی ئاژەڵێکی لە سەر نەخش کرابوو. بەختیارانە زۆر زوو بە ئاگا هاتینەوە و ئاڵایەکمان پەسند کرد کە هاوڕەنگی گژ و گیای مێرگەکانی مەزراکەمان سەوزە...]

بەڵام ڕێگام بدەن با ئاماژەیەکی ڕەخنەگرانەش بە گوتارە گەوهەربارەکەی برادەر پیل کینگتان بدەم کە ئیتر مەزرای ئێمە مەزرای ئاژەڵان نییە و، ناوی جارانی بەسەر دا هاتۆتەوە. ئێمە ناوی (مەزرای مانۆر)مان بۆ گەڕاندۆتەوە، چونکە ناوێکی پیرۆزتر و جێگرتووترە... لە کۆتایی دا هەر ئەو جۆرەی کە ڕێزدار پیل کینگتان فەرموویان، با هەستینە سەر پێیان و ڕابوەستین و بە شانازیی برایەتیمان و بەهیوای بەختەوەریی مەزرا، ئەڵبەت مەزرای مانۆر نەک مەزرای ئاژەڵان، پیاڵەکانمان پێدا بکەین.

دیسان وەک جاری پێشوو، هەموو بەتێکڕایی هەستانە سەر پێ و سێ جاران هوڕایان کێشا و پیاڵەکانیان هەتا ئاخر دڵۆپی تەڕایی پێدا کرد.

لە حەوشەی نیوە تاریک، لە پشتی شووشەی ماتی پەنجەرەکانەوە دەیان جووتە چاوی ئاژەڵی شێواوە حاڵ، بە چەشنی ئەستێرەی ئاسمانی تاریکە شەوان گرشە و ورشەیان بوو. ژینەوەر بەتێکڕا هاتبوونە سەر ئەم بیرە کە نەکا دەور

و زەمان سووڕابێت و ئەوان نەیانزانیبێت، چونکە هەرچی دەهاتە بەر چاویان، هەر هەمووی لە ئاڵوگۆڕ دا بوو. بەتایبەت کە بە وردی سەیری دیمەن و ڕوخساری سەرکردەکانی خۆیانیان دەکرد، بە ئاشکرا دەیان بینی کە سەر و سیمایان بەرەو کاڵ بوونەوە دەچوو. سپی هەڵدەگەڕا، گرد و کۆ دەبۆوە، لە بەراز بەرەو مرۆڤ دەچوون. بە چاوی کلۆقەر، ژێرچەندی بەرازەکان نەرمە نەرمە شۆڕ دەبوونەوە و دادەکەوتن.

بەرچێڵەی یەکێک لە بەرازەکان زۆرتر داچۆڕا و پێنج لوێچ کەوتە سەر یەک. هی ئەوی تریان چوار، هی ئەوانی تر سێ چین بە سەر یەک دا چەمینەوە. دەگەڵ داکەوتنی بەرچێڵەکان، ڕەنگ و نمای فەساڵ و ڕوخساریشیان بەرەو گۆڕان دەچوو. دەتگوت لە فۆرم دەردەچن و بیچم و فۆڕمێکی تازە دەگرنەوە.

لە دیوەخانی کۆشکی سەرکردایەتیی مەزرای ئاژەڵان دا، فەرتەنەی بەزم و هەرا گەیشتە ڕادەیەکی بەرز. چەپڵەڕێزان، چەقەنەلێدان، نەرمە گۆرانی، هەوای بن بزوێن و سەماکردن، خەست و خەست تر دەبوو. بادە و شەراب دەگەڕا و قوماری پۆکەر گەرمتر دەبوو. دەنگی تریقەی پێکەنین و جرپ و جۆپ بە ژوورەکاندا دەهات و لە دەر سەری دەردەکرد.

لەو دیوی کۆشکی ڕازوەی سەرکردایەتیش، لە پشتی جامی پەنجەرەکانەوە، ئاژەڵی پەشۆکاو، هەرچی بۆ دیتن دەبوو، دیتی. هەرچی بۆ بیستن دەبوو، بیستی. لە هەموو شتێک خەمبارتر، ئاڵوگۆڕێک بوو کە بە سەر ڕوخسارەی مێر و

میوانان دا دەهات. ڕواڵەتی دەموچاوی بەرازەکان پەسا پەسا دەهاتە گۆڕێن و دەگۆڕان.

ئاژەڵ بێ غایەت پەس و مات و پەشیو بوون. لە هەژمەتان ڕووی خۆیانیان لە کۆشکی سەرکردایەتی وەرگێڕا و ڕێی گەڕانەوەی تەویلەکانیان گرتەوە بەر. بەڵام هێستا چەند هەنگاوێک نەڕۆیشتبوون، کە دەنگی فیشقە و هاوارێکی سامناک لە سەر جێگا وشکی کردن. ئاژەڵ سەرێکیان وەرچەرخاندەوە و سەیرێکی پاش سەریان کرد. دیتیان ئەوا لە نێوان مەزن و ماقووڵەکان دا شەڕ و هەرایە.

لە دوو بەری مێزی ڕازەوەی هۆڵی میوانانندا، سەرداری مرۆڤ و سەرۆکی ئاژەڵان لە یەکتر ڕاسابوون و کەڵپ و چەنگ و ددانیان لە یەکتر دەسووت. هەر دووک لا یەکتریان بە جامباز و فێڵەباز و ساختەچی تاوانبار دەکرد. بەڵام دیار بوو شەڕ و هەراکەیان پەل و بێ ڕیشەیەو لە سەر قوماری پۆکەرە. لە ڕاستیدا ماکی ناتەبایی میر و میوانانی سەرخۆش، شتێک نەبوو کە برایەتییەکەیان بشەمزێنێت؛ شتێکی هاکەزایی و ئاسایی بوو ؛ فێڵەبازی و گەندەڵی بوو کە جەوهەری زاتی هەر دووک لایەنانا یەکسان و هاوڕەگرز بوو. لە پۆکەر دا ، هاوکات و لە یەک زەماندا تەکخاڵی ڕەشی سەرکەوتن لە ژێر دەستی هەر دوو لایەنان دا بوو. دیار بوو کێشە و هەرای سەرۆکی ئاژەڵان و نوێنەری بەرەی زۆردانان کێشەیەکی قووڵ و کوشندە نییە؛ هەراکەیان هەرای لە سەر دراو بوو؛ سەپاندنی مەزن و میرایەتی بوو، نەک چ شتی دیکە.

لە ژووری سەرکردایەتیدا، دوازدە نەعرەتەی کەللەتاسێن، یەکجێ و یەکدەنگ جیهانی تەقاند و کەللەی ئاژەڵی تاساند. دەتگوت بوومەلەرزەیەکی قورس و گران خەریکە چیاکان لە ڕیشە هەڵدەتەکێنێت. ئاژەڵی تاساو سەیری کرد و دیتی کە سەر و سیمای بەرازەکان ڕەنگێکی بۆزی خۆڵەمێشیی بە سەر کشاوە. ڕەنگی ڕوخسارییان هەڵبزرکابوو ، سپی هەڵدەگەڕا، دەم و لمبۆزی درێژیان تێک دەقوپا و بەرچەنەیان دادەچۆڕا.

ئاژەڵ لە پشتی جامی پەنجەرەکانەوە ئەو ئاڵوگۆڕانەیان بە چاوی سەر بینی. دیتیان کە لە ژووری سەرۆک کۆماری سەربەرزی ئاژەڵان دا هەرچێ هەیە، هەر هەمووی بەرەو گۆڕان دەچێت. بەڵام ئەرێ سەر و سیمای بەرازەکان لەم ئاڵوگۆڕانە دا چ نەخشێکی گرت کە ئاژەڵی پشتی پەنجەرە سامێکی گرانیان لێ نیشت و لە هەژمەتان چاوی دیتنیان نووقاند، ڕوویان وەرچەرخاندەوە و پشتیان تێکردن و ڕۆیشتن ؟!... ئیتر ئەمە شتێک نییە کە بۆ گوتن ببێت.

دەزگای سەرکردایەتیی مەزرای ئاژەڵان لە بیچمی بەراز دەهاتنە دەر و دەبوون بە مرۆڤ... لە مرۆڤ دەگەڕانەوە سەر بەراز... بەڵام کاتێک داهات کە ئیتر هیچ ئاژەڵێک بۆی لێک نەکرایەوە کامەیان بەرازە و کێهەیان مرۆڤە. هەر هەموویان یەک بوون و یەکسان؛ سەرپاکیان لە یەک ڕەنگ بوون و لە یەک توخمە.

****

## فەرهەنگۆکی مەزرای ئاژەڵان

........................................................................

### ئا

**ئاخافتن** = وتن، گوتن، پەیڤین، ئاخاوتن، قسەکردن
**ئاخۆران باخۆران** = خراپە، تالانچی، دز ، چەتە ، دڕ
**ئارتەقا ـ ئەرتەقا** = بەقەدرایە، بە بارستایی، بەرامبەری، هاوتەرازی
**ئارەقەی ڕەش و شین ڕشتن**= بریتی لە ئیش کردنی گران. خۆ ماندووکردنێکی لە ڕادە بەدەر بۆ وەدەست هێنانی ئامانجێک.
**ئالیک** = تفاقی یەک سمان. گژ و گیای خۆراکی ئاژەڵ.
**ئامراز** = ئەمراز = ئەسباب ، کەرسەی کار ، ئامێر .
**ئاو بە ژێر پێست دا گەڕانەوە** = مەبەست بووژانەوە و قەڵەو بوونەوەی دوای نەخۆشییە. بە دەوڵەمەند بوونەوەی سەرلەنوێی پیاوی مافنگیش دەگوترێ.
**ئاو دەپاڵ کردن** = ئاو دە باڵ کردن = کەسێک شتێکی بچووک زۆر زل بکاتەوە. قسەیەکی ئاسایی، کە بە درۆ و دەلەسە گەورە بکرێتەوە.
**ئاوزەنگی** = ڕکێف، پلەکانی ئاسن بۆ سەرکەوتنی سەر خوانی زینی ئەسپ.

**ئاوزینگ دان** = ئاویلکەدان، دواهەناسەکانی ژیانی ژینەوەر ، ئاویلکەدان.
**ئاوێتە** = تێکەڵاو ، لێکدراو.
**ئاوی ڕژاو کۆکردنەوە** = مەبەست هەوڵدانێکە بۆ گەرانەوەی لەدەستچوویەک، لە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیانێک.
**ئاو نەدەڵێن** = مەبەست بۆرە پیاگی پیسی لەچەری چرووکە، خێرنەدەرەوە.
ئاهێک = تۆزێک، نەختێک، برێک. کەمێک ، نەختێک.. ئاهێکی مابوو بخنکێ.
**ئاهی خۆش هاتنەوە بەر** = مەبەست مرتاح بوونەوە و بووژانەوەی دوای هەژاری یان نەخۆشی. ئەو زستانە بەسەر بچێت، ئاهێکی خۆشمان دێتەوە بەر.
**ئەزبەنی** = ئاغام، گەورەم، من بەندەی تۆم.
**ئەستێر** = ئەستێرک، گۆلاو، ئاوی بەرپێگیراوی دەم کانیاوان.
**ئەم هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ** = واتە ئەو ڕووداوە زۆر بچووک نییە و ئەگەری مەترسی گەورەی لێدەکرێ. قەیرانێک کە چاوەڕانیی بەر و بوو درێژیی لێوە بکرێت.
**ئەنجن ئەنجن کردن** = هەنجن هەنجن کردن = ورد ورد کردنی شتێک بە تیغ و چەقۆ.
**ئەنگڕان** = لە ئەندازە دەرچوون. کەسێک کە لە ڕادەبەدەر دەوڵەمەند یان قەڵەو بووبێت. گیاندارێکی خۆش لەوەڕی زۆر قەڵەو بوو.

**ئەهوەن** = ئارام ، هێدی، هێمن.

..............................................................................

ب

**بارِ** = جووجەڵەی یەکساڵەی مامر و پەلەوەر و باڵندان.
**باری لار** = هەلومەرجی نالەبار، نەهامەتی، نەهاتی، باری خوار.
**باشارکردن** = بەرامبەر هاتنەوە، دەربردن، تاقەت هێنان ، دەرووەست هاتن، پێ وێران.
**باڵایەک** = بە قەدرایە بەژن و باڵایەک، بە بارستایی بەژنی ئینسانێک.
**باو** = هەرِەت، جەنگە، مۆدە.
**باهۆز** = توندەبای ساردی مژ بە دەمەوە. توندەبایەک کە مژ دێنێت و دەبات.
**ببرِای ببرِا**= بەهیچ جۆرێک، هەرگیز ، قەت قەت.
**برِست** = تاقەت و توانا، هێز و توانایی، ماوە و مەودا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئیش و کار.
**برِەو** = رِەواج، رِمێن.
**بزۆز**= بێ ئۆقرە ، بێ ئارام، نەسرەوت، دەست بزێو.
**بژیو**= ئەو خواردەمانییانەی کە ژینەوەر پێی دەژی. خواردەمەنی.

**بکەر** = کەسێک یان ژینەوەرێکی کە کارێکی کردبێ. فاعل .

**بلیمەت** = مرۆڤی هەڵکەوتەی کەم و ێنە، نابغە.

**بنێس** = کز، لاواز، چرچ و چۆڵ، بێ توانا.

**بنەبڕ** = لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهاتوو، فەوتاوی خاشەبڕکراو، ئاسەوار لێ نەماو.

**بنە توو** = بنەتۆو = بە دەغڵ و دانێک دەگوترێ کە جووتکار بۆ داچاندنی ورزی بەهار یان پاییز ڕایدەگرێت.

**بنەما** = ماکە، ماددە، بنچینە.

**بۆ ئەم ئیشە دەناڵی** = مەبەست کەسێک یان کەرەسەیەک، کە بۆ کارێک  باش جێ بگرێ، بۆ کارێک بشی ، پڕ بە پێستی ئیش و کارێک بوون.

**بۆق لە زگ** = بۆق لە سگ = مەبەست مرۆڤی دڵ و دەروون ناسازی پیسکەی حەسوودە، ئێرەیی پێ بەر، حەسوودی کەر.

**بوودەڵە** = پیاگی بێ نموودی لەش گرانی تەمەڵی تەوەزەلی خوێڕی.

**بۆیە** = ڕەنگ ، بۆیاغ .

**بە ئانقەست** = بە ئەنقەست، بە دانستە، بەتایبەت.

**بە پای فیلان** = مەبەست شتێکە ، کە زۆر بێ و هەرزان بێ و هەڵڕژابێ.

**بەتانە** = پەتوو.

**بە خڕی** = بە تەواوی، بە تێکڕایی، هەموو، هەرهەمووی.

**بەدگۆشت** = ڕەزاتاڵ ، ئێسک گران، بەدگووز، ناشیرین.
**بە دەست زایەبوون** = مەبەست کار و کردەوەیەکی خەسارە، کە بە دەستی کەسێک کرابێت؛ وەک مرۆڤ گوشتنێک ... دزی کردنێک و ...
**بەدەگمەن** = بە هەڵکەوت، زۆر بە کەمی، هەرە کەم.
**بە دەم و دووڊ** = مرۆڤی خۆش ڕاوێژ، کەسی خۆش قسەی شیرین گوفت و لوفت.
**بەرپەرچ دانەوە** = ڕێگە لێبڕینەوە، ڕەت کردنەوە، پێچ دانەوە.
**بەرچاوکە** = قایشی ڕیشوودار‌ی بەر چاوی بارگین، کە لە هاوینان دا هێرش و هوروژمی تەپۆ و مێش و مەگەس لە سەر چاوی ئەسپ و بارەبەر کەم دەکاتەوە.
**بەرچێڵە** = بەرچەنە، بەرخەبەبە، گۆشت و بەز و چەورایی داچۆڕاوی ژێر چەناگەی گیاندار.
**بەرزە دەماخ** = لووت بەرز، لە خۆبایی ، لە خۆ ڕازی.
**بەرزەکی بانان** = بە لاوی دڵتەڕی ئاشق و شەیدا دەگوترێت کە بۆ ژوان و دیداری خۆشەویستەکەی یەکدەم ئارام و قەراری نییە و بە چەشنی سێبەر بەردەوام بە کۆڵان و بەر دەرگا و حەوشە و حەسانان دا دەخوشێت.

**دەرووەست هاتن** = پێ وەستان، دەرەقەت هاتن، تاقەت پێشکان.
بەرمێن بوون = شتێک کە کڕیار زۆر بێت. بە برەو بوون، بە ڕەواج بوون.
**بەر و بوو** = بەرهەم و داهات، حاسلات.
**بەرەگە** = ڕێبازی پێداهاتنی نێچیر لە ڕاوگەدا. ئەو شوێنەی کە زۆربەی کاتان خۆشەویستی دڵدارێک پێیدا تێپەڕ دەبێت. ڕێگوزارەگەی دڵداران.
**بەستەڵەک** = شوێنێک کە بە هۆی سەرمای زۆر بە سەهۆڵ پەستووورابێت. سەهۆڵبەندان.
**بە شان و باهۆ** = خۆش قەڵافەت ، خاوەنی باسک و باڵ و باهۆی بەهێز و توند و تۆڵ.
**بە قەو** = بەهێز، بە توانا، بە قەوەت. زاراوەی مەنگوڕان.
**بەلەز** = بە پەلە، توند و بە پڕتاو، بە هەڕەمە، توند و بە تاو.
**بەلەک** = گۆشت و ماسوولکەی نێوانی پشت ئەژنۆ و پانێی پێ.
**بەن پرچ** = باریکە کوتاڵی ناسک، یان بەنی نەرمونۆڵی ڕەنگاوڕەنگ کە دەگەڵ پرچی کچۆلان دەهۆندرێتەوە. گەلێک جاران یالی ئەسپ و ماین و بارەبەرانیش دەگەڵ باریکە قەیتان و بەنی سوور و شین دەهۆندرێتەوە.
**بەنداو** = جۆگە ئاوی هەڵبەستراو، قەناو، کاناڵ.
**بەوەج** = بە نرخ ، بە قەدر و قیمەت.

**بەیار** = هەردی نەکێڵراو. زەویی دەست لێنەدراو.
**بەیتەشە** = کەمزانی زمان شڕی زۆر بڵێ.
**بیانی** = غەوارە ، غەریبە، بێگانە.
**بێیبەری کردن**= بێ بەش کردن، دەست کورت کردنەوەی کەسێک لە خاوەنداریبیەتیی ملْک و ماڵ. دوور کردنەوە و هەڵپەساردنی کەسێک لە ماف و ماڵ. هەڵپەراردنی کوڕ، یان کچێک لە میراتی دایی و باوک.
**بێ پاوان** = بێ پەرژین، بەر پێنەگیراو. بەرهەڵدا، مێرگ و لەوەڕگەی ئازاد بۆ لەوەڕی ئاژەڵ.
**بێ پەسیو** = ئازاد و ئاواڵە، شوێنی باگری بێ کەند و لەند، بێ پەنا، بێ پەناگە.
**بیچم** = شکڵ و شێوە، چوارچێوە، شکڵ و ئەندام.
**بێداد** = یەکجار زۆر، فرە، زۆر .
**بێ دەر** = بێ دەرگا، بێ سنوور.
**بیرازکردن** = بریتی لە دارکاری کردن و لێدانی گیاندارێک.
**بیردان** = جێگای بیر، مەبەست مێشکی ناو کەللەیە.
**بیرەوەند** = بیرەمەند = مرۆڤی ژیری زانا، متفکر.
**بێ سەرە و بەرە**= نارێک و پێک ، تێکە و لێکە، هەرکەس هەرکەس، شێواو.

.....................

**پ**

**پارێز**= دوور کردنەوە و نەهێشتنی کەسێک یان گیاندارێکی تر لە چنینەوە و ڕنینەوەی بەرهەم و بەر و بوویەک. پەرژین و پاوان کردن. هێرش بردن.
**پاشەڕۆک** = پاشارۆ = پاشەرۆ = پاشماوەی وردە بەرهەم کە لە کۆگایەک مابێتەوە. وەک پاشەڕۆکی باغ و بێستانان لە کاتی ئاخر پایزاندا.
**پاکژ** = پاقژ = خاوێن ، پاک، پیرۆز، پوخت و پاراو.
**پانتایی** = ڕووبەر ، پانایی.
**پاوانکراو** = قەدەخەکراو، قۆرغ کراو، سنوور دیاریکراو.
**پرپۆڵە** = گرموولە هەویری ئارد، کە بە ئاو یان شیر گیرابووبێتەوە و بۆ خواردنی جوجەڵەی مامرەکان.
**پڕ پیت** = پڕ داهات ، پڕ بەهرە ، بە خێر و بێر.
**پرێسکە** = پریاسکە = بەر و بوخچەی ژنان کە وردە شت و مەکی تێدەندرێت.
**پشتێڕ** = تەویلە ، گەوەڕ.
**پاوان** = قەدەخە کراو. باغ و بێستانێک کە بە پەرژین دەوری گیرابێ.
**پڵتۆخ** = شل و شەوێق ، دەست و پێ سپیلکە، بێ توانا، تەمەڵ و تەوەزەل، لەش گران.
**پڵیشانەوە** = پان و پڵچ بوونەوە، تلۆخانەوە.
**پوختە** = پاک و تەکووز، ڕێک و پێک، پاکژ ، خاوێن، ئەنجام و ئاکام.

**پووشینە** = ئەو کەلوپەلەی کە لە تەلاشی ناسکی قامیش یان لە پووش و قەسەڵی دەغڵ ساز دەکرێت، وەک زەرفی نان ... کڵاوی پووشینە و...
**پەڕۆ و پاڵ** = کوتە پارچە و کووتاڵ و قوماشی کۆن.
**پەروار** = دابەستە ، ئەو ئاژەڵەی کە بۆ قەڵەو بوون و پڕ گۆشت بوون بە تایبەت بەخێو دەکرێت.
**پەز** = مەڕ ، مێ (مێ = بە زاراوەی کرماشانی)
**پەسیو** = پەنا ، شوێنی بەلاوە ، حەشار.
**پەکوو** = وشەیەکی تایبەتە بۆ دەربڕینی پەژارە و خەم و حەسرەتی لە دەستچوونی ئازیزێک لە دەم دێتە دەرێ.
**پەلکە سوورە** = باریکە کووتاڵی سوور و شین و ڕەنگاوڕەنگ کە دەگەڵ پرچ و کەزیی هۆندراوەوەی کیژۆڵان دەهۆندرێتەوە. یاڵی هۆندراوەوەی ماین و ئەسپیش بە بەنی سوور و شین دەڕازێندرێتەوە.
**پەیژە** = پەیچە = نەردیوان ، پلیکانی سازکراو لە دار و تەختە.
**پێ چاران** = بە شتێکەوە یان بە کەسێکەوە هەڵکردن. بە شتێکەوە ڕاهاتن. دوو یان چەند کەسێک کە لە هەر سەرێکەوە پێکەوە لە سەر یەک باوەڕ بن و دەگەڵ یەکتر بسازێن و بچارێن؛ کە ئەمە لە نێو کوردان دا دەست ناکەوێت.
**پێچووکە** = لزگەی هونراوەوەی پرچی ئافرەت یان ئاژەڵ.

**پێخوست** = بەرپێ ، شوێنێک کە هاتووچۆی بە سەرەوە بێ. ئەو شوێنەی کە کەوتبێتە بەر پێیان و پێشێل کرابێ.
**پێخەف** = نوێن و بانی تایبەتی نووستن. هەرچی کە بۆ خەوتن و ڕازان کەڵکی لێ وەردەگیرێت.
**پێخەفدان** = نوێن و بانی تێدا خەوتن.
**پێ نازین** = شانازی پێکردن.
**پێز** = کێش ، هێز ، توانا ، تاقەت.

..............................................

**ت**
**تاشت** = چێشت
**تاسەدار** = کەسێک کە خولیایی شتێکی لە کەللە دابێت. ئارەزوومەند.
**تامەزرۆ** = زۆر خولیای شتێک بوون، ئیشتیاکردنی زۆر توند بۆ شتێک.
**ترەختەن** = ترەختان= بە چوار ناڵە ڕۆیشتن، توند و بە لەز ئاژۆتن.
**ترەکەڵەک**= شتی بێ پایە و ڕیشە، دەزگا و دامەزراوەیەک کە جێی باوەڕ نەبێ و هەمیشە ئەگەری ڕووخان و تێک تەپینی لێبکرێت، دامەزراوەی گەلایی و لەرزۆک، کار و کردەوەی ناژیرانە.

**ترەکین** = ترەکان= بێچوولە هێنانی دێڵەسەگ، زانی سەگ.
**توێ** = سەر توێ = چەورایی و تام و تۆقی سەر شیر و ماست.
**توربایین** = ژەنەڕاتۆری کارەبا، دینامۆی بەرقی کە بە هێزی ئاو، با ، سووتەمەنی، ئەتۆم و پەترۆڵ وەگەڕ بکەوێت و ئەلەکتریسیتە بەرهەم بدات.
**تووش** = هەوای زۆر ساردی بەفر و باران بە دەمەوە.
**تووک** = دۆعای خەراپ لە کەسێک کردن، نزا و نزوولە کردن لە کەسێک یان لە دەزگایەک.
**تەپرەش** = فێڵەباز، گەڕباز، جامباز، چاوبەست.
**تەپکە** = داو ، تەڵە، جۆرە داوێکە لە هەودا مووی کلکی ئەسپ ساز دەکرێ. دوو یان سێ هەودا پێکەوە با دەدرێن و قلفەیەکیان لێ ساز دەکرێت. هەر قلفەیەک لە شوێنێکی دیاریکراوی تەختەیەک دادەکوترێ. تەختەی تەپکە لە سەر بەفری بێ ڕەشانگ دادەنێن و کەمێک پەین و کای وشکی بەسەر دادەکەن، چەند دەنکە گەنمێکیشی بە سەر وەردەکەن. باڵندەی برسی لە سەر تەپکە هەڵدەنیشێت و هەرکە بۆ هەڵگرتنەوەی دەنکە گەنمەکان بە سەر تەپکەکە دا گەڕا، قاچ یان ملی دەکەوێتە ناو قلفەیەک. هەرکە باڵندەکە بۆ نەجاتی خۆی کەوتە چالاکی، قلفی داوەکەی لێ توندتر دەبێ و پێوە دەبێ.

**تەپلۆس** = لەش گران ، تەپ ، تەمەڵ، تەوەزەل ، قوون گران.
**تەڕ کردنەوە** = ماڵات و ئەسپ و بارگینەکان لە سەرەتای وەرزی بەهار دا شینکەی بەهاران دەخۆن و لە کۆڵ گیای وشکی زستانان دەبنەوە؛ دەڵێن ئاژەڵەکە خۆی تەڕ کردۆتەوە، واتە گیای شینی خواردووە.
**تەڕ و وشک کردنەوە** = خزمەت کردنی پیر و پەک کەوتەکان، خزمەت کردنی منداڵی سەر و پێچکە.
**تەشەنا کردن** = پەل و پۆ هاویشتن و بڵاوبوونەوەی دەرد و ئاهۆ و زام و ئازار و برین و نەخۆشی.
پەڕینەوەی نەخۆشی لە کەسێک بۆ کەسانی تر.
**تەفەقۆ** = داگرتن، دەست درێژی کردن، دەست بە سەر داگرتن.
**تەگەرە** = کۆسپ ، بەرهەڵست، ئاستەنگ، لەمپەر.
**تەڵاشێک لە دارێک داتاشین**= مەبەست ڕاپەڕاندنی کارێکی دژوار و پڕ ژانەسەرە. ئەنجامی بەشێک لە کارێک. چارەسەرکردنی هەندێک لە کێشەیەکی مەزن.
**تەڵەزم** = وردە تیزماڵ و باریکە دڵۆی ناسک و تیژی کانزا، شووشە، تەختە و شتی تر کە دە پێستی مرۆڤ هەڵدەچەقێت و ئازاریشی زۆرە.
**تەنین**= تەنینەوە، داگرتن، تێک بەزاندنی ڕایەڵ و پۆ بە دەوری شتێک دا. جاڵجاڵووکە بۆ گرتنی نێچیر دەوری دەتەنێ و دەیگرێ.

**تەوژم** = توند و بەتاو، خێرا لە هێرش هێنان، بە گوشار دەرفرتان،بەرداش ، بە تەوژمی ئاوی کۆرەگەی ئاش هەڵدەسووڕێت.
**تەوەللا بوون** = دوور بوونەوە، لێک هەڵبڕان، جیابوونەوە، بە تاک کەوتنەوە، ئاوارە بوون.
**تێڕزان** = تێ ڕزان = لە زاراوەی مەنگوڕی دا بە مانای لاقەکردنی کەسێکە بە زۆرە ملی، ئەتک کردنی کەسێک بە تۆپزی.
**تێز**= تێزە = لە شارە قەدیمییەکاندا، لە ترسی هێرشی دوژمن، دیواریان بە دەوری شار دا دەکێشا. لە سەر پشتی دیوارەکاندا، بە مەودای دیاریکراو، مەتەرێزیان تێدا ساز دەکردن و پەنجەرۆکەی تایبەتیان بۆ تیر هاوێژان تەرتیب دەدا. شەڕ کەران لەو شووێنانە دژ بە دوژمن شەڕیان دەکرد. ئەو شوێنانەی کە شەڕکەران خۆیان تێدا دەپاراست و شەریان دەکرد، تێز ـ ی پێ دەگوترا و دەیان گوت شەڕ کەران هاتوونەتە سەر تێز.
**تیمار کردن** = خزمەت کردن، ئاگاداری و خزمەتی نەخۆش ، تەڕ و وشک کردنەوەی گیانداری نەخۆشی دەستەوەستان.

..........................................

ج

**جاڕ** = پەرێز، جێگای دەغڵی درویێنەکراو.
**جاڵە کردنەوە**= خلۆر کردنەوە، تل دانی خڕە بەرد لە سەراولێژەکان دا، بەرەڵڵاکردنی شتی خڕ لە لێژایی دا.
**جامباز** = چاوبەست، فێڵەباز، ساختەچی.
**جرپ و جۆپ** = هەڵبە دابەزی جلْفی سەرخۆشان.
**جزمە** = چەکمە، پۆتینی قایش.
**جڵف** = سووک ، بێ شەرم و بێ ئابڕوو، هەرزە و بێ بایەخ.
**جلیتێن و تەقڵە و ڕمبازێن** = سێ چەشنە یاری و وازیی سوارکارانی کوردستانن.
**جوابە جەنگی کردن** = بە دەم داهاتنەوە ، شەڕە چەقە، جوێن دانەوە بە جوێن.
**جۆخێن** = جێخوون= خەرمان.
**جومگە** = بەندی پێشە، جەمسەری ئێسقانەکانی لەش، دوو ئێسقانی بە یەکتر گەیشتوو.
**جەمسەر** = ئەو شوێنەی کە دوو سەری شتێک، یان سەری دوو شت لە جێگایەک پێک دەگەنەوە. وەک دوو سەری بازنە، سەری دوو شەقام.
**جەنجەڕ** = جۆرە ئامرازێکی وەرزێرییە. جەنجەڕ چەشنە عەڕابەیەکی بچووکە ، کە دوو یان چەند داری داتاشراوی یەک ئەندازە لە جێگای تۆپ و تەگەر لە ژێر دا دەسووڕێ. دەوارندوەری دارەکان چەندین تیغەی تیژی تێ چەقێندراوە. ئەو ئامێرە بە هێزی گا، کەر ، یان ئەسپ بە سەر کلۆشی گەنم

و جۆ دا دەگەڕی و کلۆش ورد دەکا و لە ئاکامدا گەنم و جۆ لە قاوغی خۆیان دێنێتە دەرێ.
**جێ ستار**= جێی حەسانەوە، شوێنی پشوودان، جێگای حاوانەوە.

.......................................................

چ

**چازان** = زانا ، پسپۆڕ، لێزان ، حەکیم.
**چاوم بواری ئەوە نادا** = مەبەست نەبوونی وزەی بینینی ڕووداوێکی تاڵ و خەفەتبارە، خۆ دوور خستنەوە لە دیدار و بینینی شتێک یان کەسێکی ناخۆشەویست.
**چاو بە مۆلەق وەستان** = بار و دۆخی کەسێک دەگەیەنێت کە لە ئاکامی بە سەر داکەوتن و دیتنی لەپڕ و کوتوپڕی دیمەنێکی ترسناک دابێت. کەسیک کە تووشی کارەساتێکی سامناک دەبێ و لە ترسان دەتاسێت و چاوی لێ زەق دەبێتەوە.
**چڕ** = سەخت، گران، دژوار، حەستەم، هەڵەمووت.
**چرپان چرپان** = جوولانەوەی بە پەلە. تێک هاویشتن بۆ دەرچوون و دەربازبوون. بە هەڕەمە و پەلەپرووزە بۆ شتێک چوون.
**چرۆ** = شکۆفەی گەلا و گوڵی هێشتا نەپشکووتوو.

**چرووک** = مرۆڤی دەست قووچاوی لەچەری پیسی خێر نەدەرەوە.
**چڵپاندن** = هەندە گیاندارێک وەک سەگ و گورگ و... لە کاتی ئاو خواردەنەوە دا زمانیان دەردەکێشن وچەشنی کەوچکی بەراوەژوو دەیخەنە نێو ئاو و، ئاوەکە دەچلپێنن و بەم چەشنە ئاو هەڵدەکێشن و دەیخۆنەوە. هەندە ژینەوەرەێکی وە کیسەڵیش لە کاتی خواردنی ترێ ، هێشووی تری دەگرنە ناو دەم. ترێ لە ناو دەمدا دەگوشن، ئاوەکەی دەخۆنەوە و تڵتەکە دەردەنەوە. کیسەڵ ترێ دەچڵپێنی و مێشکی باغەوان وەجۆش دێنێ.
**چڵێس** = نەوسن.
**چلوورە** = دڵۆپەی ئاوی بەر لووساوک و ژێر پەلەسوانە و لک و پۆی دار و درەختان لە زستانی سارد دا دەیبەستێت و دەبێتە سەهۆڵی باریک و درێژی شۆڕ بۆوەوە. لێرە دا مەبەست ئەو کریستاڵ و وردە بللوور و شێشۆقانەیە کە چل چرا عەنتیکەی ماڵی دەوڵەمەندانی پێ دەڕازێندرێتەوە.
**چنۆک** = چاونەزێر، حەسوود، بەئێرەیی.
**چۆش** = دەنگی فەرمانە بۆ ڕاوەستاندنی کەر.
**چۆلەبڕ** = چۆلە بەر = بێ ئاوەدانی، جێگای چۆڵ و دوور لە ئاوەدانی. شوێنی بە لاوەوەی بێ هەست و خوست. چۆلگەی لە ئاوەدانی دابڕاو.
**چووزەڵە**= نێرتکی زۆر بچووک و ناسک و ساوای گژ و گیا و گوڵی سەرەبەهاران.

**چەپرەک** = تێک شکاو، هەڵوەشاو، شەق و شڕ، لە کار کەوتوو، کۆن و بەکار نەهاتوو، سواو و پواو.
**چەپەچاغ**= کێردی قورس و تیژی تایبەتی کەبابچییەکانە بۆ گۆشت ئەنجنین.
**چەپەر** = پەرژین و دیواری چندراو بە شووڵی باریک و ناسکی داری لاوێن ..
**چەت تێ خستن**= چەت تێهاویشتن = بریتی لە کار تێکدان. کەسێک یان لایەنێک بە ئەنقەست، ئاستەنگ دەخاتە سەر ڕێگای بڕیارێک بە مەبەستی سەرنەگرتن و هەڵوەشاندنەوەی.
**چەقڵەسەما**= هەڵبەز دابەز ، سەما و هەڵپەڕکێ، خۆ هەڵاویشتن و شادی دەربڕین.
**چەق و تەف** = کوڵ و کۆ ، کەف و کوڵ ، یا و تێ. مەبەست سەرهەڵدانی ئاسەواری گێرمە و کێشەیەک لە سەرەتای کار و بەرنامەیەک دا.
**چەکمە ڕەق** = خان و ئاغا و بەگلەری توند و تیژ. دیکتاتۆڕ. خاوەن دەسەڵاتێکی تووڕە و تۆسن.
**چەڵەمە** = کەڵەوە، ئاڵقەی دارینی سەر قەیاسەیە کە لە ملی گاجووتان دەکرێ لە کاتی جووتکردن دا.
**چەم و خەم** = تەرز و شێوەی کار، چۆنییەتی کار و کرگار. هەوراز و لێژ ، ئەگەر و مەگەر.
**چەنەڕەوان**= قسەزان، خۆش دەم و ڕاوێژ، خۆش قسە.
**چەواشەبوون** = تێکچوون، حەیران بوون، سەرگەردان بوون، گومبوون.

**چێ کردن** = سازکردن، دروست کردن، جێ بەجێ کردن.
**چیم** = مێرگ و چیمەنی بە پێمەڕە و بێڵ و خاکەناز هەڵقەندراوی لە بەر هەتاو وشک بۆوەوە. لە هەندە شوێنێکی کوردستان، بۆ دیوار هەڵچنین لە چیم کەڵک وەردەگرن و خانووی پێ ساز دەکەن. ئەو شیوە دیوار دانانە لە مەڵبەندی ئاختاچی ـ نزیک شاری بۆکان ـ مەهاباد ـمیاندواو، لە چیم کەڵک وەردەگرن.
**چێو**= دار.
..................................

ح
**حاشاندن** = نواندن، نیشاندان.
**حاند** = دەم ، کات ، جێگە و ماوەی دیاریکراو.
**حاندی حاسڵاتان** = جەنگەی دروێنە و هەڵگرتنەوەی خەلە و خەرمان. کاتی گەیشتنی بەر و بوومی وەرزێری و ئاژەڵداری.
**حوشتر** = وشتر.
**حەزیا** = هەژدیها.
**حەشاردان** = شاردنەوە.
**حەوتەوانەی عاسمان** = پەڕپەڕۆچکەی عاسمان. حەویقی عاسمان

..............................

## خ

**خاکەڕۆ کردن** = هەڵگرتنەوە و گسک لێدانی جێ خەرمان. هەڵگرتنەوەی ئاخر دەنکی بەرهەم لە سەر جێ خەرمان.

**خاوەن شکۆ** = خاوەن دەسەڵات، خوداوەندی بەوەج ، پێش ناوێکە بۆ مرۆی مەزن و سەرۆکی دەوڵەت و حکومەتان دەکار دەکرێت.

**خڕەکەی ماڵ** = مەبەست منداڵی سەروپێچکەی نێو ماڵە.

**خرینگە و پرپرە** = وردە ئامرازی ڕازاندنەوە، سڵسڵە و پڵپڵە.

**خەلۆل** = ئەستوور، بە سەرە ئێسقان و جگی لوولاکی ئاژەڵی مەزنیش دەگوترێ.

**خۆ بە دار و بەرد دادان** = مەبەست هەوڵ و تێکۆشانێکی لە ڕادە بەدەرە.

**خودان** = خاون.

**خۆڕانان** = خۆنیشان دان، خۆ وەبەرچاودان، خۆهەڵکێشان.

**خورپە** = ڕاتڵەکانی کوتوپڕی دڵ.

**خورت** = گەنج، جحێڵ، لاو، تازەپێگەشتوو.

**خۆرەزەک** = نەخۆشینێکە لە قوڕگی ئینسان و باڵندان دا پەیدا دەبێت. خۆرەزەک گرتوو، دەکۆخێت و دەنگی دەرنایە. لەوانەیە وشەی خۆرەزەک هەر

خروسەکی فارسی بێ کە پەڕیبێتە ناو زمانی کوردی، بەتایبەتی مەڵبەندی موکریان.

**خۆ سوور کردنەوە**= خۆ ئامادەکردنی مریشک بۆ هێلکەکردن و کڕ و کورک بوون لەسەر هێلکە بۆ سازکردنی جووجەڵە. خۆ سوور کردنەوە بۆ ژنانێکیش دەکار دەکرێت کە دواى مردنی مێرد یان جیا بوونەوەیان، خۆیان بۆ مێردکردنێکی دیکە ئامادە بکەن.

**خۆگێزراندن** = خۆ خافلاندن، خۆ گنخاندن، قونەدزەکردن لە کاتی ئیش و کار دا.

**خۆ گنخاندن** = ساوە ساوکردن لە بڕیار دا. فسکە فسک کردن لە ئەنجامدانی کار دا.

**خوناوکە** = وردەبارانی نەرم و هێدی.

**خۆیان** = کلۆشی گێرە نەکراو.

**خەجلان** = خەجلین ، شەمزان ، شڵەژان، ڕاچڵەکین، تێکچوونی کوتوپڕ.

**خەز و بەز**= چەوری و بەزی لەش و لاری مرۆڤ و ئاژەڵ.

**خەشیم** = فێر نەکراو، کار نەزان، دەست و پێ سپیلکە.

**خەشیمی خاو**= مرۆی کار نەزانی گێلۆکەی دەست و پێ سپیلکە.

**خەملاو**= جوان کراو، ڕازاوە، نەخشاو.

**خێشک** = تەختەیەکی قورسە لە کاری وەرزێڕی دا بۆ ورد کردنی گڵمتک و کەرسەکی زەوی دەکار

دەکرێ. ئەو تەختە قورس و درێژە بە شانی ئاژەڵی گەورەی وەک گا و کەر و ئەسپ بە سەر زەویدا ڕادەکێشرێت. بەڵام تەکنیک ئەم کارەی زۆر هاسان کردۆتەوە.
**خێرۆک** = دەغڵێک کە لە تۆوی ڕژاوی خەرمانیساڵی پێشین ڕوابێتەوە.

.........................................

د

**داپڵۆسین** = دارکاری کردنێکی خەست و خۆڵ، پێداکێشان ، لێ ڕاکێشان، سەرکوتانەوە.
**داک** = دایک، داڵک.
**داگژان**= بە هەموو هێز و تواناوە بە سەر کەسێک دادان. هێرشی کوتوپڕی لەپڕ دا.
**درمغ** = خەپە = شانەیەکە لە ئاسن سازکراوە، کە تایبەتە بە کۆکردنەوەی کڵۆش و گژ و گیایە. ئەو ئامێرە لە کاری وەرزێری و باغداری و سەوزیکاری دا دەکار دێت.
**دڕدۆنگ** = دوو دڵ ، دڵ بە گومان، بەدگومان.
**دزێو** = ناشیرین، ناحەز ، ڕزاتاڵ ، بەدگۆشت، ناشیرین. ئەم وشەیە زیاتر لە موکوریان، بەتایبەت لە مەڵبەندی مەنگوڕان دا دەکار دەکرێت.

**دڵگوشا** = دڵخۆشکەر، شوێنێک کە دڵی لێ دەکرێتەوە.
**دڵمەند** = دڵشکاو، دڵ ئێشاو، بەگلەیی.
**دڵە ڕاوکە** = دوو دڵی، دڵ نیگەران.
**دەغەزپەڕێن** = لابەر و وەلابەری دەرد و ئازار و نەخۆشی. دەرمانی دەرد و کەسەران.
**دووباد** = بارەبەری پتەو و بەهێز . ئەسپ و ئێستر و گوێدرێژی پان و پۆڕ و بەتوانا.
**دووپێ دە پێڵاوێک کردن** = مەبەست گرنەگرتن و مانگرتنە. ئیلا و بیلا هەر دەبێ وابێ.
**دووزام** = گولی ، گول بوون، نەخۆشینی پیسی.
**دەخۆ نووسان** = هەوڵدانی لە ڕادە بەدەر. خەباتی توند و تیژ لە یەکدم دا.
**دەرد دە نێو کەوتن** = نەخۆشی تێکەوتن، ئازار تێکەوتن، نەخۆشبوونی تێکڕایی.
**دەروو** = دەرفەتی ڕزگار بوون، دەرەتان ، ڕێگا ، ڕێگای دەرباز بوون.
**دەرفرتا**= دەرکرا، ڕەپاڵ نرا، ڕاونرا، ئاوێکی زۆر، کە بە تەوژمێکی توند لە کون و کەلەبەرێکی تەنگەبەر بێتە دەرێ.
**دەرووی بەخێر** = دەرەفەت و دەرەتانی بەخێر و سلامەت، ڕێگەی نەجات و دەربازبوون، هومێدی هەستانەی نەخۆش لە سەر جێ و بانی ناسازی.
**دەست لە قاپێک دا گەڕان** = مەبەست کلک لێهاڵاندنی چەند کەسێکە بە مەبەستی ئەنجامدانی

پلانێک. چەند کەسێکی کە دەستیان دابێتە دەستی یەکتر بۆ بەرێوەبردنی بەرنامەیەک.
**دەستەمۆ** = ڕام ، ئاژەڵی ماڵی و ئۆگری مرۆڤ. گیانداری ڕامی ئینسان.
**دەسپێک** = سەرەتای کار.
**دەستەجلەو** = دەسکە هەسار.
**دەست ڕژد** = دەست و مست قووچاو، چرووک ، پیسکە، لەچەر.
**دەست لێوەشاندن**= لێدان، بیرازکردن.
**دەستەبەر**= وەئەستۆ گرتن، لە مل گرتن، (ضمانت)
**دەسندەخۆر** = بەردەماوخۆر، نان بە منەت خۆر، مرۆی کارنەکەری چاو لە دەست، نۆکەر سفەت.
**دەماو** = وەجۆش هاتوو، بە جۆش و خرۆش ، گەرم داهاتوو، بە ئاگر داگیراو.
**دەم و پەل ڕەوان** = بە دەم و دوود، قسە ڕەوان و خۆش قسە، خوش ڕاوێژ.
**دەم هەراش** = دەم کوێخا، زۆر بڵێ ، دەمەوەڕ ، تامەزرۆی قسەکردن، درێژە دادڕی کردن.
**دەنگ و دەو** = وتەوت، واتەوات، قسە و باس، شایعە.
**دێوەزمە**= جندووکەی خەیاڵی کە منداڵ و مرۆڤی ترسنۆکی پێ دەترسێنن. مێردەزمە.

.................................

ڕ

**ڕابوون** = هەستان ، لەخەو هەستان ، لە جێ هەستان ، ڕاپەڕین.
**ڕاپسکان** = لەپڕ هەڵبەزینەوە، لەپڕ دەرهەڵبوون.
**ڕازان** = ڕاکشان ، تخێل بوون، وەرکەوتن، خەوتن، نوستن.
**ڕازی لە بن سەرپۆش** = قسەی نهێنی، پلانی دارێژراوی تەواو نهێنی، هەر کەین و بەینێکی کە شاراوە بێت.
**ڕاڕایی** = وازی وازی ، دەمدەمی، هەردەم لە سەر هەوایەک.
**ڕاستە تەختە** = ڕەنگ و ڕووی ڕاستەقینەی هەر شتێک.
**ڕامان** = بیر لێکردنەوە، بەبیردا چوونە خوار، سەیرکردن.
**ڕامووسین** = ماچ.
**ڕاوێژ** = پرس و ڕا .
**ڕایەخ** = ڕاخەر، هەرچی بۆ ڕاخستن ببێت.
**ڕفە** = ڕفحە = تاقەیەکی بەرز و زۆپە کە جاران لە بەرزایی دیواری ماڵاندا ساز دەکرا و شتومەکی ماڵیان لەسەر دادەنان.
**ڕۆڵەی ڕۆژ** = کوڕی ڕۆژ، بەپیاوی هەلپەرستیش دەگوترێ.

**ڕووگە** = قیبلە، ئەو لایەی کە دیندار ڕوو بە ڕووی ڕادەوسەتێت و نوێژ دەکا. ماڵی کابە.
**ڕەبەق** = تەواو ، پڕ ، لە سەتا سەت ، (مطلق).
**ڕەپستە** = ئاوەنیا، دەغڵێک کە زەوییەکەی لە پێشدا ئاو درابێت و دوایە تووی پێدا پرژابێت و شین بووبێ و زستانی بەسەر دا هاتبێت و لە بەهار دا هەڵی دابێتەوە.
**ڕەتگە**= قۆناخ ، سەر و بەند. (مرحلە).
**ڕەجاباهێن** = ڕەنێو هێن ، سازکەر، دروستکەر ، پێکهێنەر، کەسێکی کە بەرهەم ڕەنێو دێنێت.
**ڕوخسان** = ڕەخسان = لووان ، ئیش و کارێکی جوور بوو، بەدی هاتنی کارێک.
**ڕەزاتاڵ** = ئێسک گران ، بەدگۆشت ، بەدگووز، ناشیرین، ناحەز، دزێو.
**ڕەسەن** = ڕەگەز خاوێن، بنەچە عەسڵ.
**ڕەفیچکە** = ماسوولکە باریکەی پشتی ئەژنۆ.
**ڕەوت** = تەرزی بەڕیدا چوون، شێوەی ڕۆیشتن.
**ڕەوەدە** = بە گەللایی ، تێکڕا ، بەپانەوە، بە پۆل. هاتن و دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵ . وەک ڕەوەدە سەگ . ڕەوەدە گورگ و
**ڕەهەندە** = دەربەدەر ، ئاوارە ، پەڕیوە.
**ڕێبازگە** = خەتی فکری، بیر و باوەڕ ، چەشنی بیرکردنەوەی ئایینی و سیاسی. شوێنی پێدا ڕۆیشتن.
**ڕێژە** = بارستایی ، ئەندازە، پێوانە.

**ڕیس** = خوری و لۆکەی بادراو بە تەشی یان خەڕەک.
**ڕیسی ئەستۆ** = مۆرەی پشتی مل.
**ڕەمەق** = تاقەت، توانا ، هێز، وزە.
**ڕەواق** = شیلە، ماجووم.

......................................

ز

**زاخاودان** = قایم کردن، پتەوکردن، چەسپاندن. بریتی لە هێورکردنەوەی بار و دۆخی تێکچووی کەسێکە. ئاگایی پێدان و حاڵی کردن. وەخۆ هێنانەوە.
**زارۆک** = منداڵ.
**زاکوون** = یاسا ، قانوون ، دەستوور.
**زایین** = لەدایکبوون، هاتنە سەر دنیا.
**زبڵ و زاڵ** = شتی گەسک لێدراو. کەلوپەل و وردەشتی بێکارەی شیاوی فڕێدان.
**زریوە و قریوە** = پاڕازیت ( هانی هانی ).
**زمهەر** = ئارد و ئازۆقەی زستانانەی ماڵێک لە ساڵێک دا.

**زوڵاڵ** = ڕوون و ڕەوان و بێ گرێ و گوڵ، خاوێن و پاک و بێگەرد.
**زۆنگ و زەل** = باتڵاغ ، هەردی تەڕی پڕی شلە قوڕی ترشاو.
**زەمەند** = هەردی پڕ لە گژ و گیا.
**زێد** = شوێنی لە دایکبوون، نیشتمان ، وەتەن ، وڵات.
**زیت** = وشیار ، وریا . وشیار.

..................................

ژ

**ژێڕا** = ژێرۆک ، ئەوانەی لە خوار سەرۆکانن، ژێردەستەکان. توێژ و چینی خوارووی کۆمەڵگا.

..............................

س

**سانی** = سووک و هاسان.
**سڕک** = قوشقی، ڕەوەک، ئاژەڵ و پەلەوەری ترساوی لەسەر هەڵاتن و خۆ دەربازکردن. سڕک و سڵ.

**سفت و سویَ لـیَ بڕان** = دەرد و ئـازار و نـەخۆشی لـە کۆڵ بوونـەوە. ساخ بوونـەوەیـەکـی دوای نـەخۆشـی.
وەک گویَزی ئـازا ساغ و سلامـەت بوونـەوە.

**سڵ** = قوشقـی، ڕەوەک ، ئـاژەڵ و پـەلـەوەری ترساوی لـە سـەر هـەلاتن.

**سللار بوونـەوە** = بـەلاداهاتن ، پیَڕاهـاتن، مردن.

**سەنگ**= قورسایی ، کیَش، بریتی لـە قـەدر و بایـەخـی شتیَک یان کـەسیَک.

**سۆڵ** = سـەهۆڵ.

**سول** = کـەوش ، پیَلاو.

**سۆپە** = سۆبـە، کوورە.

**سۆغرەکاری** = ئیش پیَکردنـی بیَ مزە و ماف ، بیَگاری پیَکردن. دەکارکیَشانـی ئینسانیَک بـەبیَ بایی.

**سۆنگە** = هۆ ، سـەبـەب ، لـەبـەر ، بـەهۆی.

**سەربڕانـە** = جـەژنیَکە لـە کوردستاندا کـە بـە بۆنـەی تـەواو کردن و پیَکهیَنانـی کاریَکـی تیَکڕایی و بـە هـەرەوەز بـەڕیَوە چوو. وەک دانانـی گزرە و گیای تفاقی ئـاژەلان بۆ وەرزی زستان. هـەڵچنین و سەرگرتنـی قۆری و کیشە گیای پاییزان .

**سەربـەسـەر** = تیَکڕا ، تـەواو، بـە تیَکڕایی، سـەرجـەم.

**سەرپـەڕ** = سـەرووتر، سـەرتۆپ ، شانز ، شتیَکـی هـەرە باشی لـە هـەمووان باشتر.

**سەرپیَوەنان** = بـە پۆل بۆ شتیَک چوون، بـەتیَکڕایی دەست بـەکار بوون، بـە هـەرەوەز دەکاریَک ڕۆهاتن،

بە پۆل سەرهەڵدان، بە کۆما شین بوونی کژ و گیا و دەغل و دان .

**سەرزەدە** = بەبێ پرس و ڕا، چوونی ماڵێک بەبێ خەبەرپێدان، گۆترە و ڕەمەکی سەردانی ماڵێک کردن ، بەبێ لە دەرگادان چوونە ژوور.

**سەرکردنەوە** = خەوتن بە لای کەسێک، نوستن، پشوودان ، سەرخەو شکاندن.

**سەرگران** = تەمەڵ ، تەوەزەل، گوێ نەبیست.

**سەر لە دار و بەرد دان** = مەبەست هەوڵ و خەباتێکی لە ڕادەبەدەر و بێ وچانە کە لە پێناو بە ئەنجام دانی کارێک دەکار دەکرێت.

**سەر و بەر پێک هێنان** = مەبەست تەواوکردنی کارێکە، تەواو کردنی کارێکی نیوەچڵ.

**سەر و گوێ ئاودان** = گوێ قوڵاغی و هەست ڕاگرتن بۆ دەرخستنی نهێنییەک ، هەوڵدانێک بۆ حاڵی بوونی نهێنی کاریی دەزگایەک.

**سەرەڕۆ** = دەست بۆ ئیش و کار بردن بە گەللایی و نەزانی، بەبێ قانوونی جووڵانەوە، کەسێک کە گوێ لە فەرمان نەگرێ، قانوون شکێن، منداڵی نەسرەوتی گەڕۆک.

**سی** = سیپەلک، سیپەلاک.

**سیفک** = سێڤک = پەتاتە ، سێفەزەمینی ، یەرلْماسی.

**سێرەگرتن** = بە وردی سەیری شتێک کردن، لە کونی جاسووسەی تفەنگەوە سەیری نیشانە کردن.

**سێوەڕە** = سێپەڕە = گیایەکی سێ پەلکە لە بنەماڵەی وێنجەیە. دەڵێن دیتنەوەی سێوەڕەیەک کە چوار گەڵای هەبێ، نیشانەی هات و شانسی باشە.

## ش

**شاز**= شانز= هەڵکەوتە، تاقانە، شتێکی باشی لە هەموو باشان باشتر.
**شاڵاو بردن**= هێرش بردن، هەڵمەت بردن. وەک سێلاو ڕژان بە سەر کەسێک یان لایەنێکدا.
**شفرە** = بڕەی بەراز، ددانی تیژو درێژی بەراز کە ئامێری شەڕ و ئامرازی زەوی هەڵدڕینە بۆ دەرهێنانی پنج و ڕەگی گژ و گیا.
**شڵەژان** = تێکچوون، چرژان، دەست و پێ لێ تێکەڵ بوون.
شڵێنگ لە خۆ دان = خۆ ئامادەکردن بۆ کارێک، شەتەک دان لە خۆ.
**شوورە** = وارشە، دیواری بەرزی بەردینی قایم و پتەو.
**شەبەق** = شۆق، ڕووناکی، تیشک.
**شەڕي زێڕینگەرانە**= بە شەڕە چەقەیەکی درۆیین دەگوترێت کە دوو لایەن بە قازانجی خۆیان و بۆ فریودانی پیاوی ساویلکە دەکرێت.
**شەقڵ** = ئامرازێکی وەرزێری و جوتکارانە کە لە تەختە و دار و ئاسن چێ دەکرێ و شەوانە دەغڵ و

دانی سەر خەرمانی پێ نیشانە دەکرێ کە ئەگەر دەست پیسێک دزی کرد، شوێنی شەقڵ شکاوی دەغڵەکە باسی ئەوە بکات کە دزی لێکراوە.

**شەقڵ نەشکاو** = دەست لێنەدراو، شوێن نەشکاو.

**شەکانەوە** = وەجووڵە کەوتن، لەرینەوە، لەرزانەوە و ڕاژان. وشەیەکە بۆ ئاڵا دەکار دەکرێ. ئاڵای زەحمەتکێشان لە بان سەری ئاپۆڕای خەڵک دەشەکایەوە.

**شەڵتە** = کوتراوەوەی گژ و گیای تایبەت بە سارێژکردنەوە برینی لەش ، کە بۆ داو و دەرمان دەکار دەکرێت.

**شەمزان** = ژاکان، تێکچوون.

**شەن** = شەنە= دارێکی درێژی پڕ بە دەستی مرۆڤە، کە چوار چنگەیەکی ئاسنی بە سەرەوەیە. شەن یان شەنە، تایبەتی کاری باغەوانی و ورزێرییە. وێنجە و باقە گیان پێ هەڵدەگرنەوە.

**شەوچەلە** = شەوچەرە= لە شەوگاری درێژی پاییز و زستانی کوردەواری دا، دوای نانی شەوانە، دەرەنگانێک کشمیش و گوێز و خورما و هەنجیر و هەنار دەهاتە ژوور و بە خواردنی ئەوانیش کەمێکیان لە شەو دەبرایە سەر.

**شەوە**= مۆتەکە و جندۆکەی خەیاڵی. پیرێژنان دەیانگوت کە دوو ئافرەتی منداڵ مردوون کە لە غەیبەوە دێنە سەر جەستەی ژنی زاو و، دەست لە زارۆک دەوشینن و بە مردوویی جێی دەهێڵن .

منداڵی تازە لە دایکبوو، نێوکی بە تیخەڵەیەکی پیس دەبڕدرا و منداڵەکە تووشی نەخۆشینی (کوزاز) دەبوو و دەیکوشت، کەچی مردنی زارۆکیان بەسەر ژنێکی ئەفسانەیی دادەهێنا.

**شێلگیرانە** = پێداگرتن و سوور بوون لە سەر ئەنجامدانی کارێک. بەردەوامبوون و نەسرەوتن لە ڕێ و ڕێبازێکدا.

**شێو** = خورد و خۆراکی شەوانە. نانی شەوێ.

شیو = دۆڵ، دۆپ

**شێوەرد** = زەوی و زاری کێڵدراوی هێشتا دانەچێندراو.

**ف**

**فڕ پێوە نەبوون** = لاتەرک لە شتێک، کەسێک کە ببڕای ببڕا ئەو شتەی نەبێ، کە پێوەی دەلکێنن.

**فرە** = زۆر. زێدە، زەبەن.

**فراوێن** = نانی نیوەڕۆ.

**فوو لە دۆ نەکردن** = بەبێ لێکدانەوە و خوێندنەوەی کار و پیشەیەک، گەللایی خۆ پێدادانی.. لە شتێک نەگەیشتن و دەست تێوەردانی.

**فەڕ** = پیت ، خێر، بەرەکەت، پیرۆزی، بەهرە.

**فەرتەنە**= ئاژاوە، پشێوی، هەرا، کەس بە کەس، هەرکی هەرکی، تۆفان.

**فەرخە** = بەچکە مەل و دەعبا و جڕ و جانەوەر.

**فەریح** = فرەوان، ئاواڵە، بەرپان، بەرئاواڵە، شوێنی فرت و فرەوان و بە جێگا و ڕێگا.
**فیشاڵ** = درۆ ، بافیش ، دەلەسەی بێ ناوەرۆک.

## ق

**قازاخ** = جوان، زەریف، پاک و خاوێن.
**قاوەڵتوون**= قاوەڵتی، نێوان بەیان و نیوەڕۆ.
**قریپۆک** = ڕزیو، وشک هەڵاتوو، وردیلەی سووکی پووخاو.
**قرخەبڕکردن** = خنکاندن.
**قڕنیس**= پیس، لەچەر. چرووک، دەست و مست قووچاو، خێر نەدەرەوە.
**قڵپ کردنەوە**= ڕشتنی شتی ئاوەکی و تراو، هەڵڕشتنی ئاو ، ماست، دۆ، دۆشاو و شتی وەک ئەوانە.
**قنج** = ڕاست و ڕەپ و بێ گرێ. جحێل.
**قنیات** = سەبووری ، سووکنایی پێداهاتنی دوای پەژارە و خەم.
**قۆپەن** = لزگە، دەستە، گلۆڵە، شتی هۆندراوەوە و پێکەوە بەستراو؛ وەک قۆپەنی موو.
**قوت** = زۆپ، قیت، گیانداری سرک و سڵی لە سەر هەڵاتن.
**قۆز** = جوان و لەبار، چەلەنگ ، شیرین، ژیکەڵانە.

**قوماری پەڕەخاڵان** = ئەو قومار و وازییانەی کە بە (کارت) دەکرێن وەک پۆکەر و ...
**قوم بوون** = ڕۆچوون، چوونەخوار لە ئاو دا، ڕۆچوون لە زۆنگ و زل و زەلکاوان دا. قوم بوون لە خۆشی دا.
**قەببە**= زل ، ئەستوور، قەڵەویی لە ڕادە بەدەر.
**قەبرغە**= بۆشایی دوو لا پەراسووی گیاندار. خاڵیگە، خاڵگە.
**قەپۆز** = دەم و لووتی یەک سم و دوو سمان.
**قەرار و مەدار** = وادە و بەڵێن.
**قەراغ نووشتاندنەوە**= شاردنەوە و حاشالێکردنی شتێک، شاردنەوەی بەشێک لە ڕووداوێک.
**قەرەبوو کردنەوە**= بژاردنەوەی زەرەر و زیان، تۆڵە بۆ کردنەوە، گەڕاندنەوەی زیان و زەرەر.
**قەرەوێڵە**= تەختی لە سەر خەوتن.
**قەشاو** = ڕنەکی تایبەت بۆ خاوێن کردنەوەی لەش و لاری ئەسپ و ماین.
**قەڵاتە** = قەڵادە = بازنەیەکە لە ئاسن سازکراوە کە لە ملی سەگ و تانجی(تاجی)ی دەکرێت. قەڵاتە لەملەکان، نیشان دەدەن کە سەگ و تانجییەکان ژیرەک و ئازان.
**قەڵافەت** = لەش و لار، بەژن و باڵا.
**قەڵبە** = عەیبە ، چڤڵ و دڕک و تەل و تیکان.
**قەڵغان** = مەتاڵ = چەکێکی قەدیمییانە کە لە پێستی کەرگەدەن یان لە کانزا ساز دەکرا. شەڕکەر

بۆ پاراستنی سەر و سنگ و پشتی خۆی لە بەر شیر و ڕمب و گۆپاڵی دوژمن، بە دەستەوەی دەگرت و خۆی لە ژێڕ دا حەشار دەدا.

**قەڵاچۆکردن**= قڕان تێخستن، کوشتاری بەگشت لە دێ و لە شار.

**قەمتەر** = ئاڵقەیەکی ئاسنە، کە بۆ دەستەمۆکردن و بەربار کردنی ئاژەڵی وەک گاجووت، ورچ، بەراز و وشتر، لە لووت و لمبۆزیان دەکرێت.

**قەیاسە** = باربەندی پانە کە لە قایش ساز دەکرێت. قەیاسە بۆ بەستنی باری سەر پشتی کەر و وشتر و ئەسپ و ئێستر و گاجووتان دەکار دەکرێت.

**قەیران** = تەنگانە، جەنگەی کەساسی و دەست کورتی و پەرێشانیی باری ئابووری.

ک

**کابووس** = مۆتە= لە خەو دا جاری وا هەیە بەشێک لە ئەندامەکانی لەش تووشی قورسایی دەبن و ڕەوتی خوێن وەک نۆڕماڵ بە ڕەگی خوێنی دا تێپەڕ نابێت و مرۆڤ دەکەوێتە پشوو سواری و هەست بە خنکان دەکا. خەڵکی قەدیمی بە هۆی کەم و کزبوونی زانست و زانیاری، بە فەلسەفەی خۆیان وڵامی ئەم بار و دۆخەیان داوەتەوە و گوتوویانە کە جندۆکە سواری سینگی مرۆڤ دەبێ.

**کاسەجیرانەتی** = سەردەمی زوو، لە کوردەواریدا، دەر و دراوسێ هەر ئەوەندە پێکەوە یەک ماڵ و برا

و تەبا و ڕەبا بوون، کە تەنانەت لە چێشت و نان و سفرەش دا یەکتریان لە بیر نەدەکرد. دراوسێ لە نان و خوانەکەی خۆی بەشیکی بۆ جیران دەبرد. بەمەیان دەگوت: کاسە جیرانەتی.

**کازیوە** = بوولێڵی بەیانان.( لە وشەی کاذبەی عەرەبی وەرگیراوە).

**کالانەی دەم** = قوڵکەی دەم، کالانی زوان.

**کاولاش**= ئاشی کاول کراو.

**کتکە** = پشیلە، پشی، گورپە.

**کرم لە کەوڵ کەوتن**= مەبەست وەسوەسە و ئارەزوویەکی زۆر بە هێزە لە مرۆڤ دا، کە بۆ زانین و ئاگاداربوون لە شتێکی شاراوە، نیشانی دەدا. لەو حاڵەتە دا دەڵێن کرمی دە کەوڵ کەوتووە و هەتا نەزانێ چ باسە، واز ناهێنێت.

**کسۆک**= سەگ ، گەماڵ.

**کڵۆش** = قرش= ساقەت و لاسکی دەغڵ .

**کوتوپڕ** = لە پڕا، دەم و دەست، چاوتروکانێک.

**کۆتەڕە دار**= کۆلکەی دار ، قەدی دار، ئەستوورایی دار.

**کۆڕژن** = حیلەی ئەسپ.

**کووز**= خەت

**کووز کووز** = خەت خەت، شوێن شوێن بوو.

**کوڕي دەی دەی!** = کوڕە دادەی! = دەنگی سەرکردە یان دەنگی باوکێک کە ژێر فەرمانەکانیان بۆ ئەنجامی کارێک هەڵ بخرێنن. بانگێک بۆ

وره‌پێدانی سه‌رباز و پێشمه‌رگه‌، له‌ ده‌می هه‌ڵمه‌ت بردن دا.
**كۆڵه‌ كوتراو** = له‌ توانا كه‌وتوو، شه‌ل و شه‌كه‌ت و شێواوی ئیش و كاری گران.
**كۆیله‌** = به‌نی، دیل، به‌نده‌، كۆڵه‌.
**كه‌روێشكه‌**= كه‌ورێشكه‌= بزووتنه‌وه‌ و شه‌پۆل هه‌ڵگرتنی شینكه‌ی بالاَبه‌رزی سه‌وزه‌لاَنان به‌ده‌م شنه‌ی با ڕاده‌خوشێت. له‌نجه‌ و لاری ده‌غڵستانی گه‌نم و جۆی ئاخر به‌هاران به‌ ده‌م نه‌رمه‌ شنه‌ی ئێواره‌ ده‌مان ، كه‌ورێشكه‌ یان كه‌روێشكه‌ی پێده‌گوترێت.
**كه‌شم** = دۆخ، چۆنییه‌تی، حاڵه‌ت.
**كه‌شه‌ف** = ده‌فرێكی پان و په‌له‌ كه‌ جاران له‌ مس و مسوار ساز ده‌كرا، به‌لاَم ئێستا هه‌ر له‌ نایلۆن ساز ده‌كرێت. زۆرتر له‌ به‌ر شێره‌ی سه‌ماوه‌ر داده‌ندرا. شوتی و كاڵه‌ك و میوه‌شی له‌ سه‌ر قاش ده‌كرا بۆ میوانان.
**كه‌فته‌كار** = له‌ كار كه‌وته‌، هه‌ڵپه‌سێردراو.. پیری زۆرهان.
**كه‌فه‌ڵووك**= كه‌ف و كوڵێ سه‌ر چێشت و شیر له‌ كاتی كوڵێن دا. شتی شل بۆوه‌وه‌ی بێ پێز. پێستی له‌شی ژینه‌وه‌ری قه‌ڵه‌و، كه‌ به‌ هۆی پیری و نه‌خۆشی داكه‌وتبێت و داچۆڕابێ.
**كه‌ڵته‌كردن**= ده‌وڵه‌مه‌ند كردن، نوێ كردنه‌وه‌، خه‌نی كردن، بۆشناغ كردن، پیتاندن.

**کەڵپە قەند** = کلۆیەک قەند، دەنکە قەند.
**کەلەلا** = پەرێشانحاڵ، کەوتووی نەخۆشی، خەستەی دەستی پیری و زورهانی.
**کەڵەوەکیش** = سەرسەخت و کەللەڕەق. نافەرمان و لاسار و گوێ نەبیست.
**کەوشەن** = سنوور = تخووب.
**کەوڵ** = سفرەی نان و خوان، جاران لە پێستی ئاژەڵ، بەتایبت لە پێستی بزن ساز دەکراو پێیان دەگوت کەوڵی نانی.
**کێرد و پەنیر** = مەبەست دوژمنایەتییەکی توند و تیژی بەدوور لە ئاشتبوونەوەیە(ئانتی گونیسم)

## گ

**گادۆشکە** = دەفرێکی قووڵی مەزنە، کە گوانی مانگایانی تێدا دەدۆشرێت.
**گازەندە** = گازندە = شکایەت، گلەیی.
**گالسکە** = فایتوون، کەژاوە.
**گاو** = وەخت، کات، دەم.
**گاوێک** = کاتێک، وەختێک، زەمانێک.
**گابۆر** = دەنگی هاواری گاگەل لە کاتێکدا کە تووشی دەرد و پەژارە و ترس و مەترسییەک هاتبن. گریانی بە گوڕ و تینی کەسێک بۆ کارەساتێکی سامناک.
**گابەرد** = بەردی زۆر زل.
**گاز** = شوێن، جێگا، مەکۆ، دەنگ، بانگ.

**گازکردن**= بانگ کردن، هاوارکردن.
**گازەرا**= مۆغەرەی پشت، مۆرەغەی پشت، مووڕووی پشت.
**گاڵەدان**= داخستنی دەرگا، قفڵدانی دەرەکە.
**کاو** = ئاوات، ئارەزوو.
**بە کاوی دڵ شاد بوون**= بە ئارەزووی دڵ گەیشتن. بە ئاوات گەیشتن.
**گرەوەکۆشی**= گرد و کۆ ، کۆکردنەوەی داهات، پاشەنیا، پاشەکەوت.
**گرژ** = خەمبار، کز و خەمبار، تووڕە و ناڕەحەت.
**گرژ**= وێکهاتوو، کۆ بۆەوەوە، گرد بۆەوەوە.
**گرد و مرد**= توند و تۆڵ، گورج و گۆڵ.
**گرفت** = تێگیران، مانەوە لە کار دا، موشکیلە بۆ هاتنە پێش، کێشە، ئاستەنگ.
**گرنەگرتن**= پەڵپ گرتن، بەهانەهێنانەوە، پێ چەقاندن.
**گڕوگاڵ** = بەو دەنگ و سەدایانە دەگوترێ کە منداڵی تازە زمانگرتوو بە دەمی دادێت.
**گریمانە**= فەرزییە، ئەگەر.
**گزرە**= هەمە چەشنە گژ و گیای وردکراوی لێکدراو، کە بۆ تفاقی ئاژەڵ عەمبار دەکرێ بۆ زستان.
**گزە** = فێل، گزی، تەڵەکە، حیلە.
**گزیر**= بەڕێوەبەری فەرمانی ئاغا و نۆکەری ئاغا بۆ کوتانەوەی ژێردەستەکان.
**گفت**= وەعدە، بەڵێن، پەیمان، سۆز.

**گڵپە** = گڕی لە پڕ و ناکاوی ئاگر، زمانەی بە گڕی ئاگر.
**گڵمەت**= گڵمتک= کەرسەک= قوڕی هەڵقەنداوی وشک بۆەوەوەی بەر تیشکی خۆرەتاو.
**گلۆر کردنەوە**= خللۆر کردنەوەی بەرد لە سەراوژێری، جاڵەکردنەوە.
**گڵۆڵە کەوتنە لێژی**= مەبەستی کەسێکە، کە تووشی نەهامەتی هاتبێ. وەک دەڵێن:" گڵۆڵەم کەوتە لێژی.. کەس باشم پێ نابێژی."
**گۆچ** = ژەک، فرچک، یەکەم (ژەک) و شیر، کە زارۆکی ساوا لە گوان و مەمکی دایک دەیخوات.
**گۆڕت** = زەربە= بە تووندی تێکوتان، زەبری توند. وەک گۆرتی کایەی هەڵماتێن(یاریی مێشین، مەرمەڕێن.)
**گووراندن** = ڕسکاندن، ڕەگ پێداکوتاندن، گیان هێنانە بەر، چاندن و ناشتنی دار و درەخت.
**گۆست** = پەنجە، قامل، کلک(بە زاراوەی ناوچەی سۆنقر و بیجار و...)
**گۆشکردن**= پەروەردەکردن، ڕاهێنان، عاملاندن، گۆچ کردن.
**گۆڤەند**= بەزم و زەماوەند، دیلان و شایی و هەڵپەڕکێ.
**گۆڵە**= چەشنە قفڵێکی قەدیمییە کە لە دار و تەختە ساز دەکرا. دەروازەکان بە قفڵ و کلیلە و گۆڵە دادەخران و دەیانگوت دەروازە بە گۆڵە گاڵە دراوە.

**گۆنگە** = ئاوڕۆ، قەناتێکە بۆ ڕاگوێزانی ئاوی باران و چلکاو سازدەکرێت و سەری دادەپۆشرێت. لە ناو مەنگوڕان دا، بۆ دەرکردنی ئاوی ژێر ماڵ و خانوەکانیان، پێشکەکی و بەر لە سازکردن، جۆگەیان بۆ ساز دەکریێ، کە لەکاتی بارژنی زۆر دا، ئاوی ژێر بیناکە کۆ بکاتەوە و دەری بکا؛ بەم تەکنیکەیان دەگوت: قونیێ دەرکردن. بۆ وێنە: ((من دوو ژوورم ساز کردووە و قونێشم لێ دەرکردوون)).

**گووران**= ڕسکان، ڕوان، خولقان، ڕەگ داکوتان، سەوز بوون، خۆ گرتنی نەمای تازە نێژراو.

**گوێ ڕایەڵ** = گوێ بە فەرمان، گوێ لە مست.

**گە** = بەندی پێشە، جەمسەری دوو ئێسقانی بە یەک گەیشتوو کە بە ماسوولکە و تەڕاد و ڕیشاڵی ماسوولکەیی پێکەوە بەند دەکرێن. (مفصل).

**گەپجاڕ** = بوون بە مایەی قەشمەری و گەپ و گاڵتەی ئەم و ئەوان.

**گەڕ** = گەڕان سووڕان، چەرخان.

**گەرماو** = حەمام، شۆرکە.

**گەڕەلاوژە** = گۆڕانی بۆ یەکتر گێڕانەوە، گۆرانی بۆ یەکتر هەڵگرتنەوە.

**گەشە و نەشە**= پێشکەوت، بەرەو زێدەمەیی هەڵکشانی بەرهەم.

**گەلۆ** = خزمینە، ئەی خەڵکینە ! هەیاران ، ئەی یاران.

**گەڵ و کەفەڵ** = سمت و ساتان.

**گەمژە** = گێژۆکە، حۆل و دۆل، ناتەواو، گێل.
**گەندەڵ** = کلۆر، پووخاو، درەختێک کە کرمۆڵ بووبێ و بەرەو ڕزین بچێت.
**گەنمە شامی** = گەنمۆک، سەرداری، گوڵەدان، گوڵەپێغەمبەرە.
**گەوزین**= تل خواردن، خۆ دە خۆڵ وەردانی ئاژەڵ.

## ل

**لاترە** = ڕەت، تل، دەور هەڵگرتنی شتێک لە سەرەولێژ و هەڵدێرگەدا، خۆ بەولا و بەم لا دا دادانی کەسێکی سەرخۆش و مەست.
**لاربوونەوە** = بەلاداهاتن، پێ ڕاهاتن، مردن، سللار بوونەوە.
**لاسار** = سەرسەخت، کەللەڕەق، گوێ نەگر، نەحاواوەوە.
**لاسەرسەنگی** = بێ فەرمانی کردن، نافەرمانی کردن، خۆ بواردن لە یاسا، سەرەڕۆیی کردن.
**لاگر**= لایەنگر، پشتیوان.
**لالووت**= قەڵسی تووڕەی نێوچاوان گرژی نەبان و نەدوێ.
**لاوژە** = ستران، گۆرانی ، قام.

**لاوکۆ** = لاوک = گۆرانی دوور و درێژی سەردەمی کۆنە کوردەواری کە چیرۆکی مێژوویی ئەڤینداری و پاڵەوانی و دڵداری تێدا باس دەکرێت.
**لاوەیی** = لاوەکی، دەرەکی، بیانی، غەوارە، بێگانە ، غەریبە.
**لووان** = ڕوخسان، هەڵکەوتن، دەست دان، جۆر بوون.
**لوور بوون** = بە پڕتاو خۆ بە ژوور داکردن.
**لەبڕان نەهاتوو** = قەت تێک نەچوو، هەتا سەر وەک خۆی مانەوە، هەرمان.
**لە دەست و بوو کەوتن** = لە تاقەت کەوتن، لە توانایی کەوتن، لە ماڵ و سامان کەوتن، مافنگی بوون.
**لەڕی** = کزی، لاوازی.
**لە سەر کاسە بوون** = کاتێک کە ژنی دووگیان دەکەوێتە سەر جێ بۆ زایینی منداڵ، دەڵێن ئەو ژنە لە سەر کاسەی منداڵ بوون دایە.
**لە کەلی شەیتان دابەزین** = لە کەری شەیتان دابەزین = مەبەست کەرە کەرە نەکردن و هاتنە سەر ئەقڵە بۆ کەسێک کە بڕیاری نابەجێ دەدات.
**لە گل کەوتن** = لەپێ کەوتن، شل بوونەوە، تاقەت لێبڕان، کەوتنە سەر چۆک.
**لە گیشە دان** = لە سەر یەک هەڵچنینی باقەی گیا بە ڕێکوپێکی لە سەر یەکتر بۆ دانانی تفاقی زستانانەی ئاژەڵی ماڵی.
**لەمپەر** = نێوان، بەرگر، کۆسپ، ئاستەنگ.

**لەنتەر** = لەنتەری= فانۆس، فەنەر.
**لەنگێزە**= داکردنی بارانی گۆپاڵ باران. قوڕ و چڵپاو، بارانی بە خوڕی بە قوڕ و چڵپاو تێکەڵ.
**لە نووک و بنەوە** = لە بنەڕەت و ناوەرۆکەوە، هەرچی هەیە و نییە.
**لیپاولیپ**= پڕاوپڕ، سەرڕێژ.. لێوان لێو.. لێوا و لێو.
**لێفە لەسەر هەتیو وەلابردن**= مەبەست ئاشکرا کردنی ڕازێکی لە ژێر سەرپۆشە، لێ لە هەڵلادان، لێ لە قاو دان.
**لێک وەشانەوە**= ڕێک هاتنەوەی دووشت پێکەوە، دووشتی لە هەر بارێکەوە وێکچوو..[ لێکی یەک دێنەوە شەندە و مەندە ـ هەژار ـ بەرەو موکریان].
**لێوەشاوە**= لێهاتوو.

م
**ماشتن**= ماڵین، ڕاماڵین، گسک لێدان.
**مافەتە**= دەرد، بەڵا، ئازار، ئەفەت.
**ماڵاوا**= لای ئێوەم خۆش، خاترێ وە، خواحافیزتان بێ.
**مالۆس**= مێوە بەراز، دێلە بەراز، بەرازە مێ.
**ماڵوو**= خێشک= ئامێرێکی وەرزێرییە بۆ ڕێک کردنی کێڵگەی هەڵگێردراوەوە. خێشک سەرەڕای کوتانەوەی گڵمتکی ناو مەزراکە، زەوییەکەش ساف دەکات.

**ماڵی کردن**= ڕام کردن، ماڵی کردنی ژینەوەری کەوی و کێوی.
**مخابن**= بەداخەوە، داخ، حەیف.
**مرتاح**= تێر و تەسەل، ئاسوودە.
**مشت و مڕ**= کێشەی دەمەکی، شەڕە چەقە، شەرە جنێو. شەڕە دەندووکە.
**مشەخۆر**= لاورگە، چەورە، مفتەخۆر.
**ملهوڕ**= کەللەڕەق، دیکتاتۆڕ، زۆردار، پیاوی شڕ و دڕی شەڕ فرۆش.
**ملۆزم**= بەلا، جنۆکەی پیاوتۆقێن، مافەتە.
**ملک و ماش** = هەست و نیست، ماڵ و سامان و دارایی، دار و نەداری کەسێک.
**مووچێ**= مووچە= بریتی لەو بەشە کێڵگەیەیە کە جوتکارێک مافی کێلانی هەیە..[ من نازانم بۆچی لە باشووری ولات، مزە ، بۆتە مووچە؟!].
**موو لێ لار نەبوون**= تووشی هیچ کۆند و کەسپێک نەهاتن. دەرچوون لە دەرد و ئازار و زەرەرێک لە ڕووداوێک دا.
**مێگا**= مێ گا= مانگا.
**مووی ناو ماست**= مەبەست فڕ و فێڵی سەر داپۆشراوە.
**موو لە ماست دەرهێنان**= ئاشکرا کردنی پیلانێکی شاراوە. سوور کردنەوەی درۆ و دەلەسەی کەسێک.. ڕوو ڕەش کردنی تاوانکارێک.

**مەڵغە** = دەیلەم = ئامرازێکی درێژی نزیک بە مەتر و نێوێکە لە پۆڵا ساز دەکرێ. چەشنی داردەستێک پڕ بە دەست و مستی مرۆڤە. بۆ ماتەلێدان (کونکردنی) بەردی یەکپارچەی شاخە، کە دوایە بە باڕووت یان(تی. ئێن . تی) دادەگیرێتەوە و پلێتەیەکی تێدا جێ دەدەن، بۆ تۆقاندن و پارچە پارچە کردنی بەرد بۆ کاری بەنایی. برغوویەکی ڕەختە و سەختە لە پۆڵا. تایبەتی دەستی ئەو کرێکارانەیە کە لە کانگای بەرد دا خەریکی کارن.
**مەڵەغان** = شامیلە ، کەرەنتو.
**مەلیچک** = چۆلەکە ، پاساری.
**مێش لە بەر دەم هەڵنەفڕین**= دەنگ لێوە نەهاتن، هیچ هازە و نووزەیەک لە بەر نەهاتن، دەنگ دەرنەبڕین، مەبەستی مرۆڤی فەقیرۆکەی بێ دەم و دوودی مردە لۆخەیە.

ن

**ناتەبا** = نالێک ، دژبەیەک.
**ناخونەک لێدان**= دەست بردن و خواردنی میوە و خواردەمەنیی دوکانان بەبێ ئیزن و ئیجازەی خاوەنی دووکان.
**ناشکوایی**= هەژاری ، فەقیری، بێ ئەنوایی.
**ناشێ** = نابێ.

**نان بە نرخی ڕۆژ خواردن**= مەبەست هەلپەرەستی یە.
**نواڵە** = شوێنی بەر سێبەری چیا، لاپاڵێک کە تیشکی هەتاو کەمتری بگرێتەوە.
**نواڵە** = بابۆڵەی هەویر، کە بۆ هەندە ئاژەڵێکی ماڵی چی دەکرێت.
***نوخشە***= دەغڵ و دانی فەریک و نیوە گەیشتوو.
**نردوو** = نوردوو= دەستە نانی پێچراوەوە.
**نەبان** = نامۆ ، نەدویٚ.
**نەریت** = داب و دەستوور، ئاکار و خوو و خدەی جێگرتووی ناو کۆمەڵگایەک.
**نیر**= دارێکە دەخرێتە سەر ملی گاجووتان لە کاتی زەوی کێڵان دا.
**نەیار** = دوژمن ، دژ، دژمن.
**نەیدەکاری** = نەیدەتوانی، لە توانای دا نەبوو، دەرۆستی نەدەهات.
**نێوبژایەتی** = نێوبژی = مەسلەت، داوەری کردن لە نێوان دوو یان چەند کەسانێکدا بۆ تواندنەوەی کێشە.
**نێو زڕاندن**= نێو بردن، باس کردن، پاشملە باسکردن.
**نەخۆشەر** = **لەپە، لەتکە نۆل**

و

**واتە وات**= وتەوت= قسەی دەمی ئەم و ئەوێک سەبارەت بە ڕووداوێک، کاوێژ کردنی قسەی دەم و زاران.

**وزە** = هێز ، توانا، تاقەت.

**وڵوڵە** = ورورە= گەرا هێلکەی ناو هێلکەدانی مریشک.

**وەئەستۆ گرتن**= وەخۆ گرتن، قەبووڵ کردن، سەلماندن.

**وەرد دانەوە**= هەڵگێڕانەوە، چەند پاتکردنەوەی شتێک، چەند جار هەڵگێڕانەوەی زەوی.

**وەسۆ هاتنەوە**= گەڕانەوەی ژان، دیسان هەڵدانەوەی دەرد و ژان و ئازار، هەڵدانەوەی برین و زام.

**وەیشوومە** = ئاهۆ، ئازار، دەرد و بەڵا، خودای ڕەنج و خەم و دەرد و پەرێشانی، هەوای تووش و تۆفانی.

**وەباڵ کێشان** = لە کوردەواری دا باوە کە بۆ سەلماندن و دان پیداهێنانی قسەیەک، دەست لە مل دەدەن و ڕاستی و ناڕاستیی شتەکە وە ئەستۆ دەگرن.

**هـ**

**هات** = بەخت، شانس، نێوچاوان.
**هاتنە سەر تێز** = هاتنە سەر هەوا، خۆ ئامادە کردن بۆ ئیش و کار، خۆ شەتەکدان بۆ شەڕکردن. چوونی شەڕکەر بۆ پشتی مەتەرێزی شەڕ.
**هاڕین** = وردکردن، هەنجنین، ئەنجنین.
**هاکەزایی** = سەرسەرەکی، گەللایی.
**هارەبەدانی** = شلوغی، بەدفەڕی کردن.
**هۆز** = عەشیرەت،عێل، حێل.
**هۆش دزراو** = بەفریوو چوو، هەڵخەڵەتاو.
**هۆن هۆن** = دڵۆپ دڵۆپ، زیاتر بۆ داباراندنی فرمێسک دەکار دەکرێ، گریانی بە کوڵ.
**هەتڵە بوون**= لادان لە هێڵ، لاچوون لە ڕێباز، تەریک کەتنەوە.
**هەراو**= پان و بەرین ، فرت و فرەوان.
**هەر ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو** = بۆ نیشاندانی ماوەیەکی زۆر کورتە. قەننەکێشێک.
**هەرچی دەیکرد و دەیکاری**= هەرچی هەوڵێ دەدا، ئەوەندەی لە توانای دا بوو بۆ ئەنجامدانی کارێک. بۆ نیشاندانی ڕادەی خەباتێکە بۆ ڕاپەڕاندنی کار و پیشەیەک.
**هەرەس هێنان** = تێکڕووخان، تێکتەپین، داڕووخان. ڕنوو بەسەر کشان.
**هەرەوەز**= کاری تێکڕایی، کاری دەستەجەمعی، یارمەتیدانی گشتی لە کار و خەبات دا.

**هەڕەمە** = لەز ، پەلە، تاڵووکە.
**هەژاندن** = ڕاتڵەکاندن، ڕاوەشاندن، وەجۆش هێنان.
**هەڕ و گیف** = هەڕەشە و گوڕەشە.
**هەژگەڵ** = پڕ و پووش، چڕ و چیلکە، هەڵەش ، ئاوماڵک.
**هەژمەت** = خەم و خەفەت، مەینەت، دەرد و مەراق، شۆڕشی دەروونی.
**هەقرە بە قۆ** = هەڵبەز دابەزی منداڵان، وازی و کایە و گەمەی منداڵان.
**هەڵبڕین**= ڕەپێ نان، ڕەتاندن، بێرە و بەوێدا ڕاونان.
**هەڵبرینگاندن** = وشک کردنەوە، کزر کردنی شت و مەکی شۆراو لە بەر با ـ یان لە بەر هەتاو.
**هەڵپە هەڵپ**= پەلە پەل، زۆر بەلەز، بە تاڵووکە، بە هەڕەمە.
**هەڵتەکاو**= لە بەر یەک چوو، تێکچوو، شپرزە بوو.
**هەڵخڕاندن** = پاڵ پێوەنان، تەکان پێدان، بزواندن، فریودان.
**هەلیم** = ئاوەگەرمەی کە دانەوێڵەی تێدا کوڵابێ، هەلیمیاوی برینج، نێوی چێشتێکیشە، هەلیماو.
**هانا** = هەنا، پەنا، داڵدە.
**هەندران**= هەندرین، ئۆقرە گرتن، ئارام گرتن، سوکنان، داسەکنین.
**هەندە هەندی بەیانی**= بەیانی زۆر زوو، شەوەکی.

**هەندەر**= هوندر= شوێنی زۆر دوور، دەرەوەی وڵات لاوە.
**هەندەران** = دەرەوە، دەرەوی وڵات.
**هەنووکە** = هەر ئێستا، ئێستاکە.
**هەو هەو**= دەنگی سواران لە گەمە و یاری دا، دەنگی سوارکاران لە ڕاوگە دا.
**هەیاران !** = هەی یاران ، ئەی یاران، ئەی هەڤاڵان، ئاخۆ ، داخوا.
**هێز هەڵپرووکێن**= وزەگوژ، هێزهەڵچۆڕێن، لە رادەی توانایی بەدەر.
**هەیڤ**= مانگ ، مانگی ئاسمان.
**هێور** = هێدی ، ئارام، هێمن.
**هێم**= بناغە، بنچینە، پایە .
**هەیها !** = دەنگی فەرمانە بۆ دەنگدانی وڵاغ.

**ی**
**یاساغ بوون**= قاچاغ بوون، قەدەخە کراو، بێ قانوونی.
**یاساغ کراو**= قەدەغەکراو، مەنع کراو، پەرژین بە دەور دا کێشراو.
**یا و تێ** = نۆبەتێ.
**یخ خواردن**= خەوتنی وشتر، تخێڵ بوونی وشتر لە دەمی پشوو دان دا، حوشتری ئەم هاتە لە بەر دەرگای کێ یخ دەخواتەوە = واتە بارگە و بنەی ئەو

شانس و بەختە لە بەر دەرگای ماڵی چ بەختەوەرەیێکدا دەکەوێ.

**یەکانە** = نێرە بەراز، بڕڕەک.

**یەک بین و یەک چین** = پەیتا پەیتا، پەسا پەسا، بەبێ وەستان.